حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی

# مۆرفۆسیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

ڕازاو یاسین ئەحمەد

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ. د.شیلان عومەر حسێن

(٢٧٢٣)ی کوردی　　　　(٢٠٢٣)ی زاینی

ئەم نامەیە، بەسەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو:پ.د.شیلان عومەر حسێن

ڕۆژ: ٨/ ٢/ ٢٠٢٣

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیەم پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو : پ.ی.د.محمدعمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: ١٥/ ٣/ ٢٠٢٣

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو : پ.ی.د.سازان زاهیر سعید

ئەندام

ڕۆژ: ١٦/ ٤ / ٢٠٢٣

ناو: پ.د.شهاب طیب طاهر

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ١٦/ ٤ / ٢٠٢٣

ناو : پ.د.شیلان عمر حسین

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ١٦/ ٤ / ٢٠٢٣

ناو:پ.ی.د.مزگین عبدالرحمن احمد

ئەندام

ڕۆژ: ١٦/ ٤ / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا

ناو: پ.د.شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

ڕاگری کۆلێژی زمان بە وەکالەت

ڕۆژ: ٣ / ٥ / ٢٠٢٣

**پێشکەشە بە :**

- دایک و باوکی زۆر زۆر خۆشەویستم، کە بەردەوام یاریدەدەرو هاندەرم بوون، هەمیشە هیوای باشترینیان بۆ خواستووم بە نزا و پاڕانەوەکانیان لەبەردەم خودای گەورە، هیوادارم ببمە مایەی ئاسودەیی و بەختەوەرییان.
- برا و براژنە دڵسۆز و خۆشەویستەکانم، کە بەردەوام هاندەر و ڕێنمایکارم بوون، خوشکە نازدارەکەم، کە هەمیشە یاریدەدەرم بووە.
- هاوژین و هاوڕێی ژیانم" شاخەوان"، کە بە وتە و ڕەفتارە جوانەکانی ئاسودەیی پێبەخشیم ، بینایی چاوەکانم و تەنیا گوڵەکەم"شەنوا".
- گشت  ئەو مامۆستایانەی، کە لە قۆناغەکانی خوێندنمدا وانەیان پێوتووم ، هەر لە قۆناغی سەرەتایی تا ماستەر.
- گشت هاوڕێ ئازیزەکانم.
- هەموو ئەو کەسانەی، کە هاوڕێی خوێندنەوەن.
- ئەو کەسانەی خزمەتی زمانی کوردییان کردووە و ئەوانەشی لە داهاتوودا خزمەتدەکەن.

## سوپاس و پێزانین:

* بۆ خودای گەورە، کە دەرفەتی پێدام بەم ڕۆژگارە بگەم.

* دکتۆری ئازیز و خۆشەویست (پ.د. شیلان عومەر حسێن) ، کە بەوپەڕی لێبوردەیی و دڵسۆزییەوە سەرپەرشتیی نامەکەی گرتەئەستۆ و بە ڕێنمایی و سەرنجەکانی نامەکەی دەوڵەمەندتر کرد و بەوپەڕی وزە و توانای خۆیەوە هەنگاو بە هەنگاو لە نوسینی نامەکەدا هاوکارمبووە، هیوادارم نموونەی زۆر بێت.

* هاوسەرم ( شاخەوان)، کە بە پشوودرێژییەوە بەرگەی گۆشەگیریی و کەمتەرخەمییەکانی گرتم.

* دایک و باوک و خوشک و براکانم ، کە هەمیشە یاریدەدەر و پشگیریکارم بوون، بە تایبەتی برای خۆشەویستم (تەها یاسین)، براژنی ئازیزم (خەیاڵ کەریم).

* هەموو ئەو هاوڕێیانەی لەسەرەتای کارەکەوە، تا بە کۆتا گەیشتنی، بەوپەڕی لێبوردەیی و دڵسۆزییەوە بە پێدانی سەرچاوە و سەرنج و تێبینییەکانیان ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوانترکردم، بە تایبەت (م.شۆخان محەمەد، د.نەخشان محەمەد، م.نیگار ستار،..........تاد).

* هەموو ئەو کەسانەی بە وشەیەک، یان ڕستەیەک یاریدەدەر و ڕێنمایکارم بوون، بە تایبەت (پ.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، پ.ی.د. سازان زاهیر سەعید).

## هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| نارێزمانی | ❊ |
| دەبێت بە | ↓ ↑ → ← |
| کاریگەری هەیە |  |
| نیشانە واتاییەکان | { } |
| یان | / |
| بەهای سیمای واتایی | + ، − |
| سەرسوڕمانی | ! |
| جێگرەوەکان | ~ |
| بەلێکسیمبووی کرداریی | $V^-$ |
| خستنەپاڵی ئاوەڵناوی | $A^-$ |
| وشەی ئۆنۆماتۆپیا | Ow |
| وشەی ئاسایی | Cw |
| پێشگر و پاشگر | P |

فەرهەنگی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| أ | |
| Icon | ئایکۆن/ وێنۆچکەیی |
| I magic Iconicity | ئایکۆنی وێنەی ئاوەزیی |
| Diagrammatic Iconicity | ئایکۆنی دروستەیی |
| Metaphor Iconicity | ئایکۆنی مێتافۆریی |
| Onomatopoeia | ئۆنۆماتۆپیا/ دەنگە ناو |
| Onomatope | ئۆنۆماتۆپیی |
| Interjections onomatopoeia | ئۆنۆماتۆپیای سەرسوڕمانی |
| onomatopoeia Nouns | ئۆنۆماتۆپیای ناویی |
| onomatopoeia Verbs | ئۆنۆماتۆپیای کرداریی |
| onomatopoeia Adjectives | ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵناویی |
| onomatopoeia Adverbs | ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵکرداریی |
| Associative Onomatopoeia | ئۆنۆماتۆپیای پەیوەستدار |
| Exemplary onomatopoeia | ئونۆماتۆپیای نموونەیی |
| Direct Onomatopoeia | ئۆنۆماتۆپیای ڕاستەوخۆ |
| Secondary onomatopoeia | ئۆنۆماتۆپیای لاوەکی |
| Primary onomatopoeia | ئۆنۆماتۆپیای سەرەکی |
| Lexical onomatopoeia | ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگی |
| Non-Lexical onomatopoeia | ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگی |
| ب | |
| Iconicity | بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەییبوون |
| Haptic | بەرکەوتن |
| Phonemicization | بەرفۆنێمیکردن |
| پ | |
| Sub categorization | پۆلەڕەگەزدیاریکردن |
| Syntagmatic | پەیوەندیی ئاسۆیی |
| Paradigmatic | پەیوەندیی ستوونی |
| Para Linguistics | پارازمانیی |
| ت | |
| Non-morphemic patterns | تەرزی نامۆرفیمی |
| ج | |

| | |
|---|---|
| Exchange/ metathesis | جێگۆڕکێ / ئالوگۆڕکردن |
| Kinesics | جوڵەناسی |
| د | |
| Relational Antonymy | دژواتای پەیوەندیدار |
| Reduplication | دووهێندەیی |
| Ablaut Reduplication | دووهێندەیی بەشیی |
| Exact Reduplication | دووهێندەیی تەواو |
| ڕ | |
| Appearance | ڕووکارەکان |
| Interpretent | ڕاڤەکراو |
| ز | |
| Language Acquisition | زمانپژان |
| س | |
| Similarities across languages | لێکچوونەکان بە پێی زمانەکان |
| ف | |
| Phono semantics of onomatopoeia | فۆنۆسیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا |
| Syllable Learning | فێربوونی برگە |
| ک | |
| AUDITOR IMPRESSIONS | کاریگەریی بیستراویی |
| VISUAL IMPRESSIONS | کاریگەریی بینراویی |
| Clipping | کرتاندن/ پارچەلێوەرگرتن/ پارچەکردن |
| گ | |
| Conversion | گۆڕین و وەرچەرخان |
| Hyponymy | گرتنەوە |
| ل | |
| Lexical compound | لێکدراوی بەلێکسیمبوو |
| Coordinative compounds | لێکدراوی گونجێنراو |
| Determinative compounds | لێکدراوی جلەوگیرانە |
| Possessive phrases | لێکدراوی بۆگەڕاویی و فرێزی خاوەنداریێتی |
| Non verb compounds | لێکدراوی ناکرداری |
| Assimilation | لێکچوون |
| Arbitrariness | لەخۆوەیی |

| | |
|---|---|
| م | |
| Morphosemantics of onomatopoeia | مۆرفۆسیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا |
| Proxemics | مەودا |
| ن | |
| Semantic feature | نیشانەی سیمانتیکی |
| Acoustic feature | نیشانەی دەنگیی |
| Representarment | نوێنراو |
| ه | |
| Homonymy | هاوبێژیی |
| Partial Synonymy | هاوبێژی ناتەواو |
| Complete Synonymy | هاوبێژی تەواو |
| Sound symbolism | هێماگەری دەنگ |
| Synonymy | هاوواتا |
| و | |
| Connotative meaning | واتای نافەرهەنگی / تویکڵەواتا |
| Denotative meaning | واتای فەرهەنگی / کرۆکەواتا |
| Phonomimetic meaning | واتای لاساییکردنەوەی دەنگیی |
| Phenomimetic Meaning | واتای لاساییکردنەوەی دیاردەیی |
| Psychomimetic Meaning | واتای لاساییکردنەوەی دەروونی |
| Lexical acquisition | وەرگرتنی وشەی فەرهەنگی |

## پێڕستی هێڵکاری


| هێڵکارییەکانی بەشی یەکەم | | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| هێڵکاریی (١) | بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا | ٩ |
| هێڵکاریی(٢) | تیۆرومۆدێلەکانی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤ |
| هێڵکاریی (٣) | پۆلێنکردنی جۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٢٥ |
| هێڵکاریی (٤) | قۆناغی فێربوونی وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانپژانی منداڵدا | ٣٢ |
| هێڵکاریی (٥) | ڕێژەی ئۆنۆماتۆپیا لای منداڵ | ٣٣ |
| هێڵکاریی (٦) | ڕێژەی ئۆنۆماتۆپیا لەگەڵ قەبارەی زانینی وشەی ئاسایی | ٣٣ |

| هێڵکارییەکانی بەشی دووەم | | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| هێڵکاریی (١) | پەیوەندی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٦٥ |
| هێڵکاریی (٢) | پێکهاتەی وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٦٧ |
| هێڵکاریی (٣) | دروستەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو لە زمانی کوردیدا | ٨٤ |
| هێڵکاریی (٤) | پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٨٥ |
| هێڵکاریی (٥) | دروستەی دووهێندەیی ئۆنۆماتۆپیا لەزمانی کوردیدا | ٩٠ |
| هێڵکاریی (٦) | شێوازە بنەڕەتییەکانی لێکدانەوەی کردەی مۆرفۆلۆژیی دروستکردنی وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٩٢ |
| هێڵکاریی (٧) | بەلێکسیمبوونی دروستە و پێکهاتەی ئۆنۆماتۆپیای فرێزی ناوی | ١٠٧ |

| هێڵکارییەکانی بەشی سێیەم | | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| هێڵکاریی (١) | ڕەگەزەکانی هێما | ١١٠ |
| هێڵکاریی (٢) | جۆرەکانی هێما لای پێرس | ١١٤ |
| هێڵکاریی (٣) | دروستەی بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەییبوون | ١٢٣ |
| هێڵکاریی (٤) | هێڵکاری پلە پێوەری پەیوەندی وێنۆچکەیی و لەخۆوەیی | ١٢٤ |
| هێڵکاریی (٥) | دروستەی ئایکۆنی وێنەی ئاوەزیی | ١٢٨ |
| هێڵکاریی (٦) | جۆرەکانی بەئایکۆنبوون | ١٣٣ |

## پێڕستی خشتەکان


| خشتەی بەشی یەکەم | | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| خشتەی (١) | پێکهاتەی ئۆنۆماتۆپیای منداڵ بە پێی پێکهاتەی بڕگەیCV | ٢٩ |
| خشتەی (٢) | تایبەتمەندیی ئۆنۆماتۆپیای دەنگی ئاژەڵەکان | ٤٥ |
| خشتەی (٣) | تایبەتمەندیی دەنگی هەندێک ئۆنۆماتۆپیای باو | ٤٥ |
| خشتەی بەشی سێیەم | | ژ.لاپەڕە |
| خشتەی (١) | هێما و جۆرەکانی | ١١٣ |


## پێڕستی وێنەکان


| وێنەکانی بەشی یەکەم | | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| وێنەی (١) | کرمە کرمی نوقوڵی ڕەق | ٤٠ |
| وێنەی (٢) | پست پست | ٤١ |
| وێنەی (٣) | هەممم نافەرهەنگی لە زمانی منداڵدا/ ملّچە | ٤١ |
| وێنەی (٤) | خڕەخڕ | ٤١ |
| وێنەی (٥) | خوڕەی ئاو | ٤٢ |
| وێنەی (٦) | خرم خرم | ٤٢ |
| وێنەی (٧) | خش خش/ خرمەخرم | ٤٢ |
| وێنەکانی بەشی سێیەم | | ژ. لاپەڕە |
| وێنەی (١) | تریقەتریق | ١٢١ |
| وێنەی(٢) | دەنگی پێکەنین (هاهاها) | ١٢١ |
| وێنەی(٣) | زەنگ | ١٢١ |
| وێنەی(٤) | دەنگی گریان | ١٢١ |
| وێنەی(٥) | تەقەی تەقینەوە | ١٢٢ |
| وێنەی(٦) | قیژەقیژ | ١٢٢ |
| وێنەی(٧) | دڵۆپەدڵۆپی ئاو | ١٢٦ |
| وێنەی(٨) | ڤرەڤڕی دەنگی ئوتومبێل | ١٢٦ |
| وێنەی (٩) | زەنگی دەرگا | ١٢٧ |
| وێنەی(١٠) | هاژەهاژی ئاو | ١٢٧ |
| وێنەی(١١) |ناڵەی نەخۆش | ١٢٧ |

| ناوەڕۆک | | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| بەشی یەکەم/ ئۆنۆماتۆپیا وەک بنەوانی زمانەوانی: | | |
| (١/١ | ئۆنۆماتۆپیا، چەمک وناساندن | ٤ |
| (٢/١ | بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا | ٦ |
| (٣/١ | تیۆر و مۆدێلەکانی ئۆنۆماتۆپیا لەزماندا | ١٠ |
| (٤/١ | جۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ١٥ |
| (١-٤/١ | ئۆنۆماتۆپیای گشتی | ١٥ |
| (٢-٤/١ | پۆلێنکردن بە پێی لاساییکردنەوەی دەنگەکان | ١٧ |
| (٣-٤/١ | ئۆنۆماتۆپیای ڕاستەوخۆ | ١٨ |
| (٤-٤/١ | ئۆنۆماتۆپیای پەیوەستدار | ١٩ |
| (٥-٤/١ | ئۆنۆماتۆپیای نموونەیی | ٢٠ |
| (٦-٤/١ | جۆری ئۆنۆماتۆپیا بە پێی جۆری دەنگی هێمابۆکراوەکان/ لاساییکراوەکان | ٢١ |
| (٧-٤/١ | بە پێی پۆلەڕەگەزی ڕێزمانی | ٢٤ |
| (٥/١ | ئۆنۆماتۆپیا و زمانپژان | ٢٦ |
| (١-٥/١ | ئۆنۆماتۆپیا و فێربوونی بڕگە | ٢٨ |
| (٢-٥/١ | ئۆنۆماتۆپیا و فێربوونی وشە | ٣٠ |
| (٦/١ | فۆنۆسیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٣٦ |
| (١-٦/١ | هێماگەریی دەنگ لە ئۆنۆماتۆپیادا | ٣٧ |
| (٢-٦/١ | بەکارهێنانی ئۆنۆماتۆپیا لە پەیوەندیگرتندا | ٤٠ |
| (٣-٦/١ | سیمای دەنگیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانەکاندا | ٤٤ |
| بەش دووەم/ مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | | |
| (١/٢ | پەسنکردنی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٤٩ |
| (٢/٢ | بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٥١ |
| (١-٢/٢ | پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٥١ |
| (١-١-٢/٢ | مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٥١ |
| (٢-١-٢/٢ | مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٦١ |
| (٢-٢/٢ | پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٦٦ |
| (١-٢-٢/٢ | وشەی ئۆنۆماتۆپیای سادە | ٦٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢/٢-٢-٢) | وشەی ئۆنۆماتۆپیای داڕێژراو | ٦٩ |
| ٢/٢-٢-٣) | وشەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو | ٧٠ |
| ٣/٢) | کردەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە بەرهەمهێنانی وشەدا | ٨٦ |
| ٢-٣-١) | کورتکردنەوە- پیتەکان | ٨٦ |
| ٢/٣-٢) | پارچە لێوەرگرتن (کرتاندن) | ٨٦ |
| ٢/٣-٣) | گۆڕین و وەرچەرخان | ٨٧ |
| ٢/٣-٤) | دووهێندەیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٨٧ |
| ٤/٢) | پۆلەڕەگەزی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٩٢ |
| ٢/٤-١) | ئۆنۆماتۆپیای ناویی | ٩٢ |
| ٢/٤-٢) | ئۆنۆماتۆپیایی کرداریی | ٩٣ |
| ٢/٤-٣) | ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵناویی | ٩٤ |
| ٢/٤-٤) | ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵکرداریی | ٩٤ |
| ٢/٤-٥) | ئۆنۆماتۆپیای سەرسوڕمانی | ٩٥ |
| ٥/٢) | مۆرفۆفۆنێمی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ٩٥ |
| ٦/٢) | بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ١٠٢ |
| ٢/٦-١) | بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیای فۆڕمنەگۆڕ | ١٠٤ |
| ٢/٦-٢) | بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیای فۆڕمگۆڕاو | ١٠٥ |
| ٢/٦-٣) | بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیا لە ڕێی دروستە سینتاکسییەکانەوە | ١٠٦ |
| ٢/٦-٣-١) | بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیای فریزی ناوی ($N^-$) | ١٠٦ |
| ٢/٦-٣-٢) | بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیای وشەی تەکخراو | ١٠٧ |
| ٢/٦-٣-٣) | بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیای کرداریی ( $V^-$ ) | ١٠٧ |
| بەشی سێیەم/ سیمانتیکیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا: | | |
| ١/٣) | ئۆنۆماتۆپیا وەک جۆرێکی هێمای زمانیی | ١٠٩ |
| ٣/١-١) | ئۆنۆماتۆپیا وەک ئاماژە | ١١٤ |
| ٣/١-٢) | ئۆنۆماتۆپیا وەک هێما | ١١٥ |
| ٣/١-٣) | ئۆنۆماتۆپیا وەک ئایکۆن | ١١٦ |
| ٢/٣) | ئۆنۆماتۆپیا و هێمای نازمانیی | ١١٦ |
| ٣/٣) | بەئایکۆنبوون / وێنۆچکەیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٢٢ |
| ٣-٣-١) | ئۆنۆماتۆپیا و جۆرەکانی ئایکۆن | ١٢٧ |
| ٤/٣) | جۆرەکانی واتای ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ١٣٣ |
| ٣/٤-١) | واتای فەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ١٣٤ |
| ٣/٤-١-١) | واتای سیمانتیکیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٣٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣/٤-١-٢) | واتای لۆژیکیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٣٧ |
| ٣/٤-٢) | واتای نافەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ١٣٨ |
| ٣-٥) | جۆرەکانی واتای نافەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ١٤٠ |
| ٣/٥-١) | واتای میتافۆڕیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤٠ |
| ٣/٥-٢) | واتای ئیدیەمیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤١ |
| ٣/٥-٣) | واتای هەستدەربڕیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤٣ |
| ٣/٥-٤) | واتای کۆمەڵایەتیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤٤ |
| ٣/٥-٥) | واتای ڕەنگدانەوەی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤٤ |
| ٣/٥-٦) | واتای بابەتیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤٦ |
| ٣/٥-٧) | واتای ڕێزمانیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤٦ |
| ٣/٥-٨) | واتای پڕاگماتیکیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤٦ |
| ٣/٦) | پەیوەندیی واتایی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ١٤٧ |
| ٣/٦-١) | هاوواتایی ئۆنۆماتۆپیا | ١٤٩ |
| ٣/٦-٢) | دژواتایی ئۆنۆماتۆپیا | ١٥١ |
| ٣/٦-٣) | هاوبێژیی ئۆنۆماتۆپیا | ١٥٢ |
| ٣/٦-٤) | فرەواتایی ئۆنۆماتۆپیا | ١٥٣ |
| ٣/٦-٥) | لێڵیی واتایی ئۆنۆماتۆپیا | ١٥٤ |
| ٣/٦-٦) | واتای گرتنەوەی ئۆنۆماتۆپیا | ١٥٤ |
| ٣/٧) | داڕشتەی واتایی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا | ١٥٥ |
| ٣/٧-١) | واتای لاساییکردنەوەی دەنگیی | ١٥٥ |
| ٣/٧-٢) | واتای لاساییکردنەوەی دیاردەیی | ١٥٦ |
| ٣/٧-٣) | واتای لاساییکردنەوەی دەروونی | ١٥٦ |
| | ئەنجام | ١٦٢ |
| | لیستی سەرچاوەکان | ١٦٤ |
| | الخلاصة | ١٧٩ |
| | Abstract | ١٨١ |

## پێشەکی

.١/) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە، (مۆرفۆسیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ دەرخستن و پەسنکردنی پەیوەندیی نێوان ئۆنۆماتۆپیا وەک کەرەستەیەکی زمانیی و تیشکخستنەسەر لایەنی مۆرفۆلۆژیی و سیمانتیکیی لە زمانی کوردیدا.

٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە، ئۆنۆماتۆپیا ئەو جۆرەی هێمای زمانیین، کە خودی هێماکە لە هەبووەکەوە وەرگیراوە، بە واتایەکی تر ئەو هێمایانەی زمانن، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکاندا هەیە، شیکردنەوە لە دروستە و پێکهاتە و واتای ئەم چەشنە، بایەخ و گرنگیی خۆی بۆ زمان و ڕێزمانەکە دەبێت، لە لایەکی تریشەوە، گرنگی و کارایی و بنەوانیی ئۆنۆماتۆپیایە لە سەرەتای زمانپژانی منداڵدا و کاریگەری لە ئاسان تێگەیشتن و دیداکتیکی کردەی فێربوونی زمانی منداڵاندا هەیە، کە ئەمەش بایەخێکی تری هەڵاوێرکردنی ئەم بابەتەیە، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵئەوەی ئۆنۆماتۆپیا یەکێکە لە دەربڕاوە زمانییەکان، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستیی کەمی لەبارەوە کراوە و وەک پێویست لە زمانی کوردیدا ئاوڕیلێنەدراوەتەوە.

./ ٣) گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئۆنۆماتۆپیا لە داڕشتەی واتاییدا بە وشە واتا ڕوونەکان دەستنیشانکراون، لە ڕووی فۆڕمەوە پێکهاتەی فۆڕمەکەی و دەنگەکەی لە دەنگی هەبووەکەوە وەرگیراوە، لە ڕووی واتاشەوە واتاکانیان ڕوونە، واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان وشە ئۆنۆماتۆپیاکان و هێمابۆکراوەکانیاندا هەیە، ئۆنۆماتۆپیا پێچەوانەی زۆربەی وشەکانی زمانە، چونکە بە سیمای ناڵەخۆوەیبوون و بەئایکۆنبوون ناسراوە، واتە بەئایکۆنبوون سیمای ئۆنۆماتۆپیایەو پێچەوانەی لەخۆوەییە، لەبەرئەوەی ناونانی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لەخۆوە نییە، ئۆنۆماتۆپیا سیمای پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراوەکانە، چونکە وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە خودی دەنگی هەبووەکانەوە سەرچاوەیگرتووە و سروشتی لاساییانەی ئەم وشانە کۆمەکی منداڵ دەکات بە تێگەیشتن لە واتاداریی ئەو دەنگانەی دەیبیستن، فۆڕمێکی دەنگیی لاساییکەرەوەی دەنگە سروشتییەکانن، بەشێک لە زمان داگیردەکەن، بەشێکیش لەم دەنگانە لە ناو پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا لە ڕۆنان و دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ کاران و دەربڕاوی نوێیان لێدروستدەکرێت، هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی یاساکانی ڕۆنانی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، ڕێگەی داڕشتن و لێکدان و لێکڕشتن دەکاتە پێوەر بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، هەر لەبەرئەوەیە

گرنگییەکی تایبەتییان لە زماندا هەیە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەنگاوێکی سەرەتاییە و یەکەمجارە ئۆنۆماتۆپیا دەچێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و نامەی ماستەرەوە لە زمانی کوردیدا.

٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم نامەیەدا ڕێبازی وەسفیی شیکاری بەکارهێنراوە.

٥/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە دەیەوێت بە دوای ئەم گرفتانە بچێت، کە وەک پرس خراونەتەڕوو، ئەوانیش ئایا ئۆنۆماتۆپیا لە کەرەستە زمانییەکانی تر جیاوازە لە ڕووی فۆڕم و واتاوە؟ بۆچی؟ پۆلەڕەگەزەکانی کامانەن و کام جۆرەیان زۆرترین شوێنیان لە زمانەکەماندا داگیرکردووە؟ ئایا ئۆنۆماتۆیا دەتوانێت ببێت بە سەرچاوەی دارِشتنی وشەی نویَ لە زماندا؟ ئایا هەر مرۆڤە گەورەکان ئۆنۆماتۆپیا بەکاردێنن؟ ئایا ئۆنۆماتۆپیا چ ڕۆڵێک لە زمانپژانی منداڵدا دەبینێت؟ ئایا سیستەمی فۆنۆلۆژیی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی هەموو زمانەکان بۆ ئۆنۆماتۆپیا وەک یەکن ، یان جیاوازن؟ بە واتایەکی تر، ئایا ئۆنۆماتۆپیای هەموو زمانەکانی جیهان وەکیەکن، یان بەپێچەوانەوە، چۆن؟ پەیوەندییە واتاییەکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا چۆنە و چەند جۆرێکن؟ ئایا ئۆنۆماتۆپیای زمانی کوردی ، تەنها هێمای زمانیین؟ یاخود وەک هێمای نازمانییش ڕۆڵدەبینن؟ ناونانی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لە خۆوەییە، یان نا؟ بە واتایەکی تر ئۆنۆماتۆپیا بەئایکۆنبوونە، یاخود لەخۆوەییە؟

٦/٠) سنوری لێکۆڵینەوەکە:

کنەکردن و پشکنینی لایەنی مۆڕفۆلۆژیی و سیمانتیکیی ئۆنۆماتۆپیا، سنوری لێکۆڵینەوەکە دەنەخشێنێت.

٧/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە لە زمانی کوردی و سەرچاوەی نوسراوی کوردی، وەک (فەرهەنگی کوردستان، فەرهەنگی زانستگای کوردستان) و هۆنراوەی شاعیران وەرگیراوە.

٨/٠) ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشەکانیش کراون بە چەند وەچەپارێکەوە:

بەشی یەکەم/ ئەم بەشە بە ناونیشانی (ئۆنۆماتۆپیا وەک بنەوانی زمانەوانی)، بۆ شەش پار دابەشکراوە، لە پاری یەکەمدا ئۆنۆماتۆپیا چەمک و ناساندن لای زانایان و زمانەوانان خراوەتەڕوو، پاری دووەم

(بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا) باسکراوە، کە (٨) بنەمان، بە شیکردنەوەی نموونەی کوردی پەسنکراون، پاری سێیەم تایبەتە بە (تیۆر و مۆدێلەکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا)، لەم پارەشدا (٦) تیۆر خراوەتەڕوو، بنەمای تیۆریەکان  بە نموونەی کوردییەوە ڕوونکراونەتەوە، پاری چوارەم بۆ (جۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە، کە چەند جۆرێکی هەیە و هەموو جۆرەکانی لە زماندا ڕوونکراونەتەوە، پاری پێنجەم (ئۆنۆماتۆپیا و زمانپژان)، کە بە چەند وەچەپارێک ڕۆڵی کاریگەری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانپژانی منداڵدا خراوەتەڕوو، پاری شەشەم (فۆنۆسیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا لەزمانی کوردیدا)یە، دیاریکردنی دوو جۆر دەنگی مرۆیی و نامرۆییە لە ئۆنۆماتۆپیای زمانی کوردیدا.

بەشی دووەم/ ئەم بەشە بە ناونیشانی (مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا)، لە (٦) پار پێکهاتووە، پاری یەکەم (پەسنکردنی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا)، مۆرفۆلۆژیی چەمک و پێناسە و تێڕوانین و ئامانجی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا باسیانلێوەکراوە، پاری دووەم (بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیاییە) لە زمانی کوردیدا، پەیوەندی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا، کە پشکنین بۆ ڕۆنانی ناوەوە و ناوەڕۆکی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان دەکات، مۆرفۆلۆژیی وشە دروستکردن،  پەیوەست بە دارشتنی وشەی نوێی ئۆنۆماتۆپیایە لە زماندا لە ڕێگەی لاگرەکانەوە (پێشگر و پاشگرەکان) ، پاری سێیەم کردەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیایە لە بەرهەمهێنانی وشەدا، چەند ڕێگایەکی ئەم کردەیە پەسنکراوە، پاری چوارەم  پۆلەڕەگەزی ئۆنۆماتۆپیایە لە زمانی کوردیدا، وەک (پۆلەڕەگەزی ناو، کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، سەرسوڕمانی) خراونەتەڕوو، پاری پێنجەم بە ناوی ( مۆرفۆفۆنێمی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا)، پەسنی مۆرفۆفۆنێم کراوە، گوڕانە دەنگییەکان،  کە چەند جۆرێکن، شیکارکراون، پاری شەشەم ئەم پارە بۆ بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیا تەرخانکراوە.

بەشی سێیەم/ ئەم بەشەش لە (٦) پار پێکهاتووە، پاری یەکەم ( هێمای زمانیی ئۆنۆماتۆپیا)یە، کە تێیدا هێما زمانییەکانمان خستووەتەڕوو، پاری دووەم ( هێمای نازمانی ئۆنۆماتۆپیا)یە، پاری سێیەم ئەم پارە بۆ بەئایکۆنبوونی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە ، پاری چوارەم  بە ناوی جۆرەکانی واتای ئۆنۆماتۆپیایە و بۆ واتای فەرهەنگیی و نافەرهەنگیی پۆلێنکراون، پاری پێنجەم پەیوەندییە واتاییەکانی ئۆنۆماتۆپیایە لە زمانی کوریدا و پاش پەیوەندیی ئاسۆیی و ستونیی ئۆنۆماتۆپیا، چەند پەیوەندییەکی واتایی ئۆنۆماتۆپیامان پەسنکردووە وبە شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

# ئۆنۆماتۆپیا وەک بنەوانی زمانەوانی

### ١/١) ئۆنۆماتۆپیا، چەمک و ناساندن:

زمان لە جۆراوجۆریی وشە و دەربڕاوەکان پێکدێت، لە هەموو زمانێکدا ڕستێک وشە هەن، کە گۆکردنیان دەربڕ و گوزارشتکەری فۆڕم و واتاکانیانن، ئەم وشانە بە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانەی، کە سروشتی دیاردە و هەبووەکانیانن، بەرهەمیاندەهێنن و ڕەنێودەهێنرێن، لە زانستی زماندا بۆ لاساییکردنەوەی ئەمجۆرە لە دەنگ، زاراوەی ئۆنۆماتۆپیا* بەکاربراوە.

بە گوێرەی فەرهەنگی (Oxford) ((ئۆنۆماتۆپیا بۆ وشە گەلێک بەکاردێن، کە ئەو دەنگانەی لە وشەکاندا هەن هاوشێوەی ئەو دەنگانەن، کە هەبووەکە لە سروشتدا هەیەتی یاخود وەسفیدەکەن)) ( Oxford Dictionary, 2008)، وشەی ئۆنۆماتۆپیا بریتیین ((لە هەندێک وشە، کە دەنگەکانیان وا دەردەکەون، کە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی واتاکانیان بن)) (CarstairsMcCarthy, 2002, 6 )، بۆیە ئۆنۆماتۆپیا فۆڕمێکی دەنگیی ئاماژەییە، ناوێک لە لاسایکردنەوەی ئەو دەنگانەی، کە هەبووەکە دروستیدەکات، یان لە سروشتیدا هەیە، دێنێتە ئاراوە.

(Thomas & Clara) دەڵێن: ((ئۆنۆماتۆپیا وشە لاساییکەرەوەکانی دەنگە سروشتییەکانە.)) (1 ,2006 )، پێناسەی ئەم دوو زانایە ڕاستەوخۆ ئۆنۆماتۆپیا بە دەنگە سروشتییەکانەوە پەیوەستدەکەن و لەو چوارچێوەیەدا سنورداریدەکەن، فەرهەنگی (Merriam-webster) لە ڕاڤەکردنی واتای بنەڕەتیی ئۆنۆماتۆپیادا دەنووسێت: ((بریتییە لە سازکردنی وشە بە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان و بەکارهێنانی وشەکانە بە جۆرێک، کە دەنگەکەی پێشنییازی واتاکەی بکات)) (Merriam-webster)، لەم پێناسەیەشدا دووبارە ئۆنۆماتۆپیا بە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانەوە پەیوەستکراوە، ئەوەی لەگەڵ پێناسەی پێشوودا جیایدەکاتەوە، زیادکردنی واتایە بۆ پێناسەکە و پێشنیازی هەڵهێنجانی واتایی لە دەنگەکانەوە دەکات.

(Dofs) دەڵێت: ((ئۆنۆماتۆپیا بریتییە لە فۆڕمێکی دەنگیی نیشانەی ئایکۆنی (نیشاندەری ڕاستەقینە)ی ناوی تەنێک، کە لە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانەی، کە تەنەکە دروستیدەکات بەرهەمدێت)) (2008,4 )،

* (ڕەچەڵەکی زاراوەکە بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە، (ئۆنۆماتۆپیا) وشەیەکی لێکدراوە، کە لە ئۆنۆما (onoma(t-)ناو (poios)بە واتای دروستکردن پێکهاتووە)2014,219 (Zafaranlu Kambuziya and Rahmany, )، لە زمانی کوردیدا، محەمەد مەحوی زاراوەی (وێنەی دەنگ بە دەنگ)ی بۆ ئۆنۆماتۆپیا داناوە (مەحوی،٢٠١٠, ١٢٤) ,( ئەوڕحمانی حاجی مارف) لە بری ئۆنۆماتۆپیا زاراوەی ( ناوی دەنگی سروشتی)دەنووسێت(مارف،٢٠١٤ ،١٤٤)، (.نەسرین فەخری) زاراوەی (ناوی دەنگیی ) و(فەخری،١٩٨٥)، ئیبراهیم ئەحمەدی، فەرهەنگی زانستگای کوردستان زاراوەی (دەنگەناو)ی لە فەرهەنگەکانیاندا بۆ بەکارهێناوە، بە گشتی بە واتای دروستکردنی ناو, یان وشە دێت لە زماندا ، لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی (المحاكاة الصوتية)، لە زمانی فارسیشدا زاراوەکانی (صدا واژه، نام اوانماها، تسمیەی تقلیدی)و لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا زاراوەکانی(....sound symbolism Ideaphones ) بەکاربراون.

پێناسەی ئەم زانایە وردترە، چونکە ڕاستەوخۆ باس لەو فۆڕمە دەنگییە دەکات، کە وێنەیەکی ئاوەزیی بۆ دروستبووە.

لە فەرهەنگی (Longman)دا، ( زاراوەی دەنگی بیریی (Ideaphones) بۆ بەکارهێنراوە و بە جۆرێکی هێماگەریی دەنگ پەسنیدەکات، کە بۆ نواندنی زیندووانەی هەبوویەک، یان بەرجەستەکردنی وێنەی ئاوەزییان بەکاربراوە) (Longman dictionary,2010)، (R.schmidt&J.Richards) دەڵێن: ((زاراوەیەکە بۆ ناونانی ئەو شتانەی، کە لەگەڵ دەنگی سروشتی ئەرکە فیزیاییەکان و دەربڕینەکانی مرۆڤ چوونیەکە)) (Karina, 2017,1) ، لێرەدا بۆ ئۆنۆماتۆپیا ئەرکی فیزیایی و دەربڕینی مرۆڤ بەرانبەر دەنگە سروشتییەکان دەهێنێتەئاراوە و چڕتر لێکدانەوەی بۆ کراوە، چونکە ڕوونە کە دەربڕینەکانی مرۆڤ بۆ لاساییکردنەوەکانی دەنگە سروشتییەکان سنوردارو جیاوازن.

(Assaneo) لە پێناسەکەیدا وشەی (گواستنەوە)ی دەنگی سروشتیی بۆ پێکهێنانی وشە و فۆڕمدارشتنی بەکارهێناوە ((ئۆنۆماتۆپیا وەک گواستنەوەیەکی لاساییکەرەوەی دەنگی سروشتی بۆ وشە پێناسەدەکرێت )) (Assaneo-et al,2011,1) ، واتە ئۆنۆماتۆپیا ڕاستەوخۆ نواندنی نیشانەی دەنگەکەیەتی، کە مرۆڤ گوێی لێدەبێت، ناونانەکەشی لەسەر ئەو بنەمایەیە، وەک (میاواندنی پشیلە، لورەی چەقەڵ، گرمەی هەور......هتد).

((ئۆنۆماتۆپیا بریتییە لەو وشانەی زمان، کە لە نواندنی دەنگەکانی دەوروبەرەوە بەرهەمدێن، وەک (دەنگی ئاژەڵەکان، دەنگە سروشتییەکان.........هتد))، (Laing,2015,3)، (Lain) دەنووسێت: ((ئۆنۆماتۆپیا بریتییە لە داتاشراوەی دەنگە هێماییەکان، یاخود ئەو لاساییکردنەوەیە دەگەیەنێت، کە لە فۆڕمی سیفەتە فۆنەتیکییەکانی وشە، نیشانە هەستییەکانییەوە هەڵدەهێنجرێت، بۆ نموونە بیستنی ناوی خواردنێک، تامیت بیردەخاتەوە (دەنوێنێت)، یان ئەو حاڵەتەی، کە پەسنیدەکات)) (2014,4 ) .

(Rungrojsuwan ) لە پێناسەی ئۆنۆماتۆپیادا، دەڵێت: ((بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەکی بەکارهێنراو بۆ نواندنی دەنگەکانی ناو سروشت )) ( 2009, 254)

(Moghadam) پێیوایە ئۆنۆماتۆپیا ((تەنیا لاساییکردنەوەو دووبارەکردنەوەی دەنگ نییە، بەڵکو لە تەک ئەمانەشدا هەست و کردە و جووڵە لەخۆدەگرێت)) (Moghadwm and Ghazizade ,2016, 4)، ئەم پێناسەیە فراوانتر و وردتر باس لە بابەتەکە دەکات، چونکە جگەلە لاساییکردنەوەی دەنگ، هەست و کردە و جووڵەش نیشاندەدات.

بەوپێیە ئۆنۆماتۆپیا ((دەربڕینێکی تایبەتی زمانە، چونکە پێکهاتەیەکی فۆنۆلۆژیی تایبەتی هەیە، ڕاستەوانە پەیوەندیدارە بە واتاکەیەوە. وشەی ئۆنۆماتۆپیی واتای خەیاڵی، جوڵەیی و وێنەیی دەگەیێنێت، کە وشەی نائۆنۆماتۆپیی توانای گەیاندنی نییە)) (Sugahara 2010,1)، لەم پێناسەیەدا بە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی زیاتر لە ڕووی زمانییەوە پەیوەست بە واتاوە لە ئۆنۆماتۆپیا وردبووەتەوە و بەراوردێک دەهێنێتەئاراوە لە نێوان وشەی ئۆنۆماتۆپیی و نائۆنۆماتۆپیی، کە ئەمیش وروژاندنی لایەنێکی تری

گرنگی بابەتەکەیە، لەمانەشەوە ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشە و زاراوانەن، کە لەسەر بنەمای ئەو دەنگانەی، کە هەبووەکان دروستیدەکەن بنیاتنراون و واتاکانیان ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ بە پێکهاتە دەنگییەکانیانەوە بەستراونەتەوە.

لەپێشەکی وشەنامەی ئۆنۆماتۆپیادا لە زمانی فارسیدا، (واحیدیانی کامیار) پەسنی ئۆنۆماتۆپیای بەمجۆرە کردووە:

١-ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشانەی زمانن، کە فۆڕمەکانیان لە دەنگەکانیانەوە هەڵدەگوازرێن.

٢- ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشانەی زمانن، کە فۆڕمەکانیان لە بەرهەمی دەنگەکانەوە هەڵدەگوازرێن.

٣- ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشانەی زمانن، کە فۆڕمەکانیان تەنیا پەیوەندی بە خودی دەنگەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بەو کردەیەی لە دەنگەکە دەکەوێتەوە (moghadam and Ghazizade ,2016 )، واتە ئۆنۆماتۆپیا وەک فۆڕمێکی دەنگیی ئاماژەیی وشەکان، کە ناونانیان لە لاساییکردنەوەی دەنگی سروشتیی هەبووەکانەوە دەبێت و لە خۆوە نییە، دەربڕاوە ئۆنۆماتۆپیاکان لە دەنگی هەبووەکان و بەرهەم و کردەی دەنگەکانەوە فۆڕم و واتاکانیان هەڵدەهێنجرێت و دێنەئاراوە، (Bible Anderson) لە ١٩٩٨دا دەنوسێت: ((ئۆنۆماتۆپیا لاسایی دەنگی سروشتییە، بەڵام لە جۆری هێما لەخۆوەییەکان نیین)) (Zafaranlu Kambuziya&Rahmany ,2014 ,220) ، لەم ناساندنانەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە ئۆنۆماتۆپیا دەنگ و سەدای وشەیەکە دروستە و ڕۆنانی ڕێزمانی و داڕشتەی واتاییان لەسەر سروشتی پێکهاتەی دەنگیی وشەکە ڕۆنراوە و بریتییە لە جۆرێکی کردەی وشە دروستکردن لە زماندا، کە بە ڕێکاری نواندنی هێمایی ئەو دەنگانەی سروشتی هێمابۆکراوەکان پێکدەهێنن، بەرجەستە دەبێت و بە جۆرێک، کە لە سروشتی دەنگەکەوە واتاکان هەڵدەهێنجرێت، بۆیە ئۆنۆماتۆپیا بە کردەی بەکۆدکردن وهێمادانان بۆ دەنگی سروشتی هێمابۆکراوەکان لە زماندا دادەنرێت، لەم ڕوانگەیەشەوە بە دەنگی وشە/ دەنگی بیریی ناوبراوە، یاخود ئۆنۆماتۆپیا بریتییە لە نواندنی دەنگ و لێکەوتەی دەنگ و ئەو کردەو جووڵەو هەستانەی بە دەنگەکان بەرجەستەدەکرێن.

## ٢/١) بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا:

بۆ دیاریکردنی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا، پێویستە بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا دیاریبکەین، ئۆنۆماتۆپیاش لە ڕستێک بنەما پێکهاتوون، کە لە ئەمانەی خوارەوەدا پوختکراونەتەوە:

یەکەم/ بنەمای نیشانەی دەنگیی:

ئۆنۆماتۆپیا جۆرێکی سازکردنی وشەیە لە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانەوە و بە وشەی دەنگیی ناسراوە، کە ئەمەش دیاردەیەکی باو و بڵاوە لە هەموو زمانەکاندا، لێکۆڵینەوە لە تایبەتێتی دەنگیی ئۆنۆماتۆپیا، تەنیا گرنگیی لە پەسنکردنی گەشەسەندنی زماندا نییە، بەڵکو لایەنێکی تری ئەم

تایبەتمەندییە، خستنەڕووی سیمای گەردوونیی زمانەکانە، وردتر لەمەش گرنگیی سێیەمی ئەم تایبەتمەندییە لە پێکهێنانی فەرهەنگی ئاوەزیدا (mental Lexicon) دەردەکەوێت و بە تایبەت لە چۆنێتیی مامەڵەکردنی فەرهەنگی ئاوەزیی لەگەڵ ئەمجۆرە سازکردنە لە وشە، وەک:

١-خرمە خرم

٢-کرتەکرت

دووەم/ بنەمای جۆری فۆنیم و پەیوەندیی ڕاستەوانەی دەنگ و واتای ئۆنۆماتۆپیا:

لە زماندا گۆڕینی فۆنێم گۆڕینی واتایی لێدەکەوێتەوە، بۆ ئۆنۆماتۆپیاش ئەم هاوکێشەیە ڕاستەوانەیە، لە زمانی کوردیدا گۆڕانی (فۆنێمەکان)ی (/گ/ بۆ /ز/ لە وشە ئۆنۆماتۆپیاکانی وەک:

٣-گرمە ←——— زرمە.

(گرمە) واتای دەنگێکی سروشتیی زۆر بەرز دەگەیەنێت.

(زرمە) واتای دەنگێکی نزمتر لە گرمە دەگەیەنێت.

٤- (کرخە ←——— پرخە) ش بە هەمان شێوە.

لە زانستی زماندا دەنگ/ فۆنێم هەڵگری واتان و واتا دەگۆڕن ، / ف/، / پ/ هیچ واتایەک ناگەیەنن و هەڵگری واتان، پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو لەخۆوەیە و پەیوەندیی لە نێوان دەنگ و واتادا نییە، بەڵام ئەمە بۆ ئۆنۆماتۆپیا ڕاست نییە و هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، بەوەی لە ئۆنۆماتۆپیادا پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان دەنگ و واتادا/ هێما و هێمابۆکراودا هەیە، بڕوانە نموونەکانی:

٥-گڤەگڤ

٦-ویزەویز

٧-مشەمش

لەم نموونانەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان دەنگ و واتای وشەکاندا هەن و بگرە واتاکان لە خودی دەنگەکانەوە بەرهەمهاتوون.

سێیەم/ بنەمای ڕۆنانی ڕەگی مۆرفێمی دەنگیی:

ڕەگی مۆرفێم بنەمایە بۆ پێکهێنانی وشەی نوێ و ((بۆ بنیاتنانی وشە سود لە ڕەگی مۆرفێمی دەنگیی وەرگیراوە)) (Shestakova et al, ,2016, 5180 )، بە واتا ئۆنۆماتۆپیا دەبێتە سەرچاوە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا (بڕوانە بەشی ٢)، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا لە ڕەگی (قیژە و نوزە) ئەم وشە نوێیانەمان دروستکردووە، وەک:

٨- قیژەقیژکەر، قیژاندن/ قیژان، قیژو قاژ، قیژەقیژ، قیژوهور، قاوقیژ.

٩- نوزە، نوزەکەر، نوزان، نوزەنوز، نوزەنوزکەر.

چوارەم/ بنەمای تایبەتمەندیی دەنگی واتایی/ فۆنۆسیمانتیکی:

لە بنەمای سێیەمەوە بنەمایەکی تر ڕەنێودەهێنرێت، ئەویش ئەوەیە لە ئۆنۆماتۆپیادا جیاواز لە جۆری وشەکانی تر، دەنگەکان ڕاستەوخۆ واتای هێمابۆکراوەکان/ ئاماژەبەندییەکان دەگەیەنن و ئەمەش بە تایبەتێتی فۆنۆسیمانتیکی ناسراوە، وەک:

١٠- خشەخش

١١- مڵچەمچ

١٢- ویزەویز

پێنجەم/ بنەمای سەرسوڕمانی:

ئۆنۆماتۆپیا بۆ دەربڕینی هەستەکان بەکاردەبرێت، وشەکانی (ئاخ، ئۆف) بۆ سەرسوڕمانە بۆ مەبەستی خۆشی، یان ناخۆشیی دەربڕین، هەندێکجار بۆ مەبەستی قێزەونیش بەکاردێت، بۆ نموونە ئەم دوو وشە ئۆنۆماتۆپیایە بۆ مەبەستی قێزەونی و بێزکردنەوە لە شتێک بەکاردەهێنرێت، وەک:

١٣- قرقێنە (قرقێنەدان، قڵپوقۆپی ڕشانەوە......هتد).

شەشەم/ بنەمای ناونان لەسەر بنەمای دەنگی هەبووەکە:

لە زماندا ناونانی وشەی ئۆنۆماتۆپیا بە ناوی دەنگەکانییانەوەیە، ئەمەش بنەمایەکی تایبەتی ئەمجۆرەی وشەیە لە زماندا، کە ئەو دەنگە دەبێتە وەسفکەر و نواندنی هەبووەکە و بە هەستەوەرەکانمان پەیانپێدەبەین و دەیانناسینەوە، بۆ نموونە:

١٤- بە هەستی بیستن گوێمان لە پەرداخێک ئاو دەبێت، کە دەڕژێت، یان دڵۆپەدڵۆپ، کە دەتکێت دەزانین ئەوە دەنگی (ئاو، بارانە)، واتە بە دەنگەکەی هەستمان بە هەبووەکە کرد، ئەو دەنگە بۆ ناونان و ناسینەوەی  هەبووەکان بەکاردێت.

حەوتەم/ بنەمای بوون بە ئیدیەم و میتافۆرو دەربڕاوەکانی تر لە زماندا:

لە زمانی کوردیدا ئۆنۆماتۆپیاکان دەتوانرێن بەشداری پێکهێنانی دروستەی ئیدیەم بکات، ئیدیەمیش ((دەربڕینی فرەوشەیی، یان فرەمۆرفیمین لە زماندا سیما و تایبەتێتی و فۆڕمی چەسپا و واتای نادارشتەیی جیاکەرەوەی خۆیان هەیە، کە لە وەرگرتنی وشەکان، کە فۆڕمێکی بەقاڵببوویان هەیە، لەگەڵ واتایەکی لێڵی تێکچڕژاو، کە واتای خوازەیی (وێنایی) دەگەیەنێت)) ( حسەین،٢٠١٣، ٩٩)، پێکهاتووە و کۆمەڵ لە سەری ڕێککەوتوون و لێیتێدەگەن، بۆنموونە :

١٥-زرمەی لێهەستاند.

١٦-ماران گاز لە خشەی ماریش دەترسێت.

١٧-دڵم قرچەی یەت بۆی، قرچە بۆ دەنگی ڕۆن بەکاردێت، بەڵام لەم دەربڕدراوەدا بە واتای خوازەیی خەفەت خواردن دێت، بڕوانە بەشی (سێیەم)، وەک:

١٨-دەڵێیت هەورە دەگرمێنیت.

١٩-خشەی دێت.

٢٠-هاڕەی لەرزانەکەی دێت.


هەشتەم/ ئۆنۆماتۆپیا بە ئەڵقەی پەیوەندیگرتنی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر دیاریکراوە، وەک:

٢١-کش کش، بۆ ڕاونان و دوورخستنەوەی مریشک و باڵندە دەردەبڕێت.

٢٢-گدی گدی، بۆ بانگکردنی ئاژەڵ(کاریلە).

٢٣-پش پش، بۆ بانگکردنی پشیلەیە.

بە پوختی بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا، لە هێڵکاریی (١)دا ڕوونکراوەتەوە.




هێڵکاریی (١) بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا

## ٣/١) تیۆر و مۆدێلەکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا:

ئۆنۆماتۆپیا وەک جۆرێکی لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان لە زماندا، چەندین تیۆر و مۆدێل لە چۆنێتیی هاتنەئارای خراونەتەڕوو، گرنگترینیان:

١- تیۆری پو-پو The Pooh-Pooh Theory:

( Max Muller) ئەم تیۆرییەی داناوە و( Istikomah ) ش ئەم تیۆرەی بۆ توێژینەوە لە ئۆنۆماتۆپیادا بەکارهێناوە، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە وشەی ئۆنۆماتۆپی چ لە ڕووی دەنگ و چ لە ڕووی واتاوە گوزارشتکەری لایەنەکانی دەوروبەر و کەلتوور و ئاوەزمەندیی و دنیابینینیی ئەو گروپەیە، کە بەرهەمیهێناوە، ((بنەمای ئەم مۆدێلە لەگەڵ سروشتی لەخۆوەیی و خۆنەویستیی ئاخاوتنی مرۆیی پەیوەست بە کاردانەوە هەستییەکانی چوونیەکە، بەوەی زمان و ئاخاوتن شانبەشانی کارلێکە سۆزدارییەکانی مرۆڤ و کاردانەوەیان پەرەیانسەندووە، دەربڕاوەکانی، وەک (ئاخ، ئۆف، هاها........) نموونەی لەخۆوەیی زمانە پەیوەست بە کاردانەوە هەستییەکانی و دەربڕینی لەخۆوەیی دەنگییە بۆ وەڵامدانەوەیەکی هەستی مرۆڤ پەیوەست بە دەوروبەرەکانەوە، بە پێی ئەم تیۆرە، زمان لە دەربڕینی سەرسامیی هەستی مرۆڤەوە پەیوەست بە (ئازار، توڕەیی، چێژ وخۆشی...........هتد) هاتووەتەئاراوە)) (Istikomah, 2014,15 )، بە بڕوای (( Darwin Charles هەموو مرۆڤێک و تەنانەت ئاژەڵەکانیش لە نیشاندانی هەستەکانیاندا چوونیەکن، هەستەکان مێژووییەکی پەرەسەندنیان هەیە، کە دەکرێت لە مێژووی سروشتی گیانداراندا ببینرێنەوە، ئەم بیرۆکەیە لە کاتی داروینیدا زۆر نەخوازراو بووە، ئەمڕۆ زۆرێک لە دەروونناسەکان لەگەڵ ئەوەن، کە هەستەکان بۆ هەموو مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازیی کەلتوورەکانیان جیهانین، بۆ نموونە: توڕەیی، ترس، بێز، دڵخۆشی و دڵتەنگی)) (Jabr, 2010)، هەستەکانی مرۆڤ وەک ( ئازار و ڕق) کاریگەری لەسەر ماسولکەکانی مرۆڤ دەبێت و بە تایبەتیش دەموچاو و لێوەکان بۆ دروستکردنی دەنگەکان، وەک دەنگە هەستدەربڕەکان، بڕوانە نموونەکانی:

٢٤-بۆ هەستی بێزکردنەوە : یەع لە (زمانی کوردی)دا .

٢٥-توڕەیی: ئاخ 'ئاخ لە تۆ' : ئاە ah لە (زمانی ئینگلیزی)دا.

٢٦-ئازار: ئۆف (زمانی کوردی) ، ouch (ئینگلیزی)دا.

لە کاتی دەربڕینی ئەو وشەیەدا بە تایبەتی لە کاتی ئەزموونکردنی هەستەکاندا ((کەسەکە ماسولکەکانی دەموچاو گرژبوونێکی تێدا دروستدەبێت، ئەمەش پشتگیری بیردۆزەکە دەکات)) (سەرچاوەی پێشوو)، بە بڕوای ئەم تیۆرە، وشەی ئۆنۆماتۆپی لە زماندا لە دەربڕینی هەستەکانەوە سەرچاوەیگرتووە و لەم تیۆرەدا جەخت لە چوونیەکیی گوزارشتکردن لە دەربڕینی هەستەکان لای مرۆڤ سەرەڕای جیاوازی (کەلتوورو ئایین و نەژادو......هتد) دەکاتەوە، ئەمەش وایکردووە سیمای جیهانی ببەخشێت بە زاراوەی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا، هەروەها ئاماژە بە چوونیەکیی زمانی جەستە لە کاتی گوزارشتکردن لەم دەربڕاوانەدا دەدات، کە بوونەتە بنەمای کارەکیکردنی ئەم تیۆرە لەسەر وشەی ئۆنۆماتۆپی لە زماندا.

٢-تیۆری دینگ-دۆنگ The Ding-Dong Theory:

(ئەم تیۆرە بە تیۆری دەنگی سروشتی و لاساییکردنەوەش ناوبراوە (Max Muller ) ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەم تیۆرە بریتییە لە بوونی پەیوەندیی هارمۆونی لە نێوان سروشتی ژینگە لە بەرهەمهێنانی دەنگ و واتادا) ( George Boeree, 2022)، کە بە زگماکی پەیوەستن بە سروشتەوە، لە بنەڕەتدا ئەم تیۆرانە بۆ پەیدابوونی زمان و سەرهەڵدانی خراونەتەڕوو، ئەم تیۆرە (plato&fisagores) پەسەندیانکردووە، جەختدەکەنەوە، کە زمان لە وەڵامدانەوەی سیفاتە بنەڕەتییەکانی هەبووەکان لە ژینگەدا هاتووەتەئاراوە، دەنگە بنەڕەتەکان، کە مرۆڤ بەرهەمیهێناون هەماهەنگە لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرەکەیدا.

ئاوەزی مرۆڤ سەرەتا دیاردەکەی بینیووە و دەنگەکەی بیستووە، چونکە لێهاتووییەکانی بینین و بیستن پێش کارامەییەکانی تری مرۆڤ دەکەوێت، هەربۆیە لە لاساییکردنەوەی کتومتی دەنگەکەوە ناوی دیاردەکانی دەوروبەری ناوە، سەرەتاش ناونانەکان بۆ دیاردە سروشتییەکان، کە لە دەوروبەر و نزیکییەوە ڕوویانداوە دەستپێکردووە و بەو شێوەیە ناوی لە دیاردەکان ناوە، بۆ نموونە:

٢٧-خوڕە: گوێی لە خوڕەی ئاو بووە وشەی (خوڕە)ی بۆ بەکارهێناوە، هەمان ئەو دەنگەیە، کە ئاوەکە بە ناو جۆگە و ڕێڕەوەکانیدا بەرهەمیدەهێنێت.

٢٨-هاژە: کاتێک لە نزیک تاڤگەیەک وەستاوە وشەی (خوڕەی) گۆڕیووە بۆ (هاژە)ی ئاو، چونکە گوێی لە هاژەی ئاوەکە بووە و ڕاستەوخۆ هاژەی ئاوەکەی وەرگرتووە و جیاوازی لە نێوان ڕۆیشتنی ئاسایی ئاو و هاتنەخوارەوەی ئاو لە بەرزی بە پێی دەنگەکە کردووە.

٢٩-گرمە: کاتێک دیاردەی (هەورەگرمە)ی بینیووە، لە گرمەی هەورەکەوە تەواو و پڕاوپڕ لە دەنگەکەیەوە ناوی دیاردەکەی ناوە، واتە ناونانی وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکە، کە (گرمە)یە، لە دەنگەکەیەوە بووە.

٣٠-گڤەگڤ: کاتێک لە نێوان دارستان و باخ و باخات ژیاوە و ڕەشەبایەکی توند هەڵیکردووە، لە دەنگی جوڵاندنەوەی دیاردەکەوە (گڤەگڤ)ی دروستکردووە، ئەم ناونانەش بە پێی ئاوەزی کەسەکان و شوێن و پێگەی جوگرافی دەگۆڕێت و هەمیشە لە گۆڕاندایە، واتە بە پێی شوێن و کات، ئاوەزی کەسەکان جیاواز دەنگەکان وەردەگرن و جیاوازیش بە زمانەکەی خۆیان دەریدەبڕن.

ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات، کە بنەڕەتی پەیدابوونی زمان بۆ ئۆنۆماتۆپیا دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەوەی، کە بڕوایانوایە زمان کاتێک پەیدابووە، کە مرۆڤ ناویناوە لە هەبووەکان لەسەر بنەمای ئەو دەنگانەی، کە بوونیان هەبووە و ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەوە، نواندنی ئەم دەنگانە خودی هەبووەکانی گەیاندووە، کە ئەمەش بنەڕەتی ئۆنۆماتۆپیا پەسندەکات، لەم ڕوانگەیەشەوە لاساییکردنەوەی دەنگەکان بنەمایەکی کرۆکی لەو تیۆرانەدا پێکدەهێنێت، کە پەیوەستن بە دەنگەوە. ((ئەم تیۆرە هەوڵدەدات پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتای وشەکان نیشانبدات، کە دەربڕین بەرهەمدەهێنێت،

چونکە مرۆڤ ئەو قسە و دەربڕاوانەی بەرهەمیاندەهێنێت (بە دەنگ و واتایانەوە) وێنەدانەوەی ژینگە و دەوروبەرو کەلتوورەکەی دەبێت)) (Istikomah,2014,16 ).

**٣- تیۆری یو-هی-هو The Yo-He-Ho Theory:**

(Max Muller) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا پێشنیازی ئەم تیۆرەی کردووە (www.languageinsight.com ,2019) ، ئەم تیۆرییە ((باس لە گەشەکردنی زمان لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا دەکات، زمان بە هۆی کردە فیزیاییە مرۆییەکانەوە دروستدەبێت )) (Istikomah,2014,16 )، ((کاتێک مرۆڤەکان پێکەوە کاردەکەن هەندێک دەنگ لەسەر هەمان ئاواز دەردەکەن)) ( Okrent, 2021,Article)، وەک لە کاتی بەرزکردنەوەی ، یاخود جوڵاندنی تەنی قورس جۆرە دەنگێک دەدرکێنن، بە پێی ئەم تیۆرە زمان لە (ناڵاندن و پرخەکردن وغەرغەرەکردن..........هتد)، کە لە ئەنجامی کاریگەری فیزیکی لەسەر مرۆڤ دروستدەبێت، دێتەئاراوە، بۆ نموونە:

٣١-دەنگی ناڵەی مرۆڤەکان لە کاتی ئازار و ناخۆشیدا لەیەکدەچێت و زۆرجار هەمان ئاوازیان هەیە، ئەمجۆرە دەنگە، کە بەهۆی کاریگەرییە فیزیکییەکەوە دروستدەبێت، بە ئازار و ناخۆشی تایبەتکراوە، نەک لە کاتی خۆشی دەربڕیندا، واتە دەنگی پێکەنین ناچێتە ئەم تیۆرەوە.

٣٢-(مشە) ئەو دەنگەی لە کاتی پاککردنەوەی لووتی مرۆڤ دەبیسترێت، بە گشتی لای هەموو مرۆڤەکان لە ڕووی ئاوازەوە وەکیەکە، واتە دەربڕی هەمان ئاوازن.

٣٣-(منگی) بریتییە لە ئەو دەنگانەی لە کاتی قسەکردندا لە لوت دێنەدەرەوە، جۆرە ئاوازێکی دیاریکراوییان هەیە.

**٤- تیۆری باو-واو The Bow-wow Theory:**

ئەم تیۆرییە (Max muller ) دایناوە (www.languageinsight.com,2019)، بە تیۆری ئیکۆیک (چوونیەکیی دەنگ و واتا)ش ناونراوە، ئەم مۆدێلە سەرەتای پەیدابوونی زمان بە شێوەیەک لە شێوەکانی لاساییکردنەوە دادەنێت و پێیانوایە خودی زمان لە لاساییکرنەوەی دەنگە سروشتیەکان و بە تایبەت دەنگی ئاژەڵان هاتووەتەئاراوە و یەکەم ئاخاوتنی مرۆڤ بە ئۆنۆماتۆپیا پەسندەکەن، هەرچەندە ئەم مۆدێلە لە تیۆری لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان زیاتر جەخت لە لاساییکردنەوەی دەنگی ئاژەڵان دەکاتەوە، بەڵام کردەی ئۆنۆماتۆپیا و وشەی ئۆنۆماتۆپیی، لاساییکردنەوەی زۆر جۆری تر لە دەنگی سروشتی لەخۆدەگرێت، بڕوانە (٤/١-٦).

بە پێی ئەم تیۆریە بەرهەمهێنانی سادەترین وشە لە لاسایی دەنگە سروشتییەکانەوەیە، وەک (کووکو) دەنگی باڵندەیەکە و دواتر ناولێنانەکەشی بووە بە (کووکوختی)، دەنگی وەڕینی سەگ بووە بە ناوی سەگەکە، بۆ نموونە (( (وانگ-وانگ) لە چاینا، (هام-هام) لە ئەلبانیا، (ئاو-ئاو) لە بەڕازیل))

(Nordquis،٢٠٢٠)، له زمانی کوردیدا (حەپە)ی سەگی پێدەوترێت، ((ئاژەڵەکان دەنگ دەردەکەن، وەک هاوار و لورە، پاشان مرۆڤ دێت وشە دروستدەکات بە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانەی ئاژەڵەکان دەریدەکەن)) (crystal,1987 ) ، بۆ نموونە:

٣٤-(واقەواق) وشەیەکی ئۆنۆماتۆپییایە و جۆرە دەنگێکە تایبەتە بە ڕێوی، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەهێز لە نێوان دەنگ و واتاکەیدا هەیە.

٣٥-(میاو) دەنگی پشیلەیە پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتاکەی تەواوکەری و ڕاستەوانەیە، کتومت بە بێ گۆڕانی دەنگەکە لە دەنگی ئاژەڵەکە خۆیەوە وەرمانگرتووە، بەرهەمهێنانی ناولێنانەکەشی بۆ پەیکاڵیی دەنگ و واتاکەی  دەگەڕێتەوە.

٣٦-(کیڕە) ئەم دەنگە لە کاتی بەرکەوتنی تەنی ڕەق، وەک کڕاندنی مەنجەڵی فافۆن بە تەنێک، دروستدەبێت، بۆیە ناونانی ئەم وشە ئۆنۆماتۆپییایە پەیوەستە بەو پەیوەندییەی، کە ڕاستەوانەی  دەنگ و واتاکەیەتی، بەوەی هەمان واتای دەرکردنی دەنگەکەی دەگەیەنێت، ئەم نموونەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە جگەلە لاساییکردنەوەی دەنگی ئاژەڵان، هەبووە بێگیانەکانیش نموونەیەکن لە ئۆنۆماتۆپیا و لە لاساییکردنەوەی ڕاستەوانەی دەنگ و واتاکانیانەوە بەرهەمهاتوون، کە ئەمەش بەرپەرچی ئەم تیۆرە دەداتەوە.

٥-تیۆری تا-تا TA-TA theory:

(Darwin) گریمانەی تیۆری (تا-تا) ی پێشکەشکردووە، بەوەی زمان و دەربڕینی دەنگ و پەرەدان بە دەنگ، بۆ پشتیوانیکردن و کۆمەککردنی ئاماژەکانی دەست و زمانی جەستەی مرۆڤ و پەیوەندیگرتنی نازارەکیی هاتوونەتەئاراوە، ئەمەش بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری واتای شاراوە (ماتەواتا) پەیوەندیگرتنی نازارەکییەکانە، چونکە پەیوەندیگرتنی نازارەکیی بە گشتی و ئاماژە و زمانی جەستە بە تایبەتی، ڕوکارێکی کارا و گرنگی کردەی پەیوەندیگرتن و کارلێکی تاکەکانە لە گروپ و کۆمەڵدا و ئەم دەنگانەی ئۆنۆماتۆپییایان سازکردووە پەرەیانسەند و گەشەیانکرد بۆ ڕستێک لە دەنگەکان و وشەیان پێڕۆنرا، یان زۆرێک لە وشە جیاوازەکان، کە دواتر تەرزی ئاخاوتنیان پێکهێنا، (Longman ) دەڵێت: ((پێڕەوی پەیوەندیگرتنی مرۆڤ لە دروستەی ڕێکخراوەیی دەنگەکاندا لە یەکەی گەورەتر پێکهاتووە، وەک مۆرفێم، وشە، ڕستە و دەربڕاوەکان)) (J.R.chard,2010,311)، بۆ نموونەی ئەم تیۆرییە، بڕوانە (٢/٣).

٦-تیۆری لا-لا The La-La theory:

به پێی تیۆری لا-لا زمان ((بە هۆی ئەو دەنگانەی، کە سەرچاوەیگرتووە لە یاریکردن، خۆشەویستی و هەستی شاعیرانە و گۆرانی هاتووەتەئاراوە)) (Sarkar, 2020)، زمانەوان (Danish) پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە دەگونجێت زمان لەو دەنگانەی پەیوەستن بە ( خۆشەویستی، یاری، بە تایبەت گۆرانی)

پەرەیسەندبێت و سەرچاوەی پەیدابوونی لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان بە گشتی و ئۆنۆماتۆپیا بە تایبەتی بۆ ئەمە دەگەڕێنێتەوە، بۆ نموونە:


٣٧-(لایلایە)ی دایکێک بۆ منداڵەکەی لەو ساتەی منداڵەکەی دەخەوێنێت و دەریدەبڕێت، جۆرێکی تایبەتە بەم تیۆرە و ناولێنانەکەشی لەسەر ئەم بنەمایە بووە.

٣٨-(هۆرەکردن) جۆرە دەنگێکی تایبەتە بە جوتیاران، ئەو کاتەی، کە لە باخ و بێستاندا کاریانکردووە، واتە دەنگێکە بۆ خۆشی دەربڕین و ئاگادارکردنەوەی یەکتری بەکارهاتووە.

٣٩-(قیژاندن) ئەو دەنگەیە، کە مرۆڤ لە کاتی خۆشی و ترس و سەرسامیدا دەریدەبڕێت.

٤٠-(ئۆخەی) ئەو وشەیەیە مرۆڤ لە کاتی خۆشی و گەیشتن بە ئاواتەکانی بەکاریدەهێنێت.

بە گشتی هەر تیۆرییەک لە گۆشەنیگایەکەوە دەڕوانێتە زمان و تێگەیشتن لە پەیدابوونی وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا، تیۆری (دینگ-دۆنگ) دەنگ دەکاتە بنەما، تیۆری ( باو-واو) پشت بە لاساییکردنەوە دەبەستێت، تیۆری (پو-پو) هەست و لایەنی سۆزداری دەکاتە سەرچاوە، تیۆری (یو-هی-هو) دەربڕینی ئاوەزداریی و (تا-تا) ئاماژەیی دەنگ و (لا-لا) گۆرانی وەک بنەمای سەرچاوەی پەیدابوونی لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان، کە ئۆنۆماتۆپیا لەخۆدەگرێت، دەستنیشاندەکەن، ئێمە لە سەر بنەمای تیۆری (دینگ-دۆنگ) لەم لێکۆڵینەوەیەدا کارمانکردووە، وەک لە هێڵکاریی (٢)دا ڕوونکراوەتەوە:




هێڵکاریی(٢) تیۆر و مۆدێلەکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا

### ٤/١) جۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

لێکۆڵینەوەکان لە ساڵی(١٩٣٠)دا، بە شێوەیەکی زانستیی و کارەکییانە لەسەر لاساییکردنەوە و دەربڕینی دەنگە سروشتییەکان (ئۆنۆماتۆپیا) دەستیپێکردو و سەرنجی زانایانی زانستی دەروونی و زمانیی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بەرئەنجامی ئەم تێڕامان و سەرنجپێدانە، چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پەسنکردن و پۆلێنکردنی بە دوای خۆیدا هێناو لە ئاکامدا ئەمجۆرانەی ئۆنۆماتۆپیا پەسنکران :

**١-٤/١) ئۆنۆماتۆپیای گشتی :**

(Simpson ) ئۆنۆماتۆپیای بۆ فەرهەنگیی و نافەرهەنگیی پۆلێنکردووە ( Zubbaidi, 2014. 181-182) ، بەم شێوەیەی خوارەوە لێکیجیاکردۆتەوە:

**أ**-ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگیی Lexical onomatopoeia :

لە ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگیدا وشەکان ئاماژە بە ئاماژەبۆکراوێک دەکەن و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان وشەکە و دەنگەکەیدا هەیە بەراورد بە وشە نائۆنۆماتۆپیاکان، وشەی ئۆنۆماتۆپیی فەرهەنگیی لە وشە ناسراوەکانی ناو زمانن و بە پێی پێڕەوی زمان لە نێو وشەنامە و فەرهەنگەکاندا تۆماردەکرێن، وشەی ئۆنۆماتۆپیی کردەی ئاماژەیی بە ئاماژەپێکراوەکان لە دەرەوەی زماندا نیشاندەدەن، بۆ نموونە:

٤١-وشەی (زرنگە) لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە وەسفکراوە (ئامێری تەلەفون زنجیرە دەنگێک دەردەکات ، یان لەرەلەرەو زرنگەی دەنگەکان بەرهەمدەهێنێت، کە ئاماژەیە بۆ هاتنی تەلەفۆن/ پەیامێک) (Oxford Advanced Learner's Dictionary, 2008)، وشەی (زرنگە) ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگییە، چونکە واتای هەیەو لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە و ئاماژە بە ئاماژەبۆکراوێک لە جیهانی دەرەوەدا دەکات، لە زمانی کوردیدا ئەمجۆرە زۆرە و هەموو ئەو ئۆنۆماتۆپیایانە دەگرێتەوە، کە واتایان هەیە و چوونەتە ناو فەرهەنگەوە، وەک:

٤٢-قرچەقرچ

٤٣- چەقەچەق

٤٤- قیژەقیژ

٤٥- زرنگە

٤٦-زەنگ، واتای (زەنگ) بە دەنگی تەلەفون و مۆبایل و زەنگی ماڵان، یان دەنگی زەنگی قوتابخانەکان بۆ کاتی پشوو و هاتنەژوورەوەی خوێندکاران لێدەدرێت، دێت، لە فەرهەنگی کوردیدا تۆمارکراون.

٤٧-پرخە، (پرخە) ئەو جۆرە دەنگەیە لە کاتی نووستن، یان لووت گیراندا دەبیسترێت.

٤٨-ترپە، (ترپە) دەنگی کەوتنی شتێکی قورسی نەرمە لە بەرزییەوە، یان دەنگی لێدانی دڵ.

٤٩-هاڕە، (هاڕە) واتاکەی دەنگی دەستاڕ، دەنگی بەرز دەگەیەنێت (موکریانی،گیو،٢٠١٧, ١٢٩٢ ).

کەواتە ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگی، ئەو وشانەی زمانن، کە لە دەرئەنجامی پەیوەندییان بە دەنگی هێماکانەوە بەرهەمدێن و لە فەرهەنگی زمانەکەدا تۆماردەکرێن و بوونەتە لێکسیمێکی سەربەخۆ.

(Ferdinand de Saussure) هەرچەندە ئۆنۆماتۆپیا وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لێینەدەڕوانیی، بەڵام بوونی ئۆنۆماتۆپیای جیاکردووەتەوە، هەندێک لەو ئارگومێنتانەی(Ferdinand de Saussure) ئەمانەن (wawa , setiyawa,academia.edu ):

١-ئۆنۆماتۆپیا پێکهاتەی ناو فەرهەنگ پێکدێنن.

٢-بە پێی کات وشە ئۆنۆماتۆپیاکان ناوەڕۆکەکانیان دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانی ناوەڕۆکە دەبێتە ڕەمزێکی ئەبستراکتی.

٣-ئەمانە جیهانی نیین.

**ب**-ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگیNon-Lexical onomatopoeia :

لە ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگیی جیاوازە، بریتییە لە زنجیرە دەنگێکی سەریەککەوتوو، کە دەنگدانەوەی هەبووەکانە لە جیهاندا لەگەڵ نەبوونی بەشداریی پێکهاتەی زمانی لە نێوەندی ئەم زنجیرە دەنگانەدا، بۆ نموونە ئاماژەپێکردنی دۆخێکی پیاکێشان نیشاندەدرێت بە دەنگێک، ئەم دەنگانە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا واتایان نییە و تۆمارناکرێن و نابنە لێکسیم، هەندێکیان تەنیا لە فەرهەنگی زمانی منداڵدا تۆماردەکرێن، وەک:

٥٠-دنگگگگ، دەنگی ئەو کاتژمێرانەیە کە سەری هەموو کاتژمێرێکی تەواو ئەو جۆرە دەنگە دەردەکات.

٥١-دەنگی نامەی مۆبایل و فەیسبووک.

٥٢-بم بم، دەنگی پیاکێشانە بە بۆکس بە شتێکدا.

٥٣-دەنگی ئوتومبێلی فریاکەوتن (ویو ویو/ لیو لیو).

٥٤- دەنگی ئوتومبێلی ئاگرکوژێنەوە (ویق ویق ) ئەمانە ئەو دەنگانەن، کە ناتوانرێن لە فەرهەنگدا تۆماربکرێن، بەڵام ئاماژەی دەنگین بۆ کاردانەوەی، یان لە کارابوونی هەبوویەک، بۆیە دەخرێنە لیستی ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگیی، (کە تاڕادەیەک دەگمەنن و پیتەکان و دەنگەکانی زمانەکە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێن (وەک ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگیی)، بەڵام بەبێ یاساکانی دروستبوونی وشە) (Hamdan,2021,2)، لە زمانی کوردیدا ئەمجۆرە لە زمانی منداڵیشدا بەدیدەکرێت و دەبیسترێت، وەک:

٥٥-منداڵێک بە دەنگی (زەنگی دەرگا)ی ماڵان بەتایبەت، کە (دەنگی بولبولە) دەڵێت (توتو).

٥٦-(ئوتومبێلێک، ماتۆڕێک) بەلایدا تێپەڕێت خێرایی دەڵێت (ڤم/ ڤنگ)، ئەمانە دەبێت لە لیستی ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگییدا تۆماربکرێن.

لەمەشەوە وشەکان، یاخود دەنگەکانی، وەک:

٥٧-ڤڤڤم.

٥٨- دید.

٥٩-گڤڤڤڤ، لە زمانی کوردیدا ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگیین.

### ٢-٤/١) پۆلێنکردن بە پێی لاساییکردنەوەی دەنگەکان Mimetic Meaning Classifications of Onomatopoeia :

جۆرێکی تری پۆلێنکردنی ئۆنۆماتۆپیا ( Ullman) خستوویەتییەڕوو، کە بە پێی جۆری لاساییکردنەوەی دەنگەکانەو بۆ دوو جۆر دابەشکراون (Hamdan,2021,2):

آ-ئۆنۆماتۆپیای سەرەکی (Primary onomatopoeia) : بریتییە لە لاساییکردنەوەی دەنگێکی تایبەت، کە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی لە جیهانی دەرەوەدا دەگەڕێتەوە ، وەک (وەڕین و نەڕە)، ئەم دوو وشە ئۆنۆماتۆپیایە ئاماژەیە بۆ دەنگی ئاژەڵەکان.(Muslima ) ڕوونتر باس لەم بابەتە دەکات و دەنووسێت: ((ئۆنۆماتۆپیای سەرەکی لاساییکردنەوەی دەنگەکانە بە دەنگ، یاخود لاساییکردنەوەی ڕاستەوخۆی دەنگێکی بەرهەمهاتووە، لە لایەن تەنێکەوە (هەبوویەکەوە)، ئەم دەنگەش لە لایەن تەنەکە خۆیەوە بەرهەمدێت)) (Muslima, 283-290 , 2021) , بۆ نموونە:

٦٠-هاژەهاژی ئاو

ب- دووەم ئۆنۆماتۆپیای لاوەکی (Secondary onomatopoei): ڕاستەوخۆ بۆ ئاماژەپێکراوێک ناگەڕێتەوە، بەڵام ئاماژەیەکە بۆ دەنگدانەوەی جوڵەی فیزیایی ئاماژەپێکراوەکە لە دەوروبەردا، وەک (دەنگی قاپی شکاو)، ئۆنۆماتۆپیای لاوەکیی، دەنگێکە بە هۆی پەیوەندی نێوان دەنگی تەنەکە و ئەو جوڵەیەی دەیکات، ڕوودەدات، بۆ نموونە:

٦١-مار ئەو دەنگەی، کە دەریدەکات لە زمانی کوردیدا پێیدەوترێت (فیشکە-فیسکە)، بەڵام بە جوڵەکەی دەوترێت (خشە)، لێرەدا (فیشکە) ئۆنۆماتۆپیای سەرەکییە، چونکە دەنگەکە لەلایەن مارەکەوە بەرهەمدێت، بەڵام (خشە) بریتییە لە ئۆنۆماتۆپیای لاوەکیی، چونکە دەنگەکە لە ئەنجامی ڕۆشتنی مارەکە بەسەر زەویدا بەرهەمدێت، کەواتە ئۆنۆماتۆپیای سەرەکی بریتییە لەو وشانەی، کە ڕاستەوخۆ لە هەبووەکانەوە بەرهەمدێن و هەستیپێدەکەین، وەک دەنگی ئاژەڵ و دیاردە سروشتییەکان، بۆ نموونە:

٦٢-(میاو، نەڕە، وەڕین، هاژە)، ئەم وشانە لاساییکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەکانن، بەڵام ئۆنۆماتۆپیای لاوەکیی، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە دەنگەکانیان بە هۆی جوڵە و هۆکاری فیزیکیی تەنەکان و ئاوەزی مرۆڤ بۆ ئەو دەنگانە دروستدەبن.

### ٣-٤/١) ئۆنۆماتۆپیای ڕاستەوخۆ Direct onomatopoeia :

بە پێی پۆلێنی( (Berdin) (Karina,2017,9-10 )، ئۆنۆماتۆپیای ڕاستەوخۆ، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە هاوشێوەی دەنگی هەبووەکە ، یان ئاماژەبۆکراوەکەن و ڕاستەوخۆ لە دەنگی هەبووەکەوە وەرگیراون، پەیکاڵی واتای فەرهەنگین، بڕوانە:

٦٣-(خشەخش، ویزەویز)، دوو پێوەر بۆ ئەمجۆرە ئۆنۆماتۆپیایە دانراوە:

آ- واتای وشەکە بریتییە لە ئاماژەکردن بۆ گروپێک لە دەنگ، کە لە هەبووەکەوە سەرچاوەیگرتووە، بە واتا دەنگی وشەکە واتای وشەکە ئاماژەپێدەدات.

ب- دەنگی وشەکە نیشاندەری ئەو گروپە دەنگییەیە، کە هەبووەکە بەرهەمیدێنێت، بە واتایەکی دی دەنگی وشەکە لە یەکێک لە ئەندامانی گروپەکە دەچێت، بۆ نموونە (فیشکەی، یان فیسکەی مار بە کوردی) بە پێی پێوەرەکان: ١- وشەکە بریتییە لە ئاماژە بۆ دەنگەکانی /س،س،س/، کە هەبووەکە دەریدەبڕێت .

٢- لە دەربڕینی وشەکەدا، دروستکردنی وشەکە نوێنەرایەتی دەنگەکانی وشەکە دەکات، لێرەدا دەنگەکانی /س،س،س / هاوشێوە و نوێنەری وشەی ئۆنۆماتۆپیایی (سسسس)ن، دەنگەکانی ئەمجۆرە چوونیەکە لەگەڵ ئەو تەنە، یان شتەی پەیوەستن پێوەی، واتە ئاستی ئەم چوونیەکە لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی دی دەگۆڕێت، هەندێک وشە ئاستی زیاتر، یاخود کەمتر لەم چوونیەکەدا بەرجەستەدەکەن، بۆنموونە:

٦٤- لە وشەی گڤە (گڤەی با)دا کەمترە بە بەراورد بە ( سسسس) ئەم چوونیەکە بەرجەستەبووە، دەنگی سروشتی ( با ) هەندێکجار بریتییە لە ڤڤڤڤ، بەڵام وشەی (گڤە)ی لە زمانی کوردیدا بۆ بەکاردەهێنرێت.

٦٥-(فیکە، لێدانی فیکە)، ئەو هەوایەی (دەنگەی) لە دەمی مرۆڤ دێتەدەر، لەگەڵ ناونانی وشەکەدا (هەبووەکە) وەکیەکن، چوونیەکن، لە وشەی (فیکە]دا، کە لە گروپێک دەنگ پێکدێت، ئەمەش بنەمای یەکەمە، دەنگەکانی وشەکە زۆر نزیکە لە کرداری ئەنجامدانی فیکە، فووکردن بە ئامێری فیکەدا، یاخود فیکەلێدان بە دەم، ئەمەش بنەمای دووەمە.

٦٦-(جیرە، جیرەی دەرگا) ئەو دەنگەی لە دەرگاوە دەبیسترێت، لەگەڵ ناونانی شتەکە بە تەواوی و بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ ئاوێتەی یەکترن، واتە وەکیەکن، هەروەها بڕوانە:

| | |
|---|---|
| ٦٧-قرچە | قرچەی ڕۆن |
| ٦٨-کڵپە | دەنگی ئاگر |
| ٦٩-چرکە | دەنگی سەعات |
| ٧٠-زرمە | دەنگی کەوتنەخوارەوەی شت |
| ٧١-پرخە | جۆرە دەنگێکە لە دەمی مرۆڤەوە دێت |

نموونەی ئەمجۆرە لە زمانی کوردیدا زۆرن، زۆربەیان دەنگی سروشتین، کە لە دەنگی گیانداران، وەک: (جریوە)ی مەل، سروشت، وەک (هاژە)ی ڕووبار و مرۆڤ، وەک (پرخە)ی خەو، سەرچاوەیانگرتووە.

## ٤/١-٤) ئۆنۆماتۆپیای پەیوەستدار Associative Onomatopoeia:

ئۆنۆماتۆپیای پەیوەستدار ( پەیوەندی بە ئەو دەنگانەوە هەیە، کە پەیوەستن بە هەبووەکەوە و وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات) ( Karina,٢٠١٧،١٠) ، بە واتایەکی تر ئەمجۆرە کاتێک بەرهەمدێت، کە دەنگی وشەکە چوونیەک بێت لەگەڵ ئەو دەنگەی پەیوەستە بەو هەبووەی، کە وشەکە ئاماژەپێدەدات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی هاوشێوەیی و پەیکاڵی دەنگەکە و باوێتیی ئەو هەبووەی وشەی ئۆنۆماتۆپیا گوزارشتیلێدەکات، بۆ نموونە وشەکانی، وەک:

٧٢- (کوکوختی) Cuckoo

٧٣-شریقەی دەنگی لێدان بە قامچی، دەچنە پۆلێنی ئۆنۆماتۆپیای پەیوەستدار، ئەمجۆرەش دوو ئاستی باوێتی هەیە (سەرچاوەی پێشوو،١١):

١-پەیوەستداریێتیی باو لە نێوان وشەکە و دەنگی هەبوویەکدا، بە جۆرێک لە نێوان وشەکە و دەنگی ئەو هەبووەی، کە هەبووەکە دەریدەکات، پەیوەستی و وابەستەیی هەبێت، وەک:

٧٤-وشەی (بڵق) هاوشێوەی هەبووەکە نییە، بەڵام هاوشێوەی دەنگەکەیە، کە لە هەڵقوڵینی شلەمەنییەوە دروستدەبێت.

٧٥-(فیکە) ئامێری لێدانی فیکەیە، بە پێی جۆری باوێتی پەیوەستە بە پەیوەستداریێتیی باو لە نێوان هێماکە و دەنگەکەدا، واتە کەرەستەکە زمانییەکە پەیکاڵی دەنگەکەیە، کەرەستەکە (ئامێرەکە) جۆرە دەنگێک دەردەکات هاوشێوەی ئەو هێما زمانییەیە، کە بۆی دانراوە.

٢- پەیوەندیداریێتیی باو لە نێوان وشەکە و ئەو هەبووەی، کە ئاماژەپێدەدات دروستدەبێت، بە واتا لە پەیوەندیی ناولێنانی نێوان وشەیەک و ئەو هەبووەی، کە ناوەکەی لێدەنرێت، بەرهەمدێت و ئاماژەیە بۆ ناوی هەبووەکە، نەک دەنگەکە خۆی، وەک:

٧٦- فلتە فلت/ لەوچە لەوچ ناوێکن بۆ مرۆڤ، نەک بۆ دەنگی مرۆڤەکە.

٧٧-وشەی (قەوچە) لە دەنگەکەیەوە، کە دەنگی بنێشتە نەهاتووە، وشەکە ڕاستەوخۆ دەنگەکە نیشاننادات، بەڵکو بە ناولێنانی وشەکەوە پەیوەستە ، بە واتا لە کاتی جوینی بنێشتدا کورد دەڵێت (قەوچە) لە ڕاستیدا لە ئەنجامی جوینی (بنێشت) دەنگی قەوچە نابیسترێت، بەڵام تەنها لە پەیوەندیی نێوان هەبووەکە و وشەکە، کە بنێشتە، ئەم ناوەی لێنراوە.

ئەمجۆرەی ئۆنۆماتۆپیا بە پێی باوێتییان لە دیالێکتێکەوە بۆ دیالێکتێکی تر، یاخود لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی دەگۆڕێت، بە نموونە کاتێک کەسێک لووتی پاکدەکاتەوە بە دوو وشەی جیاواز، بەڵام هەردووکی ئۆنۆماتۆپیان و بەکاردەهێنرێن، کە ئەوانیش:

٧٨- (فنگ و مش)ن، دەکرێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تریش بگۆڕێت، چونکە ناونانی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان جودان، بۆ نموونە لای ئێمە ئەو ئامێرەی فوی پێدادەکەین و ناومانناوە:
٧٩- (فیکە) لە زمانێکی تردا، وەک زمانی ئینگلیزی پێیدەوترێت ( whistle )، بەڵام لە ڕووی دەرکردنی دەنگەکەوە هەمان دەنگ دەردەکات.

**٥-٤/١) ئۆنۆماتۆپیای نموونەیی(Exemplary onomatopoeia) :**

ئۆنۆماتۆپیای نموونەیی بریتییە لە (لاساییکردنەوەی دەنگە پەیوەستدارەکان بە بڕو تایبەتێتیی ئەرکی فیزیکییان لە دەربڕینی وشەکاندا، بە واتا ئۆنۆماتۆپیای نموونەیی، پەیوەندیی بە دەربڕینی ئەرکی فیزیایی وشەکانەوە هەیە، وشەکان پۆلێندەکرێن لەسەر بنەمای بڕ و سروشتی ئەو هێزەی، کە ئاخێوەر لە دەربڕینیاندا بەکاریدەهێنێت، یان ئەو ئەرکە فیزیکییەی، کە بۆ گوزارشتکردنی وشەکان بەکاردەبرێن و لاساییدەکرێنەوە، بۆ نموونە وشەکانی (گورج، بزێو) پێویستیان بە ئەرکی فیزیکی و کاتێکی کەمترە و بۆ دەربڕین بەراورد بە (سست و تەنبەڵ)، ئەم وشانە ئاوەڵناون، کە ئاماژە بە توانای جوڵەکردن دەکەن، بەڵام جیاوازن لە دابینکردنی بڕی ئەرک، کە ئاماژەدەرە بە واتاکانیان لە گۆکردندا) ( Karina, 2017, 11)، بە واتایەکی تر، وشەکانی ( گورج، هەڵپە، سوکەڵە، بزێو) هاوواتان و سیمای (+خێرا) یان هەیە، لە لایەکی دی وشەکانی (تەنبەڵ، سست) سیمای (+هێواش) یان هەیە، ئەمەش هەستێک دروستدەکات، کە واتاکانی (تەنبەڵ، سست) پێویستی بە هێز و هەناسە و کاتی زیاترە بۆ دەربڕینیان لەلایەن ئاخێوەرەوە لە چاو وشەکانی تردا.

(Istikomah)دەڵێت: ((ئۆنۆماتۆپیای نموونەیی بەندە بە بڕ و تایبەتمەندی ئەرکی فیزیایی پێویست بۆ دەربڕینی وشەکە لە لایەن ئاخێوەرەوە)) (2014, 14)، هەروەها (Rydblom) هاوڕایە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا و دەڵێت: ((شێوازی دەربڕین ئاماژەیە بۆ جۆرێتیی، کە دەرئەنجام دەبێت بە واتا)) (2010, 3)، بۆ نموونە:

٨٠- (دڵۆپ دڵۆپ) ئۆنۆماتۆپیای نموونەین لە زمانی کوردیدا و درک بەوەدەکەین، کە دەربڕینیان ئاسانە و نیشانەی واتایی [+هێواش] لەخۆدەگرن و بە شێوازی دەربڕینی دەنگەکان واتای وشەکان ڕوندەبێتەوە، (ئاوەکە دڵۆپ دڵۆپ دێتە خوارەوە )، هاتنەخوارەوەی ئاوەکە لەسەرخۆ و هێواشە، واتە بە دەنگەکانیان واتای وشەکانمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئەم وشانە لە سەر دەم و زار پێویستییان بە هێز و هەناسە و کاتی زیاترە بە بەراورد بە وشەی (خوڕ)، کە نیشانەی واتایی [+خێرا،-هێواش]ی هەیە، لەئەمدا خایاندنی کات کەمترە بەراورد بە خایاندنی کات لە (دڵۆپ دڵۆپ)دا، لە دەم و زاردا خێراتر دێنەگۆ و پێویستیان بە هەناسە و هێز و کاتی کەمترە.
٨١-میزەڵدانەکە/ تۆپەکە تەقی.

کردەی کرداری ئۆنۆماتۆپیای (تەقی)، کە لە ناوی کرداری (تەقین)ەوە هاتووە، لە دەنگەکەیەوە واتاکان لە کرۆک و ناواخنی دەروازەی فەرهەنگیی کردارە ئۆنۆماتۆپیاکەوە دروستبووە، لە ڕووی خایاندنی کاتەوە، چونکە ساتەوەختیە و یەکسەر و خێرا ڕوودەدات، بۆیە بەرانبەر بە باشی تێدەگات، کە خایاندنی کاتی تێدا بەدیناکرێت و لەسات و چرکەیەکدا ڕوودەدات، ناتوانرێت کاتەکەی جێگیربکەین و دەربڕینی وشەکەش پێویستی بە هەناسە و وزەی کەمترە و خێرا ڕوودەدەن، ئاماژە بۆ لەپرگۆڕان لە حاڵەت و بارودۆخێک دەکات، بۆیە بە خێرایی  لە دەم و زار دێتەگۆ بە بەراورد بە ناوی کرداری (فشبوونەوە)، وەک لە ڕستەی:

٨٢-تایەی ئۆتومبێلەکە فشبووەوە.

کردەی کرداری (فشبوویەوە)ش لە چۆنێتیی دەربڕینی دەنگەکەوە واتاکەی لە ناوەڕۆکی دەروازەی فەرهەنگیی وشە ئۆنۆماتۆپیاکەوە بەرهەمهاتووە، لە خایاندنی کاتدا ئەگەرچی ماوەکەشی زۆر نەبێت، کاتێکی دەوێت بۆبەئەنجامگەیاندنی، واتە کاتێکی پێدەچێت تا تایەی ئۆتومبێلەکە فشدەبێتەوە و لە پڕ گۆڕان لە حاڵەت و هەڵوێستێکدا ڕوونادات، پێویستی بە هێز و هەناسەی زیاترە بۆ دەربڕینیان لە لایەن ئاخێوەرەوە.

## ٦-٤/١) جۆری ئۆنۆماتۆپیا بە پێی جۆری دەنگی بەرهەمهاتووی هێمابۆکراوەکان Types of onomatopoeia based on the types of sound produced the referents:

ئۆنۆماتۆپیا جۆرێکی لاساییکردنەوەی دەنگە، گوزارشتە لە فۆرمدارشتن و گۆکردن و واتای وشە، واتە ئۆنۆماتۆپیا ئەم لایەنانەی وشە (فۆرمی وشە، واتای وشە، گۆکردنی وشە، ڕۆنانی وشە) دەنوێنێت و بە پێی جۆری ئەو هێمابۆکراوەی دەینوێنێت، جۆری ئۆنۆماتۆپیاکەشی دەگۆڕێت و جیاکراوەتەوە بۆ:

آ-ئەو دەنگانەی بە هۆی کردەی مرۆڤەوە دروستدەبن:

((ئەو دەنگانەی بە هۆی کردەی مرۆڤەوە دروستدەبن، جیاوازن و بەهای خۆیان لە پێکهێانی وشەدا هەیە، ئەم  وشە ئۆنۆماتۆپیایانە دەنگی هێمای کردەکانی مرۆڤن لە دۆخە جیاوازەکاندا )) (Zaman and Qi , 2019, 39)، ئەمانەی خوارەوە نموونەن بۆ ئەمجۆرەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

٨٣-مڵچەمڵچ        (لە ئەنجامی جووینی خواردن دەنگ بەرهەمدێت).

٨٤-قوڵپەقوڵپ      (لە ئەنجامی  خواردنەوەی ئاو، یان کوڵاندنی شلەمەنییەکان دەنگ بەرهەمدێت).

٨٥-خرمەخرم    (لە ئەنجامی جوینی خواردنی ڕەق دەنگ بەرهەمدێت).

٨٦-ترپە          (لە ئەنجامی لێدانی دڵ دەنگ بەرهەمدێت).

٨٧-پرخە پرخ    (لە ئەنجامی هەناسەدانی قورس لەکاتی خەودا دەنگ بەرهەمدێت).

٨٨-هاهاها      (لە ئەنجامی پێکەنین دەنگ بەرهەمدێت).

٨٩-چپەچپ      (لە ئەنجامی چپەکردن/ ئاخاوتن بە هێواشی دەنگ بەرهەمدێت).

**ب–ئەو دەنگانەی بەهۆی باڵندەکانەوە دروستدەبن:**

لە هەموو زمانێکدا چەند نموونەیەکی ئۆنۆماتۆپیا دەرخەری ئەو بنەمایەن، کە (( لە زماندا هەندێک وشەی ئۆنۆماتۆپیا هەن و ئاماژەن بۆ ئەو دەنگانەی باڵندەکان دەریدەکەن، لە کاتی ئاخاوتنی ئەم وشانەدا گوێگری ئەم زمانە خێرا تێدەگات)) (Zaman and Qi , 2019, 39)، وەک

٩٠–گمەگم (دەنگی کۆترە) .

٩١–جیکەجیک (دەنگی جووجەڵە، یان بەچکە چۆلەکە.....هتد) .

٩٢–جریوە (دەرکردنی دەنگ لەلایەن باڵندە دەنگخۆشەکانەوە، وەک چۆلەکە).

٩٣–قاقاقا (دەنگی هاواری قەلەڕەش).

٩٤–کوکو (دەنگی باڵندەی کوندەپەپوو).

٩٥–قارە،قیڕە (دەنگی مراوی).

٩٦–گارەگار (دەنگی مریشک).

٩٧–قوقەقوق (دەنگی خوێندنی کەڵەشێر).

٩٨–نەغمە (دەنگی خوێندنی بولبول).

٩٩–شەقەشەق (دەنگی شەقەی باڵی باڵندە).

**پ–ئەو دەنگانەی بەهۆی ئاژەڵەکانەوە دروستدەبن:**

ئەمجۆرەیان لە ڕێگەی ((لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانەی، کە ئاژەڵەکان سەرچاوەیەکی گەورەی دروستبوونی ئەمجۆرەی وشەن، دەریدەکەن، ئەم وشانە فۆڕمی دووبارەبوونەوەیان لە دروستکردنی وشەی لێکدراویشدا هەیە، کە ئاماژەن بۆ ئەو دەنگانەی ئاژەڵەکان دەریاندەکەن)) ( Zaman and Qi , 2019, 39)، بڕوانە نموونەکانی:

١٠٠–حەپەحەپ (وەڕینی سەگ)

١٠١–میاو (میاواندنی پشیلە)

١٠٢–لورە لور (دەنگی گورگ و چەقەڵ)

١٠٣–حیلە (دەنگی ئەسپ)

١٠٤–زەڕەزەڕ (دەنگی گوێدرێژ)

١٠٥–بۆڕە (دەنگی مانگا)

١٠٦–باعەباع (دەنگی مەڕ )

١٠٧– نەڕە ( دەنگی شێر)

١٠٨–بۆڵە (دەنگی ورچ)

١٠٩–قیرەقیڕ (دەنگی بۆق)

١١٠- (فیشکەفیشک)      (دەنگی مار)

**ت-ئەو دەنگانەی بە هۆی ئامێرەکانەوە دروستدەبن:**

لە ئەنجامی بەکاربردنی ئامێرەکان دەنگێک بەرهەمدێت، کە دەبنە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئەمجۆرەی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا، بڕوانە نموونەکانی:

١١١-فیکەفیک           (دەنگی فیکە)

١١٢-زڕڕ           (دەنگی زەنگ)

١١٣-جیڕە           (دەنگی دەرگا)

١١٤-تەقە           (دەنگی فیشەک)

١١٥-کیڕە           (دەنگی خشانی تەن لەسەر ڕوویەکی ڕەق)

١١٦-دمبڵ دمبڵ، زوڕە  (دەنگی تەپڵ و زوڕنا)

١١٧-قرتە           (دەنگی شکان، وەک لقی دار)

١١٨-تەقە تەق           (دەنگی لێدانی تەنی ڕەق، وەک دەرگا)

١١٩-بیپ           (دەنگی هۆڕنی ئوتومبێل)

١٢٠-چک چک/چرکەچرک   (دەنگی جوڵەی میلی کاتژمێر)

١٢١-ویو ویو/ لیو لیو   (دەنگی ئاگاداریی ئوتومبێلی فریاکەوتن)

١٢٢-خش خش           (دەنگی بڕینەوەی دار بە مشار)

**د-ئەو دەنگانەی بەهۆی  لایەنی فیزیایی و سروشتییەوە دروستدەبن:**

لەم جۆرەیاندا ((هەندێک وشەی ئۆنۆماتۆپیایی بەرهەمدێن بە هۆی ژینگە و دیاردەی سروشتی و لایەنی فیزیاییەوە، ئەمانەش لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانەن لەو ژینگانەدا، کە بە هۆی دیاردە جیاوازەکانەوە دروستدەبن)) (Zaman and Qi , 2019,40 )، نموونەکانی (١٢٣ - ١٢٩ ) ئەم جۆرە ڕووندەکەنەوە:

١٢٣-نیڵە           (دەنگێکی زۆر خێرای ئاگر)ە، واتە پلەیەکی بە هێزی گڕ و تینی ئاگرەکە دەنوێنێت.

١٢٤-خڕڕ           (دەنگی دڕانی قوماش)

١٢٥-قرچەقرچ           (دەنگی سوتان، قرچەی ئاگر)

١٢٦-خوڕەخوڕ           (دەنگی خوڕەی ئاو)

١٢٧-گڤەگڤ           (گڤەی با)

١٢٨-گرمە           (دەنگی هەورەگرمە)

١٢٩-دڵۆپ دڵۆپ           (دەنگی دڵۆپەی ئاو، باران)

### ٧-٤/١) جۆری ئۆنۆماتۆپیا بە پێی پۆلەڕەگەزی ڕێزمانیSub categorization onomatopoeia:

ئۆنۆماتۆپیا وەک هەر وشەیەکی تر لە زماندا پۆلەڕەگەزی خۆی هەیە و پۆلەڕەگەزەکانی ئۆنۆماتۆپیا بریتیین لە (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار، سەرسوڕمانی)، ئەم پۆلەڕەگەزانەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانەکاندا چوونیەک نیین و جیاوازن، (( (Sugahara) پۆلێنی بۆ (٢٨٧) وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی ئینگلیزیدا کردووە، بە پلەی یەکەم (٢٥٢)ی وشەکان لە لیستەکەدا وەک پۆلەڕەگەزی (کردار)ن، ( ٢٢٦) بە پلەی دوو وەک پۆلەڕەگەزی (ناو) هاتوون، (١٩٤)ی ئەو وشانەی وەک پۆلەڕەگەزی ناو دەستنیشانکراون لە هەمانکاتدا ڕۆڵی پۆلەڕەگەزی (ناو، کردار) دەبینن، کە دەکاتە (٨٥،٨٪) لە کۆی (٢٢٦) ناوەکە)) ( Sughara,2010,206 ) ، بە پێی ئەم داتایانە زیاتر ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی ئینگلیزیدا وەک (کردار) هاتوون و بەکاردێن، لە زمانی فارسیدا پۆلەڕەگەزی (ناو)ن، بە پێچەوانەوە ( لە زمانی یابانیدا وشەی ئۆنۆماتۆپیا وەک (ئاوەڵکردار) هاتوون) (سەرچاوەی پێشوو)

(( (فەرهاد محەمەدی) ئەمجۆرەی ئۆنۆماتۆپیای لە زمانی کوردیدا بۆ دوو بەشی سەرەکیی دابەشکردووە: ئەوانیش ئۆنۆماتۆپیای (ناویی، کرداریی)ن، ڕایوایە، کە ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا، وەک پۆلەڕەگەزی کردار زیاتر دەردەکەوێت، بە بەراورد بە زمانی فارسی، کە لەو زمانە وەک پۆلەڕەگەزی ناو زیاتر بوونیان هەیە)) (٢٠١٨، ١٧١-١٧٩)، لەم لێکۆڵینەوەیەدا جیاواز لەو بۆچوونانەی ئاماژەیانپێدرا، لە زمانی کوردیدا جیاواز لە زمانەکانی تر ئۆنۆماتۆپیا بە پێی پۆلەڕەگەزەکانی ئاخاوتن هەن (کرداریی، ناویی، ئاوەڵناویی، ئاوەڵکرداریی، سەرسوڕمانی)ن، وەک:

١-ئۆنۆماتۆپیای کرداریی، کە پەسنی کردەی کردارەکە دەکەن و لە فۆڕمی کرداردان/ نواندنی کردارییان هەیە، بۆ نموومە:

١٣٠-چپەکردن/ چرپەکردن     بە گوێیدا <u>چپەیکرد</u> / بە گوێیدا چرپاندی.     وەک کردار.

کەواتە ناوەکرداررییەکەی (چپەکردن/ چرپەکردن) لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و لە سینتاکسدا بۆ فرێزی کرداریی دەشکێنەوە.

٢-ئۆنۆماتۆپیای ناویی، کە فۆڕمەکانیان وشەی لێکدراون، بۆنموونە:

١٣١(آ)-چپەچپ     <u>چپەچپ</u> دیاردەیەکی ناشرینە.     وەک ناو

١٣١(ب)-چپەچپ     <u>چپەچپ</u> نیشانەی شاردنەوەی نهێنییە.     وەک ناو

٣-ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵناویی، ئەم جۆرەیان بە زۆری بە هۆی پاشگری (ن) دروستدەبێت، وەک (کرخن/ قرخن، مڵچن ، پرخن،...........هتد)، نواندنی ئاوەڵناوییان هەیە، بڕوانە:

١٣٢-پیاوە کرخنەکە وەفاتی کرد.

١٣٣-پیاوە پرخنەکە لە خەو هەڵسێنە.

١٣٤-منداڵە مڵچنەکە هاتەوە.

٤- ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵکرداریی/ گۆکردنی ئاوەڵکرداریی، وەک:

١٣٥-ژنەکە بە چپەوە قسەیکرد.

١٣٦-پیاوەکە بە بۆڵەبۆل گەڕایەوە.

١٣٧-مندالّەکە بە لوشکەلوشک هاتەوە.


ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (١٣٥، ١٣٦، ١٣٧) بدەین، (چپە، بۆڵەبۆل، لوشکەلوشک) پۆلەرەگەزی ناون و لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، بەلاّم جێکەوتەکانیان گۆکردنی ئاوەڵکرداریيان داونەتێ بە هاوکاریی پێشناو و پاشگرە سینتاکسییەکان، کەواتە لە بەکارهێنان و سینتاکسدا بوونەتە ئاوەڵکرداریی، نەک لە فەرهەنگدا.

٥-ئۆنۆماتۆپیای سەرسوڕمانی، ئەم جۆرەشیان لە زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت و بوونی هەیە، بڕوانە نموونەکانی (١٣٨):

١٣٨-آ.ئۆف چەند دوورە!

١٣٨-ب.ئۆی لەو بوومەلەرزەیە!

کەواتە لە ڕووی پۆلەرەگەزی ڕێزمانییەوە، ئۆنۆماتۆپیا بە پێی زمانەکان جیاوازن، بە گشتی بۆ پوختەی جۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا، بڕوانە هێڵکاریی (٣):




هێڵکاریی (٣) پۆلێنکردنی جۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا

## ٥/١) ئۆنۆماتۆپیا و زمانپژان:

ئۆنۆماتۆپیا بەو چەشنە هێما زمانییانە پەسنکراوە، کە منداڵ لە سەرەتای زمانپژانیدا فێریدەبێت و بەکاریدەهێنێت، لەمەشەوە ئۆنۆماتۆپیا بە بنەوانی کەرەستە زمانییەکان دیاریکراوە، منداڵ لەو ساتەوەی لەدایکدەبێت ،دەزگا زمانییەکەی و توانستە بایۆلۆجیەکەی، لەگەڵیدا لەدایکدەبێت، بەمەش زمانیدەپژێت و فێردەبێت، ((بە سەرەتای دامەزراندنی زمانیی لە منداڵدا دەوترێت زمانپژان)) ( مەحمود ،٢٠٠٩، ١٨٥)، بێگومان ئەم دەزگا زمانییە لای منداڵ کراوەیە و توانستی فێربوونی نەک تاکە زمانێک، بەڵکو چەندین زمانی هەیە، منداڵ کەرەستە زمانییەکان وەردەگرێت و بە زمانی دایکی (زمانی یەکەم ) زمانی دەپژێت، خودی زمانیش لە پێڕەوی هێمایی و پێڕەوی واتایی پێکهاتووە، بە گشتی سیمای لەخۆوەیی، خەسڵەتێکی دیاری زۆرینەی پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراوەکانە، کە واتا بەرهەمدەهێنن، لەگەڵ ئەم جۆرانەی هێماشدا هەندێک هێما لە زماندا هەن، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان خۆیان و هێمابۆکراوەکانیاندا هەن و ڕاستەوخۆ فۆڕمی هێماکان واتای هێمابۆکراوەکان دەنوێنن، (هەرچەندە (سیمای لەخۆوەیی) سیمایەکی دیاری پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراوەکانە لە زماندا، بەڵام لە ناو زماندا هێمای زمانیی ئەوتۆمان هە،ن کە بە پێچەوانەی ئەم دیاردەیەن و پەیوەندیی نێوان هێماو هێمابۆکراوەوکانیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆن و ئەم بنەمایە دەبەزێنن) ( Motamedi, et al, 2021, 4)، وشەی ئۆنۆماتۆپیا دیارترین جۆری ئەم هێمایانەن، کە لە زماندا هەن وکارایانە لە لایەن منداڵانەوە لە سەرەتای کردەی زمانپژانیاندا بەرهەمدێن و بەکاردەهێنرێن، تەنانەت لەلایەن گەورەکانیشەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا زۆر چالاکانە بەکاردێن و گرنگی پێدەدەن، وشە ئۆنۆماتۆپییەکان بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا بەهێزترن و کاردانەوەیان زیاترە لەچاو دەربڕینە ئاساییەکانی تردا و فۆڕمە ئۆنۆماتۆپیاکان (پڕۆسەیەکی پێشکەوتوتری تێدا بینرا لەگەڵ منداڵی تەمەن (١٠و١١) مانگاندا لە تاقیکردنەوەی دیاریکردنی نەخشە و وێنەکاندا، بە وردبوونەوەی زیاتر لەو وێنانەی، کە بە وشەی ئۆنۆماتۆپیا پێیاندەناسێنرا و کاردانەوەیان خێراتربوو، تێگەیشتنیان باشتربوو بە بەراورد لەگەڵ وشە و فۆڕمی ئاسایی (نائۆنۆماتۆپی)، بۆ نموونە (باع بەراورد بە مەڕ، میاو بە بەراورد بە پشیلە، جیک بۆ جوجەڵە-جریوەی چۆلەکە.........هتد) ( Laing,2017,32 ).

ئۆنۆماتۆپیا بە هۆی ئەوەی لاساییکردنەوەی دەنگەکانی سروشت و جیهانی ڕاستەقینەیە، دەتوانێت کۆمەکی زمانپژانی وشە سەرەتاییەکان لای منداڵ بکات بە دوو ڕێگەی سەرەکیی ( Motamedi, et al., 2021, 5):

یەکەم- سروشتی لاساییانەی ئەم وشانە ڕێگە بە منداڵان دەدات بە هەستکردن بە واتاداریی ئەو دەنگانەی دەیبیستن، ئەو دەنگانە ئاماژەن بۆ تەنەکان و کردەکان لە جیهانی ڕاستەقینەدا، ڕاستەوخۆ لە دەنگەکەوە واتاکە هەڵدەهێنجێنن، بە واتایەکی تر منداڵ ڕاستەوخۆ لە بەرجەستەکردن و بەکۆنکرێتکردنی وشە/ هێماکانەوە لە واتا دەگات و فێردەبێت، کە ئەمەش خودی ئۆنۆماتۆپیا

بەرجەستەیدەکات، چونکە کۆزانیاریی زمانی لە بەکارهێنانی زمانییەوە وەردەگرێت، کەواتە ئۆنۆماتۆپیا سەرنجی منداڵان دەخاتە سەر دەنگەکان، وەک سەرچاوەیەکی زانیاریی واتادار، هاوکاری دەبێت لە ڕێکخستنی نەخشەی سیستمی ئەم دەنگانە بۆ واتاکانیان، کاتێک ئەمانە بنیاتنران، منداڵان دەتوانن پرۆسێسی زانیارییەکان بکەن و فێری واتای وشەکان ببن، تەنانەت ئەگەر نائۆنۆماتۆپییش بن.

دووەم- ئۆنۆماتۆپیا ڕێگەدەدات منداڵ کۆگایەک لە وشە بنیاتبنێت، بە هۆی هەستی بیستنی دەنگەکان و ئەزموونکردنیان بە هۆی بیستنەوە، ئەمەش بە هۆی تایبەتمەندیی لاساییانەی دەنگیی ئاماژەپێکراوێکی دیاریکراوەوە دەبێت، بۆ نموونە:

١٣٩-آ.میاو ئاماژەیە بۆ پشیلە.

١٣٩-ب.حەوحەو، عەوعەو/ وەو وەو بۆ سەگ.

ئۆنۆماتۆپیا یەکەم نەخشەی نێوان وشە و ئاماژەپێکراو بنیاتدەنێت، ئەمەش ڕاستترە کاتێک، کە ئاماژەپێکراو و وشەکە ئامادەدەبن، کاتێک ئاماژەپێکراوەکە ئامادەدەبێت، منداڵان دەتوانن بیناسنەوە لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە ئاماژەپێکراوی تردا.

((لە توێژینەوەیەکی تاقیگەییدا لەسەر فێربوونی وشە لە لای منداڵ بە تایبەت بۆ تیشکخستنەسەر ڕۆڵی ئۆنۆماتۆپیا لەسەر گەشەکردنی زمانی منداڵدا، یەکێک لە ئەنجامەکان بریتیبوو لەوەی منداڵ بە ئاسانتر فۆڕمی ئۆنۆماتۆپیا بە بەراورد بە نائۆنۆماتۆپیی فێردەبێت)) (Motamedi, et al, 2021 ,20)، بۆیە پێشنیازی ئەوە کراوە (باوان و مامۆستایان) ئۆنۆماتۆپیا وەک پلیکانە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانیان بەکاربهێنن، تا یاریدەدەربێت بۆ فێربوون، زوو فێربوونی ئۆنۆماتۆپیا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە خودی دەنگەکان لە سروشتدا هەن و منداڵ بە بەرجەستەکراوی هەستیانپێدەکات و درکیانپێدەکات و خودی سروشت دەبێتە فێرگەیەکی کارەکی بۆ منداڵ و ئەمان تەنیا دووبارەیدەکەنەوە، چونکە هێماکان لە خودی هێمابۆکراوەکانەوە ڕاستەوخۆ بەرهەمدێن.

(گرنگی ئۆنۆماتۆپیا بۆ زمانپژانی منداڵ لەوەدایە، کە جیاوازە لە چاو وشە ئاساییەکانی تر لە فێربووندا، چونکە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە تایبەتمەندن و لە تەمەنێکی کەمی منداڵیدا فێریدەبن، بۆیە توانای فێربوونی ئۆنۆماتۆپیا لای منداڵ زیاترە، باشتر سەرنجیدەدات و زووتریش فێریدەبێت) (Laing,2019,13 )، چونکە لەم تەمەنەدا درکپێکردنی منداڵ و تێگەیشتنی پەیوەستە بەوەی، کە بەرجەستەی ئەو زانیارییانە بکات کە لە ڕێی وشەکانەوە وەریاندەگرێت، لە ئۆنۆماتۆپیاشدا ڕاستەوخۆ وشەکە و هەبووەکە چوونیەکن و ئۆنۆماتۆپیا هێما بە هێمابۆکراوەکان دەبەخشێت، بەوەی لە (زمانپژاندا تیشکیان بە گشتی لەسەر دەوروبەرە، کە تێیدا هێما و هێمابۆکراو بەیەکەوە هەن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە) (Motamedi, et al, 2021,20)، بۆیە ئۆنۆماتۆپیا لە توانایدایە ڕۆڵی زۆر گرنگ لە فێربوونی فۆڕم و واتا و (وشەی نوێ)دا ببینێت، ئەم ڕۆڵە لە فێربوونی زمانپژانی یەکەمدا (زمانی دایک) بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئەم دۆزینەوانەش بەکارهێنانێکی فراوانتریان هەیە و سودبەخشن

بۆ دارشتنی بیردۆزی چۆن زمان پەرەیسەندووە ؟ لە هەر دوو بارەکەدا و لە ڕووی فۆرمی زمانییەوە ئەزموونە هەستییەکان یاریدەدەرن لە پەیوەندیی فۆرم–واتادا، تەنانەت بۆ فێرخوازە تازەکانیش دەتوانن ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن لەسەر ئەوەی بۆچی فۆرمە ئایکۆنییەکان/ وێنۆچکەییەکان* بەردەوامن لەسەر خشتەکانی پەرەسەندنی زمان و بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانە لە لایەن گەورەکانەوە.

ئۆنۆماتۆپیا تەنها بابەتێکی هەرەمەکیی منداڵانە نییە لە تەمەنی منداڵییەوە فێریببین، بگرە گەورەکانیش بە ئاگایی بێت، یاخود بەبێ ئاگایی، زۆر بەکاریدەهێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا، بۆ ئەمەش ئەرکی سەرەکیی ئۆنۆماتۆپیا دەستنیشانکراون، ئەوانیش (Karim, 2017, 20):

١–ناوەڕۆکی بابەتەکان بە پەسنێکی ئاوەزیی ژینگەکە دەوڵەمەنددەکات.

٢–پلەی مێلۆدی قسەکردن زیاددەکات، چونکە ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشانەن، کە لاسایی دەنگە سروشتییەکان دەکەنەوە.

٣–قوڵکردنەوەی پەرچەکرداری وەرگر بۆ پەیامەکان، چونکە ئۆنۆماتۆپیا دەنگ بە وێنەکان دەبەخشێت.

٤ –نیشاندانی پڕاوپڕی ڕاستیی هەبووەکان بۆ وەرگر، بۆئەوەی دەنگە ڕاستەکەی وێنەکان هەست پێبکەین.

لەمانەوە ئۆنۆماتۆپیا لە سەرەتای زمانپژانی منداڵەوە، لەلایەن منداڵەوە کارایانە بە پێی قۆناغەکانی زمانپژان، بەکاردەهێنرێت، منداڵ بە شێوەیەکی سروشتی ویستی بۆ زمان هەیە، زمان توانست و تواناو فێربوونە، هەرسێکیان پێکەوە زمانپژان بەئاکامدەگەیەنن، بەرهەمهێنانی ئاخاوتن (پرۆسەیەکی سەرەکیی ئاخاوتنە و لە ڕووی پێکهاتەوە بە ئاڵۆزترین پرۆسەی زمانی دادەنرێت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکەوە ئاوێتەبوونەی لە نێوان چەمکە ئەبستراکت و فۆرمەکاندا دروستدەبێت، پەیکاڵبوونی (فۆرم و واتا) جێگەی تێبینیکردن بووە ) ( خەلیل،٢٠١٣، ٢٥٢)، لەمەشەوە کردەی زمانپژان لای منداڵ بۆ جۆرەکانی کردەی تێگەیشتنی زمانیی و بەرهەمهێنانی زمانیی دابەشکراوە و هەر دوو جۆری کردەکەش قۆناغبەندکراوە و بە پێی قۆناغەکانیان پەیوەست بە ئۆنۆماتۆپیا پەسنی زمانپژان دەکەین.

### ١–٥/١) ئۆنۆماتۆپیاو فێربوونی بڕگە:

لە کردەی بەرهەمهێنانی زمانیدا، منداڵ بە دەرکردنی دەنگ و دواتر دروستکردنی بڕگە دەستپێدەکات، وشە ئۆنۆماتۆپیاکان هەر لە سەرەتای ئەم قۆناغەوە لای منداڵ بەرهەمدێن و بە تایبەت لە تەمەنی (٨) مانگییەوە دەستپێدەکات و لەتەمەنی (١١) مانگیدا دەگاتە زۆرترین بەکارهێنان و دەربڕین، ئەم قۆناغەش بە قۆناغی فێربوونی بڕگە دانراوە، باوترین بڕگەی بەکارهاتوو بریتییە لە قاڵبی (CV) لە چەند فۆرمێکدا، ((لە کاتی وەرگرتنی داتا لە منداڵ، پێکهاتەی بڕگەی جیاواز بەدیدەکرێت، باوترین قاڵب

* بۆ وێنۆچکەیبوون/ بەئایکۆنبوون بڕوانە بەشی (٣/٣).

که منداڵ بۆ دەربڕینی وشەی ئۆنۆماتۆپیا بەکاریدەهێنن، بریتییە لە بڕگەی قاڵبی (CV)، بۆ ئەم قاڵبە بڕوانە خشتەی ژمارە (١)، واتە (نەبزوێنێک+ بزوێن) بە بەکارهێنانی یەک نەبزوێن و بزوێنێکی کورت، یاخود بزوێنێکی درێژ، وەک فۆرمەکانی :CV, CVV, C: , CV فۆرمی CV جیهانیین و منداڵان لە کاتی زمانپژانیاندا بەکاریدەهێنن، پێکهاتەی ئۆرگانیی (فیسۆلۆژی) کۆرپە ڕێگە بە (قۆناغی گروگاڵ)کردن دەدات)) (Liang, 2015, 65)، کە ئەمەش بە سەرەتای فێربوونی بڕگە دانراوە لە زماندا، بە پێی چەند توێژینەوەیەک لەسەر سەرەتاکانی زمانپژانی منداڵ بە تایبەتی لە ڕووی گۆکردنی بڕگەوە لە چوار زماندا، بۆیاندەرکەوتووە، کە زیاد لە نیوەی وشەکانی، کە فێریبوون، لە جۆری بڕگەکانی/CV / بوون، ئەمەش زیاتر لێیکۆڵراوەتەوە و بە قۆناغی نێوان پێش-زمانیی/ دەنگدەربڕین و قۆناغی زمانی، کە تێیدا فەرهەنگیان گەشەدەکات، دەستنیشانکراون.

لە زمانی کوردیدا منداڵ لە سەرەتای زمانپژانیدا بە بڕگەی کراوە لە چەشنی قاڵبی بڕگەی /CV/ دەستپێدەکات، چونکە لە کەمترین فۆنیم و سەگمێنت پێکدێن، دەربڕینی ئەم قاڵبە سوک و ئاسانەو بەخێرایی و بە کەمترین کات لە ئاوەزیدا دەمێنێتەوە و فێریدەبێت، ئۆنۆماتۆپیاکانی بەم قاڵبە دەردەبڕن، وەک:

١٤٠-(زە) بە دەنگی هەنگ دەڵێت.

١٤١-(دی) بە دەنگی سەیارە دەڵێت.

١٤٢-(تە) دەنگی تەقە بە (تە) دەردەبڕێت.

١٤٣-(جو-جی) بە دەنگی چۆلەکە، مەل، جوچک دەڵێت.

دوای ئەم قاڵبە وردە وردە دەست بە دەربڕینی قاڵبی بڕگەی (CVC) لە ئۆنۆماتۆپیادا دەکات، کاریگەری لەسەر خێرایی پرۆسەی زمانپژاندنەکەی دەبێت، بۆ نموونە:

١٤٤-بەع. مەم

١٤٥-دید. تەع

خشتەی (١) پێکهاتەی ئۆنۆماتۆپیای منداڵ بە پێی پێکهاتەی بڕگەی CV نیشاندەدات (Laing, 2015,66):

| فۆرمی وشە بە کوردی | واتاکەی بە کوردی | ئۆنۆماتۆپیای منداڵەکە] | [ئۆنۆماتۆپیای منداڵەکە] | [واتاکەی بە ئینگلیزی] | **فۆرمی وشە بە ئینگلیزی** |
|---|---|---|---|---|---|
| مێ | بارە | میی / می | [mɪː] [meː] | ‘baa’ | *meh* |
| تووت (تۆت) | (هۆڕینی کورت) | بە/ بی | [bə] [bɪ ] | ‘toot’ | *Tööt* |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| *Puh* | phew’ | [b:] | ب:ب | به واتای بێڕێزیکردن، یان بابەتێک ئەوە نەهێنێت کە باسکراوە/ باسیلێوەبکرێت. | پف/ووف... |
| | cawing sound | [bɔa] | بۆا | دەنگی مانگا | مۆ/موا |
| *muh* | ‘’ MOO” | [m:] | م: م | دەنگی مانگا | مەە |

**٢-٥/١) ئۆنۆماتۆپیاو فێربوونی وشە:**

قۆناغی فێربوونی وشە یەکێکی ترە لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن و پێکدێت لە:

یەکەم: قۆناغی دەربڕینی یەک وشەیی، لە دوای قۆناغەکانی (گریان و گروگاڵ) کردن و قۆناغی بڕگەیی دێت، لە سەرەتای زمانپژاندا منداڵ سەرەتا فێری ئەو مۆرفێم و بڕگانە دەبێت، کە پەیوەندی بە دەوروبەری خۆیەوە هەیە و ڕۆژانە زۆر گوێی لێدەبێت، واتە منداڵ، کە گوێ لە قسەی کەسانی تر و دەوروبەرەکەی دەگرێت، هەوڵدەدات لاسایبکاتەوە بە تایبەت ئەو وشانەی، کە خۆی زۆر پێویستی پێیەتی و هەستپێکراوی ژینگەکەیەتی، وەک وشەکانی (مەمە، ئاو، حەم......هتد)، (Bates) لە باسکردنی ئەم قۆناغەدا دەڵێت: ((ئەو قۆناغەیە منداڵ تیایدا ساکارانە لەو کەرەستانە دەدوێت، کە سەرنجی ڕادەکێشێت، یان جێگەی گرنگی پێدانێتی)) ( قادر،٢٠٠٨، ١١)، وشە یەکەمەکانی منداڵ بە بڕگەی سوک و ئاسان دەستپێدەکات، وەک ئەو بڕگانەی کە تاک تاکن، یان جووت جووتن و ئاوازدارترن، (بە پێی توێژینەوەکان یەکەم سەرەتای بڕگە بۆ دروستکردنی وشە بریتییە لە پیپر,[pɪˑpɪˑpɪˑ] ، ئەمەش لە تەمەنی ١٠ مانگیدا ڕوودەدات) (Laing, 2015, 83)، بۆ نموونە:

١٤٦- هەپشیوو ←—— پژمە

١٤٧- (بۆ دەنگی سپلێت ←—— (توتەن) ، کە بیستەنییە بەکاریدەهێنێت، لە دەنگی سپلێتەکە خۆیەوە وەرگیراوە) ( محەمەد،٢٠١٥، ٢٢).

١٤٨- هەچە ←—— وشەیەکە بۆ ڕاونان و ڕۆیشتنی گوێدرێژ بەکاردێت.

١٤٩-(حەم) گشتییە بۆ خواردن دەریدەبڕێت.

بۆ ئەمەش پێویستە نموونە ئۆنۆماتۆپیاکان بە پێی دروستەی بڕگەی زمانی کوردی شیبکەینەوە، وەک:

١-قاڵبی بڕگەی (CV)، وەک وشە یەک بڕگەییەکانی (تە، دی، تو، زە.........هتد)، ئەگەر سەرنجی نموونەکان بدەین تێبینیی ئەوە دەکەین ئەمجۆرە بڕگەیە لە زمانی منداڵدا دەبینرێت، واتە نموونە ئۆنۆماتۆپیاکان لەم جۆرە قاڵبی بڕگەیەدا زمانێکی منداڵانەیە و نافەرهەنگییە لە زمانی کوردیدا، چونکە منداڵ بە پێی دنیابینیی جۆی سەر لەنوێ فۆڕم بۆ کەرەستەکانی سروشت و دەوروبەرەکەی دادەڕێژێتەوە، لەبەرئەوەی لە سەرەتادا هەژموونی زمانی منداڵەکە زاڵە بەسەر هەژموونی زمانی دایکییدا، بۆیە لای منداڵ ئەو وشانە واتای هەیە و منداڵ لە دەنگەکەیەوە ناوەکانیانی وەرگرتووە، بۆ نموونە (زە) لە دەنگی هەنگەکەوە وەریگرتووە، (تە) لە دەنگی تەقینی شتێک، وەک (تەقەی گولەو تەقەمەنی) وەریگرتووە، (تو) لە دەنگی خوێندنی توتی وەرگیراوە.

وشەی دوو بڕگەیشیی ئەم قاڵبە، وەک (تەپە، حەپە، خشە، ناڵە، قیڕە، زیڕە، جوکە، قاسپە، واقە، لورە، قرچە، هاڕە بۆڵە، حیلە، گیزە، تەپە، نکە، خوڕە، خڕە، خوشە، گارە، جیکە، باڕە، باعە، مشە، سیڕە، چزە، خرچە.....................هتد) هەموو ئەم وشە ئۆنۆماتۆپیایانە لە دوو بڕگەی (CV+CV) پێکهاتوون، ئەم جۆرە بڕگەیە لە ئۆنۆماتۆپیادا زۆر بەکاردێت، چونکە زۆربەی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لەسەر ئەم قاڵبەن.

٢-قاڵبی بڕگەی (CVC)، بۆ نموونە (ڤم، گغ، وەو، باع، فش، جیک، ئای، ئۆف........هتد) ئەم شێوازە بڕگەیەی ئۆنۆماتۆپیا زیاتر لە زمانی منداڵدا دەردەکەوێت، وەک (ڤم/ ڤنگ ڤنگ) لە دەنگی لێخورینی ئۆتومبێل بە خێرای، (باع، وەو) لە دەنگی ئاژەڵەکان خۆیەوە وەرگیراون، (گغ) جۆرە دەنگێکە منداڵ لە کاتی گروگاڵکردندا دەریدەبڕێت.

٣- ئەو وشە ئۆنۆماتۆپیایانەی دوو بڕگەین لەسەر بنەمای قاڵبی بڕگەی (CVC+CV)، وەک (شڵپە، کرخە، فیشکە، خرچە، قرمە، خرمە، پرخە، مرخە، مڵچە، ورتە، چرپە، قرمە، کڵپە، پژمە...................هتد)، ئەمجۆرە قاڵبەش لە ئۆنۆماتۆپیادا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکاردێت.


٤-قاڵبی بڕگەی (CVC+CVC)، وەک وشەکانی (کرخن، گزگز، پرخن،فش فش، قرچان، بڵقاو، گرمان، میاوان، ، چرکان، چرپان، تریقان.....................هتد)، کەواتە بە تێڕامان لە نموونەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم قاڵبە زیاتر لە ناوی کرداری ئۆنۆماتۆپیادا بەکاردێت، بە بەراورد بە دوو جۆرەکەی تر ژمارەیان کەمترە.

٥- ئەو نموونانەی سێ بڕگەین و لە بڕگەی (CV+CV+CVC) پێکهاتوون، وەک (بۆڕەبۆڕ، هاژەهاژ، گارەگار، باعەباع، خشەخش، بۆلەبۆڵ، لورەلور، ویزەویز، گیزەگیز، واقەواق، خوڕەخوڕ، تکەتک، نەڕەنەڕ، گڤەگڤ، قوقەقوق، خیزەخیز، فڕەفڕ، کڕەکڕ، گڕەگڕ، فشەفش، گمەگم.................هتد)، ئەم شێوازە لە ئۆنۆماتۆپیای زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆرە و زیدەتریش بەکاردێن، یاخود لە (CV+CVC+CV

)، وەک (زرنگە، تریشقە، خرینگە.......هتد)، یان پێنج برگەین لە (CV+CV+CV+CV+CVC) دروستبوون، وەک (جریوەجریو،....هتد) ئەم دوو جۆرەی، ژمارەیان کەمترە بە بەراورد بە (CV+CV+CVC).

٦-برگەی (CVC+CV+CVCC)، وەک وشەکانی (گرمەگرم، بڵقەبڵق، چرکەچرک، کرتەکرت، قرمەقرم، کرخەکرخ، پرخەپرخ، قرچەقرچ، خرمەخرم، خرچەخرچ، ،مرخەمرخ، ملّچەملّچ.............هتد)، لەمەوە دەگەینە ئەوەی، زۆرینەی زۆری دووبارەکردنەوەی ئەم دوو قاڵبەی برگە (CV+CV,CV+CV+CVC) لە برگەکان و دەنگەکانی ئۆنۆماتۆپیادا بۆ پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە ئاوەزی کورد پرۆسەی دووهێندەکردن زیاتر لە پرۆسەکانی تر بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی وشە دەنگییەکان و ئۆنۆماتۆپیاکان، هەر لەبەرئەوەیە قاڵبە برگەییەکان سنوردار و دووبارەن، واتە لە ئۆنۆماتۆپیادا پرۆسەیەکی دووبارەکردنەوەیە، بەڵام لە ئۆنۆماتۆپیادا قاڵبی برگەی (CCVCC,CCVC) نییە، جۆری یەک برگەیی ( CV,CVC) کەمترە زۆربەیان لە شێوازی قاڵبی دوو برگەیی، یان زیاترن، دەنگی /بزرۆکە/ش زۆر بەدیدەکرێت.


لەم قۆناغەی بەرهەمهێنانی زمانیدا لای منداڵ، وشە ئۆنۆماتۆپیاکان دەپژێت و پەرەدەسێنێت، بڕوانە هێڵکاریی میلیی (٤).




هێڵکاریی میلیی(٤) قۆناغی فێربوونی وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانپژانی منداڵدا نیشاندەدات (Laing,2015,83)


لەم هێڵکارییەدا بە پێی مانگەکانی تەمەنی منداڵ بۆ فێربوونی ئۆنۆماتۆپیا و وشەی ئاسایی دەردەکەوێت، لە تەمەنی (٨) مانگییەوە دەستپێدەکات، کە ئۆنۆماتۆپیا (OW) لە تەمەنی (١١) مانگیدا

دەگاتە زۆرترین بەکارهێنان و دەربڕین، هەرچەندە تەمەنی بەرە و سەرەوتر و زیاتر بچێت، وشەی ئاسایی (CW) بە بەراورد بە ئۆنۆماتۆپیا زێدەتر دەبێت، بڕوانە هێڵکاریی میلیی (٥):




هێڵکاریی میلیی (٥) ڕێژەی ئۆنۆماتۆپیا لای مندالّ (Motamedi, et al, 202,28)

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، سەرەتای زمانپژانی مندالّ بە وشە دەنگییە ئۆنۆماتۆپیاکان دەستپێدەکات، چونکە فێربوونی ئۆنۆماتۆپیا لە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانەوە بەرهەمدێت و زوتر مندالّ فێریدەبێت، بڕوانە هێڵکاریی میلیی (٦)، ڕێژەی ئۆنۆماتۆپیا بەراورد بە قەبارەی زانینی وشەی ئاسایی.




هێڵکاریی میلیی (٦) ڕێژەی ئۆنۆماتۆپیا بەراورد بە زانینی وشەی ئاسایی (Laing,2015,84)

لەو هێڵکارییەی سەرەوەدا فۆڕمی ئۆنۆماتۆپیا  لە وشە فێربووەکانی منداڵدا (لە تەمەنی ١١ مانگیدا بە (نزیکەیی٤٠٪ی دەربڕینەکانی پێکدەهێنێت) (Laing,2015,84)، بە پێی ئەم شرۆڤەیە، ئۆنۆماتۆپیا کاریگەریی گەورەی لە دەربڕینەکانی سەرەتای زمانپژاندا هەیە.

دووەم: قۆناغی فێربوونی دوو وشەیی، ڕاستەوخۆ دوای قۆناغی یەک وشەیی دێت، واتە لە تەمەنی (١٨-٢٤) مانگیدا، لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵدەدات ئەو وشانەی فێریبووە بییانخاتە پاڵیەک ((سەرەتا دەیەوێت دوو ناو، پاش ڕاهاتنی لەسەر ئەمە دەتوانێت کردار و جێناو، ئاوەڵناو و ئاوەڵکرداریش بەکاردەهێنێت)) (عەبدولوەهاب،٢٠١٥، ٨٠) ، وەک:

١٥٠- نم نم

١٥١- باع باع، باعەباع

١٥٢- وەووەو

منداڵ لەو تەمەنەدا توانای دەربڕینی ئۆنۆماتۆپیای هەیە، چونکە ئۆنۆماتۆپیا وشەی دووبارەیە منداڵ باشتر و ئاسانتر دەیدرکێنێت، وەک (خرم خرم، خش خش، فش فش، کوکو.............هتد).
(لە تەمەنی (١٨) مانگیدا هەموو منداڵێک، بەکارهێنانی ئۆنۆماتۆپیایی لە بەرزترین ئاستی گەشەکردنی فێربوونی وشە و واتایدایە، واتا لەم تەمەنەدا منداڵ دەگاتە ئاستی لوتکە لە فێربوون و بەکارهێنان، لەم تەمەنەدا گەنجی وشەی منداڵ بە شێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات، هەر لە هەمان تەمەندا فێربوونی کردار دەستپێدەکات، بۆیە دەبێت بپرسین ئایا ئۆنۆماتۆپیا لە فێربوونی وشەی نوێدا بۆ منداڵانی تەمەن نێوان (٢-٣) ساڵی هاوکارە؟) (motamedi,et al,2021,8-11 )، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەڵێین بەڵێ، چونکە ئۆنۆماتۆپیا بە بنەوانی زمانی دادەنرێت و هۆکارێکیشە بۆ گەشەکردنی فەرهەنگی زمانی منداڵ، بە تایبەت منداڵە تەمەن بچوکەکان، ئەوانەی لە مانگەکانی (١١-١٨)دان، ئەو تەمەنە بە سەرەتای گەشەکردنی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لای منداڵان دادەنرێت و هۆکارێکی کارا و گرنگ و ئاماژەدەر و وروژێنەرن بۆ فێربوونی زمانیی، بڕوانە وێنەی (٥،٤)، منداڵ بە ئاسانتر فۆڕمە ئۆنۆماتۆپیاکان فێردەبێت و زۆرترین دەربڕاوی ئۆنۆماتۆپیا بەکاردەهێنن، تیشکدەخاتەسەر لایەنی فۆڕمیی دەنگەکان و ڕێکخستنی پێڕەوی واتای دەنگەکان، بۆیە ئۆنۆماتۆپیا ڕۆڵێکی کاریگەری لە فێربوونی وشەی نوێدا هەیە و هاوکارە لە پژانی زمانی منداڵ و دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی زمانیان، بۆ نموونە:
بە ( ئوتومبێل ) دەڵێن (ڤم ڤم/ ڤنگ ڤنگ) لەسەر بنەمای نیشانەی واتایی دەنگی سروشتی، ئەو ناونانە ئەنجامدەدات، واتە لە دەنگی (ئامێری ئوتومبێل)هکەوەیە، بۆیە پێیدەڵێت  (ڤم ڤم/ ڤنگ ڤنگ) و ئەو دەنگە دەردەبڕێت.

١٥٣- باعەباع ←—— لە دەنگی ئاژەڵەکەوە، کە (مەڕ)ە، وەریگرتووە.

١٥٤-جیجە، جوجە، جیک ⟵ لە دەنگی باڵندەی بچوک، وەک (جوچک، بێچوی چۆلەکە) وەریگرتووە و بەو شێوازە وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکەی ناوناوە.

١٥٥-مژمژە ⟵ ئەم وشەیەی لە چۆنێتیی مژلێدانی (قەسەب، یان مەساسە) وە وەرگرتووە و وشە ئۆنۆماتۆپیایەکەی دەربڕیوە.

١٥٦-پست پست ⟵ ئەم وشە نافەرهەنگییەی لە چۆنێتی بیستنی دەنگی (بۆن وبیبسی) وەرگرتووە، لەسەر ئەو بنەمایە ناونانەکەی لە ئاوەزیدا تۆمارکردووە، کە تایبەتە بە خۆی.

١٥٧-فوفو ⟵ لە دەنگی فوکردنی (میزەڵدان و تۆپ) دا گوێیلێبووە و لەسەر ئەو بنەمایە ئەم وشەیە کە نافەرهەنگییە لە زمانی ئێمەدا دەردەبڕێت.

١٥٨-فش فش ⟵ لە دەنگی فشبوونەوەی میزەڵدان و دەنگی بوخار لە کاتی کوڵاندندا بیستویەتی و وەریگرتووە.

١٥٩-عەن عەن ⟵ لە دەنگی تراکتۆر/ ئوتومبێل لە کاتی کارکردنیدا وەرگیراوە.

لە زمانی کوردیدا منداڵ وشەی ئۆنۆماتۆپیی وەک زمانی گەورە گۆناکات، بۆیە زۆرینەی دیاردە فۆنۆلۆژییەکانی تێیدا بەرجەستەدەبێت، وەک کرتاندنی دەنگ، جا ئەو دەنگە بزوێن، یان نەبزوێن بێت بۆ کورتبڕی و ئاسان دەربڕین، یان.....هتد بێت، ئەمەش پەیوەستە بە دەسەڵاتنەشکاندنەوەی منداڵ بەسەر ماسولکەی ئۆرگانەکانی دەربڕینیدا، وەک:

١٦٠-جریوەجریو~ جیوجیو

١٦١-چرکە چرک~ چک چک

١٦٢-پرخە~پخە

یاخود گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی تر، جا ئەو دوو دەنگە لە ڕووی سیما جیاکەرەوەکانیان زۆر نزیک، یان دووربن لە یەکەوە، بۆ نموونە:

١٦٣-تەقە~ تەکە

١٦٤-قوقو/ قوقەی کەڵەشێر~کوکو، چونکە سیمای جیاکەرەوەیان هاوبەشە لە [-دەنگداری،+گیراو]، بەڵام دەنگی نافۆنێمی /ق/، کە [+زمانە بچکۆلە]یەو قورسترە بۆ دەربڕین بە بەراورد بە دەنگی/ک/، کە نیشانەی [+ نەرمە مەڵاشوویی]یەو بۆ دەربڕین ئاسانترە.

١٦٥-چزە~جزە، واتە گۆڕینی دەنگی /چ/ بە دەنگی/ج/، کە ئەم سیما جیاکەرەوانەیان هەیە:

| /چ/ | /ج/ |
|---|---|
| Cv+cv | cv+cv |
| - دەنگدار | + دەنگدار |
| + گیراو | + گیراو |
| + ڕەقەمەڵاشوو | + ڕەقەمەڵاشوو |

١٦٦-بارە~بالە، لەسەر قاڵبی بڕگەی/CV/، لێرەدا گۆڕینی دەنگی/ڕ/ بە دەنگی/ل/، چونکە دەنگی/ڕ/ بۆ دەربڕین گرانترە، سیمای جیاکەرەوەیان پێکدێت لە:

| /ب/ | /ل/ |
| --- | --- |
| +دەنگدار | +دەنگدار |
| +گیراو | +لایی |
| +لچوولێویی | +دانیی |

زیادکردنی دەنگیش لە ئۆنۆماتۆپیای زمانی منداڵدا بەدیدەکرێت، زۆرجار منداڵ ناتوانێت وەک کەسانی گەورە دەنگە ئۆنۆماتۆپیاکان دەرببڕێت، بۆیە پەنادەباتەبەر زیادکردنی دەنگ لە وشە ئۆنۆماتۆپیاکاندا، کە زیادکردنەکە فۆنیمێک، یان زیاتر دەگرێتەوە بە تایبەت بزوێنەکان، بۆ نموونە:

١٦٧-مەمە~مەمەمە

١٦٨-دادا~دادادا

١٦٩-بابا~بابابا

جێگۆڕکێ/ ئاڵوگۆڕکردنی دەنگ دیاردەیەکی ترە، کە بەسەر ئۆنۆماتۆپیادا دێت و دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییەو بریتییە ( لە ئاڵوگۆڕکردنی دوو سەگمێنت، زیاتر لە نێوان کۆنسنانتەکاندا ڕوودەدات، بۆ ئاسانیی دەربڕین و گونجانی دەنگەکان پێکەوە) ( جەلیل، ٢٠١٣، ١٢٩)، وەک:

١٧٠-خش/خشە~شخ، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (٥/٢).

## ٦/١) فۆنۆسیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

داڕێژراوێتیی ئۆنۆماتۆپیا، سەرچاوەی بنەڕەتیی ئەو بیرەیە، کە پێیوایە زمانی مرۆڤ لە لاساییکردنەوەی دەنگی سروشتەوە سەرچاوەیگرتووە لەگەڵئەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیی سیمای پەیوەندیی نێوان سروشتی دەنگ و واتای ئۆنۆماتۆپیایە لە زماندا.

ئەمەش ئەو سروشتەمان پێدەبەخشێت، کە وشەکان ئەو دەنگانە لەخۆدەگرن، کە گونجاوە لەگەڵ واتاکەیدا و دەنگەکان بە کاریگەریی فۆرمی دەنگە بیستراوەکەی/ ئاماژەبۆکراوەکە هەڵاوێردەکرێن.

ئەوەی جێی سەرنجە و گرنگیی ئەم یەکە زمانییە دەخاتەڕوو ئەوەیە، کە ((ئۆنۆماتۆپیا گوزارشتکەر و دەربڕی تایبەتێتی و سیمای فیزیایی نییە، کە بە هۆی سیمای فۆنەتیکیی وشەکان دەردەبڕێت، بەڵکو ئۆنۆماتۆپیا بەرهەمهێنەری دەنگی فۆنەتیکی-نامرۆییە)) (Badar zaman,2019,38 )، لەمەوە دوو جۆر دەنگ دیاریدەکەین:

آ-دەنگی مرۆیی: ئەو دەنگانەیە، کە لە دەم و زاری مرۆڤەوە دێتەدەر، واتە تایبەتمەندکراوە بە مرۆڤ و هەستەکانییەوە، ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر لە ژیانیدا دەگێڕن، وەک:

١٧١-ناڵە، قیژە

١٧٢.-نکەنک

١٧٣-ورتە

١٧٤-زاقوزوق

١٧٥-پرخە

ب-دەنگی نامرۆیی: بەپێچەوانەی دەنگە مرۆییەکانەوە، ئەمەیان ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە لە ئاژەڵ و باڵندە و هەبووە بێگیانەکان و سروشتەوە بە گشتی دەیبیستین و زۆربەیان ناولێنانەکانیان ئاوێتەی دەنگەکەیانن، واتا پەیوەندیی لە نێوان (دەنگ و واتا)کەیاندا هەیە و سنوردارکراون، وەک (حەپە، گرمە، جریوە، زرمە .....................هتد).

ئۆنۆماتۆپیا بە دەنگی بیریی ( Idieophone) ناوبراوە، یاخود بەو وشانە دەوترێت لە زماندا، کە خودی دەنگە پێکهێنەرەکانی دەربڕی واتاکەین و لەمەشەوە (Sugahara ) دەڵێت: ((ئۆنۆماتۆپیا دەربڕاوێکی تایبەتی زمانن, کە فۆڕمی فۆنۆلۆژییان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە واتایانەوە)) (2010,1) ئەمەش ڕووکارێکی گرنگی پێکهاتەی ئۆنۆماتۆپیا و سەرنجی زمانەوانان و لێکۆڵەرانی ڕاکێشاوە، کە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دەنگ/ فۆنێم و واتا/ سیمانتیک و بەمەش زاراوەی فۆنۆسیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا هاتووەتەئاراوە، کە لە پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتا دەکۆڵێتەوە.

### ١-٦/١) هێماگەریی دەنگ لە ئۆنۆماتۆپیادا Sound symbolism:

بە بیرۆکەی هەبوونی واتا لە خودی دەنگدا، دەوترێت هێماگەریی دەنگ ( Sound symbolism)، یاخود بریتییە ( لە پەیوەندیی دەنگێک بە بوارێکی تایبەت بە سیمانتیک، ئەمەش پەیوەستە بەئایکۆنیبوون و بۆ ڕونکردنەوەی ئۆنۆماتۆپیا بەکاردەهێنرێت، کە پەیوەندییەکی سروشتییە لە نێوان دەنگ و واتادا، لە زمانی مرۆڤدا هێماگەریی دەنگ دەکرێت وەک ڕوونکردنەوە بەکاربێت، کە بۆچی بە دەنگی ئاژەڵە بچوکەکانی، وەک باڵندە دەوترێت (جریوە، جیکە-جیک، ویتەویت) (-tweet tweet or cheep-cheep)، لە لایەکی ترەوە تۆنی بەرز و بزوێنەکانی دواوە, وەک /u/، /و/ زۆر کات پەیوەستن بە قەبارەی گەورە، لە ئۆنۆماتۆپیادا ئەمە ڕوونە لە وشەیەکی وەک موو ( muu) دەنگی مانگا، تەنها ئەوە نییە، کە بزوێنی /i/ /ی/ پەیوەستە بە بێهێزییەوە و بزوێنی دواوەی /u/ لە زمانی کوردیدا /و/، کە [+سەرەوەی زمان، +زرنگدەرەوەی، +خڕکردنەوەی] تێدایە، دەبێت پەیوەندی بە

بەهێزییەوە هەبێت، چونکە پەیوەندییەکە بە پەیوەندیی نێوان گەورە و بچوکەوە دەبەسترێتەوە، ئەمەش پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتا نییە، بەڵکو پەیوەندییەکانی (واتا و دەنگ) و ڕەنگدانەوەی شێوازەکانی بەئایکۆنیبوونە لە زماندا (Dofs, 2008, 5 ).

لە زمانی کوردیدا چوونیەکبوون لە هەندێک دەنگدا دەبینرێتەوە، کە لە چەند وشەیەکدا دووبارەدەبنەوە و ئەم دەنگە پشکێک لە واتای هاوشێوەبوونیان، یاخود هاوواتابوونیان لە دەنگ و لە کێش و سەروادا، دواجاریش لە سیمای واتاییدا پێدەدات، بۆ نموونە:

١٧٦-نەڕە

١٧٧-باڕە

١٧٨-خڕە

١٧٩-قڕە

١٨٠-هاڕە

١٨١-بۆڕە

١٨٢-سیڕە

١٨٣-جیڕە

١٨٤-کیڕە

لەو نموونانەی سەرەوەدا، هەموویان لە دەنگی/ڕ/ دا هاوبەشن، کە سیمای جیاکەرەوەی ئەو دەنگە (سیمای واتایی)، بەمجۆرەیە:

- − بڕگەیی
- + لەرزۆک
- + گڕ
- − پشتەوەی زمان

کۆمەڵێک وشەی تریشمان هەن، کە بە دەنگی /ک،ه/ کۆتاییاندێت، سیمای جیاکەرەوەی (سیمای واتای دەنگی /ک/ش، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- − بڕگەیی
- + کپی
- − گڕیی
- + نەرمە مەلاشوویی
- + تەقاو

، بڕوانە نموونەکانی:

١٨٥-لوشکە

١٨٦-نرکە

١٨٧-جوكه

١٨٨-زيكه

١٨٩-فيكه

١٩٠-كۆكه

١٩١-فيشكه

لەو وشانەی سەرەوەدا، دەنگی یاخود فۆنێمی/ ڕ،ک/ لە وشەکاندا دووبارەبووەتەوە، بە تێڕامان لە واتای وشەکان ڕووندەبێتەوە، کە هاوکێش و هاوسەروان، ئەم وشانە ئۆنۆماتۆپیان و بریتیین لە چەند دەنگێک، کە دەنگەکان دەنگی هەبووە بێگیانەکان و دەنگی ئاژەڵن، بەڵام تەنی بچوک نیین دەنگەکان لە خۆیاندا واتای جۆرێک لە [+بەرزی وگەورەیی]، یاخود گەورەیی تەنەکە و ئاژەڵەکان نیشاندەدەن، هەروەها ئەم دەنگانە ناسک و خۆشئاواز نیین بە بەراورد بە دەنگی وشە ئۆنۆماتۆپیاکانی، وەک (جریوە، چریکە، جروکە، جیوجیو، کناچە، چرپە......هتد)، کە دەنگی تەن (هەبووە)کە، یاخود باڵندەی بچوکن، دەنگی هێواش قسەکردنی مرۆڤن، یان ئەو دەنگانەن، کە نیشانەی [+ بچوکی و ناسک] یان تێدایە.

هەروەها لە هەندێک وشەی وەک (مرە، نقە، نوکە /نوکەنوک، منگە )، کە بە دەنگی/ م/، یاخود/ ن/ دەستیانپێکردوەو ئەم دەنگەش دەنگێکی [+لووتین]، واتە لە لووتدا دروستدەبن و بۆشایی زار هاوکاری چۆنێتیی دەربڕینیان دەکات، ئەم وشانە نیشانیدەدەن پەیوەستدارن بە لووتەوە و هاوکێش، هاوسەروان، لە ڕووی واتاوە دەربڕینی جۆرێک لە ڕازینەبوونە لە ڕێگەیەکی بێدەنگترەوە بە بەراورد بە وشەی بۆڵەبۆڵ، قیژە.


ئەگەر بەراوردی وشەکانی (پرتەپرت و بۆڵەبۆڵ ) بکەین، لە ڕووی واتای نافەرهەنگییەوە/ میتافۆڕیین، کە هەردووکیان تا ڕادەیەک هاوواتایان لە جۆرێک لە ناڕەزای لە دەربڕیندا تێدایە، بەڵام ( پرتەپرت) بێدەنگترە بە بەراورد بە ( بۆڵەبۆڵ)، ئەگەر یەکەم دەنگی هەر دوو وشەکە وەربگرین /پ و ب /، ئەوا دەردەکەوێت کە /پ/ نەبزوێنێکی بێدەنگە و /ب / نەبزوێنێکی دەنگدارە، هەردوو دەنگەکە لێوەکان دروستیدەکەن، بەڵام هەر لە دەنگەکانی /پ و ب / نیشانە جۆری ناڕەزاییەکان دەردەکەوێت.

لە توێژینەوەیەکی بەراوردکارییانەدا بۆ ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی فارسی و ئینگلیزیدا لە ڕیکلامدا، بە مەبەستی گەشتن بە پەسنکردنی چوونیەکی و جیاوازیی لە هەر دوو زمانەکەدا و لەسەر ئەو بنەمایەی سوقرات پێیوابوو (پەیوەندیی سروشتی لە نێوان فۆڕم و واتادا هەیە) لە ئەنجامدا دەرکەوت ((لە یەکەی داتاکاندا بۆ هەر دوو زمانەکە گروپی یەکەم بە تەواوی چوونیەکن، بەڵام گروپی دووەم بە کەمەکی چوونیەکن، گروپی سێیەمیش بە هۆی جیاوازی و دووری دەنگە ناونراوەکان لە دەنگی سروشتیی خودی تەنەکانەوە، بە ئۆنۆماتۆپیا هەژمارنەکراون، جگەلەوەی لە زمانی فارسیدا بڕگەی دووەم دووبارەی بڕگەی یەکەمە، وەک (بوم بوم ، ماما.....هتد) ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا گۆڕانی بزوێنی ناوەکی لە بڕگەی دووەمدا ڕوودەدات، وەک (Tik tak, ding dung.... هتد) )) (Aliyeh and

(Zeinolabedin 2014 ,221 ، بەم شێوەیە  لە هێماگەریی دەنگدا دەگەینە ئەوەی، کە سیما جیاکەرەوەکانی هەر دەنگێک ڕۆڵیان لە دیاریکردنی سیمای واتای هەبووەکاندا هەیە.

## ٢-٦/١) بەکارهێنانی ئۆنۆماتۆپیا لە پەیوەندیگرتندا:

ئۆنۆماتۆپیا لە ڕاگەیاندن و ڕیکلامدا لە ناونانی مارکەکاندا زۆر بەکاردەهێنرێت، چونکە وادەکات خەڵکی و کڕیاران ناوەکانیان لە بیردابمێنێتەوە، بۆ نموونە حەپی ئازار ناوەکانی ( فیز فیز- fizz, fizz ) و پلۆپ پلۆپت (Plop, plop) ی لێنراوە، کە بە واتای پشوودانی خێرا دێن، (کلەنک کلیک- Klunk! Klick! Every trip) ڕیکلامێکی بەریتانییە بۆ هۆشیارکردنەوەی شۆفێران بۆ بەستنی پشتوێنی پاراستن لە لایەن شۆفێر و گەشتیارانەوە، ئەم دەنگانە لەسەر هەندێک هێمای هاتوچۆ دادەنرێن، هاوتاکەی کلیک کلاکە ( click clack) لە ئوسترالیا بۆ هەمان مەبەست و هێما بەکاردەهێنرێت Aliyeh , and Zeinolabedin, 2014, 223) ، لە زمانی کوردیدا بە هەمان شێوە بەکارهێنانی ئۆنۆماتۆپیا لە ڕیکلامدا کارایە، بڕوانە ئەم وێنەنانەی خوارەوە:



وێنەی (١) کرمەکرمی نوقوڵی ڕەق




وێنەی ( ٢ ) پست پست



وێنەی ( ٣) هەممم نافەرهەنگی لە زمانی منداڵدا/ ملّچە



وێنەی(٤ ) خڕەخڕ



وێنەی ( ٥) خورەی ئاو



وێنەی (٦) خرمە خرم




وێنەی (٧ ) خرمەخرم/ خشەخش

له ڕیکلامدا کار لەسەر بەکارهێنانی سەروا دەکرێت، بۆ نموونە بۆ ڕیکلامی پسکیت Mmmm (Cookies) ئۆنۆماتۆپیای(هەمممم) بەکارهاتووە، ئامانجی سەرەکی لە کاری ڕیکلامدا کارکردنە لە ئاوەزی بەکاربەران، کڕیاران و بەکارهێنەران کاردانەوەیان زۆرترین بۆ ئەو بەرهەمانەیە، کە پەیوەستدارن پێوەی بە هۆی سەرنجڕاکێشیی تۆن و دروشمیانەوە.

کەواتە ((ئەم دەنگە ئۆنۆماتۆپیایانە، کە سەروای وشەکان بەرهەمدێنن، دەنگی سروشتین و هێماگەرانە دەکرێت بەکاربهێنرێن بە هۆی تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانیان لە ڕووی پەیوندیگرتنەوە، بۆ نموونە وشەکانی پۆپ، کراکڵ، سناپ (Snap, crackle and pop) لە بەرهەمی برنج، وەک Rice Krispies as Snap crackle pop ئەم دەنگانە هەمووی دەنگی سروشتین، بۆ بەرهەمەکانی دایبی و کلینیکس (دەستەسڕ) و کرێم بە مەبەست دەنگی نەرم بەکاردەهێرێن، وەک ( Pampers) بۆ دایبی و دەنگی زبر بۆ بەرهەمەکانی پاککەرە)) (Aliyeh and Zeinolabedin, 2014, 224), هەروەها ((لە زمانە هیندۆئەورووپییەکاندا ژمارەیەکی کەم وشەی لاسایيان تێدایە، لە دوای زمانی کۆری، زمانی ژاپۆنی دووەم زۆرترین ژمارەی وشەی لاساییکەرەوەی تێدایە، لاساییەکان لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاردێن و لە ژمارەیەکی زۆر وەکو ڕۆژنامە، کتێبی کۆمیدی، ڕۆمان و گۆڤار بەکاردەهێنرێن، زیاتر لە (٢٠٠٠) وشەی لاسایی لە ژاپۆنیدا هەن)) (Nakata ,2017,4 ), ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئۆنۆماتۆپیا و وشە لاساییەکان بە پلەی یەکەم و لوتکە لە زمانی کۆریدا بە تایبەت لە (کتێب، ڕۆژنامە، ڕۆمان...........هتد) دا بەکاردێن، دوای ئەو زمانی ژاپۆنی، لە زمانە هیندۆئەورووپییەکاندا کەمتر بەکاردێن، (وشە لاساییکەرەوەکان لە نێوان قسەکەرانی ژاپۆنیدا بە گشتی بەکاردەهێنرێت، ئەویش لەبەرئەوەی ئەم وشانە ڕێگای زۆر و شێوازی هەمەچەشنی دەربڕین بۆ قسەکەر فەراهەمدەکەن، وشە لاساییەکان بە بەردەوامی یەکێکن لەو شێوازە وشەییانەی، کە لە زمانی ڕۆژانەیاندا بەکاردەهێنرێن و هەستیاریی ورد دەردەخەن، ڕاستەوخۆ لە واتای دەربڕاوەکانیان تێدەگەن، زۆربەی دەربڕینەکان لەلایەن قسەکەرانی ڕەسەنی ژاپۆنی دەناسرێنەوە) ( Nakata, 2018, 55).

((وشە لاساییە ژاپۆنییەکان سەرنجی زۆریان ڕاکێشاوە، ئەویش لەبەر ئەو کاریگەرییە سیمانتیکییانەی دەیبەخشن، ژمارە و بەکارهێنانی وشە لاساییەکان لە ماوەی (٢٠) ساڵی ڕابردوودا لە زیادبووندان، بە پێی داتابەیسێکی تۆماری خۆراکی ژاپۆنی، ژمارەی بەکارهێنانی وشە لاساییەکان بۆ دوو ئەوەندە زیادیکردووە لە ساڵی ٢٠١١ بە بەراورد بە ساڵی١٩٩٠)) (Nakata2017,4 ) ، ئەمەش لەبەر ئەو وێنە دەوڵەمەندەی وشەیەکی لاسایی لە دەنگەکەیدا هەڵیدەگرێت، زۆربەی کۆمپانیاکانی خۆراک دەستیانکردووە بە ناونانی بەرهەمەکانیان بە بەکارهێنانی وشەی لاسایی، چونکە خەڵکی ئارەزوویان بە کڕینی ئەو بەرهەمانەیە، کە دەنگەکانیان پەیوەندی بە واتاکەیانەوە هەیە، لەبەرئەوەی تێگەیشتن ئاسانتر دەکات. لەگەڵئەوەشدا هاوشێوەی زمانانی تر بەکارهێنانیان هەیە، لە زمانی کوردیدا داتایەکی ئەوتۆمان بۆ بەکارهێنانی ئۆنۆماتۆپیا و وشە لاساییەکان لە زمانی مرۆڤی گەورەکاندا لەبەردەستدا

نییە، بەڵام لە زمانی منداڵدا زیاترە، ئەمەش لەبەرئەوەیە منداڵ بە زمان و وشەی ئۆنۆماتۆپیا، کە گەورەکان بەو زمانە قسەیان لەگەڵ دەکەن، ئاسانتر تێدەگەن و فێردەبن.

## ٣-٦/١) سیمای دەنگیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانەکاندا:

ئەگەر بە وردی چاو بە وشەنامە و فەرهەنگی زمانەکاندا بخشێنین، ئەوا بە ئاسانی هەندێک دەنگ لە پێکهاتەی هەندێک لە وشەکان (لەناویشیاندا ئۆنۆماتۆپیا) لە زمانە جیاوازەکاندا بەدیدەکرێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە سیمای دەنگیی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان چوونیەک و هاوبەشن و لە هەمان کاتیشدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازیشیان هەیە.

(Thomas and Clara باسی چوونیەکیی سیمای دەنگیی و سازگەی دەنگیی ئونۆماتۆپیا لە زمانەکاندا دەکەن، دۆزینەوەی ئۆنۆماتۆپیای چوونیەک لە ڕووی دەنگەوە لە زمانە جیاوازەکاندا زۆر کات ئاسانە، دەنگی ئاژەڵەکان نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم بیرەن، بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی ئۆنۆماتۆپیاکانی خوێندنی کەڵەشێر بکرێت، ئەوا دەبینرێت، کە زۆرینەیان دەنگی سەرەتای (ئاسمانەی دەم و پشتەوەی زمان)، یان دەنگی بێدەنگ و نەرمەمەڵاشوییە /k/ /ک/، یان دەنگدار و لە زمان و نەرمەمەڵاشوو دروستدەبێت (voiced) [g] /گ/، هەروەها بەپێچەوانەی زۆربەی ئۆنۆماتۆپیا باوەکانی دەنگی ئاژەڵەکان، کە دوو بڕگەیین، ئەمان لە ( ٣ بۆ ٥ ) بڕگە پێکدێن، کە نیشاندەری درێژیی دەنگی خوێندنی کەڵەشێرن) (6-4 ,2004 ), هەروەها (لێکچوونی دەنگی ئاژەڵان لە زمانە جیاوازەکاندا تێبینیکراوە بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە زۆربەی ئەو زمانانەی، کە داتایان لێکۆکراوەتەوە، بە نزیکی هەمان دەنگ بۆ هەمان ئاژەڵ بەکاردەهێنن) (سەرچاوەی پێشوو)، بۆ نموونە ئەگەر دەنگی مەڕ وەربگرین لە زمانی کوردیدا بەراورد بە زمانی ئینگلیزی، سێ دەنگی (/م/، /ب/، /ێ/) هاوبەشن و ئاماژە بۆ دەنگی (مەڕ) لە هەردوو زمانەکەدا دەکەن، سیما دەنگییەکانیشیان وەک یەکن، کە/م/ دەنگێکی [ +لووتی، +دەنگدار، -بڕگەیی]، /ب/ دەنگێکی [ -لووتی، +لچولێویی، +گیراو]، دەنگی/ێ/ [ +پشتەوەی زمان، -کۆنسنانت، +خاوێنی، +زرنگدانەوە]، ئەم لێکچوونە لە دەنگی گیاندارەکانی تریشدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەبینرێت بۆ ئەم لێکچوونە، بڕوانە خشتەی (٢) (Thomas and Clara ,2004, 5) .

خشتەی (٢) تایبەتمەندیی ئۆنۆماتۆپیای دەنگی ئاژەڵەکان:

| ئاژەڵ | تایبەتمەندیی دەنگ | سیمای فۆنیم | ناوی گیانداران |
|---|---|---|---|
| سەگ | /و/ + /ئا/ /و/ /ئاو/ | [w] + [a] / [u] / [au] | dog |
| پشیلە | /م/ + /یا/ | [m] + [ja] | cat |
| ئەسپ | /هە/ + /ی/ | [h] + [i] | horse |
| مانگا | /م/ + /و/ | [m] + [u] | cow |
| مەڕ | /م/ یان /ب/ + /ێ/ | [m] / [b] + [e] | sheep |
| کەڵەشێر | /ک، گ/ + /ۆ/ /و/ /ی/ | [k,g] + [o] / [u] / [i] | cock |
| مراوی | /ک، گ/ + /ئا/ /وا/ | [k,g] + [a] / [wa] | duck |
| بۆق | /ک، گ/ ( + ر) + /ئا/ /وا/ | [k,g] ( + [r]) + [a] / [wa] | frog |
| هەنگ | /ز/ /نگ/ /ن/ | [z] / [ŋ] / [n] | bee |
| مار | /ز/ | [z] | snake |

لە ئۆنۆماتۆپیادا هەندێک دەنگی تر، وەک دەنگی ئاژەڵەکان لەگەڵ ئەوەشدا چوونیەکی نیشاندەدەن، لە خشتەی ژمارە (٣)دا چەند نموونەیەک کە ئۆنۆماتۆپیای دەنگی ئاژەڵان نیین و چوونیەکی نیشاندەدەن دەخەینەڕوو (Thomas and Clara,2004,5 ).

خشتەی (٣) تایبەتمەندیی دەنگیی هەندێک ئۆنۆماتۆپیای باو:

| وشە | تایبەتمەندیی (دەنگەکان) | **سیمای فۆنیم** | دەنگەکان |
|---|---|---|---|
| هەڵکردنی با | /و/ | [u] | blowing wind |
| دڵۆپەی ئاو | /ت، د/ | [t,d] | dripping water |
| پێکەنین | /هە/ | [h] | laughing |
| گریان | /و/ + /ئا/ | [w] + [a] | crying |
| قسەکردن بەهێواشی (مینگە مینگ) | /م/ | [m] | murmuring |
| قسەکردنی بەخێرایی | /پ،ب/ + /ل/ + /ئا/ | [p,b] + [l] + [a] | speaking quickly |
| خواردن | /ئا/ + /م/ | [a] + [m] | eating |
| خواردنەوە | /ک، گ/ ( + /ل/) + /و/ | [k,g] ( + [l]) + [u] | drinking |

| | | | |
|---|---|---|---|
| glass breaking | [ŋ] / [n] | /نگ/ /ن/ | شکانی پەرداخ |
| ringing | [t,d] / [r] + [i] / [a] / [o] + [ŋ] / [n] | /ت،د/ /ر/ + /ی/ /ئا/ + /ۆ/ + /نگ/ /ن/ | زەنگلێدان |
| car beeping | [p,b] | /پ، ب/ | هۆڕینی ئوتومبیل |
| explosion | [p,b] + [a] / [u] + [ŋ] / [n] / [m] | /پ، ب/ + /ئا/ /و/ + /نگ/ /ن/ /م/ | تەقینەوە |

دیارە هەندێک لەم چوونیەکە بۆ بۆماوەیی و خواستنی وشەکان دەگەڕێتەوە، ((کە بە تایبەت بۆ زمانە ئەوروپییەکان دروستە، بۆ نموونە وشەی دەنگی (کەڵەشێر) لە لاتینیدا بریتییە لە (cucurire) ، وشەکە یان وەک بۆماوەیی، یاخود خواستن چووەتە ناو زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان، کە لە لاتینیدا بووە بە (chichirichi)، لە ئەڵمانی بوو بە (kikeriki)، لە سویدی (kukeliku)، لە ڕوسی بووە بە (kukorekati)، تەنانەت چوونیەکبوون لە نێوان زمانە دوورەکانیشدا بوونی هەیە، بۆ نموونە لە زمانی کانتۆنیزدا (زمانێکی چینییە) (bi1li1baa1laa1) ( فینلەندی) (päläpäläpälä) (Thomas and Clara, 2004, 4-6) ، ئەم دوو (دەنگە ئۆنۆماتۆپیان بۆ قسەکردنی بەپەلە) ، لە زمانی کوردیدا (فڵتەفڵت) ئەمیش نیشانەی سروشتیبوونی ئۆنۆماتۆپیایە، کە تەنها هێمایەک نیین خەڵک لەسەری ڕێککەوتبێتن، بەڵام بەشێکن لە لاساییکردنەوە و ڕەنگدانەوەی دەنگە سروشتییەکان.

(سەرەڕای هەندێک لەو چوونیەکبوونانە، جیاوازیش لە نێوان زمانەکاندا هەن، بۆ نموونە لە زمانی کانتۆنیزدا بە دەنگی (بۆق) دەڵێن <u>گواگوا</u> ( gwaa1gwaa1)، ئەمیش زۆر جیاوازە لە (ribbit) لە زمانی ئینگلیزیدا، لە زمانی کوردیشدا جودایە و پێیدەڵێن (قیرە)، دیسان (<u>بووم</u> boom) دەنگی تەقینەوەیە و تەواو نەناسراوە لە زمانی سواهیلی (زمانێکی بڵاوە لە ئەفریکا)دا ،کە بە هەمان دەنگ دەڵێن <u>توا</u> (twa)) (سەرچاوەی پێشوو ٦-٨)، سەرەڕای سیستەمی فۆنۆلۆژیی زمانەکان، کە ئەم جیاوازییانەی لە زمانەکاندا دروستکردووە، ((پرسیارێکی قورس هەڵدەگرێت، کە وەڵامی ئاسان نابێت، بۆچی ئەم ئۆنۆماتۆپیایانە لەیەکدی جیاوازن؟

لایەنگرانی (بیردۆزی ساپیر-ۆرف) پێیانوایە، ئەو دەنگانەی گوێگر و وەرگر دەیبیستن بە پێی پێڕەوی فۆنۆلۆژیی زمانەکەی ڕیزدەکرێت)) (سەرچاوەی پێشوو، ٦)، هەموو وشەیەک کە وەریدەگرین دەکەوێتە ژێر یاسا دەنگییەکانی زمانەکەوە، هەمیشە لاسایی ئەم دەنگانە دەکەینەوە بە نزیکترین فۆنیم، کە لە سیستەمە فۆنۆلۆژییەکاماندا هەیە، کاتێک بە ئۆنۆماتۆپیای دەکەین.

((وەرگرتنی گیزەگیزی دەنگی (هەنگ) وەک نموونەیەک، لە زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان، کە داتایان لێکۆکراوەتەوە، ئۆنۆماتۆپیاکە دەنگی دەنگداری خشۆک /ز/ [z]ی هەیە بۆ نیشاندانی ئەو دەنگی خشۆکە، کە لە لایەن هەنگەکانەوە دروستدەبێت، بەڵام ئەمەش بە بەراورد بە چوار زمانی ئاسیایی، کە داتایان

لێکۆکراوەتەوە، ئەم دەنگە (دەنگداری خشۆک) /ز/ [z]ی لە سیستمە فۆنۆلۆژیەکانیاندا نییە)) (Thomas and Clara, 2004, 6)، لەبەرئەوە دەنگی نەبزوێنی منگنی /ن/ و /نگ/ گۆدەکەن بۆ بەرهەمهێنانەوەی کاریگەریی لەرەلەرەکە، کە هەنگەکان دروستیدەکەن، بڕوانە (ویزە،گیزە،...هتد)، تەنانەت لە شێوەزارەکانیشدا ئەم جیاوازییە لە زمانی کوردیدا دەبینرێت، وەک زاری سۆرانی (گرمەی هەور)، بەڵام لە بادینی (گرگر)، لە زمانی ئینگلیزی بە ( قیرەی بۆق) دەڵێن (کرەوک،croak)، بە قوقەی کەڵەشێر (کرەو Crow) ، دەنگی مراوی (کواک quack)، قرچەی ڕۆن (sizzle)، چونکە لە سیستەمی فۆنۆلۆژیی زمانی ئینگلیزیدا دەنگی/ق/ یان نییە، بۆیە دەنگی/ق/ دەرنابڕن.
(سروشتی دروستەی بڕگەکان ڕۆڵی خۆی لە دەستنیشانکردنی قاڵبی ئۆنۆماتۆپیادا هەیە، زمانەکانی وەک کانتۆنیز، ماندەرین و یابانی و فینلەندنی ڕێگەنادەن بە جووتە نەبزوێنی، وەک /سپر/ و /بل/ ([spr] and [bl]) لە بڕگەکانیاندا، لەبەرئەوەی (بلاهبلاهblah blah )، (فلّتەفلّت) بە ئینگلیزی و (بلا بلا بلا bla bla) بە ئەڵمانی بووە بە (bi[1]li[1]baa[1]laa[1]) لە کانتۆنیزدا، (bera bera) لە یابانیدا و (päläpäläpälä) کەسێک بە خێرایی قسەبکات لە فینلەندیدایە، دەبینرێت کە بزوێنێکی زیادە خراوەتە نێوان هەر دوو نەبزوێنێک بۆئەوەی لەگەڵ پێکهاتەی بڕگەی زمانەکاندا بگونجێت) (Thomas and Clara, 2004, 6-7).
ئەو هۆکار و نموونانەی سەرەوە نیشانیدەدەن، چۆن پێڕەوی فۆنۆلۆژیی کاریگەریی لەسەر ئۆنۆماتۆپیا دەبێت و ئۆنۆماتۆپیای جیاواز لە زمانەکاندا تەنها بۆ ئەو هۆکارانە ناگەڕێتەوە، بەڵکو هۆکاری تریش کاریگەرییان هەیە، ((وەک هەندێک دەنگ جیاواز دەردەکەون لە شوێنە جیاوازەکاندا، لە زمانی کانتۆنیدا ئۆنۆماتۆپیا بۆ دەنگی ئوتومبێلی ئاگرکوژێنەوە بریتییە لە *bi[1] bu[3] bi[1] bu[3]* ، لە ئەڵمانیدا *tatütata*؛ لەوەیە بپرسین، کە بۆ ئۆنۆماتۆپیاکان دەنگیان لێکناچن، کە لەڕاستیدا دەنگی ئوتومبێلی ئاگرکوژینەوە لە ئەڵمانیا و چاینا لێکجیاوازن، هۆکارێکی تری گرنگی ئەم جیاوازییانە، پەرەسەندن و گەشەکردنی ئۆنۆماتۆپیایە بە پێی تێپەڕبوونی کات، ئۆنۆماتۆپیا بە هەبوونی هۆکار و مۆدێل، گۆڕانکاری تێدا دروستدەبێت، بۆ نموونە ئۆنۆماتۆپیا بۆ تەقینەوە لە کانتۆنیزدا بریتییە لە بانگ، یان بونگ (baang or bung) ، بەڵام توێژی گەنجان هەندێکجار (ngan ngaa) ی بۆ بەکاردەهێنن، کە لە کاریگەریی دەنگی کاریکاتۆرە (کارتۆن) ژاپۆنییەکانەوە دروستبووبێت، بە تێپەڕبوونی کات ئەم گۆڕانکارییانە کەڵەکەدەبن تا ئەو ڕادەیەی دەگەنە ئەوەی، کە ئۆنۆماتۆپیایەکە لەگەڵ هاوتاکانی لە زمانە جیاوازەکاندا نەناسرێنەوە)) (Thomas and Clara, 2004, 7-8) .
خاڵێکی تر سروشتی گۆڕانی بەردەوامی زمان و کەرەستە زمانییەکانە، وشە لە زماندا گۆڕانی بەسەردا دێت بە پێی سروشتی گۆڕانی بەردەوامی زمان، بە پێی تێپەڕبوونی کات و دیاردەکانی، وەک ( کرتاندن و زیادکردن و تواندنەوەو........هتد) تێیدا ڕوودەدات، ئۆنۆماتۆپیاش وەک جۆرێکی کەرەستەی زمانی، لەم دیاردە زمانییە بێبەش نییە.

بە گشتی ئۆنۆماتۆپیا وەک کەرەستەیەکی زمانی بنەما و جۆر و تایبەتمەندی و سیمای دیاریکراوی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە کەرەستە زمانییەکانی تر، کە لەم بەشەدا بە وردی خراونەتەڕوو.

# بەشی دووەم

# مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا

## ١/٢) پەسنكردنی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا:

مۆرفۆلۆژیی ئاستێكە لە ئاستەكانی زمان و بریتییە لەو زانستەی، كە لە (ڕوخسار و پێكهاتەی ناوەوەی وشەكان و ئەو تەرزو یاسایانەی وشەی پێدروستدەكرێت، دەكۆڵێتەوە و ئامانجی لێكۆڵینەوەكانێتی، مۆرفۆلۆژیی لە هەر دوو لایەنی زمانەوانیی (پێكهاتە و واتا) ی وشەكان دەكۆڵێتەوە، پەسنكردنی هەر لایەنێكی بۆ شرۆڤەكردن و وەسفی هەریەك لە بەشەكانی وشەكانە، كە وشەكانی پێڕۆنراون) (schmid,2015,1 )، یاخود مۆرفۆلۆژیی ((بریتییە لە توێژینەوە لەبارەی پێوەندیی یاسامەندی نێوان بیچم (فۆرم) و واتای وشەكان)) (سەعید كەرەمی،١٣٩٦،٣)، یان مۆرفۆلۆژیی ((گەڕانە بە دوای ڕۆنانی ناوەوەی وشە و دیاریكردنی پەیوەندیی نێوان پێكهاتەكانی)) (حسەین، ٢٠٠٩، ١١٥)، مۆرفۆلۆژیی (لقێكە لە زانستی ڕێزمان لە پێكهاتنی وشە بە پێشگر و پاشگر و ناوگر و ڕەگ دەكۆڵێتەوە)) (ڕەفیق شوانی،٢٠١١، ٢٣)، هەروەها مۆرفۆلۆژیی ((بریتییە لە لێكۆڵینەوە، لەبارەی وشەوە لە ڕووی پێكهاتن و گۆڕانەوە)) (مارف،٢٠١٤، ٦)، بۆیە مۆرفۆلۆژیی بەردەوام هەوڵی بنكۆلكردنی دارشتنی وشەكان و گۆڕان و گەردانكردنیان دەدات و ئەركی دروستكردنی فۆرمی نوێ بۆ واتای نوێیە لە ڕێی تەرز و یاساكانەوە، كەرەستەكانی، كە وشەكان و مۆرفیمەكانن، پەیوەستن بە یاسا مۆرفۆلۆژییەكانی زمانەوە و ڕێگەیەكە بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان، وەك ئاستێكی زمان و لقێكی ڕێزمان، ڕۆنانی وشەكانی زمان لە ڕووی فۆرم و واتا و ئەركەوە كەرەستەی شیكردنەوەكانێتی و مەبەستێتی بە پێی جۆری ڕۆنانی وشەكان و چۆنێتیی سازبوونیان كنەكردن بكات، بە پێی جۆر و چۆنێتیی ڕۆنانی وشە لە زماندا، جۆری وشە هاتوونەتەئاراوە، ئۆنۆماتۆپیا وەك جۆرێكی تایبەت لە ڕۆنانی وشە بە پێی ڕۆنانی تایبەتیی خۆی ، كە لە دووبارەكردنەوەی پڕاوپڕی دەنگە پەیوەستدارەكان بە هەبووەكانەوە پێكهاتووە، جۆرێكی دیاریكراوی وشەن، كە ڕۆنانی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە ڕووی فۆرم و واتا و گۆكردن / ئەركەوە تایبەتمەندن و جیاوازن لە وشەكانی تری زمانەكە و لە هەمان كاتیشدا جۆرێكی كردەی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستكردنن لە زماندا، بەوەی ئۆنۆماتۆپیا كردەیەكی مۆرفۆلۆژیی وشە دروستكردنە، كە لە دەنگ و ئەوەی ئاماژەپێیدەدات، بەرهەمدێت، لەم ڕوانگەیەشەوە لە ڕۆنانی مۆرفۆلۆژیی وشە ئۆنۆماتۆپیاكان لە زمانی كوردیدا دەكۆڵینەوە.

بەمپێیە وشە ئۆنۆماتۆپیاكان لە زماندا هەم كەرەستەی مۆرفۆلۆژیین و هەمیش كردەیەكی وشەدروستكردنن لە زماندا (Dobrovolsky دەڵێت: (ئۆنۆماتۆپیا یەكێكە لە سەرچاوەكانی وشە دروستكردن لە زماندا) (Badar zaman,2019,38)، چونكە ئۆنۆماتۆپیا ئاماژە بە (دروستكردن و ئەرك و واتای وشە دەدات بە هۆی لاسایی دەنگەكانەوە خودی هەبووەكان دەنوێنێت و ئۆنۆماتۆپیا كردە و واتایە) (سەرچاوەی پێشوو)، مەبەست لەمەش ئەوەیە، كە ئۆنۆماتۆپیا هەر سێ لایەنی فۆرم و واتا و گۆردن / ئەركی وشە لەخۆدەگرێت و ئاماژەپێیدەدات، ئۆنۆماتۆپیا وەك كردەیەكی وشەدروستكردن ئەوەمان بۆ پەسندەكات، كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان دەنگ و واتای ئەو وشانەدا هەن، كە لە

کردە مۆرفۆلۆژییەکان دەکەونەوە، ئەمەش بۆچونەکەی (سۆسێر) بۆ بوونی لەخۆوەیی پەیوەندی لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا بە ڕەهایی بنکەندەکات، ئەم بۆچوونە بۆ حاڵەتی ئۆنۆماتۆپیا پێچەوانە دەبێتەوە، نەک هەر پەیوەندیی لەخۆوەیی نییە لە نێوان دەنگ و واتای ئۆنۆماتۆپیادا، بەڵکو واتای فۆرمی فۆنەتیکی لە دەنگە بیستراوەکەوە بەرهەمدێت و لەمەشەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان دەنگ و واتای وشەی ئۆنۆماتۆپیادا هەیە.

ئامانج لە مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا، شیکردنەوەی پێڕەوبەندانەی فۆرم و واتای وشە ئۆنۆماتۆپیاکانە و دابەشکردنێتی بەسەر جۆر و بەشە جیاوازەکاندا و دەستنیشانکردنی دروستە و داڕشتەی ناوەوەیان و پەسنکردنی ئەرکی هەریەک لە ڕستی مۆرفیمەکان و لێکۆڵینەوەیانە، واتە دەپەرژێتە سەر ناسینی مۆرفیمەکان و چۆنێتیی پێکەوەبەستنیان لە ناو ڕستەداو دەستە دەستکردنی وشەکان بە پێی پۆلێنکاریی ڕێزمانی زمانەکە و پێکەوەلکان و ئاوێزانبوونی وشەکان دیاریدەکات و لەتەک ئەمانەشدا (مۆرفۆلۆژیی بە تەواوکەری فەرهەنگی هەموو زمانێکی جیهان دادەنرێت، لەبەرئەوەی مۆرفۆلۆژیی بە پێی یاسا و قاڵبەکانی، وشە و مۆرفیمەکان دەنوێنێت و پاش پێکەوەگرێدانی هەردووکیشیان دەبێتە دانەیەکی فەرهەنگی، واتە بەرانبەر زیادبوون و فراوانبوونەکانی دەرەوەی زمان، مۆرفۆلۆژیی دەکشێت و فۆرمی نوێ دێنێتەئاراوە، لەسەر ئەو تەرز و مۆدێلە دەبێت، کە پێشتر کاری پێکراوە) (سەعید،٢٠١٥، ٢٨).

یەکێک لە کەرەستەکانی فەرهەنگی زمان وشەیە (وشەی فەرهەنگییش ئەو وشانەن، کە لە شوێنی خۆیان واتایان هەیە، هەموو بەشەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوەو لە فەرهەنگدا دەبینرێن، واتە وشەی فەرهەنگین، جۆرێکی ئەو وشانە وشەی ئۆنۆماتۆپیایین) (محێدین،٢٠١٣،٥٥)، ئۆنۆماتۆپیا لە فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤ (لێکسکۆن)دا نواندنێکی ناوەکییان هەیە، بۆئەوەی لە سینتاکس و ڕێزماندا بنوێنرێن، دەبێت نواندنێکی دەرەکییان هەبێت، وشە و کەرەستەکان لە زماندا دەیاننوێنێت (زانیارییەکانیان وەک کەرەستەیەکی خاو لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەرانیدا هەڵگیراون و نواندنێکی ناوەکییان هەیە، بەڵام کە دەچنەناو ڕێزمان دەبن، بە نواندنێکی دەرەکی و لەوێدا دەخرێنەڕوو، واتە زانیارییە خەزنکراوەکانی ناو فەرهەنگ بنەمایە بۆ فۆرمداڕشتن لە ناو ڕێزماندا، لە ناو ڕێزمانیشدا فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی فەراهەمدەبێت.) (مەعروف،٢٠٢٠، ١٦٧ )، ئەمەش بە بەکارهێنانی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، بەوەی وشە فەرهەنگییەکان و هەڵاوێرکردنی واتایی دەردەخات، ئەوە پەسندەکات چ کۆمەڵە وشەیەک لە چ پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیدا بەکاردەهێنرێت، وەک زۆربەی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لە پرۆسەی دووپاتکردنەوەدا بەرجەستەیدەکەین، بۆ نموونە:

نموونەی (١) (مشەمش، بۆرەبۆر.............هتد).

ئۆنۆماتۆپیا لە ڕستێک دەنگ پێکهاتووە، پێکەوەهاتنی ئەم ڕستە دەنگانە یەکەی زمانیی جیاواز دەنەخشێنێت، ئەوانیش مۆرفیم و وشەکانن، لە لایەکی تریشەوە وشەی ئۆنۆماتۆپیا بنەوانی گەنجی وشەی فەرهەنگی ئاوەزیی تاکەو لەمڕوانگەیەشەوە پەیوەست بەم بەشەوە پێویستە لە ڕۆنانی

ئۆنۆماتۆپیا وەک وشە و دروستە و چۆنێتیی سازبوونیان بکۆڵینەوە و خودی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا بە دوو بەشی سەرەکی دەخەینەڕوو، ئەوانیش: پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیایە لە زمانی کوردیدا.

## ٢/٢) بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

### ٢/٢-١) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی، بەشێکی ئاستی مۆرفۆلۆژییە لە زماندا، ((مۆرفۆلۆژیی لە پێڕەو و دروستە و دارشتەی واتایی و گۆکردنی وشە دەکۆڵێتەوە، هەموو ئەمانەش بۆ دوو جۆری مۆرفۆلۆژیی دەستنیشانکراون، کە پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیین)) (حسەین،٢٠٠٩،١١٥)، هەرچی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیایە، پشکنین بۆ ڕۆنانی ناوەوەی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان دەکات و پەیوەندیی دروستە و دارشتەی واتایی و فۆرمی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لەخۆدەگرێت، کە تێیدا دوو جۆر پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی دروستە و دارشتەی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان دیاریکراون، ئەوانیش:

#### ٢/٢-١-١) مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

وشەی ئۆنۆماتۆپیا جۆرێکی دیاریکراون و بە پێڕەوێکی یاسابەندانەی دروستکردنی وشە بەرهەمدێن ، کە فۆرم و واتایان پەیوەستدارن پێکەوە و لە ئاماژە بەندییەکانییانەوە بەدەستدەخرێن ( لە ئۆنۆماتۆپیادا پێکهاتەی فۆرمی وشە بە لاساییکردنەوەی دەنگی سروشتی دادەڕێژرێت، لە ڕێگەی ئەو زنجیرە دەنگە، یاخود دەنگانەی، کە شتێک یان کەسێک بەرهەمیدێنێت، وشە و دەربڕاوە نوێیەکە لە دەنگە سروشتییەکەیەوە بەرهەمدێت و واتاکە و دەنگەکە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوانیاندا هەیە، لەسەر بنەمای نواندنی دەنگەکانیان زۆربەی وشە و دەبڕاوە ئۆنۆماتۆپیاکان فەراهەمدەبێت) Zaman) (and Qi,2019,40، مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن پرۆسەی دارشتنی وشەی نوێیە بە مەبەستی ڕۆنان و دروستکردنی فۆرم و واتایەکی نوێ لە ڕێگەی لاگرەکانەوە (مۆرفێمی بەندی دارشتن)، مۆرفۆلۆژیی لێکدانیشەوە، کە جۆرێکی تری مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنە ئەم کردەیە جێبەجێدەکرێت، لە ((فەرهەنگیشدا وەک هەڵگری واتا تۆمارکراون و لە مۆرفۆلۆژیدا، لەگەڵ ئەو وشانەی کە پێوەیاندەلکێن لێکسیمی نوێ (فۆرم و چەمکی نوێ) دەگەیەنن )) (حسەین،٢٠١٣، ١٠٨)، لە ئۆنۆماتۆپیاشدا بەم کردانە دەربڕاو و وشەی نوێ بە واتا و فۆرمی نوێ لە ڕێگەی ئەمانەوە بەرهەمدێت، واتە پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی وشە دروستکردن ((بریتییە لە ڕۆنانی بنەچە و وشەی نوێ (لێکسیم) لە ڕێی لکاندنی گیرەکەوە، چ پێشگر و پاشگر، لەبەرئەوەی ئەرکی سەرەکیی دارشتن داهێنانی وشەی نوێ بۆ چەمکی

نوێیە لە زماندا)) (کەرەمی،١٣٩٦، ١٥٣-١٥٤) ، (زمانی کوردی وەک زمانەکانی دیکە لەکاتی بوونی پێویستی بۆ دەربڕینی بیرێکی نوێ، یان شت و دیاردەیەکی نوێ بۆ ناونانی بابەتێکی نوێ (مادیی، یان مەعنەوی) بە ڕێگەی دارشتن و لێکدان وشەدروستدەکات) (مستەفا، ٢٠٢٠، ٦)، بێگومان ئەم شێوازە هۆکارێکە بۆ زەنگینکردنی فەرهەنگی زمانەکەمان، ئۆنۆماتۆپیاش سەرچاوەیەکی کارای زەنگینکردنی فەرهەنگیی زمانن، هەر خۆشیان بنیاتنەری واتایی و دروستەیین، واتاو ئەرکێکی فەرهەنگی دیاریکراو دەچەسپێنن، مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنی ئۆنۆماتۆپیا بە دوو ڕێگە دەبێت:

آ-مۆرفۆلۆژیی دارشتنی ئۆنۆماتۆپیا: ڕێگاکانی دارشتنی وشە، بریتیین لە:

١-بە یارمەتیی پێشگر، بۆ ڕێگای وشەدروستکردن بە یاریدەی پێشگر لە ئۆنۆماتۆپیادا ، بڕوانە:

(٢) دا + تەپی ← داتەپی.

پێشگر ↓ قەد ↓ کرداری دارێژراو (لێکسیم دروستکردن بە یاریدەی پێشگر).

(٣) هەڵ + چزا ← هەڵچزا.

پێشگر ↓ قەد ↓ کرداری دارێژراو (لێکسیم دروستکردن بە یاریدەی پێشگر).

(٤) دا + چەکان ← داچەکان.

پێشگر ↓ قەد ↓ ناوی کرداریی دارێژراو.

(٥) هەڵ + تەقی ← هەڵتەقی.

پێشگر ↓ قەد ↓ کرداری دارێژراو (لێکسیم دروستکردن بە یاریدەی پێشگر).

٢- بە یاریدەی پاشگر، وەک:

أ-پاشگرەکانی بچووککردنەوە و سازکردنی ناو، ئاوەڵناویی ئۆنۆماتۆپیایی بچووککراوە:

مۆرفێمی بچووککردنەوە ئەو مۆرفێمانەن، کە بە گشتی گوزارشت لە چەمکی بچووککراوەیی و ناسکی دەکەن، بە یاریدەی بناغەی هەمەچەشن، وەک (ناو، ئاوەڵناو)، لە فەرهەنگی زماندا هاوکاریی ڕۆنانی وشەی نوێ دەکەن، (بچووککردنەوە لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و تەرزە جیاوازەکانەوەیە، ئاماژە بەو چەمک و زانیارییانە دەدات، کە لە دروستەی مۆرفۆلۆژییدا دەنوسرێت و

به فۆرمە بچووککراوەکان ناودەبرێت، کەواتە بە گشتی یاسای (N+مۆرفیم) ، بە پێی چەند تەرزێکی جیاواز بۆ هەڵگواستنی فۆرمی بچووککراوە جێبەجێدەکرێت) (سەعید،٢٠١٥، ٦٢)، چونکە بە درێژایی مێژوو وەک کەتیگۆرییەکی سازێنەر و کارای زمان، فرە ئەرک و چالاکبووە و ئەرکی جیاوازی گێڕاوە.

((لە مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەدا سنورەکان دیاریکراوترن و مۆرفیمەکە وردتر پەسنی سنور، یان قەبارەی زگماکیی بناغەکە دەکات، چونکە فۆرمە دارێژراوەکە وەک لێکسیمی فەرهەنگیی، زانیاریی واتایی تێدا هەڵگیراوە)) (سەعید،٢٠١٥، ٦٤)، وەک پاشگری بچووککردنەوە و مۆرفیمی بەندی دارێژەری (-ۆڵە) لە نموونەی (٦)دا، ئەرکی بچووککردنەوەی وشە بنەڕەتییەکەی بینیوە، چەمکی بناغەکەی بە تەواوی نەگۆڕیوە، چونکە ناوەڕۆکی وشەکە لەگەڵ فۆرمە نوێیەکەدا جیاواز نیین و پەیکاڵە بە بچووککرنەوەی قەبارە نەک گۆڕینی واتا.

لەمەشەوە ئۆنۆماتۆپیاش وەک کردەیەکی ناونان و جۆرێک لە ناو، کارایانە بەشداریی ئەم پرۆسە مۆرفۆلۆژییانە دەکات و یاسا و دروستە مۆرفۆلۆژییەکان بەرجەستەدەکەن، بۆ چۆنێتیی سازکردنی ناوی ئۆنۆماتۆپیای بچووککراوە و ئاوەڵناویی بچووککراوە، بڕوانە:

(٦) زەنگ + / – ۆڵە / ⟵ زەنگۆڵە

ناوی سادە ↓ پاشگری بچووککردنەوە ↓ ناوی ئۆنۆماتۆپیای بچووککراوە ↓

(٧) جوجە + /– ڵە/ ⟵ جوجەڵە

ناوی سادە ↓ پاشگری بچووککردنەوە ↓ ناوی ئۆنۆماتۆپیای بچووککراوە ↓

(٨) فش+ / – ۆڵە/ ⟵ فشۆلە.

ناوی سادە ↓ پاشگری بچووککردنەوە ↓ ئاوەڵناوی ئۆنۆماتۆپیای بچووککراوە.

(٩) زیقە + / – اۆڵە/ فشۆلە.

ناوی سادە ↓ پاشگری بچووککردنەوە ↓ ئاوەڵناوی ئۆنۆماتۆپیای بچووککراوە

ب-پاشگری ئەبستراکت و دروستکردنی ناوی دارِێژراوی ئۆنۆماتۆپیای ئەبستراکتیی:

ئەبستراکتبوون/ نابەرجەستەبیوون پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و بریتییە لە ((دابرِینی رِوخسار-وێنە لە کەرەستە و بابەت، ئەم کردەیە بە ئامانجی گەیشتن بە چەمکە گشتییەکان لە مێشکی مرۆڤدا رِوودەدەن، پۆلی گیرەکە دارِێژەکانی ناوی ئەبستراکتیی، چەپکە مۆرفیمێکن لە دەوری یەک چەمک کۆبوونەتەوە، ئەویش چەمکی ئەبستراکتییە)) (مستەفا،٢٠١٩، ١٤٨) ناولێنراوەکانیان لە دەرەوەی زمان دیار و بەرچاو نیین، بەڵکو چەمکی ئەبستراکت لە مێشک و هزرماندا بەرهەمدێت و بوونی هەیە، واتە (بە تێرِامان لە زمان بۆمان رِووندەبێتەوە، کە لە بچوکترین دانەیەوە، کە فۆنیمەکانێتی، تا دەگاتە گەورەترین دانە، کە رِستەیە بە پرۆسەی ئەبستراکتدا تێدەپەرِێت، هەروەها ئەبستراکت لە هەموو ئاستەکانی زماندا هەیە و ئەو بیرەیە، کە لە مێشکدایەو بە دانەکانی زمان کۆنکرێتیان دەکەین) (محەمەد،٢٠١٦، ٧٢).

لەم پەیوەندییە فەرهەنگییەدا و بە تایبەت لە زمانی کوردیدا پۆلێک مۆرفیمی بەند ئامادەن، کە سیمای ئەبستراکتی دەگەیەنن ورۆڵێکی گرنگ و کارایان لە زەنگینکردنی فەرهەنگی زمانەکەماندا هەیە و بە بناغەی وشەکانەوە دەلکێن و دەبنەهۆی لەدایکبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە وشەی نوێ بە فۆرم و ناوەرِۆکی نوێوە، بناغەکە دەگۆرِن بۆ ناوی ئەبستراکت، یەکێک لەو بناغانەی ئەم مۆرفیمانە پێیانەوە دەلکێت وشەی نوێ بە فۆرم و واتای نوێ بەرهەمدەهێنێت، کە وشەی دارِێژراوی ئۆنۆماتۆپیایی ئەبستراکتییە لە زماندا، برِوانە:

(١٠) مشن + / – ی/ ⟵ مشنی

ئاوەڵناوی دارِێژراو ⟵ پاشگری ئەبستراکت ⟵ ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئەبستراکتیی

(١١) خشۆک + / – ی / ⟵ خشۆکی

ئاوەڵناوی دارِێژراوی ئۆنۆماتۆپیا ⟵ پاشگری ئەبستراکت ⟵ ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئەبستراکتیی

(١٢) جیکن + / – ی/ ⟵ جیکنی

ئاوەڵناوی دارِێژراو ⟵ پاشگری ئەبستراکت ⟵ ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئەبستراکتیی

(١٣) قرخن + / - ی/ ← قرخنی

ئاوەڵناوی داڕێژراو پاشگری ئەبستراکت ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئەبستراکتیی

(١٤) منگن + / - ی / ← منگنی

ئاوەڵناوی داڕێژراوی ئۆنۆماتۆپیایی پاشگری ئەبستراکت ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئەبستراکتیی

(١٥) تەپن / تەپۆ + /- ی/ ← تەپۆی / تەپنی

ئاوەڵناوی داڕێژراو پاشگری ئەبستراکت ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئەبستراکتیی

پ-پاشگری پیشەوبەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراوی ئۆنۆماتۆپیای پیشە:

وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە داڕشتنی ناوی پیشەی داڕێژراو لەگەڵ کۆمەڵێک مۆرفێم بەشدارن، کە دەبنەهۆی دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی گەنجینەی وشەکان و زەنگینکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی، (نیشانە)ی [+پیشە ] دەگەیەنن :

(١٦) پڕچە + / - ک/ ← پڕچەک.

ناوی سادە مۆرفیمێکی بەندی وشە داڕێژ ناوی ئۆنۆماتۆپیای پیشە.

(پڕچە) جۆرە دەنگێکە لە کاتی پسان (پچڕانی) گوریسەوە دێت، بەڵام بە زیادکردنی پاشگری /-ک/ دەبێتە وشەیەکی نوێ بە واتای (چەکدار) دێت، واتە کەسێک چەکێکی تەواوی پێبێت (موکریانی،٢٠١٧،٢٥٨).

(١٧) هۆرە + / - چی / ← هۆرەچی

ناوی سادە مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ ناوی ئۆنۆماتۆپیای پیشە

ت-پاشگره داڕێژەرەکانی ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئامێریی:

ئەم گیرەکانە ڕۆڵێکی کارا لە ژیانی مرۆڤی کورددا دەگێڕن، ئەرکیان سازکردنی ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئامێرییە لە زماندا، (( ئەمجۆرە گیرەکانە لە دوای بناغەوە دێن و لە دەوری یەک ناوەند کۆدەبنەوە، لە ڕووی سیمانتیکەوە دەتوانن لە ژێر چەتری ناوی ( ئامێر و کەلوپەل) کۆیانبکەینەوە)) (مستەفا، ٢٠١٩، ١٨١)، وەک:

(١٨) تەقە + / - مەنی/ ← تەقەمەنی

ناوی ئۆنۆماتۆپیای داڕێژراو پاشگری ئامێر ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئامێر

١٩) زەنگ + / - ۆڵە/ ← زەنگۆڵە

ناوی ئۆنۆماتۆپیای داڕێژراو پاشگری ئامێر ناوی ئۆنۆماتۆپیای ئامێر

ج-پاشگری شوێن و سازکردنی ناوی داڕێژراوی ئۆنۆماتۆپیای شوێنیی:

ئەومۆرفێمە بەندانەی ناوی شوێن بەرهەمدێنن، هەموویان نیشانەی [+شوێن] یان تێداهەڵگیراوە، بەڵام هەریەکەیان سیفات و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، کە جیایاندەکاتەوە لەیەکتر، بۆ ناوی شوێنی ئۆنۆماتۆپیا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو، وەک:

(٢٠) خوڕ + / -گە/ ← خوڕگە

ناوی سادە پاشگری شوێن ناوی ئۆنۆماتۆپیای شوێن

خوڕگە/ داڕێژراوە شوێنێکە ئاوی بەخوڕ و تیژی پێدا ڕەوانبێت و تیژ بێت، لە خوار شاری سلێمانی، کە ئاوی شاری سلێمانییە (موکریانی،٢٠١٧،٥٥٣) .

(٢١) شڵپ + (ئاو) ← (شڵقاو) بە واتای شەپۆلی ئاو، لیتاو دێت.

ناوی سادە پاشگری شوێن ناوی ئۆنۆماتۆپیای شوێن.

(٢٢) بلّق + (ئاو) ← بلّقاو*، شوێنێکە، کە ئاوی زۆربێت. (موکریانی،٢٠١٧،١٧٤

ناوی سادە پاشگری شوێن ناوی ئۆنۆماتۆپیای شوێن.

لەمانەشەوە ئۆنۆماتۆپیا وەک وشەکانی تری زمان پرۆسەی دارشتن، کە سازکردنی وشەی نوێیە، بەرجەستەدەکەن و هۆکارێکیشن بۆ زەنگینکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەمان.

ب/ مۆرفۆلۆژیی لەیەکدان، ((یەکێکە لە پرۆسە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە تێکچڕژاوەکان، بۆیە ئەم پرۆسەیە تێیدا بە بەرهەمە)) (خدر، ٢٠٢٢، ٩)، واتە یەکێکە لە ڕێگا کاراکان بۆ دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی فەرهەنگی زمانەکەمان و ئۆنۆماتۆپیاش وەک وشەکانی تری زمان، ئەم کردەیە جێبەجێدەکەن، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە وشەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو لە زمانی کوردیدا:

١-بێ مۆرفیمی لێکدەر، وەک:

(٢٣) جیک + جیکە ← جیک جیکە

ئۆنۆماتۆپیای سادە ئۆنۆماتۆپیای دارێژراو ئۆنۆماتۆپیی

(٢٤) شەق + شەقە ← شەق شەقە

ئۆنۆماتۆپیای سادە ئۆنۆماتۆپیای دارێژراو ئۆنۆماتۆپیی

٢-بە مۆرفیمی لێکدەر، بۆ نموونە:

(٢٥) قوڵپ / قلّپ + و + قوپ ← قوڵپوقوپ

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە مۆرفیمی لێکدەر وشەی سادە ئۆنۆماتۆپیی (لێکدراو)

* هەرچەندە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا وشەی (ئاو) لە سەرچاوەکاندا بە واتای شوێن بەکارنەهاتووە، بەڵام لەم سەرچاوەیەدا بە زانیارییەکی شوێنی دانراوە.

(٢٦) جرت + و + فرت ⟵ جرتوفرت

ئۆنۆماتۆپیای سادە مۆرفێمی لێکدەر ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە ئۆنۆماتۆپیی

(٢٧) جووکە + و + نرکە ⟵ جووکەونرکە

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە مۆرفێمی لێکدەر ناوی ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

(٢٨) هاش + و + هوش ⟵ هاشوهوش

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە مۆرفێمی لێکدەر ناوی ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

(٢٩) حیلکە + و + هوڕ ⟵ حیلکوهوڕ

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە مۆرفێمی لێکدەر ناوی ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

بە گشتی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا بەم تایبەتمەندییانە پەسنکراوە:

١- پۆلگۆڕین: بناغەکە، کە لاگرە وشە دارێژەکان وەردەگرێت، پۆلی ڕێزمانیی ئۆنۆماتۆپیاکە دەگۆڕێت، واتا ئەگەر ناو بێت، ئۆنۆماتۆپیاکە دوای وەرگرتنی لاگرەکان دەبێتە ئاوەڵناو، وەک:

(٣٠) مڵچە ← مڵچن ← مڵچنی

/-ن/، کە گیرەکێکی وشەدارێژە چووەتە سەر (مڵچە)، وشەیەکی نوێی بە فۆرمێکی نوێ دارشتووە، جۆری پۆلەڕەگەزی وشەکەشی گۆڕیوە و پۆلەڕەگەزێکی نوێی بە وشە دارێژراوەکە بەخشیووە، کەواتە گیرەکی / -ن/ پێکهاتەی وشەکەی دارشتووە و تایبەتمەندیی ئاوەڵناوی بە پێکهاتەی وشە دارێژراوەکە داوە، واتە پێشتر ئەم وشەیە پۆلەئاخاوتنەکەی لە پۆلەڕەگەزی ناو بووە گۆڕیویەتی بۆ بەشێکی تری ئاخاوتن، ئەویش پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوە، هەروەها / -ی/ لەگەڵ ئاوەڵناوی ئۆنۆماتۆپیادا ناوی ئەبستراکتیی دروستکردووە.

(٣١) جرپە + / -ن/ ← جرپن

(٣٢) آ-زیقە+/ -ن/ ← زیقن، لەسەر بنەمای دروستەی مۆرفۆلۆژیی زمانەکەمان ئەم وشە ئاوەڵناوە ئۆنۆماتۆپیاییانەمان لە ڕووی پێکهاتەوە دارشتووە.

(٣٢)ب- پرخە+/ -ن/← پرخن.

(پرخن) دارێژراوەو لە پۆلگۆڕینی وشە بنەڕەتییەکەوە لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو بەرهەمهاتووە، هەربۆیە دەوترێت ((گیرەکەکان ناسنامەی کەتیگۆری وشە دەستنیشاندەکەن، نەک وشە سادە واتادارەکە بۆ دارشتنی وشەیەکی دیکەی تازە)) (یونس،٢٠٠٠، ٣٥)، (پرخن) واتاکەی کەسێک لە خەودا بپرخێنێت، دەبێتە سیفەتێک بۆ ئەوکەسەی لە خەودا پرخەی دێت.

زۆرجار پاشگرە دارێژەرەکان دەتوانن فۆرم و واتای وشەکان بە تەواوی بگۆڕن لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو، واتە ئەو وشانە دێنێتەئاراوە، کە سەر بە پۆلی جیاوازن لەو بناغانەی کە لێنانەوە وەردەگیرێن، بەڵام ((بەکارهێنانیان دەستوربەدەرە، واتە ناتوانرێت یەکێکیان بۆ هەموو وشەیەک بەکاربهێنرێت)) (محەمەد،٢٠١٦، ٢١)، بۆ نموونە:

(٣٣) (خشۆک، تەپن،.............هتد)، کە ئاوەڵناوی ئۆنۆماتۆپیایان پێکهێناوە، کەچی ناتوانرێت بڵێین (*تەقۆک، *ناڵۆک، *گرمن........هتد).

٢-کردەی هێمادانان: وشە ئۆنۆماتۆپیاکان ((جۆرێکن لە پرۆسەی هێمادانان و دەچنە فەرهەنگەوە و واتای نوێ دروستدەکەن)) (حسەین، ٢٠٠٩، ١١٦)، وەک:

(٣٤) آ- بلّقاو← وشەیە

(٣٤) ب-زیکە → زیکە زیک

→ زیک زیکە

٣-بەلێکسیمبوون وشەی ئۆنۆماتۆپیا بە کردەی هێمادانان دانراوە، بۆیە بەرهەمی ئەم هێمادانانە بە لێکسیم دانراوە و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت، بە واتایەکی تر ئۆنۆماتۆپیا سەرچاوەیەکە بۆ دارشتن و بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا، بنچینەی وشە ئۆنۆماتۆپیا دارێژراوەکە (قەد بێت یان ڕەگ)، کە ئەم گیرەکە وشەدارێژانەی پێوە دەلکێت، واتایەکی نوێشیان بۆ بەرهەمدێنن، بۆیە سیمای فەرهەنگی وشەکە دەگۆڕن و ڕێگایەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان، لەبەرئەوەی لێکسیمە نوێیەکە دەچێتەناو فەرهەنگی زمانەکەمانەوە، وەک:

(٣٥) / دا -/ + تەپین ← داتەپین چۆتە ناو فەرهەنگی زمانەکەمانەوە.

(٣٦) آ- /هەڵ -/ + تەقین ⟵ هەڵتەقین

↓ ↓ ↓

گیرەکە　　ناوی کرداری سادە　　ناوی کرداری دارِێژراوە

(٣٦) ب- تەقین+ / -ەوە/ ⟵ تەقینەوە.

↓ ↓ ↓

ناوی کرداری سادە　　گیرەک　　ناوی کرداری دارِێژراوە

٤-کۆتاکراوە: فۆرمی ئۆنۆماتۆپیا نوێیەکە کراوەیە و سنوریان دیارینەکراوە و دەتوانن کەرەستەی تر وەربگرن، بڕوانە:

(٣٧)-مشە+ / -ن/ ⟵مشن

مشن + / -ێتی/⟵ مشنێتی

مشن + / -ەکە/ ⟵ مشنەکە

مشن + / -ێک/ ⟵مشنێک

واتا ئەم لێکسیمە لە توانایدایە لە دانەیەک زیاتر گیرەک وەربگرێت، بۆیە کۆتاییەکی کراوە بۆ وشە جێدێڵێت.

٥-گۆڕینی چەمکی بنجی: ئەم لێکسیمە نوێیەی، کە بەرهەمدێت، لە واتا بنەڕەتە ئۆنۆماتۆپیاکە جیاوازە، چونکە چەمکی بنجەکەی دەگۆڕێت بە واتای نوێ، بڕوانە:

(٣٨) تەپ + / - ن / - ۆ / ⟵ تەپن/ تەپۆ (لێکسیمی نوێ بە واتا و چەمکی نوێ) ، واتای

ناوی سادە　　گیرەکی وشە دارِێژ

کەسێکی تەنبەڵ بە تایبەت لە کاتی ڕۆشتندا دێت، بە وردبوونەوە لە نموونەکە دەردەکەوێت، کە گیرەکەکە سەرچاوەی دروستبوونی پێکهاتەی وشە ئۆنۆماتۆپیا دارِێژراوەکەیە، هەر ئەویشە وشە ئۆنۆماتۆپیاکە دەخاتەناو چوارچێوەی فەرهەنگەوە، واتە گیرەکی دارِێژەری ئۆنۆماتۆپیایی نیشانەی جیاکەرەوەیی [ +واتا، +گۆڕینی پۆلەڕەگەز] یان هەیە، زۆرجار ئامانجیان گۆڕینی واتا و پۆلەڕەگەزی وشەیە بە تایبەت گۆڕینی پۆلەڕەگەزی ناو بۆ ئاوەڵناو، هەرچەندە ئەمە ڕەها نییە و هەندێکجاریش پۆلەڕەگەز ناگۆڕێت، وەک ( جوجە ⟵ جوجەڵە، زەنگ ⟵ زەنگۆڵە، ......هتد).

٦-واتاڕوون: لێکسیمە نوێیەکان لە ئۆنۆماتۆپیادا واتاکانیان ڕوونن، چونکە پەیوەندیی سروشتی و ڕاستەوخۆ لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکاندا هەیە و ڕاستەوخۆ واتاکانیان فەراهەمدەبێت، بۆ نموونە :

(٣٩) ( پرخن،  لەرزۆک ، داچەکان، فشبوونەوە...............هتد).
٧-فرەواتایی: دەکرێت بە فرەواتا بەکاربهێنرێن، بڕوانە بەشی (٣)، لێرەدا وەک:
(٤٠)-قرچە: آ-بە واتای قرچەی ڕۆن
ب- بە واتای قرچەی گەرما
پ- بە واتای قرچەی دڵ، جگەر
(٤١) ناڵە آ-بە واتای ناڵەی نەخۆش لە کاتی ئازاردا
ب- بە واتای شتێک لە بەرزییەکی زۆرەوە بکەوێتە خوارەوە، لە کاتی تەقاندنی.
پ- لە کاتی ڕووخاندنی خانوودا ئەو دەنگە دروستدەبێت.
٨-سازکردنی قەدی نوێ: لە ئۆنۆماتۆپیادا کاری بنچینەیی  وشە داڕێژراوەکە،  قەدی نوێ بۆ وەرگرتنی پاشگرە فەرهەنگییەکان (داڕێژراوەکان) و ڕێزمانییەکان سازدەکەن، وەک:
قەدی داڕێژراو:
٤٢ -مڵچە    + / - ن / +  / -ەکە/  + یان ← مڵچنەکەیان
(٤٣) منگە   + / -  ن/  + / -ەکە/  + یان ← منگنەکەیان

**٢/٢-١-٢) مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:**

مۆرفێمی شکاندنەوە، پێواژۆی داڕشتنی فۆڕمی وشەیە نەک واتاکەی، مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەکان ڕۆڵێکی کارایان لە زماندا هەیە و لە چوارچێوەی سینتاکسدا کاردەکەن، واتە ئەرکیان ئەرکێکی ڕێزمانییە و خاوەن چەمکێکی ڕێزمانین و لە ناو وشەکاندا پەیوەندییە ڕێزمانییەکان ڕێکدەخەن، لە ڕووی واتاشەوە واتایەکی فەرهەنگیی بە کەرەستەکان نادەن، بەڵکو واتایەکی ڕێزمانی دەگەیەنن، واتە مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەکان لە ڕووی سینتاکسەوە وشەکان دەگۆڕن، ئەمجۆرەی مۆرفێم بە بەراورد بە کەمیی ژمارەیان لە زماندا چالاک و کاران ، لە چوارچێوەی سینتاکسدا ئەرکێک جێبەجێدەکەن، چەمک و واتای ڕێزمانی دەگۆڕن، بێ دروستکردنی وشەی نوێ لە یەکە زمانییەکاندا، وەک :
(٤٤) جیقن+ / - ەکە/ ← جیقنەکە
(لەم پەیوەندییەدا / -ەکە/ مۆرفێمێکی ڕیزمانییە وشەی نوێی بە واتای نوێ نەهێناوەتەبەرهەم، بەڵکو پەیوەندیی ڕێزمانی (سینتاکسیی) بە وشەکە بەخشیوە و فۆڕمی وشەکەی کردووەتە فۆڕمێکی ئەرکی و حاڵەتی ڕێزمانی لە چوارچێوەی ڕستەدا دروستدەکات) (خدر،٢٠١٠، ٥٢)، واتە ( /-ەکە، -ێک، -یەک ..........هتد) فۆڕمێکی ئەرکیین کار لە واتای فەرهەنگیی وشەکان ناکەن، تەنها ئەرکیان دەستنیشانکردن و ناساندنی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانە لە ڕێگەی مۆرفێمە بەندە ئەرکییەکانەوە، کە بەشێکن لە لاگرەکان، (زۆربەی شکاندنەوەکان لە ئۆنۆماتۆپیای زمانی کوردیدا لە ڕێگەی لاگرەکانی شکاندنەوەوە

ئەنجامدەدرێت، لاگرەکانی شکاندنەوە جۆرێکی مۆرفیمە بەندەکانی زمانەکەمانن و ڕێزمان دەستنیشانیاندەکەن، بۆیە بە مۆرفیمی ڕێزمانی ناسراون) ( حسەین، ٢٠١١، ٢٥ )، لە ئۆنۆماتۆپیادا بە پێی پۆلەڕەگەزی ئۆنۆماتۆپیاکە، کە لاگرەکان پێیانەوە دەلکێنرێت، جۆرەکانی شکاندنەوە، یان مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشاندەکەین:

آ-مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ئۆنۆماتۆپیای ناوی:

ئەو لاگرانەی بە وشە ناوییە ئۆنۆماتۆپیاکانەوە دەلکێنرێن و لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە مۆرفیمی ڕێزمانین و مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ناوی ئۆنۆماتۆپیایی پێکدەهێنن، وەک:

(٤٥)قیژە: قیژەکان، قیژەیەک، قیژەکە

(٤٦) دلۆپ: دلۆپێک، دلۆپەکان، دلۆپەکە

کەواتە لاگرە ریزمانییەکان، کە بە وشە (بناغە) ئۆنۆماتۆپیاکانەوە دەلکێنرێن، وەک ( / -ەکە، -ێک، -یەک، -ەکان/ )، وشە ئۆنۆماتۆپیاکان دەکەن بە (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ..........هتد).

ب-مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵناوی:

(هەرچی لاگرە ڕێزمانییەکانی /-تر، -ترین/، کە پلەکانی بەراورد و باڵای تایبەتێتی و ئەدگاری تەنە ئۆنۆماتۆپیاکان دەردەخەن و بە ئاوەڵناوە ئۆنۆماتۆپیاکانەوە دەلکێن) (حسەین، ٢٠١١ ، ٢٧)، بۆ نموونە:

(٤٧)ملّچن، ملّچنتر، ملّچنترین

(٤٨)خشۆک، خشۆکتر، خشۆکترین

پ-مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ئۆنۆماتۆپیای کرداری:

لە ڕێگەی لاگرە سینتاکسییەکانەوە دیاردەخرێت، ئەوانیش:

١-تاف: ((پۆلەڕەگەزێکی ڕێزمانییە، بە هۆی مۆرفیمی تایبەتەوە (/ت~د/،ا، و، ی)، (/دە/) کە دەربڕی هەر دوو چەمکی (تافی، ڕوکاری)، یان نیشانەی تافی وەک /ا~ێ/ لە سینتاکسدا ڕوودەدەن، دەردەبڕێن)) (حسەین، ٢٠١١، ٢٦)، لە زمانی کوردیدا تافی ڕابڕدوو، ڕانەبڕدوو جیاوازن، بڕوانە:

(٤٩) قیژان ، قیژاندن، کە دەبێت بە (دەقیژێنم) ، تافە ڕانەبردووەکەی (ێ) یە.

٢-ڕووکار: (ئەمیش بە هەمان شێوە پۆلەڕەگەزێکی ڕێزمانیی پێکهاتەی کردارییە، کە بە هۆی پاشگر، یاخود پێشگری (دە، ووە، ەوە، .......هتد) دەستنیشاندەکرێت، یاخود بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەربڕی ئەنجامی کارلێککردنی تاف و جۆری کردەیە و ئاماژە بە قۆناغی دەستپێکردن تا کۆتایی کردەیەک دەکات) (سەرچاوەی پێشوو)، وەک:

(٥٠) دەمقیژاند، تریقایەوە

٣-ڕێژە : (کردار چەمکی واتاکانی حەز و خۆزگە و داخوازی و دڵنیایی و جەختکردنەوە دەگرێتەوە، بە هۆی چەند نیشانەیەکی تایبەتەوە لە پێکهاتەی کرداردا خۆیاندەنوێنن، واتا و فۆڕمی داڕێژراوی کردارەکان جیاواز دەبن، فۆڕمە جیاوازەکانیش ڕەنگدانەوەی هەستی قسەکەرە بەرانبەر ڕاستیی

ڕوودان، یان کار بۆ کردن و بەجێهێنانی کارەکە، یان بە پێچەوانەوە بۆ نەکردن و بە جێنەهێنانی ڕێژەکانی کردار، یاخود فۆرم و واتای بنەڕەتییان، کە خۆیانی تێدا دەنوێنن، ئەمانەن (هەواڵی ڕاگەیاندن وپرسیاری ، فەرماندان، مەرج و خۆزگە و دانانی) ( سیدمینە، ٢٠١٦، ٢٤) ، بۆ نموونە:

(٥١) نەخۆشەکە ناڵاندی. (ڕاگەیاندن)

(٥٢) کەی نەخۆشەکە ناڵاندی؟ (پرسیاری)

(٥٣) نەسرین مەناڵێنە. (فەرمان)

هەندێکجار ئەم گیرەکانە ناو گەرداندەکەن لە ڕێگەیەوە شێوازە گونجاوەکانی (ناو، جێناو، ئاوەڵناو) لە ڕووی ڕەگەز و دۆخەوە دیاریدەکەن، چەند تایبەتییەکیان هەیە، وەک:

١-ئەرکی ڕێزمانی: ئەرکیان ئەرکێکی ڕێزمانییە، نەک داڕشتنی وشە، چونکە وشەی نوێ بە واتای نوێ دروستناکەن و سیمای فەرهەنگیی وشە ناگۆڕن، بەڵکو سیمایەکی ڕێزمانی پێدەبەخشن و پەیوەندیی ڕێزمانی لە نێوان وشەکاندا دیاریدەکەن، واتە خۆی بە تەنها دەرناکەوێت و خۆشی نابەستێتەوە بە لایەنی سیمانتیکیی وشەکانەوە، فۆڕمی وشەکە تەنها گۆڕانی بەسەردا دێت بە هەمان واتا، نەک بە واتایەکی جیاواز، بۆیە واتایەکی داڕشتە (پێکهاتە)یی هەیە، کە واتای دەربڕاوە نوێیەکە لە واتای ئۆنۆماتۆپیاکەوە دێتەئاراوە، بۆ نموونە:

(٥٤) گرمەگرم+/ -ەکە/← گرمەگرمەکە

(٥٥) جیقن+ / -ەکە /← جیقنەکە

لێرەدا/ -ەکە/ فۆڕمی وشەکەی گۆڕیوە و فۆڕم و حاڵەتێکی ڕێزمانی بە وشە سادە بنجەکە بەخشیووە، نەک گۆڕینی واتای فەرهەنگیی وشە بنجەکە، واتە ناچێتەناو چوارچێوەی فەرهەنگەوە، بەڵکو تایبەتمەندیی (ناسیاوی) بە وشە ئۆنۆماتۆپیا سادەکە دەبەخشێت و ئەرکێک جێبەجێدەکات، یاخود نموونەکانی:

(٥٦)- شلێپ+/ -ێک/←شلێپێک

(٥٧) ملچن+/ -تر/← ملچنتر

(٥٨) قیژە، هاوار+/ - یەک، -ێک/ ← قیژەیەک، هاوارێک


٢-چوونیەکیی پۆلەڕەگەز: پۆلەڕەگەزی وشە ئۆنۆماتۆپیاکە پێشتر چۆن بووە دوای وەرگرتنی گیرەکەکان، وشە ئۆنۆماتۆپیاکە هەمان پۆلەڕەگەزی دەبێت و گۆڕانی بەسەردا نایەت، بۆ نموونە :

(٥٩) زرمەزرم+/ -ێک/← زرمەزرمێک، پێشتر وشەکە ناو بووە، دوای وەرگرتنی گیرەکەکەش هەر ناوە.

٣-واتای ڕێزمانی: ((مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی (سینتاکس) واتای هۆشەکیی بناغەی وشە ناگۆڕن، تەنها واتای ڕێزمانی دەگۆڕێت)) ( قادر،٢٠٠٢، ٣٥) ،واتە واتای ڕێزمانی دەگۆڕێت لە ناوێکی گشتییەوە دەیکات بە ناوێکی تاکی نەناسراو، بۆ نموونە:

(٦٠) نەغمەی بولبولەکە لە دورەوە دەبیستریێت ← نەغمەیەک لە بولبولەکەوە دەبیستریێت.
٤-کۆتا داخراو: سیمایەکی تری ئەم گیرەکە ڕێزمانییە، کۆتاییەکی داخراو بۆ وشەکە دیاریدەکەن و دەچنەناو پۆلە داخراوەکانی زمانەوە و توانای داخستنی وشەیان هەیە، بۆ نموونە:
(٦١) (زیکەیەک، تەقەیەک، ملّچنێک، ملّچنەکە)
٥-پێکەوەنەهاتن: لە مۆرفیمە وشە گۆڕەکاندا دوو ئەندامی پۆلێک بۆ هەمان ئەرک لە ڕۆنانێکدا بەشدارنابن، چونکە ئەم بارە لە گەڵ پێڕەوی زماندا ناگونجێت، بۆ نموونە :
(٦٢) پرخن+/ -تر/ +/ -ترین/←*پرخنترترین
٦- سەرچاوە بۆ ئەلۆمۆرف: (لێکسیمە نوێکە، کە گیرەکە ریێزمانییەکە وەردەگریێت و بۆی زیاددەکرێت دەبێت هەندێک یاسای فۆنەتیکیی زمانەکەمان تحکم/ کۆنترۆڵ بەو ئەرکە بکات و گیرەکەکەش شێوەی (فۆرمەکەی)دەگۆڕێت و ئەلۆمۆرفی بۆ دروستدەبێت) ( فەتاح و قادر،٢٠٠٦، ٥٠ )، بۆ نموونە:
(٦٣) (کناچە+(ەکە) ← کناچەکە، کناچە+ یەکە←کناچەیەکە)، کەواتە (/ -ەکە/، / -کە/، / -یەکە/) بوون بە ئەلۆمۆرف.
((کناچە بە دەنگی باڵندەی پۆڕ دەوترێت)) (ڕۆحانی، ٢٠٠٨ ، ٢١١٧)

بە گشتی پوختەی پەیوەندیی مۆڕفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا، لە هێڵکاریی (١)دا ڕوونکراوەتەوە:




هێڵکاریی (١) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی ئۆتۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا

## ٢-٢/٢) پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی دروستەی مۆرفۆلۆژیی هەر زمانێک پێکدەهێنێت، ((کوردی وەک زمانە لکاوەکان لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیدا، بەشێکی کەمی وشەکانی سادەن (یەک مۆرفێم) و زۆرینەی وشەکانی بە ڕێگەی (لێکدانی دوو مۆرفێم، یان دارشتن (ئاوێتەکردنی مۆرفێمێک، یان زیاتر لەگەڵ لاگرەکاندا) پێکدێت)) (حسەین،٢٠٠٩،١٢٠)، پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی لەتەک وشە سادەکاندا بە هۆی چەند تەرز و یاسا و دروستەوە وشەی دارێژراو و لێکدراو دێنەئاراوە، (لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەر تەنها ڕەگی سادەی ئازاد ناتوانێت هەموو تایبەتمەندی و مەبەست و ئامانجەکانی زمانەکە بە وشەی فەرهەنگی پڕبکاتەوە وبەدیبهێنێت، بۆیە پەنادەباتەبەر چەند ڕێگەیەک بۆ زیادکردنی وشەی فەرهەنگی لە ڕەگە ئازادەکانەوە، بێگومان دوو ڕێگا بۆ ئەم مەبەستە هەن، ئەوانیش (دارشتن و لێکدانە)، کە زۆر باوە) (خدر،٢٠١٠، ٨٠)، لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا (ئەگەر بڕوانینە هەر توخمێکی فەرهەنگی نیشانە و زانیاریی مۆرفۆلۆژیی تێدا خەزنکراوە، واتە مۆرفێمەکان هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆژیین و بەکارهێنانی زانیارییەکان لە لایەن ئاخێوەرەوە پەیوەستە بە سەلیقەی زمانییان بۆ داتا مۆرفۆلۆژییەکان و لکاندیان پێکەوە و دارشتنیان بۆ یەکەی گەورەتر بە پێی یاسا و ڕێسا دیاریکراوە پێڕەوبەندەکان دەگەڕێتەوە) (سەعید،٢٠٢٠ ،٤١ ).


ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەکاربەرانی زمان بە هۆی گۆڕانکاری ژیان، بەردەوام پێویستیان بە دەربڕاوی تازەیە بۆ شت و دیاردە و چەمکە نوێیەکانی دەوروبەریان، تایبەتمەندی زمانی مرۆڤ بەو شێوازەیە دەتوانێت بە پێی پێویستییەکانی قسەکردنی خۆی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لە فەرهەنگەکەیدایە بە هۆی پڕۆسەی دارشتن و لەیەکدانەوە وشە و چەمکی نوێ لە ناو زمانەکەیدا دابڕێژێت، تایبەیمەندییەکی تری ئەوەیە دەتوانێت لە ژمارەیەکی کەم لە یاسا و ڕێساکان ژمارەیەکی ناکۆتاو بێ سنور وشە و دەربڕاو و زاراوەی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەمبهێنێت، ئەمەش پەیوەستە بە تواناو داهێنانی مرۆڤەوە، هەر زمانێک ڕێوشوێن و پلان و یاسای تایبەت بە خۆی و بە شێوازی پێڕەوبەندانە بۆ وشەدروستکردن هەیە، لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیادا بە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیی لە لێکۆڵینەوە و دەرخستنی بەشە پێکهێنەرەکانی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لێکۆڵینەوە دەکەین، کە بە فۆڕمی وشەی ئۆنۆماتۆپیایی (سادە، دارێژراو ،لێکدراو) دەنوێنرێن:

### ١-٢-٢/٢) وشەی ئۆنۆماتۆپیای سادە:

یەکەم/ ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە:

وشەی ئۆنۆماتۆپیای سادە ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ پێکهاتبێت، بەشێک لە وشەکانی زمانی کوردی، وشەی سادەن و لە زانستی زماندا بە وشەی تاریک و ناڕوون ئاماژەیانپێدەکرێت و واتای وشە سادەکان لە فۆڕمەکانیانەوە پێشبینیناکرێت، وەک (ئاو، شاخ..........هتد)،

وشەی ئۆنۆماتۆپیای سادە لە ڕووی فۆرمەوە لەگەڵ وشەکانی تری زماندا چوونیەکە، بەڵام لە ڕووی واتاوە لە زماندا بە وشەی ڕوون ئاماژەیانپێدەدرێت، بە واتا لە ڕووی واتاوە لە وشە سادەکانی زمان جیاوازن، چونکە لە دەنگەکەیەوە پێشبینیی واتاکەی دەکرێت، وەک (بۆڵە، خشە، ناڵە..............هتد)، بڕوانە هێڵکاریی (٢) .




هێڵکاریی (٢) پێکهاتەی وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا

لەمەشەوە فۆنیمەکانی وەک بەردی بناغەی دروستبوونی ئۆنۆماتۆپیاکە دانراون، کە لابردنی هەر فۆنیمێک دەبێتە تێکچوونی واتاکەی، یان دەبێتە وشەیەکی تر، بڕوانە ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە:

(٦٤) سیرە/ دەنگی سەماوەرە، وەک لەم دێرە هۆنراوەیەی پیرەمێردا دەبینرێت:

ماڵەبەگزادە و سیرەی سەماوەر

ڕووی ئەو ڕووبارەی وادەگرتەبەر( پیرەمێرد،٢٠١٠، ٣٦٧ )

لەم دێرەدا (سیرە) لە ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە پێکهاتووە.

(٦٥) نەغمەی بولبول و قریوەی درندەی باز

وەک بۆنی گوڵە و رایحەی پیاز (پیرەمیرد،٢٠١٠،٦٧٦)

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر وەسفی بولبول دەکات، دەنگی بولبول (نەغمە)یە، (قریوە) دەنگی دڕندەی باز ، دروستەکەی لە ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە پێکهاتووە.

(٦٦) لەگەڵ جەماعەت هەریەک نەڕە شێر
کەرکوک و لەندەن عەربەت و هەولێر (پیرەمێرد،٢٠١٠، ٢٨٤)
(نەڕە) دەنگی شێرە، لە ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە دروستبووە.

(٦٧) گیانە! لە پرخەی خەوی خاومدا
پێبنێ وەبان، ناوی چاومدا (پیرەمێرد،٧٠٩،٢٠١٠)
(پرخە)، ناوی سادەیە (ئەحمەدی، ١٣٨٨، ٣) دەنگێکە لە لووت و دەمی مرۆڤەکانەوە لە کاتی نووستندا دێتەدەر.
(٦٨) زڕەی زنجیری گوریسی لاسک
غریوەی دەرمان بروسکەی ئاسک ( پیرەمێرد،٢٨٤،٢٠١٠)
زڕە/دەنگی زەنگ، هەندێک تەلەفون و زنجیر، پارچەی مسی بچوک، دێت.

(٦٩) مێخەکبەند لەسەر سینەی زیوی قاڵ
خرینگەیدێ لەگەڵ پاوانە وخرخاڵ (پیرەمێرد،٢٠١٠، ٥٣٠)
خرینگە/ دەنگی بازنگ وپاوانە و خرخاڵە، دروستەکەی ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادەیە.

دووەم/ ئۆنۆماتۆپیای ناوی کرداریی سادە:
ناوی ئۆنۆماتۆپیای کرداریی ((ئەو ناوەیە کە لە ئاوەڵناوی کردارییەوە هەڵدەگوێزرێت و لە نەبوونی دۆخی ڕێزمانیدا جێگەی چاوگ دەگرێتەوە، ناوی کردارییەکە بە بێ کەس بەکاردەهێنرێت و ناوی ڕەوتی کردەکە دەهێنێت و ئاماژەپێدەدات، لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە و پێواژۆی شکاندنەوەی لە سینتاکسدا ڕوودەدات، کردار دروستکردن نییە لە فەرهەنگدا، بەڵکو ئەوەی هەیە ناوی کردارییە)) (عەزیز، سەعید، ٢٠١٩، ١٢٥)، بڕوانە نموونەی:
٧٠-( حەپان) بە دەنگی وەڕینی سەگ دەوترێت.
٧١- (پیڕانن، یان پیڕان) دەنگێکە لە لووتی وڵاخی بەرزەوە دێت (موکریانی،٢٨٩٢،٢٠١٧)
(٧٢) خرچان
(٧٣) چرکان
(٧٤) خشان

(٧٥) گرمان

**٢/٢-٢-٢) وشەی ئۆنۆماتۆپیای دارێژراو:**

یەکەم/ ناوی ئۆنۆماتۆپیای دارێژراویی:

بەو وشە ناسادانە دەوترێت، کە لە مۆرفیمێکی سەربەخۆی ڕیشە، لەگەڵ گیرەک (ئەو گیرەکە دەشێت، پێشگر، یان پاشگر یان هەردووکیان بێت) بەرهەمدەهێنرێت، ئەو وشانەن، کە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ و لاگرێک بەشداری لە ڕۆنانی ئۆنۆماتۆپیاکەدا دەکەن، واتە لە ڕووی ڕۆنانەوە سادە نیین و وشەی دارێژراو بە هۆکارێکی زۆر بەهێزی ڕۆنان و دارشتنی بەرهەمهێنانی لێکسیمی نوێ بۆ ناو کرۆکی فەرهەنگی زمانەکەمان بە یاریدەی گیرەکە دارێژەکان دادەنرێن، کە ئامانجی ڕەنێوهێنانی وشەی نوێیە لە ڕێگەی لکاندن و گرێدانی لاگرەکان لەگەڵ بناغەکاندا، واتە ئەو وشە ناسادانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی فۆرمەوە لە وشەیەک (بناغەیەک) و زیادەیەک لە شێوەی پێشگر، یان پاشگر، یاخود هەردووکیان پێکەوە دروستدەبن، وەک (زەنگۆڵە، خورگە، تەقە..............هتد) ، بڕوانە:

(٧٦) لەبەر ئاوایی دەنگی تەقەی تفەنگ دێت.

تەقە/ بۆ تفەنگ، دەرگا، دەنگێکە لە لێکەوتنی دوو شتی ڕەقەوە دروستدەبێت، لە (تەق+ە) ڕۆنراوە، پێکهاتەکەی (ناوی دارێژراوە)، ئەمەش بە کردەی پاشگرلکاندن دانراوە، پاشگرلکاندن، بریتییە لە پرۆسەی وشە بەرهەمهێنان کە تێیدا فۆرم و واتای وشەکان دەگۆڕێت بە هۆی لکاندنی مۆرفیم بە کۆتایی وشەکانەوە، یەکێکە لە بەشەکانی تەرزی مۆرفیمی، ئەم پاشگرانە توانای بەرهەمهێنانیان هەیە، واتا نوێ دادەرێژن، زۆربەی وشە ئۆنۆماتۆپیا ناسادە دارێژراوەکان بە پاشگر بەرهەمدێن.

جۆرێکی تری ئەم کردەیەش پێشگرلکاندنە، یان پێشگردانانە، پێشگردانان بریتییە لە پرۆسەی وشەدروستکردن، کە مۆرفیمێکی بەند دەلکێت بە پێشی وشەکانەوە لە ئۆنۆماتۆپیادا ئەو وشانەی، کە بە پێشگر دروستدەبن، بە بەراورد بە وشەکانی تری زمانەکەمان زۆر کەمن ، وەک (هەڵکزان، داتەپین.........هتد).

گۆڕین لە پرۆسەی وشەدروستکردندا لە ڕووی فۆرم و واتاوە، کە هەندێک کات وشەکە بۆ پۆلەڕەگەزێکی نوێ دەگوازێتەوە ، لە ئۆنۆماتۆپیاشدا پۆلەڕەگەزی ناو دەکاتە ئاوەڵناو، بڕوانە:

٧٧-(ناوی ئۆنۆماتۆپیای)مش + /- ن/ ← مشن (ئاوەڵناوی ئۆنۆماتۆپیای).

هەندێکجار گیرەکاکان بە بناغەی وشەکانەوە دەنووسێن، وشەی تازە بۆ زمانەکەمان زیاددەکەن، بە مەرجێک ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەر بێت و پێڕەوبەندانە پێڕەوی یاسا و ڕێسا مۆرفۆلۆژییەکانیان کردبێت، کە لە مۆرفیمێکی ئازاد و مۆرفیمێکی بەند (بەندی ڕێزمانیی وشەگۆڕ، بەندی وشەدارێژ) پێکبێت، بە چەند ڕێگە و شێوازێک دروستدەبن، بۆ نموونە :

(٧٨) (فش) + / ە – / ← فشە

ناوی سادە     پاشگر     ناوی ئۆنۆماتۆپیای داڕێژراو ، (فشە) دەنگێکە لە مەنجەڵی بوخار لە کاتی کوڵاندنی خواردن دەبیسترێت، یاخود بە واتای قسەی ناڕاستیش بەکاردێت.

(٧٩) (دڵۆپ) + /–ە– / ← دڵۆپە

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە     لاگر     ناوی ئۆنۆماتۆپیای داڕێژراو

٨٠- (بڵق) + /–ە / ← بڵقە

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە     لاگر     ناوی ئۆنۆماتۆپیای داڕێژراو

(٨١) (شڵپ) + / ە – / ← شڵپە

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە     لاگر     ناوی ئۆنۆماتۆپیای داڕێژراوە، دەنگی ئاوە.

دووەم/ ناوی کرداریی ئۆنۆماتۆپیای داڕێژراویی:

(٨٢) ناوی کرداری سادە (کرِوزان) + پاشگری/ –ەوە/ ← کرِوزانەوە (دەنگی کرِوزانەوەی منداڵ دەوترێت).

(٨٣) ناوی کرداری سادە (تەقان)+ پاشگری/– ەوە/ ←تەقانەوە

(٨٤) ناوی کرداری سادە (قرچان)+ پاشگری/ –ەوە/ ←قرچانەوە

(٨٥) ناوی کرداری سادە (چۆڕان)+ پاشگری/ –ەوە/ ←چۆڕانەوە

(٨٦) ناوی کرداری سادە (تریقان)+ پاشگری/ –ەوە/ ←تریقانەوە


### ٢/٢–٢–٣) وشەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو:

وشە سادەکانی زمان (لە توانای پێشکەوتنی بەردەوامی ژیاندا نیین و بە پێی پێویستی ژیانی کۆمەڵگا وشەی تازە لەسەر بنەمای لێکدان و داڕشتن بە یاریدەی گیرەکەکان دێتەئاراوە) (یونس،٢٠٠٠،

١١)، ئەمە ڕێگەیەکە بۆئەوەی وشەی تازە بێتەکایەوە، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە لێکدانی دوو بناغە، یان دوو بناغەو مۆرفیمێکی بەندی لێکدراو سازدەبن و لە ڕووی واتاوە واتایەکی نوێ دێننەکایەوە، ناوی لێکدراو بریتییە لە ناوێک، کە لە ڕیشەی وشەیەک زیاتر پێکهاتووە، لە زمانی کوردیدا ناوی لێکدراو لە دوو ناو و بەشێکی زیدەکراوی دیکە وەکو (ناوبەند) پێکهاتووە، کەواتە لە یەکدان (پێڕەوێکی وشەسازی کارایە لە زۆربەی زمانەکاندا بۆ سازکردنی بنەچە وشەی تازە سودی لێوەردەگیرێت، ئەو بنەچە وشە نوێیەی، کە لە درێژەی پرۆسەی لێکداندا دروستدەبێت پێیدەڵێن وشەی لێکدراو، هەر کام لەو بنەچە وشانەی، کە لەم پرۆسەیەدا بەشدارن پێیدەڵێین ئەندامی لێکدان) (کەرەمی، ١٣٩٦، ١٧٩).


((Spenser دەنوسێت, کە پارچەکانی ئەم وشە لێکدراوانە دەکرێت وشە، یاخود مۆرفیم بن ))Zaman(andQi,2019,39). وشەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو لە دووبارەکردنەوەی پڕاوپڕی دەنگەکانەوە بەرهەمدێت، لە زۆربەی وشەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراودا، کە بە (ە، و) دروستبوون بەشی یەکەمی پێکهاتەکە دەبێتە سەرەی ئۆنۆماتۆپیاکە، واتاکانیشیان لە کۆی دروستەکانییانەوە دێت، بڕوانە نموونەی ( ٨٧):

(٨٧) شلْپەشلْپ




((سەرە بریتییە لەو سەگمێنتەی  کە لە ناوەوەی لێکدراوەکەدا قسەی لەسەر دەکرێت سەری لێکدراوی سەگمێنتی هاونرخی ناو+ناو بە پێی جێکەوتەی بنەڕەتیی (سەر)ی دروستەی ناوەوەی لێکدراوەکە سەگمێنتی کۆتاییە)) (مەحوی، ٢٠٢١، ٣٣٥)، واتە ئەوانەشی، کە بە بێ ئامرازی دانەپاڵ و ناوبەندی (ە، و) پێکهاتوون، کەرتی دووەم دەبێتە سەرەی وشە ئۆنۆماتۆپیا لێکدراوەکە، وەک:

(٨٨) باڕەباڕ N




(M, Meinard) شیکردنەوەی بۆ دروستەی وشەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو پەیوەست بە (کردەی بەرهەمهێنان)ی ئۆنۆماتۆپیاو وشە بەرهەمهاتووەکە (وشە لێکدراوەکە) کردووە (m,meinard,2013,8)، بەم شێوەیە پەسنیکردووە:

١–ئۆنۆماتۆپیاOnomatopoeia / کردەی لەیەکدان:
کردەی فۆرمدارشتن و بەرهەمهێنانی وشەیە لە دەنگە پەیوەستدارەکانییەوە، بە واتا کردەی لە یەکدانی ئۆنۆماتۆپیای ناوناوە ئۆنۆماتۆپیا.

٢–ئۆنۆماتۆپییonomatope/ وشەی لێکدراو:
بریتییە لە وشەی بەرهەمهاتوو لە کردەی ئۆنۆماتۆپیاوە، بە واتا بە کردەی بەرهەمهێنانی وشەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو دەوترێت ئۆنۆماتۆپیا و بە وشە لێکدراوەکەش دەوترێت ئۆنۆماتۆپی، واتە دەرکردەی ئۆنۆماتۆپیا دەبێتە تێکردە بۆ دەرکردەیەکی تر، کە ئۆنۆماتۆپییە و دەیسازێنێت، وەک:

(٨٩) تەپە + تەپ ⟵ تەپەتەپ

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

(٩٠) هارە + هاڕ ⟵ هارەهاڕ

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

بە تێڕامان لە نموونەکانی سەرەوە بۆماندەردەکەوێت، کە پرۆسەو کردەی دروستبوونی وشە لێکدراوەکان (ئۆنۆماتۆپیا)ن، بە وشە لێکدراوەکەش، کە لە ئەنجامی کردەکەوە بەرهەمهاتووە (ئۆنۆماتۆپی) ن لە دروستەی ئۆنۆماتۆپیادا، (زۆربەی واتای جووتە وشە لە بەشی یەکەمدا کۆدەبێتەوە، بەشی دووەم بۆ چڕکردنەوە و پڕکردنەوەی واتای کەرتی یەکەم دەبێت، چونکە ئەمە لە ژمارەیەکی هەرە زۆری وشەی لێکدراودا دەبینرێت، هەروەها لە وشەی لێکدراودا کەرتەکان لەیەکتر دوورناکەونەوە و فراوان ناکرێن) (ئەحمەد، ٢٠٠٦ ، ٤٢–٨٠)، ناتوانرێن ئاڵوگۆربکرێن بە تایبەت لە بەرهەمهێنانی وشەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی بە ئامرازدا، بۆ نموونە:
(٩١) تریقوهوڕ
(٩٢)* هوڕوتریق
(٩٣)* هوڕەکان وتریق
(٩٤)* تریقەکان زۆر هوڕ
زۆرکات لە ئۆنۆماتۆپیادا هیچ کەرتێکی تر ناتوانێت قاڵبە چەقگرتووەکەی تێکبشکێنێت، پەیوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانی ڕێگە بە ئاڵوگۆڕو فراوانبوونی کەرتەکانی لەناو چوارچێوەی وشەدا نادات، لەبەرئەوەی کردەی ناونانە و چەسپیون لەزمانەکەدا و لە ناوەوە هیچ مۆرفیمێک وەرناگرن، پێکهێنەرەکانی یەکەیەکی

یەککرتوون، بە تایبەت لە ئۆنۆماتۆپیای ناوی لێکدراودا کەرتەکانی ناتوانن ئاڵوگۆڕبکرێن، چونکە دەبێتەهۆی تێکچوون و لێڵی لە واتاکەیدا، بۆ نموونە:

(٩٥)* (زرمەکانی زرم)

(٩٦)* (باعەکانی باع)

(٩٧)-(ناڵەناڵ)، کە دەبێتە* (ناڵ ناڵە)

(٩٨) * (زرم زرمە)

هەندێکجاریش ڕێگە بە ئاڵوگۆڕکردنی کەرەستەکانی دەدات و لێکسیمێکی نوێش بەرهەمدێنن، بۆ نموونە:

(٩٩) لە دووهێندەکردندا (جیکەجیک)، کە ئاڵوگوڕ بە کەرەستەکان دەکرێت دەبێتە (جیک جیکە)، (زیکەزیک، شەقەشەق) دەبێتە (زیک زیکە، شەق شەقە) واتایەکی تر و لێکسیمێکی نوێ دەگەیەنێت.

کەواتە پرۆسەی لەیەکدان بریتییە لە زیادکردنی وشەیەک بۆ سەر بناغەیەک، هەندێکجار ئەم پرۆسەیە لە نێوان دوو بناغە (وشە)دا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەندێکجاریش بە یاریدەی مۆرفیمی بەندی لێکدراو ئامانجی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە واتا و فۆرمی نوێ ئەنجامدەدرێت، لە زمانی کوردیدا بۆ ڕۆنانی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو ڕێگەی جیاوازی هەن، لەوانە:

یەکەم/ لە ڕووی هەمانکاتییەوە:

آ-ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی جڵەوگیرانە (determinative compounds Onomatopoeia) :

ئەمجۆرە لێکدراوە لە ئۆنۆماتۆپیادا بە گشتی ناون و بە ڕێژەیەکی زۆر دەردەکەون، جڵەوگرە و جڵەوگیریی تێدایە، واتە (جومگەی مۆرفیمە بنچینەییەکە، کە جومگەی جڵەوگیرییە و دەبێتە جومگەی یەکەم و لە ڕووی سیمانتیکییەوە لەلایەن جومگەی دووەمیەوە دیاریدەکرێت) (مەحوی، ٢٠٢١، ٨٥)، کەرتەکان (سەگمێنتەکان)ی لە ناو خۆیدا ناکرێت ئاڵوگۆڕبکرێن، کەرتەکانی، یان جومگەکانی بە سینتاکسی بە جێکەوتەکانییانەوە بەندن و جێگۆڕکێکردن بە کەرتەکانی دەبێتەهۆی ئەوەی، کە لێڵی و نادیاریی واتایی بێتەئاراوە، یاخود جیاوازیی واتایی بهێنێتەئاراوە، بڕوانە:

(١٠٠) پژمە + پژم ⟵ پژمەپژم

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوی سادە ناوێکی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوەی جڵەوگیرانەیە.

پژمە پژم: واتای پژمەی یەک لە دوای یەک، کە هاتنەدەرەوەی باو تەوژمێکە لە لووتەوە دێتەدەر.

(١٠١) بۆرە + بۆڕ ← بۆرەبۆڕ

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە ناوی سادە ناوێکی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی جلەوگیرانەیە.

(١٠٢) گیزەگیزیانە وەک زەردەواڵە

ئەڵێم گڕۆزبوون با بیاندەم بەو (پیرەمێرد،٢٠١٠،٢٩٧)

گیزە + گیز ← گیزەگیز

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە ناوێکی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی جلەوگیرانەیە.

گیزەگیز: (دەنگێکە تایبەتە بە زەردەواڵە) لە دوورەوە دەناسرێتەوە.

(١٠٣) غەر + غەرە ← غەرغەرە

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوی سادە ناوێکی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی جلەوگیرانەیە.

غەرغەرە: ئەو دەنگەیە، کە لە کاتی غەرغەرەکردن بە قورگ دەردەکرێت.

(١٠٤)-شەقە + شەق ← شەقەشەق

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوی سادە ناوی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوە.

شەقەشەق: دەنگی باڵی باڵندەکانە لە کاتی دەستپێکردن بە فڕین.

ب-ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی بۆگەڕاوەیی و فریزی خاوەنداریتی ( possessive phrases Onomatopoeia):

ئەم شێوازەی ئۆنۆماتۆپیا بە بەراورد بە جۆری یەکەم ڕێژەکەی کەمترە، وشە لێکدراوە بۆگەڕاوەییە ئۆنۆماتۆپیاکان بە ئامرازی دانەپاڵی/ -ە/ بەرهەمدێن، لەم جۆرە لێکدراوەدا یەکێک لە کەرتەکانی، کە (قسەی لەسەر دەکرێت سەری واتاییە سەگمێنتەکەی تریان، کە دیارخەرە جۆرێک لە گەڕاوەیی تێدایە، سەگمێنتی دواوە لە ڕووی سیمانتیکییەوە سەگمێنتی پێش خۆی (یەکەم) دەردەخات) (مەحوی،٢٠٢١، ٤٧١-٤٧٢)، بڕوانە:

(١٠٥)- شلّپەشلّپ، لێرەدا (شلّپە) سەری واتاییە و قسەی لەسەر دەکرێت، (شلّپ) دەستنیشانکەری دیاردەکەیە، کە شلّپی ئاو، دەگەیەنێت. بۆ (بلّقەبلّق)یش بە هەمان شێوەیە، ئەمجۆرە وشانەی بەم ڕێگەیە دروستبوون، بۆ نموونە:

(١٠٦) بلّق+ / - ە/ + بلّق ⟵ بلّقەبلّق

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوبەند ناوی سادە ناوی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی بۆگەڕاوەییە.

کە مەشکەی لەکۆڵ داگرت شۆڕەژن

شلّپەی ئاودێنێ، بەخرینگەی بازن (پیرەمرد،٢٠١٠، ٦٣٢)

(١٠٧) شلّپ + /-ە-/ + شلّپ ⟵ شلّپەشلّپ

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوبەند ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە ناوی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوە.

شلّپەشلّپ: ئەم وشەیە مەبەست لە شلّپەی ئاوە لە کاتی خۆشۆدن و دەموچاو شۆردندا بەکاردێت.

(١٠٨) دلّۆپ + /-ە-/ + دلّۆپ ⟵ تەقەتەق

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوبەند ناوی سادە ناوی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوە.

له لێکۆڵینەوەکاندا بە گشتی بۆ ئەم وشە ئۆنۆماتۆپیاییانە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا[*]، بەم شێوەیە دروستەکانیان ڕۆنراون، بڕوانە:

(١٠٩) بۆڵ + /- ە/ +بۆڵ← بۆڵەبۆڵ

(١١٠) گڤ + /-ە-/ +گڤ← گڤەگڤ

(١١١) بۆڕ+ /- ە/← بۆڕە

(١١٢) لووڕ+ /-ە -/+ لووڕ← لووڕەلووڕ

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جیاواز لەو بۆچوونانە، دەکرێت لە دیاکرۆنیدا بەو شێوازە لێکدرابێتەوە، بەڵام له سینکرۆنی (ئێستا) ی زمانەکەماندا بە پێوەرگرتنی واتا و بەکارهێنانی کردەی ئۆنۆماتۆپیا و وشەی ئۆنۆماتۆپیی لێکدانەوەیەکی تر بۆ فۆرم و دروستەی کراوە، (ە) لە هەندێکیاندا ناوبەندەو لە هەندێکی تریاندا بەشێکە لە وشەکە، بۆ نموونە لە وشەکانی (شلپەشلپ، دلۆپە، تنۆکە،......هتد)، (ە) دەوری مۆرفیمی لێکدەر لە وشە لێکدراوەکانداو دەوری لاگری داڕێژەری لە وشە داڕێژراوەکاندا بینیوە، لەبەرئەوەی هەریەک لەم وشە ئۆنۆماتۆپیایانە دەتوانین بە بێ (ە) لە زمانی کوردیدا بەکاریانبهێنین و لێکسێمن و لە فەرهەنگدا هەن، وەک :

(١١٣) دلۆپ دلۆپ ئاوەکە دەڕژێت.

(١١٤) شەنوا شلێپێک ئاو بە دەموچاوتدا بدە.

(١١٥) دلۆپ + /- ە/ ← دلۆپە

ناوی سادە مۆرفیمی لێکدەر وشەی داڕێژراو

(١١٦) بلق + /- ە-/ + بلق ← بلقەبلق

ناوی سادە مۆرفیمی لێکدەر ناوی سادە وشەی لێکدراو

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

---

* وەک(مۆرفۆلۆژیی وبەیەکداچوونی پێکهاتەکان)، محەمەد مەحوی، ٢٠١٠، ( مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان وئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا) شێرکۆ حەمە ئەمین، ٢٠٠٢، (بەبەرهەمیی مۆرفیمی بەندی بنکە لە زمانی کوردی) ئیبراهیم موحەمەد خدر،٢٠٢٢، (پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سیستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردیدا) مستەفا ڕەزا ، ٢٠١٩، ..........هتد).

(١١٧) شلّپ + /–ە/ ← شلّپە

ناوی سادە ↓ پاشگر ↓ وشەی دارێژراوی ئۆنۆماتۆپیا ↓

(١١٨) لوورە + لوور ← لوورەلوور

وشەی سادە ↓ وشەی سادە ↓ وشەی لێکدراو ↓

ئۆنۆماتۆپیا     ئۆنۆماتۆپیی

(١١٩) هارە + هاڕ ← هارەهاڕ

وشەی سادە ↓ وشەی سادە ↓ وشەی لێکدراو ↓

ئۆنۆماتۆپیا     ئۆنۆماتۆپیی

(١٢٠) بۆڵە + بۆڵ ← بۆڵە بۆڵ

وشەی سادە ↓ وشەی سادە ↓ وشەی لێکدراو ↓

ئۆنۆماتۆپیا     ئۆنۆماتۆپیی

کەواتە لە وشە ئۆنۆماتۆپیاکانی (لوورەلوور، گڤەگڤ، بۆڕەبۆڕ، هارەهاڕ، هاژەهاژ.............هتد) دا، (ە) ناوبەند، لاگر نییە، بەڵکو هی بنجی وشە سادەکەیە، چونکە بێ ئەم (ە) یە، وشەکان هیچ واتایەکی تەواوی سەربەخۆ و ئاشکراو ڕوون نابەخشن و لە ڕستەدا بەکارناهێنرێن، بڕوانە:

(١٢١) هارەی لێهەڵساند. * هاڕی لێهەڵساند

(١٢٢) کابرا بۆڵەی دەستپێکردەوە. * کابرا بۆڵی دەستپێکردەوە

(١٢٣) هاژەهاژی تاڤگەی ئاوەکە لە دوورەوە دەبیسترێت. * هاژهاژی تاڤگەی ئاوەکە لە دوورەوە دەبیسترێت

پ-ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی گونجێندراو( coordinative compound onomatopoeia):

وشەکانی ئەمجۆرە، کەرتەکانی لەناو خۆیاندا گونجاون و لە ڕووی واتاییەوە واتاکانیان ڕوون و دروستن، ئەم شێوازە لە ئۆنۆماتۆپیادا هەندێکیان واتایەکی دووبارەبوونەوە و زۆر دەگەیەنن، هەندێکی تریان بە لێکدانی دوو دەنگ لە ڕووی سیمانتیکەوە واتایەک دەبەخشن، (ئەم لێکدراوە بە سینتاکسی لە پەیوەندیی ڕێکخراوەییدان و جڵەوگیرانە نیین، سەگمێنتەکانی لە ڕووی واتاوە لەگەڵ یەکتردا گونجاون و هەندێکیان لێکدراوی سەگمێنتی (هاونرخن)، هەندێکی تریان ( واتادژ، تەواوکەرانە)ن) (مەحوی، ٢٠٢١، ٤٧٢)، بەڵام ئەم لێکدراوە ئۆنۆماتۆپیاییە بە پێچەوانەی وشەکانی تری زمانەکەمانەوەیە، چونکە لە ڕووی سیمانتیکیەوە واتای (دژ) نابەخشن و لێکدراوی سەگمێنتی (هاونرخن)و واتای (زۆرو دووبارەبوونەوە، تەواوکەرانە) دەگەیەنن، بڕوانە:

(١٢٤) بەوخەیاڵەوە، خەوی شەو زڕان

بەئاهـ و ناڵە تا دەمی بەیان (پیرەمێر، ٢٠١٠، ٢٧٦)

ئاهـ + و + ناڵە ⟵ ئاهوناڵە

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوبەند ناوی ئۆنۆماتۆپیای ناوی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی گونجێندراو.

(١٢٥) بڵق + و + هوڕ ⟵ بڵقوهوڕ

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوبەند ناوی سادە ناوی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی گونجێندراوە.

بڵقوهوڕ: واتای، بڵقە بڵقی زۆرە، واتە دووبارەکردنەوەی کردەی بڵقی ئاو دێت.

(١٢٦) چریکە + و + هوڕ ⟵ چریکوهوڕ

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوبەند ناوی سادە ناوی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی گونجێندراوە.

(١٢٧) هەورێکی سور لە کاولی وەتەن، کەوتە گرم و هووڕ

دایڕشت بەشین و گریە، فرمێسکی خوێنی سوور (پیرەمێرد، ٢٠١٠، ٢٢٧)

گرمە      + و  +  هوڕ ⟵ گرموهوڕ

ئۆنۆماتۆپیا        ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە  ناوبەند  ناوی سادە     ناوی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی گونجێندراوە.

(١٢٨) تۆڵەی ئەو بەینەی پێشوی لێسەندن

به زیرە و جوکە سەری هەڵکەنن (پیرەمێرد،٢٠١٠،٥١٥)

زیرە  +  و  +  جوکە ⟵ زیرەوجوکە

ئۆنۆماتۆپیا        ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە  ناوبەند  ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە  ناوی ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی گونجێندراوە.

لە تێڕوانینی دیرۆکیشدا، واتە لە ڕووی گەشەکردنی مێژووی زمانەوە، دوو جۆر وشەی لێکدراو دیاریکراون، ئەوانیش:

١-ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی تەکیەکخراویی:

لە دروستەی لێکدراوی تەکیەکخراوی ئۆنۆماتۆپیادا، تەنیا وشەی سەربەخۆ بەشدارن و پێکهاتەکەیان دادەڕێژن ((ئەم جۆرەیان لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ بە بێ هیچ پێشناوێک، یان توخمێکی شکاندنەوە دروستبوون)) (مەحوی،٢٠٢١،٤٧٤)، بە واتا دروستەی ئەمجۆرەیان بریتییە لە (ناو+ ناو) بە بێ هیچ کەرەستەیەکی تر، لەگەڵ جۆری لێکدراوی جلەوگیرانەدا چوونیەکن، وەک:

ئاگری تەپاڵە، لۆکسی گزگز، گەفینی سەگ

دەستە و یەخەی قەتار چی لەسەرکاو، شەڕەکوتەک (دیوانی پیرەمێرد،٢٠١٠،٢٧٢)

(١٢٩) گز  +  گز ⟵ گزگز

ئۆنۆماتۆپیا        ئۆنۆماتۆپیی

(١٣٠)  لیو  +  لیو ⟵ لیولیو، بە واتای دەنگی ئوتومبێلی فریاگوزاری دێت.

ئۆنۆماتۆپیا        ئۆنۆماتۆپیی

(١٣١) خش + خش ⟵ خشخش

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوی سادەی ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی، ناوی لێکدراوی بە لێکسیمبوو وەک ناوی جۆرێک لە شیرینی لە زمانی کوردیدا دێت.

(١٣٢) تەق + تەق ⟵ تەقتەق

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

٢-ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی بەلێکسیمبوو:

ئەم جۆرەیان دوو شێوازی هەیە (مەحوی، ٢٠٢١، ٤٧٥-٤٧٦):

آ- بەلێکسیمبووی تەواو: بریتییە لە لێکدراوی واتا لێڵ و نەناسراو، لێکدراوی بەبەردبوو، یان بوو بە لێکسیمی سەربەخۆی ڕاستەقینەی ناو زمان و فەرهەنگ و دەرکردەی لێکدراویی دەناسرێت، لە ئۆنۆماتۆپیادا ئەم شێوازە وەک وشەکانی تری زمان بەدیدناکرێت، چونکە ئۆنۆماتۆپیا واتای وشەکانی ڕوون و ناسراون.

ب- بە ێکسیمبووی ناتەواو: ئەم شێوازەیان لە ئۆنۆماتۆپیادا بوونی هەیە و لە ڕووی واتاوە بە واتای تیوار( شەفافە) ناسراون (واتە تا واتای وشە ئۆنۆماتۆپیاکان ڕوونبێت ئەوا تیواردارتر دەبێت و بەلێکسیمبوونیشیان خاوتر دەبێت، یاخود بەپێچەوانەوە تاکو واتای وشەکان لێڵ بن ناتیواری دێت ئاراوە و بەلێکسیمبوونیش خێراتر دەبێت) (سەرچاوەی پێشوو،٤٠٤-٤٠٦), بڕوانە نموونەکانی:

(١٣٣) بلَق + دان ⟵ بلَقدان

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوی کرداری سادە ناوی کرداری ئۆنۆماتۆپیی لێکدراوی، سەرهەڵدانی بلَق لەشلەمەنیدا ، یان لە ئاودا.

(١٣٤) فش + بوونەوە ⟵ فشبوونەوە

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی ئۆنۆماتۆپیای سادە   ناوی کرداری داڕێژراو    وشەی ئۆنۆماتۆپیی بە لێکسیمبووی، دەنگی دەرچوونی هەوایە لە تایەی ئۆتومبێل، یان دەرکردنی هەوای مەنجەڵی بووخارە.

(١٣٥) تەقە      +      (تێکەوتن) ←——— تەقە تێکەوتن

ئۆنۆماتۆپیا                              ئۆنۆماتۆپیی

ناوی داڕێژراو   ناوی کرداری داڕێژراو    وشەی لێکدراوی بەلێکسیمبوو

(١٣٦) چزە      +      لێهەڵسا ن ←——— چزەلێهەڵسان

ئۆنۆماتۆپیا                              ئۆنۆماتۆپیی

ناوی ئۆنۆماتۆپیای ، ناوی کرداری داڕێژراو  وشەی لێکدراوی بە لێکسیمبوو، واتە پێوەدانی دوپشک.

جگە لەو پۆلێنکردنانە، سەعیدکەرەمیش وشە لێکدراوەکان بۆ چوار جۆری تر دابەشدەکات، لەسەر ئەو بنەمایەش وشەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو بۆ ئەمانەی خوارەوە دابەشدەبن (١٣٩٦، ١٨١- ١٨٦):

١- ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی کرداریی:

ئەو لێکدراوەیە، کە ڕەگی کردار تێیدا سەرەیە، واتە یەکێک لە ئەندامەکانی ڕەگی کردارە، ئەم جۆرەیان لە ئۆنۆماتۆپیادا ژمارەیان کەمترە بە بەراورد بە جۆرەکانی تر، بڕوانە:

(١٣٧) ئاخ   +   کێش ←——— ئاخکێش

ئۆنۆماتۆپیا                ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە       ڕەگ         وشەی ئۆنۆماتۆپیی

(١٣٨) تەقە   +   ڕێژ ←——— تەقەڕێژ

ئۆنۆماتۆپیا                ئۆنۆماتۆپیی

ناوی داڕێژراو   ڕەگ          وشەی ئۆنۆماتۆپیی

(١٣٩) جريوە + خوێن ⟵ جريوەخوێن

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ڕەگ وشەی ئۆنۆماتۆپیی

٢-ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی ناکرداریی:

مەبەست لەم جۆرە لێکدراوە ئەوەیە، کە هیچ یەکێک لە (بنەچە وشەکان) لە ڕەگی کردارەوە نەهاتوون، بەڵکو لە پۆلەڕەگەزەکانی تر و بە تایبەت پۆلەڕەگەزی (ناو)ەوە هاتوون، وشە لێکدراوە ئۆنۆماتۆپیاکان زۆربەیان لەم جۆرەن، وەک:

(١٤٠) بۆڵە + بۆڵ ⟵ بۆڵە بۆڵ

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناو ناو وشەی ئۆنۆماتۆپیی

(١٤١) گرمە + گرم ⟵ گرمەگرم

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناو ناو وشەی ئۆنۆماتۆپیی

(١٤٢) شڵقە + شڵق ⟵ شڵقەشڵق

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی سادە ناوی سادە وشەی ئۆنۆماتۆپیی

٣-ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی لێکڕژان (لێکدان+داڕشتن):

لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، مەبەست لەو جۆرەیە، کە بە ڕێگەی داڕشتن ولێکداندا تێدەپەڕێت، واتە ئەو جۆرە وشانەن، کە چۆنێتیی دروستبوونیان لە ناوێکی لێکدراو و گیرەکێک سازێنراون، یاخود وشەیەک بە هۆی لاگرێکەوە داڕێژرابێت دواتر لەگەڵ وشەیەکی تری سادە، یاخود داڕێژراودا پێکەوە لکێنرابن بەیەکەوە، بۆ نموونە:

(١٤٣) فشەفش + کەر ← فشەفشکەر

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی لێکدراو پاشگر وشەی لێکرِژاو

(١٤٤) تەقە + تێکەوتوو ← تەقەتێکەوتوو

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی دارِێژراو وشەی دارِێژراو وشەی لێکرِژاو

(١٤٥) چزە + لێهەڵساو ← چزەلێهەڵساو

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناوی ئۆنۆماتۆپیا وشەی دارِێژراو وشەی لێکرِژاو

٤-ئۆنۆماتۆپیای لێکدراوی هاوسەرە:

هیچ کام لە بنەچەکان بۆ ئەوی تر سەرە نیین، واتە هەر دووکیان خۆیان سەرەن و یەکسانن، ئەو جۆرە لێکدراوانەن، کە بە هۆی (و) پێکەوە گرێدراون و پەیوەندیی سەر و تەواوکەریان لە نێواندا نییە، بروانە:

(١٤٦) ئاخ + و + ئۆف ← ئاخوئۆف

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپیی

ناو ناوبەند ناو وشەی لێکدراو


(١٤٧) زرمە + و + هور ← زرموهور

ئۆنۆماتۆپیا ئۆنۆماتۆپی


ناو ناوبەند ناو وشەی لێکدراو

دەنگە ئۆنۆماتۆپیاکان زۆربەیان دەکرێن بە ناوی کرداری دارِێژراو و لێکدراوی تێپەرِ و تێنەپەرِ، بۆ نموونە (حەپە) دەبێتە حەپان (ناوی کرداری تێنەپەرە، بەڵام (حەپاندن) بە زیادکردنی / -اندن/ دەبێتە

ناوی کرداریی داڕێژراوی ئۆنۆماتۆپیای تێپەڕ، سەعید کەرەمی پاشگری / -اندن/ی لە ئۆنۆماتۆپیادا بە پاشگری هۆکارسازو کردارساز ناوبردووە (١٣٩٦، ١٧٥). بۆ هێڵکاریی دروستەی لێکدراوی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا، بڕوانە هێڵکاریی(٣)،  بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٤).




هێڵکاریی (٣) دروستەی ئۆنۆماتۆپیای لێکدراو لە زمانی کوردیدا




هێڵکاریی (٤) پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا

## ٣/٢) کردەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا لە بەرهەمهێنانی وشەدا:

### ٢-٣-١) کورتکردنەوە-پیتەکان :

بە کردەی کورتکردنەوەی وشەیەک، یان چەند وشەیەک بۆ پیتی یەکەمی وشەکە دەوترێت کورتکردنەوە، ئەم ڕێگەیە لە ئۆنۆماتۆپیادا زیاتر لای منداڵ بەدیدەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ، بەڵام ئەم پرۆسانە (بە واتاو ناوەڕۆکی (وشەداهێنان) ەوە ناچنەناو پرۆسەی وشە داهێنانەوە، گشتیان لای ئاخێوەر پەسەندناکرێن، واتا هەندێکیان دەچنە ناو فەرهەنگی زمانەکەمان و بەشێکی تریشیان ناچنە ناو فەرهەنگەوەو نابنە بەشێک لە فەرهەنگەکەمان) (مەحوی،٢٠١٠، ١٦٦ )، هەروەها لەم ڕێگەیەدا ( تاکە وشەیەک هەڵگری زانیارییە و بە چەند یەکەیەکی زانیاریی تر داگیرکراوەتەوە، هەریەک لە وشەکانی (حەم، نم، ڤم) بەرانبەر زانیارییە ڕستەییەکان کە لە نموونەکانی (١٤٨) دایە دەوەستنەوە، چونکە هەر یەک لە وشەکان هەڵگری واتای ڕستەیەکە لای منداڵ) (محەمەد، ٢٠١٦، ٢٠)، بۆ نموونە:

(١٤٨)آ. (حەم*، نم ) مەبەستی ئەوەیە برسییەتی و خواردنی، یان شیری پێویستە.

(١٤٨)ب. لە تاکە وشەی ئۆنۆماتۆپیای (ڤم ڤم/ڤنگ) دا واتای ڕستەیەکی تەواو و بیرێکی تەواو لای منداڵ دەگەیەنێت، (واتە دایە گوێم لە دەنگی ئوتومبێلەکەی بابە بوو، یاخود باوکم هاتەوە، یان ئۆتۆمبێلەکە زۆر خێرا دەڕوات، یاخود داوای چوونەدەرەوە دەکات بە ئۆتۆمبێل........هتد) ، منداڵەکە ڕستەکانی کورتکردووەتەوە بۆ وشەیەک و ئەو وشەیەی لامەبەستە، لای ئەم ئەوە بە سەرتۆپ دادەنێت.

### ٢-٣/٢) پارچەلێوەرگرتن (کرتاندن) clipping :

پرۆسەیەکی نامۆرفیمی وشە پێکهێنانە و پۆلی وشەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە (ناو بە ناوی دەمێنێتەوە)، تێدا بەشیک یان چەند بەشێک لە وشەکەوە دەسڕدرێتەوە، وەک:

(١٤٩)آ. فۆتۆ لە فۆتۆگرافەوە (پاش-کرتاندن)

(١٤٩) ب. پاس لە پاسی گەورە (پێش-کرتاندن) (Schmid,2015,34).

محەمەد مەحوی دەڵێت: (( وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لە زمانی کوردیدا بەم پرۆسەیە دروستدەکرێن، ئەویش لە ڕێگەی دووپاتکردنەوەو و کەمکردنەوەی ژمارەی بڕگە، واتە لە سەرەتادا دەبێت لە /بۆڵەکردن/ ە وە /بۆڵە/ لە ڕێگەی کورتکردنەوەوە وەرگیرابێت و دواتر /بۆڵەبۆڵە/ دروستبووبێت و /بۆڵەبۆڵ/ی لێکەوتبێتەوە))** (٢٠٢١، ١٠٦).

---

* ئێستا چووەتە فەرهەنگەوەو لەلایەن گەورەکانەوە بەکاردەهێنرێت، بڕوانە چێشتخانەی (حەم).

** لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە بۆچوونێکی جیاواز لێکدانەوە بۆ وشە ئۆنۆماتۆپیاکان کراوە، بەوەی سەرەتا (بۆڵە) هەبووەو دواتر (بۆڵەبۆڵ)و ئینجا (بۆڵەکردن)ی لێبەرهەمهاتووە.

(١٥٠) (ناڵەناڵ) لە (ناڵە)ەوە وەرگیراوەو  ئینجا (ناڵەکردن) ی لێگەردانکراوە.

### ٣-٣/٢) گۆڕین و وەرچەرخان conversion:

ئەم کردەیە (یەکێکە لە ڕێگاکانی دروستکردنی وشە بە بێ هیچ زیادکردن و کەمکردنێک وشەی پێدروستدەکرێت ، واتە وشەکە هیچ گۆڕانێکی لە ڕووی ژمارەی فۆنیمەوە تێدا ڕوونادات، بەڵکو تەنها پۆلی وشەکە دەگۆڕێت لە ئەنجامی ئەم گۆڕانەشەوە وشەکە سیفەت و خاسیەتی پێشووی نامێنێت، لە ڕووی واتاشەوە واتایەکی نوێ دەبەخشێت) (خدر، ٢٠٢٢، ٤٩)، ئەم پرۆسەیە بەشێکە لە تەرزی نامۆرفیمی(non-morphemic patterns)، واتە ((گۆڕینێکە لە گۆکردنی/ ئەرکی وشەیەکدا بە بێ وردکردنەوە)) (مەحوی،٢٠١٠، ١٦٨)، ئەم ڕێگەیە لە ئۆنۆماتۆپیادا گۆڕان لە ڕووی ژمارەی فۆنیمەوە لە وشەکانیدا ڕوودەدات و بەشێک لە وشە  ئۆنۆماتۆپیاکان لە زمانی کوردیدا لەم ڕێگەیەوە دەبنەهۆی گۆڕینی پۆلەڕەگەزی، وەک گۆڕینی پۆلەڕەگەزی ناو بۆ کردار ئەم گۆڕینە لە ئۆنۆماتۆپیادا بە بەرهەمە و فرەجار ڕوودەدات، یاخود گۆڕینی پۆلەڕەگەزی ناو بۆ ئاوەڵناو، هەندێک لە ئۆنۆماتۆپیاکان واتاکانیان دەگۆڕێت، کاتێک پۆلەڕەگەزەکانیان بگۆڕێت، بە تایبەت لە گۆڕینی پۆلەڕەگەزی ناو بۆ پۆلە ڕەگەزی ئاوەڵناو، بۆ نموونە:

(١٥١) پۆلەڕەگەزی ناوی (خشە) بۆ پۆلە ڕەگەزی ناوی کرداری (خشان).

(١٥٢) پۆلەڕەگەزی ناوی (جوکە) بۆ پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوی (جوکن).

(١٥٣)  پۆلەڕەگەزی ناوی (تەپە) بۆ پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوی (تەپن).

### ٤-٣/٢) دووهێندەیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا (Reduplication Onomatopoeia):

دووهێندەیی (( بریتییە لە پرۆسەیەکی وشەدروستکردن(word-formation)، کە تێیدا تەواوی وشەکە، یاخود بەشێک لە وشەکان دووبارەدەبنەوە بۆ گەیاندنی جۆرێک لە واتا، چەند شێوازێکی جیاواز لە ڕووی فۆرم (پێکهاتە) و واتاوە دیاریکراون)) (Urbanczyk, 2017,online)، واتە یەکێکە لە پرۆسە ناوازە جێگرەوەکانی مۆرفۆلۆژیی لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی وشەدا، چالاکترین کردە لە ئۆنۆماتۆپیادا دووهێندەکردنە و زۆربەیان بەم کردەیە بەرهەمهاتوون، لە ئۆنۆماتۆپیادا دووهێندەیی بریتییە لە ((بنیاتنانی وشەی ئۆنۆماتۆپیایی کە تێدا بڕگەی سەرەتا، یاخود هەموو وشەکە (دووهێندەیی )دووبارەدەکرێنەوە)) (Istikomah, 2014, 18).

(Stageberg )دەڵێت: ((دووهێندەیی بریتییە لە پرۆسەی دروستکردنی وشەی نوێ بە دووبارەکردنەوەی  مۆرفیمێک، بە زۆری بە گۆڕینی بزوێنێک، یاخود نەبزوێنی سەرەتا بەرهەمدێت)) (127,1981 ) بۆ نموونە:

(١٥٤) ئۆنۆماتۆپیای (ئاخوداخ). لێرەدا نەبزوێنی سەرەتا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

دەکرێت هەندێک کات مۆڕفێمی یەکەم گۆڕانی بەسەردا بێت و بگۆڕێت، لە دووبارەکردنەوەدا دەردەکەوێت و لێرەدا بزوێن گۆڕانی بەسەردا هاتووە, وەک:

(١٥٥)آ. زاقوزوق/ زاقوزیق

(١٥٥)ب. تیک تۆک* ( تیک، بە واتای دەنگی کاتژمێری گەورە دێت و واتاکەی هەڵگرتووە) (Stageberg, 1981, 127، یاخود هەندێک کات لە هەر دوو مۆڕفێمەکەدا بێت، بڕوانە:

(١٥٦) زرموهوڕ، لێرەدا هەر دوو مۆڕفێمەکە واتادارن، (زرم) بە دەنگی کەوتنە خوارەوەی شتێکی قورس دەوترێت، کە لە شوێنێکی بەرزەوە دەکەوێتەخوارەوە، (هوڕ)یش بە واتای زۆر دێت، واتە بە واتای زرمە زرمی زۆر بەکارهاتووە.

(١٥٧) قڵپوقۆپ/ قوڵپوقۆپ، دەنگی هێڵنجدانە (ئەحمەدی،١٣٨٨،٥٢)، لێرەدا تەنها مۆڕفێمی یەکەم ڕەسەن و بنچینەیی واتادارە.

(١٥٨) تلی لی لی، دەنگی هەراوهۆریای شادومانییە (ئەحمەدی ،١٣٨٨، ١٦ )، لەم وشەیەدا هیچیان مۆڕفێمی سەرەکی نیین.

(Stageberg) (بەردەوام دەبێت بە پرۆسەکە دەڵێت: دووانەی وشەیی (twin-words) ، کە لە پرۆسەکە و بەرهەمەکەی پێکهاتوون، وشە نوێیەکە و ئەو توخمەی دووبارە دەکرێتەوە لە خۆدەگرێت، پاشان پۆلێنیاندەکات بۆ سێ جۆری سەرەکی، بەڵام هەندێک نموونەی شازیش هەن لەم پۆلێنە دەردەچن و بەدەرن) ( 127-128,1981 )، بڕوانە:

١- مۆرفێمی سادە (بناغە) دووبارە دەبێتەوە بەبێ بوونی گۆڕانکاری، بۆ نموونە:

١٥٩-(تەقتەق، گزگز، میاومیاو).

ئەمجۆرەیان بچوکترین جۆری دووهێندەیی ئۆنۆماتۆپیان لە زمانی کوردیدا.

٢- مۆرفیمی سادە دووبارەدەبێتەوە بە گۆڕینی نەبزوێنی سەرەتا، بۆ نموونە:

١٦٠-(جوکەونوکە)، (ئاخوداخ)

* لە ئێستادا بووەتە کەناڵێکی میدیایی ئەلیکترۆنی.

٣- مۆرفێمی (سادەکە) بنچینەییەکە دووبارەدەبێتەوە بە گۆڕینی بزوێن، بۆ نموونە:
(١٦١) تیک تۆک، هاشوهوش، زاقوزیق.

لە ئۆنۆماتۆپیادا زۆربەی دروستەکانی بە شێوەیەکە، کە هەموو وشەکە، یان بەشێکی دووبارەیە، لەمەشەوە دووهێندەیی ئۆنۆماتۆپیا دوو جۆری لە زمانی کوردیدا لێدەستنیشانکراوە ( Istikomah, 2014, 18) :

١-دووهێندەیی تەواو( Exact Reduplicatio):کە تێیدا تەواوی وشەکە دووبارەدەبێتەوە، بۆ نموونە: (دڵۆپ دڵۆپ، میاومیاو، خش خش ، گزگز، ..........................هتد).

٢-دوو هێندەیی بەشی( Ablaut Reduplicatio): بەشێکی وشەکە، کە گۆڕینی فۆنێمی بزوێنە گۆڕانی بەسەردا دێت، واتە لەم جۆرەدا تەنها بزوێنەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، وەک (تیک تۆک، تەقوتۆق، هاشوهوش).

کردەی دووهێندەیی لە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لە زمانی کوردیدا، وەک لقێکی زمانە هیندۆئێرانییەکان هەیە و کارایە (هەرچەندە کردەی دووهێندەیی لە زۆربەی زمانە هیندۆئەوروپییەکاندا کەمن، بەڵام لە زمانە هیندۆئێرانیەکاندا بوونیان هەیە) (Rubino, 2005, 24)، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا :

(١٦٢) کیڕە کیڕەکیڕ

(١٦٣) قیڕە قیڕەقیڕ


(١٦٤) میاو میاومیاو (McCarus 1958, 82)

کردەی دووهێندەیی لە هەندێک لە زمانەکاندا پۆلەڕەگەز دەگۆڕن، بۆ نموونە دووهێندەیی ئۆنۆماتۆپیا (لە زمانەکانی هیندی و ژاپۆنیدا کاریگەری لەسەر پۆلەڕەگەزەکان دروستکردووە و دەبن بە کردار، بۆ نموونە ( niko-niko ) بە واتای (خەندەکردن) دێت، دووهێندەیی لە زمانی ئینگلیزیدا کاریگەری ناخاتە سەر پۆلەڕەگەزی وشەکە) (Istikomah, 2014, 19)، لە زمانی کوردیدا تا ڕادەیەکی زۆر وەک زمانی ئینگلیزی، کردەی دووهێندەیی کاریگەری ناکاتە سەر پۆلەڕەگەزی وشەکان، واتە نابێتەهۆی گۆڕینی پۆلەڕەگەزی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان، بۆ نموونە:

(١٦٥) (بۆڵە) لە پۆلەڕەگەزی ناوە، ئەگەر بیکەینە دووهێندەیی دەبێتە (بۆڵەبۆڵ)، هیچ گۆڕانێکی پۆلەڕەگەزی وشەکەی دروستنەکردووە، واتە هەمان پۆلەڕەگەزە.

لە ئۆنۆماتۆپیادا وشەکان لە ڕێگەی تەرزی دووپاتکردنەوە دروستبوون، واتە وشەکان لە سەرەتادا مۆرفێمێک بوون، پاشان مۆرفێمەکە کراوە بە دوو فۆرم و هەردووکیان پێکەوە یەک واتا دەگەیەنن، لە زمانیشدا ئەم پرۆسەیە ڕێگەیەکی فراوانە بۆ گەیاندنی واتا و فۆرمی نوێ بە وشەکان، بەم پرۆسەیە وشە دووبارەکان لەگەڵ وشە سادەکاندا لە فەرهەنگدا واتایان جودایە، واتە هەریەک لەو دانە فەرهەنگییانەی، کە بە دووپاتکردنەوە دروستدەکرێن، بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستێکی نوێ، کە لە وشە بنەڕەتییەکە بەرهەمدێن، فۆرم و نیشانە واتاییەکانیشیان جیاوازە، بۆ نموونە:

(وشەی (زیکە) سادە و بنەڕەتییە، کە دەکرێت بە دووهێندەیی لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەوە لە ناو یاسایەیەکی مۆرفۆلۆژیدا شکاوەتەوە بووەتە بناغە بۆ یاسایەک، هەندیکجاریش بۆ یاسایەک و پاشگرێک، وەک (زیک زیکە)، (محەمەد،٢٠١٦،٤٣)، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٥) .



هێڵکاریی (٥) دروستەی دووهێندەیی ئۆنۆماتۆپیا

دووهێندەیی وەک پرۆسەیەکی ناو مۆرفۆلۆژیی بۆ دووبارەکردنەوەی لێکسیم و وشە فەرهەنگییەکانە لە چوارچێوەیەکی تایبەت و سنوری وشەدایە، بەڵام ئەم پرۆسەیە لە ئۆنۆماتۆپیادا تایبەتمەندیی خۆی هەیەو جیاوازە، بەوەی دووبارەکردنەوە بە پرۆسەی دووهێندەیی ئۆنۆماتۆپیا لە ناو فەرهەنگدا هەندێکیان هەمان واتای وشە بنەڕەتییە سادەکانی هەیە، تەنها لە ڕووی فۆرمەوە دەگۆڕێت، بڕوانە:
(١٦٦) خیزەخیز ( بە دەنگی سەرسنگ دەگوترێت دوای کۆکین کاتێک سنگ هەودەکات). واتە هەندێک لە وشە ئۆنۆماتۆپیاکان کاتێک بە ڕێگەی دووهێندەیی دووبارە و دووپاتدەبنەوە، وەک (خیزەخیز، چۆقەچۆق، گرمەگرم ..........هتد) هەر هەمان واتای وشە سادە ئۆنۆماتۆپیاکەی دەبێت و هیچ واتایەکی نوێی بۆ فەرهەنگەکەمان زیادنەکرووە، بەڵام هەندێکی تریان وەک وشەکانی تری زمانەکەمان بەم کردەیە هەمان واتای وشە سادە و بنەڕەتییەکەیان نییە و دەبنەهۆی بەرهەمهێنانی وشەیەکی نوێی جیاواز لە ڕووی واتاوە، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی وشە ئۆنۆماتۆپیاکانە، کە بە پرۆسەی دووهێندەیی سازدەبن، بڕوانە:

(١٦٧) آ. جیکە ← جیک جیکە.

↓

جیکە جیک.

(١٦٧) ب. شەقە ← شەقە شەق

شەق شەقە


(Mills) ئاماژە بەوە دەکات (وشە دووهێندەییەکان زۆربەیان سەروایان هەیە و ئاسان بە دەم و زاردا دێن و ڕەهەندی ئۆنۆماتۆپیان تێدایە) (2017,online)، لەبەرئەم تایبەتمەندییە بۆ سرود و گۆرانی منداڵان لە باخچەی ساوایاندا سودیلێوەردەگرن و بەکاردێن، ئەم دووهێندەییانە هۆکار و ئاسانکارن بۆ فێرکردن و زمانپژانی منداڵان، چونکە دووهێندەییەکان ئاواز و مۆسیقایان تێدایە ئەمەش یاریدەدەرە بۆ ئاسان فێربوون، خۆشییەک بە گۆرانی و چیرۆک و سرودی منداڵان دەبەخشن. توێژەرێکی وەک( Pharies) دەنووسێت: (( لە زمانە ڕۆمانییەکاندا  بۆ نموونە ( فەرەنسی) دووهێندەیی بەکاردەهێنرێت لەلایەن گەورەکان لە کاتی ئاخاوتنیان لەگەڵ کۆرپەکاندا، ئەمەش ڕەهەندی سیمانتیکی و پراگماتیکی هەیە، لەگەڵ منداڵاندا ئاکامێکی ئەرێنیە، بە پێچەوانەوە لە نێو کەسانی پێگەشتوودا بۆ گەیاندنی واتای نەرێنی بەکاردێت)) (2020,8)، بڕوانە :

(١٦٨) دایک کە خواردن بە منداڵەکەی دەدات، دەکرێت وشەی (حەمحەم ،نم نم )بەکاربهێنێت، لە کاتی فێرکردنی منداڵەکەی، بۆئەوەی باڵندەکان لای منداڵەکەی خۆشەویست بکات، بە (جو/ جی) بانگیاندەکات، لە هەمانکاتیشدا بۆ مەبەستی نەرێنی بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە بە پیاوێک بڵێین:

(١٦٩) <u>ملچەملچ مەکە!</u> کاتێک بە شێوەیەکی نەشیاو نانەدخوات.

(١٧٠) نەوزاد ئەم قرخەقرخەت نەبڕایەوە، بۆ مەبەستی نەرێنی بەکارهاتووە.

شێوازە بنەڕەتییەکانی لێکدانەوەی کردەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا، بۆ دروستکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا (Schmid,2015,16)، بڕوانە هێڵکاریی (٦):




هێڵکاریی ژمارە (٦) شێوازە بنەڕەتییەکانی کردەی مۆرفۆلۆژیی ئۆنۆماتۆپیا بۆ دروستکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا.

## پۆلەڕەگەزی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

ئۆنۆماتۆپیا وەک هەر کەرەستەیەکی تری زمان پۆلەڕەگەزی زمانی هەیە و بە گشتی ئەمجۆرانەی لێدەستنیشانکراون:

### ٢/٤-١) ئۆنۆماتۆپیای ناویی:

پۆلەڕەگەز بریتییە لە ڕستی سیما لێکچووەکانی پۆلێک لە هەبووەکان، کە لەوانی دی جیایاندەکاتەوە و چەند جۆرێکی هەیە، ناو یەکێکە لە پۆلەڕەگەزە کاراکانی ڕێزمان و ناو فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤ، بریتییە لە وشەیەک، یاخود چەند وشەیەک بۆ ناسین و جیاکرنەوەی کەسەکان، شتەکان، ئاژەڵەکان

ڕاستەقینە بن، یاخود خەیاڵی بەکاردێن، ئەو وشانەی، کە بۆ ناسینەوە بەکاردێن لە ڕووی پۆلەڕەگەزەوە ناون و لە ڕستەدا ئەم ڕۆڵانە دەبینن (بکەر، بەرکار..............هتد)، دەتوانرێت بگوترێت لە زۆربەی زمانەکاندا، زۆرێک لە ناوەکان لە ڕەچەڵەکدا ئۆنۆماتۆپیا بوون، ((هەندێک لەم ناوانە زۆر گەشەیان نەکردووە، ئۆنۆماتۆپیاکە دەبەستنەوە بەو بابەتەوە، کە دەنگەکان دروستدەکات، بۆ نموونە joen) (me≠me ، لە توێژینەوەیەکدا پشکنین بۆ ( ٢٠٦) ناوی باڵندە لە زمانی هومبیسا ( Huambisa ) لە ئەمریکای لاتین دەکات, ئەوەی پشتڕاستکردەوە، کە لە ( ٣٤٪) ی ناوەکان ئۆنۆماتۆپیا بوون، لە لایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆر لە زمانە ئەوروپییەکان بۆ وشەی (بۆق) دەنگی /ڕ/ تێدا بووە، لە توێژینەوەیەکی تریشدا بۆ وشەی بۆق لە ( ٣٣ ) زمانی نا–هیندۆ–ئەوروپی دەرکەوت، کە (٩١٪) یان دەنگی /ر/، یان /ل/ ، یاخود هەردووکیانی تێدا بووە، ئەمەش گرنگیی ئۆنۆماتۆپیا نیشاندەدات لە گەشەپێدانی ناوەکاندا (Thomas and Clara, 2004, 10-11) ))، بڕوانە ئۆنۆماتۆپیای نواندنی ناو، وەک (دەنگەدەنگ، شەقەشەق، گڤەگڤ، کیڕە.....................هتد)، لە (٤/١-٧) خراوەتەڕوو.

**٤/٢-٢) ئۆنۆماتۆپیای کرداریی:**

کردار سەرەکیترین ڕەگەزە لە ڕستەی زمانی کوردیدا، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە سازکردنی ڕستەدا هەیە، چونکە ڕستەکانی زمان بە بێ ئەم پۆلەڕەگەزە دروستنابن و هەمیشە دەستەڵاتی ڕستەکانی زمان لە ژێر حوکمی ئەمدایە، ئەم پۆلەڕەگەزە بە شێوەیەکی گشتی لە ناوی کردار وەردەگیرێت، واتە ناوی کردار بە بناغەو کرۆکی هەموو ئەم پۆلەڕەگەزی ئۆنۆماتۆپیایە دادەنرێت، لە ڕووی سیمانتیکەوە کردار وشەیەکە، کە کردەی ڕوودانی کارێک، یاخود بارودۆخێک (حاڵەتێک) لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو دەگەیەنێت، کەرەستەکانی تری ڕستە هەرگیز لە توانایاندا نییە لە جێگەی ئەم بەکاربێن، لەبەرئەوە بە چەقی ڕستە دادەنرێت، ئۆنۆماتۆپیا دەکرێت گەشەبکەن و ببن بە نواندنی کردار و دەتوانرێت، وەک نواندنی ناوی کرداریی و دواتریش وەک کردار لە ڕستەدا بەکاربهێنرێن، وەک :

آ–کرداری سادەی ئۆنۆماتۆپیا، بۆ نموونە :

(١٧١) تۆپەکە تەقی.

(١٧٢) هەورەکە گرماندی.

(١٧٣) ئەسپەکە حیلاندی.

ب–کرداری داڕێژراو، بۆ نموونە:

(١٧٤) منداڵەکە تریقایەوە.

(١٧٥) ڕۆنەکە هەڵقرچا.

پ–کرداری لێکدراو، وەک :

(١٧٦) تایەکە فشبوویەوە.

(١٧٧) دیسان شیرینناڵەیکردەوە.

ت-ئۆنۆماتۆپیای ناوی کرداریی، کە لە زمانی کوردیدا، بە ناوی ڕووداو (چاوگ) دێت و ڕۆڵی کردار نابینن لە ڕستەدا، بڕوانە:

(١٧٨) خشانی مارەکەم لە نزیکەوە بینی.

لەم ڕستەیەدا (خشان)، کە ناوی ڕووداوە لە ناوی ئۆنۆماتۆپیای (خشە)وە وەرگیراوە، وەک کردار لەم ڕستەیەدا بەکارنەهاتووەو ناوی کردارییە.

(١٧٩) میاواندنی پشیلەکە بێزاریکردم.

لەم ڕستەشدا (میاواندن)، لە دەنگی پشیلەوە دێت، وەک چاوگ بەکارهاتووە، نەک کردار، ئەرکی دیارخراوی بینییووە.

### ٤/٢-٣) ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵناویی:

یەکێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن و بە پێی تایبەتمەندیی خۆی لە پۆلەڕەگەزەکانی تر خۆی جیادەکاتەوە، گرنگیی خۆی هەیە، چونکە بە بێ بوونی ئەم کەلێنێک لە زمان و ڕێزمانیدا دێتەکایەوە، ئۆنۆماتۆپیا وەک نواندنی ئاوەڵناویی دێن کاتێک بۆ وەسف بەکاردێن، وەک:

(١٨٠) ئایا دەزانیت هەندێک لە گیاندارەکان خشۆکن، وەک مار؟

(١٨١) ئەمشەو داپیرەیەکی لەرزۆک لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

(١٨٢) شیرین زۆر ملْچنە.

(١٨٣) نەوزاد قرخنە.

(١٨٤) منداڵەکە زیکنە.

### ٤/٢-٤) ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵکرداریی:

ئۆنۆماتۆپیا وەک نواندنی ئاوەڵناو بەکارهات، دەکرێت وەک نواندنی ئاوەڵکرداریش بەکاربهێنرێت، شێوازەکانی قسەکردن: (مینگە، چپە، هاوار، فڵتە.........هتد)، بەکاردێن بۆ وەسفی چۆنێتیی قسەکردن، ئەمە تایبەتێتیی زمانی کوردییە و (( هەندێک زمانی وەک ( چینی و کۆری و یابانی)، ئەمجۆرە وشانەیان کەمە، بۆیە بۆ چۆنێتیی و چەندێتیی کارەکان زۆر کات ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵناوی وەک ئاوەڵکرداریش بەکاردێنن )) (Thomas and Clara, 2004, 12)، لە زمانی کوردیدا ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵکرداریی، وەک:

(١٨٥) دیسان ئەوان <u>بە چپەوە</u> قسەیانکرد.

(١٨٦) <u>بە ملْچەملْچەوە</u> نانەکەت مەخۆ.

(١٨٧) <u>بە مینگەوە</u> قسەمەکە.

(١٨٨) له پرخەی خەودا بووم خەبەریکردمەوە.
(١٨٩) بە زاق وزیقی منداڵان بێزارم.
(١٩٠) بە هاوارەوە گەڕایەوە.
(١٩١) بە بۆڵەبۆڵەوە هاتە ژوورەوە.
(١٩٢) منیش بە ناڵە و ئاهی سەردەوە
بە دەردی دووریی مەردی مەردەوە (پیرەمیرد،٢٠١٠،٦٦٦)
(١٩٣) بە هاژەوە ،بە پرمەپرمەوە ئاوەکە هاتەوە.
(١٩٤) بە گارەگارەوە مریشکەکە هێلکەیکرد.

**٥-٤/٢) ئۆنۆماتۆپیای سەرسوڕمانی:**

وشە سەرسوڕمانەکان پۆلەڕەگەزێکی تایبەتن، سەر بە پۆلی داخراون، (وەک (ئاە، ئۆف، پەکو......هتد)، لە زمانی کوردیدا، (وشەی (oh! ) لە زمانی ئینگلیزیدا، کە بۆ دەربڕینی هەستێکی تایبەت بەکاردێن، بە کەرەستەی هەستدەربڕ دیاریکراون، ئۆنۆماتۆپیای سەرسوڕمانی بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتادا، یاخود کۆتایی بڕگەی سەرەکیی ڕستەدا بەکاردێن، ئەمەش دەرخەری ئەو کردەیەیە، کە دەبێتەهۆی دروستبوونی دەنگەکان)، (دەنگە ئۆنۆماتۆپیاکان) (Sugahara, 2010, 19-20)، بۆ نموونە:
(١٩٥) پەکو لەو خانووە بەرزە!
(١٩٦) ئۆف چەند جوانە!
(١٩٧) ئاخ لە دەست تۆ!

جگەلەوەی وشەی ئۆنۆماتۆپیای سەرسوڕمانی لە زمانی کوردیدا هەن، دەتوانین بە شێوازی دەربڕین و تۆنی گۆکردنی ڕستەکان، سەرسوڕمانی دەرببڕین، بڕوانە:
(١٩٨) قوڵپ ڕشایەوە!
(١٩٩) زرم گۆزەکە کەوتە خوارەوە!

## ٢ /٥ ) مۆڕفۆفۆنێمی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

بە ئاوێتەبوونی ئاستەکانی فۆنۆلۆژیی و مۆڕفۆلۆژیی، مۆڕفۆفۆنێمی دێتەئاراوە، مۆڕفۆفۆنێم (ئاستێکی سەرەکی و سەربەخۆ نییە لە زماندا، بەڵکو دەکەوێتە نێوان ئاستی فۆنۆلۆژیی و مۆڕفۆلۆژییەوە، لە ئەنجامی پێکەوە گرێدانیان هاتۆتە ئاراوە) (ساڵح، علی، ٢٠١٩، ٢٠٠)، *واتە لێکۆڵینەوەیە

---

* لە بەرانبەر زاراوەی مۆڕفۆفۆنێم، زمانەوانان وقوتابخانە زمانییەکان زاراوە و فۆرمی جوراوجۆریان بۆ بەکارهێناوە، ((زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلۆژی بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەی فیولۆژیستەکانی سلاڤی لە پراگ لە ئۆکتۆبەری (١٩٢٩) بەکارهات

له کارلێکی پێڕەوی دەنگیی زمان و دروستکردنی وشە و لە فەرهەنگیشدا تۆمارکراون و کاردەکەن، بە ئاست و بەشێکی کاریگەری زمانەوانی دادەنرێت، گرنگیی وکاریگەریی ئەم ئاستە لە بەگەڕخستنی مۆرفیمەکاندا لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا لە شیکردنەوەی گۆڕانکارییە دەنگییەکانی ناو وشە و مۆرفیمەکاندا دەردەکەوێت، ئەم بەگەڕخستن و شیکرنەوەی دەنگانە بۆ وشە ئۆنۆماتۆپیاکانیش لەم ئاستەدا هەمان شیکاری و شرۆڤەیان هەیە، چونکە (دووبارە بەکارهێنانی مۆرفیمەکان لە چوارچێوەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا دەبنەهۆی دەستخستنی وشەی داڕێژراو و لێکدراوی ئۆنۆماتۆپیایی، هەروەها گۆڕانە دەنگییەکانی وەک (کرتاندنی دەنگ، ئاڵوگۆڕکردنی دەنگ.......هتد) لە دروستبوونی ئەم جۆرە وشانەشدا دەبینرێت، بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی ناو مۆرفیمەکان لە پرۆسەکانی زماندا دەگوترێت مۆرفۆفۆنیم، یاخود بە گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان دەگوترێت مۆرفۆفۆنیم)* (حەمید، ٢٠١٥، ١١-١٣)، مۆرفۆفۆنیم لای هەندێک لە زمانەوانان ((ئەو مۆرفیمانەن، کە لە ڕووی پێکهاتەوە لە یەک فۆنیم پێکهاتوون، ئەو یەکە زمانییانەی کە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا بە فۆنیم هەژماردەکرێت و بە هەمان فۆرمەوە دەچنە ئاستی مۆرفۆلۆژیی، بەڵام بە مۆرفیم شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و دەبن بە مۆرفۆفۆنیم)) (سەرچاوەی پێشوو، ١٢)، واتە لای هەندێک لە زمانەوانان مۆرفۆفۆنیم بە یەک فۆنیمەوە پەیوەستدەکەن، ئەو مۆرفیمانەن کە لە یەک فۆنیم پێکهاتوون.

پێڕەوی مۆرفۆفۆنیمی ((سیستمێکی ناوەندییە، ئاماژە بۆ کۆدی ئەو پەیوەندییە دەکات، کە فۆنۆلۆژیی و سیستەمی ڕیزمانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە)) (Dwivedi,2 )، مۆرفۆفۆنیم وەک ئاستێکی ناوەند لە شیکردنەوەی هەموو زمانێکدا جێگەیەکی بۆ خۆی داگیرکردووە، واتە هەموو زمانەکانی جیهان مۆرفۆفۆنیمییان هەیە.

بە لێکدانی مۆرفیمەکان، دەنگەکان کار لەیەکدەکەن و شێوەیان بە پێی ئەو ژینگە فۆنۆلۆژییەی تێیدا هەن، گۆڕانی بەسەردادێت، بۆیە بە کارلێککردنی پەیوەندیی تیکچڕژاوی هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی ئاستی مۆرفۆفۆنیم ڕۆدەنرێت، مەبەستی سەرەکیی لە شیکاری مۆرفۆفۆنیمی ئۆنۆماتۆپیا بریتییە لە دۆزینەوەی کۆمەڵێک فۆڕمی بنەڕەتی و یاسایی ڕێکخراوبەند، کە لەگەڵ زانیارییە پێدراوەکاندا یەکدەگرنەوە، بۆ ئەمەش ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵێک هەنگاو پێکهاتووە، هەنگاوە سەرەکییەکانی شیکاری مۆرفۆفۆنیمی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا، ئەمانەن(Dwivedi,4 ) :

---

و پێشنیازکراوە لە لایەن(n.S.Turbetzkay)، بلۆمفیڵد لە ساڵی (١٩٣٩) زاراوەی مۆڕفۆفۆنیمیکی بەکارهێناوە، لە تیۆری دروستەکاری گۆڕانکاریدا زاراوەی مۆرفۆ-فۆنۆلۆژی بەکارهاتووە)) ( Jehjooh and sheet,2020,6)

* بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (هێرش کەریم حەمید، ٢٠١٥).

١-بەفۆنێمیکردن phonemicization: لێکدانەوە بۆ مۆرفۆفۆنیم ئاسانتر دەبێت کاتێک لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە بکرێت، کە بە دەنگ دایاندەنێین، بۆیە باشتر وایە سەرەتا زانیارییەکان بۆ یەکەی دەنگی دابەشبکرێن و کەمبکرێنەوە، ئەم هەنگاوەش ئاماژەیە بۆ چارەسەری پێشینەی زانیارییەکان لە کردەی شیکردنەوەی مۆرفۆفۆنێمیدا، واتە چۆن بیرێک، وشەیەک، واتایەک و دەربڕاوێک بە دەنگ دەردەبڕدرێت، بۆ نموونە:

(٢٠٠) (میاو، حەم، نم.......هتد) لە زمانی منداڵدا دەردەبڕدرێت و هەریەکەیان دەربڕدراوێکن واتای خۆیانیان هەن.

(٢٠١) (ئێ، واو، ئای.............هتد) ، کە مرۆڤی گەورە ئەو بیرانەی لە ئاوەزیدایە بە دەنگی دەریدەبڕێت، هەریەکەیان ئاماژە بۆ واتایەک دەکەن.

٢-دابەشکردنی مۆرفێم: ئەمەش هەنگاوی دووەمە، بریتییە لە دابەشکردنی وشەکان بۆ چەند شێوەیەکی پێکهاتەیی، لەگەڵئەوەشدا گۆڕانکارییە فۆنۆلۆژییەکان دەکرێت ببنە ڕێگر لە بەردەم ئەم دابەشبوونەدا، واتە لە هەموو زمانەکاندا هەندێک لە مۆرفێمەکان زیاتر لە یەک مۆرفێمی جێگرەوەیان هەیە، بۆ نموونە بەشە جێگرەوەکانی/ ئەلۆمۆرفەکانی (ەکە) لە زمانی کوردیدا، وەک (یەکە، کە، .......هتد) بدۆزرێتەوە و دەستنیشانبکرێت، بڕوانە :

(٢٠٢) چریکە ⟵ (چریکەکە، چریکەیەکە)

(٢٠٣)  میاو ⟵ (میاوەکە)

٣-دۆزینەوەی ئەلۆمۆڕفەکان/ لەیەکچووەکان: بە لەبەرچاوگرتنی جێگرەوەی دەنگی بینراو و پێشبینیکراو، گرنگە بۆ هەر مۆڕفێمێک لێکچوویەکی جێگرەوەی بۆ بدۆزرێتەوە، دوای دیاریکردنی ئەلۆمۆڕفەکان، بڕوانە:

(٢٠٤) آ. کرتە – قرتە

(٢٠٤) ب. زیکە – زیقە

(٢٠٤) پ. جیکە – جیقە.

٤-یاسا چالاکەکان: دوای دابەشکردنی وشەکان بۆ پێکهاتەکانیان و دیاریکردنی ئەلۆمۆڕفەکانیان، پێویستە یاساکان دیاری و دەستنیشانبکرێن و جێبەجێکردنی یاساکان ڕێکبخرێن، وەک:

(٢٠٥) بڵقاو ⟵ بڵق + ئاو

(٢٠٦) شڵپاو ◄——— شڵپ + ئاو

٥- دانانی ئەلۆمۆرفە بنجییەکان: پێویستە بە ڕەچاوکردنی ئەگەرە لۆجیکییەکان، ئەلۆمۆرفە بنجییەکان ئامادەبکرێن و دابنرێن، بە جۆرێک هەموو ئەلۆمۆرفە گونجاوەکان، پۆلێنبکرێن بۆ هەموو شێوەکانی مۆرفێمە بنەڕەتییەکە بە بەکارهێنانی یاسا دەنگییە/ فۆنۆلۆژییە گشتییەکان، لەگەڵئەوەشدا هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرفە بنجییەکان بە زیاتر لە گریمانەیەک دەستنیشاندەکرێن، وەک:

(٢٠٧) قۆڕە – قرمە

(٢٠٨) زیکە، جیکە ئەلۆمۆرفی بنەڕەتین

بە پێی ئەو پەسنکردن وشیکردنەوانە بۆ مۆرفۆفۆنێمی ئۆنۆماتۆپیا دەتوانین بڵێین، کە مۆرفۆفۆنێم لە ئەنجامی ئەرکبینینی مۆرفێمەکان بەرهەمدێن، هەریەک لە یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی بناغەی دروستکردنی پەیوەندیی ئەم ئاستە پێکدەهێنن، واتە بە ئاوێتەکردنی دوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی ئاستێکی دیکە، کە مۆرفۆفۆنێمە سازدەبێت، لە ئەنجامی کارلێککردنیان لەگەڵ یەکتردا بە کاریگەریی دەنگی دەوروبەریان شێوەی مۆرفێمەکان دەگۆڕێت و مۆرفۆفۆنێمی ئۆنۆماتۆپیای دروستدەبێت، بۆیە مۆرفۆفۆنێم وەک ئاستێکی زمانەوانیی بنەڕەتی، پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی تێدا بەرهەمدێت، (لە یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا کۆمەڵێک یاسا هەن، کە بنەمای گشتێتی لە هەموو زمانەکانی جیهاندا نیشاندەدەن، بەڵام دەکرێت بگوترێت کە هەر زمانێک بە پێی تایبەتمەندێتیی خۆی سیستەمی دەنگیی جیاوازی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە زمانێکی دیکە جیایدەکاتەوە هەر ئەمەشە دەگوترێت هەندێک لە یاساکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازن و دەگۆڕێت، هەرچەندە هەندێک لە یاساش هەن، کە لە زمانەکانی جیهاندا گشتین و وەک یەکن) (حەمید٢٠١٧، ١٧)، لێرەدا ئەو یاسایانەی، کە پەیوەستن بە مۆرفۆفۆنێمی ئۆنۆماتۆپیا و کاریگەریی گرنگیان لە گۆڕانی دەنگییاندا هەن، دەخەینەڕوو، وەک:

١-گۆڕان (جێگرتنەوە)ی دەنگ:

لە وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکاندا دەکرێت دوو دەنگ لە هەمان دەوروبەری دەنگییدا ببینرێن و بتوانن لە جێگەی یەکتر بەکاربێن و نەبنەهۆی گۆڕینی واتا تێیاندا، وەک گۆڕانی دەنگی/ق/ بۆ/ک /، هەروەها لە ڕووی دەربڕین و درکاندنەوە پەیوەندییەکی لێکنزیکی لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە هەندێکجار مۆرفۆفۆنێم لێکۆڵینەوەیە لە شێوەی فۆنێمیکی وشەکان بێ گوێدانە واتا دەکات، بڕوانە؛

(٢٠٩) آ. کرتە بە واتای کرتەی ئەژنۆ دێت.

(٢٠٩)  ب. قرته به هه‌مان واتای سه‌ره‌وه دێت.

(٢٠٩ ) پ. جیکه به واتای ده‌نگێکه له ته‌نێکه‌وه/ هه‌بوویه‌که‌وه له کاتی گوشین و پاڵپێوه‌نانیدا دێته‌ده‌ر.

(٢٠٩) ت. جیقه به واتای جیکه دێت.

ئه‌گه‌ر به وردی سه‌رنج له‌م دوو نموونه‌یه بده‌ین بۆمانده‌رده‌که‌وێت، که به گۆڕینی ده‌نگی /ک/ بۆ/ق/ به هۆی نزیکیی شوێنی سازگه‌ی درکاندنی ده‌نگه‌کان و تا ڕاده‌یه‌کی زۆر نزیکییان له یه‌که‌وه له ڕووی درکاندنیانه‌وه، ده‌توانن له شوێنی یه‌کتر به‌کاربێن، به‌م گۆڕانه دوو ئه‌لۆمۆرفی جیاواز به‌دیهاتوون، سیما جیاکه‌ره‌کانیان به‌م شێوازه‌ی خواره‌وه‌یه:

| /ک/ | /ق/ |
|---|---|
| +نابڕگه‌یی | +نابڕگه‌یی |
| +بێده‌نگ | +نادەنگداری |
| +نه‌رمه‌مه‌لاشوو | +زمانه‌بچکۆله |
| -گڕ | +گیراو |

٢-کرتاندنی ده‌نگ:

ئه‌وه‌یه که (ده‌نگێک، یان زیاتر له وشه‌یه‌کدا نه‌مێنێت و له‌ناوبچێت، یاخود بسوێ، ئه‌مه‌ش به مه‌به‌ستی ئاسان ده‌ربڕینه ئه‌م دیارده‌یه، که به‌سه‌ر هه‌ندێک مۆرفێم و وشه دێت له ئه‌نجامی هه‌ڵکه‌وتن و ده‌رکه‌وتنیان له سنوری جیاوازدا دێته‌کایه‌وه) (نوری،  ٢٠٠٩، ٣٣).

له وشه ئۆنۆماتۆپیاکاندا به تایبه‌ت ناوی کرداری ئۆنۆماتۆپیادا هه‌ندێکجار، به لابردنی فۆنیمی (د) نابێته‌هۆی تێکچوونی واتاکه‌یان، واته ئه‌و فۆنیمه‌ی تیاده‌چێت، کاریگه‌ریی ئه‌وتۆ له واتای وشه‌کاندا ناکات، هه‌ندێک وشه‌ی تریش، که ناوی کرداری ئۆنۆماتۆپیا نیین/ ئ/ تیاده‌چێت، بڕوانه:

(٢١٠) نالاندن> نالاَنن

(٢١١) قیژاندن> قیژانن

(٢١٢) بلّقه+ئاو> بلّقاو

لەم وشە ئۆنۆماتۆپیایانەی زمانی کوردی بڕوانیین دەنگی نەبزوێنی/د، ئ/ تیاچووە، ئەم دیاردەیە نەک تەنها لە دەنگە نەبزوێنەکاندا ڕوودەدات، بەڵکو لە دەنگە بزوێنەکانی مۆرفیمە ئۆنۆماتۆپیاکانیشـــدا بە ژمارەیەکی زۆر دەبینرێت و ڕوودەدەن، بۆ نموونە:

(٢١٣) حەپە+ / -اندن/ <حەپاندن

(٢١٤) قیڕە+ / -اندن/ <قیڕاندن

بە وردبوونەوە لە نموونەکان درک بەوە دەکەین، کە لەو وشـــە ئۆنۆماتۆپیاییانەی پاشـــگری / -اندن/ یان چووەتەسەر، لە ئەنجامدا بزوێنی (ە) کرتاوە.

(٢١٥) <u>ناڵەکەی</u> ناڵە نەبوو.

لەم نموونەیەدا بزوێنی/ە/ سـەرەتایی پاشـگری / -ەکە/ لەناوچووە، چونکە وشـەکە خۆی بە بزوێنی/ە/ کۆتایی هاتووە، بۆیە لە یاسای زمانەکەماندا دوو دەنگی بزوێن بە دوای یەکدا نایەن.

(٢١٦) خشە+/ -ۆک/ <خشۆک.

لێرەدا بزوێنی /ە/ خشە نەماوەو کرتاوە.

٣-لێکچوون :

بریتییە لە ( گۆڕانکارییەکی دەنگی، کە تێیدا دەنگێک، یان زیاتر بۆئەوەی لە دەنگە دراوســـێکەی بچێت دەگۆڕێت، ئەمە لە نـاو وشـــەو مۆرفیمەکـانـدا بە گۆڕانی مۆرفۆفۆنێمی دادەنرێت، ئەمەش لەپێنـاو گوگردنی ئاســـانی دەنگەکان لە دەربڕیندا ڕوودەدات، واتە دەنگی یەکەمی پاشـــگرێک، لەگەڵ دەنگی کۆتایی وشـەیەک لەیەکدەچن و پەیوەسـتە پێوەی و هەڵگری هەندێک لێکچوونی تایبەتە) ( Dwivedi ,8) ، بۆیە (بە ئـاڵوگۆڕی فۆنێمەکـان دەوترێـت مۆرفۆفۆنێم) (Jehjooh and sheet,2020,5) ، ئەمەش دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

آ-لێکچوونی تەواو: ئەمەیان لە ئۆنۆماتۆپیای زمانی گەورەکاندا بەدیناکرێت و لای منداڵ بوونی هەیە، بۆ نموونە:

(٢١٧) قوقەی کەڵەشێر~ کوکو، بۆ نموونەی زیاتر، بڕوانە بەشی (یەکەم).

ب- لێکچوونی ناتەواو: ((لەم جۆرە یاسـایەدا فۆنێمەکە بە تەواوی بۆ ئەو فۆنێمەی هاوسـێی ناگۆڕێت، بەڵکو سـیمایەک لە سـیماکانی فۆنێم گۆڕانی بەسـەردا دێت)) (سـاڵح وعلی،٢٠١٩، ٢٠٧)، واتە گۆڕانەکە لە

یەکێک، یان زیاتر لە نیشـــــانە واتاییەکانیدا ڕوودەدات، دوو دەنگ بە هۆی کاریگەریی دەنگە دەوروبەرەکانیانەوە لە هەندێک تایبەتمەندییاندا، وەکیەکیان لێدێت، بۆ نموونە:

گۆڕانی دەنگی/ز/ بۆ /س/

(٢١٨) ویزەویز←ویسەویس

(٢١٩) زەڕەزەڕ←سەڕەسەڕ

(٢٢٠) چزەلێهەڵسان←چسەلێهەڵسان

سیما جیاکەرەکانیان بەم شێوازەی خوارەوەیە:

| /ز/ | /س/ |
| --- | --- |
| +نابڕگەیی | +نابڕگەیی |
| +دەنگدار | –نادەنگداری |
| +دانیی | +دانیی |
| +گڕی | +کپی |

بەمشێوەیە ئەگەر لە نموونەکان بڕوانین دەبینین، کە شوێنپێی فۆنیمی/ز/، کە سیمای [+گڕی] گۆڕاوە بۆ [+کپی] گۆڕانەکەشـــیان زیاتر بە هۆی کاریگەریی دەوروبەری ژینگەی فۆنەتیکیی ڕوویداوە، واتە هەندێک لە مۆرفیمەکان لە ئەنجامی ژینگەی فۆنیێمک زیاتر لە یەک شـــێوەی فۆنێتیکیان هەیە، لێرەدا دەنگی گڕی /ز/ وەک /س/ گۆدەکرێت و دەردەبڕدرێت، هەندێککات، هەر واش دەنوســـرێت، چونکە دەنگی گڕی /ز/ لەگەل دەنگی کپی/س/دا لە ســـــازگەی گۆکردنیاندا لەیەکەوە نزیکن، ئەم گۆڕانە بە گۆڕانی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی دادەنرێت.

٤-جێگۆڕکێ/ ئاڵوگۆڕکردنی دەنگ:

بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردن و گۆڕینی شوێنی دەنگێک/ فۆن، یان بڕگەیەک لە نێوان دەنگە دراوسێکاندا، لە ئەو دەنگانەی سازگەی دروستبوونیان لە یەک نزیکن، ئەم دیاردەیە لە نێوان دەنگە نەبزوێنەکاندا لە ناو سنوری وشە و مۆرفیمەکاندا ڕوودەدات، یاخود (( هەندێکجار دوو کۆنسنانت لە پێکهاتەی وشەیەکدا لە ئەنجامی بەدوایەکهاتندا جێگای خۆیان دەگۆڕنەوە، بەشێک لە کۆنسنانتی یەکەم جێگای کۆنسنانتی دووەم دەگرێتەوە، یان بەپێچەوانەوە کۆنسنانتی دووەم جێگای کۆنسنانتی یەکەم دەگرێتەوە)) (حەمید،

٢٠١٥، ٢٤)، ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەک لە ئۆنۆماتۆپیادا دەگمەنە، لەبەرئەوەی تەنها لە زمانی منداڵدا بوونی هەیەو ڕوودەدات ، بۆ نموونە:

(٢٢١) نەغمە ~نەمغە

(٢٢٢) تەپەتەپ~پەتەپەت

(٢٢٣)کش کش ~شک شک

(٢٢٤) قڵپوقۆپ~قوڵپوقۆپ

٥-زیادکردنی دەنگ:

ئەم دیاردەیە زیادکردنی فۆنێمێک، یان بڕگەیەگ (مۆڕفێمێک) دەگرێتەوە، هەرچەندە ئەم دیاردەیە بە بەراورد بە دیاردەکانی وەک (لێکچوون، کرتاندنی دەنگ، گۆڕانی دەنگ) کەمتر ڕوودەدات، لە زمانی گەورەکاندا ڕوونادات، لە زمانی منداڵیشدا کەمە، ((چونکە کردەی ئاسانکردن باڵادەستە لەبەر سنووردارایی تواناکانی منداڵ لەم قۆناغەشدا پرۆسەی دەستگرتن بە وزەوە زۆرە)) (خەلیل، ٢٠١٣، ١٣٩)، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هەر نەبێت، وەک:

(٢٢٥) ( باعەباع~باعە باع باع، میاوو، عەنن)

لێرەدا تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە دەنگی نەبزوێن، بە تایبەت کۆتایی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان درێژدەکاتەوەو دووبارەیدەکاتەوە لەمانەشەوە بە جێبەجێکردنی یاسا مۆڕفۆلۆژییەکان و فۆنۆلۆژییەکان، وەک (جێگۆڕکێکردنی دەنگ، کرتاندنی دەنگ..............هتد)، کە بە هۆی بارودۆخی فۆنەتیکییەوە لە ژینگەی فۆنەتیکیدا ڕوودەدەن، دەبنە هۆکارێکی گرنگ و سەرچاوەی سەرەکیی دروستبوونی مۆڕفۆفۆنێم (مۆڕفۆفۆنۆلۆژیی)ی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا.

## ٦/٢) بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

فەرهەنگی ئاوەزیی ( وەک چەمکێک بۆ ڕێکخراوی ئاوەزی گەنجی وشەی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت) (مەحوی، ٢٠٠٦، ١٢)، فەرهەنگی ئاوەزیی گەنجینەی زانیاریی زمانی و نازمانییە، زانیارییە زمانییەکانیش، وەک (مۆڕفۆلۆژیی، فۆنۆلۆژیی، سینتاکسی وسیمانتیکی)تێدا کۆکراوەتەوە (خەزنکراوە)، فەرهەنگی ئاوەزیی واتە ((وشەنامەی ناو مێشک، زاراوەیەکە بۆ چۆنێتیی ڕێکخراوەی ئاوەزیی گەنجی وشە)) (سەرچاوەی پێشوو)، واتە تێیدا زانیارییەکانی بە شێوازێکی ڕێکخراو لە ناو ئاوەزی ئاخێوەری هەر زمانێک سەبارەت بە زمانەکەی هەڵگیراوە.

ئۆنۆماتۆپیا، کە لە لاساییکردنەوەی سروشتی دەنگەکانەوە بەرهەمدێت و تا ڕادەیەک سروشتی لەخۆوەبوونی تێدایە، وەک هەر وشەیەکی ئاسایی تر دێنەناو پێڕەوی زمانەوەو لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، ( Körtvélyessy) دەنووسێت (( لەخۆوەیبوون (arbitrariness) ئەم وشانە دەیهێنێتە ئاستی وشەکانی تر لە فەرهەنگدا)) (15 ,2020)، کەواتە وشەی ئۆنۆماتۆپیا یەکەی فەرهەنگین (لێکسێمن) و دەتوانن ببن بە ڕەگ بۆ وشەی نوێ و لێکسیمی نوێ ، بۆ نموونە وشەی (میاو ) زۆر کات درێژدەبێتەوە بۆ گەیاندنی واتای ئەنجامدانی دەرکردنی دەنگی (میاو)، واتە بە واتای کردار بەکاردێت (Feist, 2013, 107)، بۆیە ناوی کرداری (میاواندن) چیدی ئۆنۆماتۆپیای ڕاستەوخۆ نییە و کردەیەکە، پاشانیش ئەم وشانە دەکرێت ببن بە وشەی ئاڵۆز، کە پێکهاتبێتن لە ڕەگ و (پاشگرو پێشگر و ناوگر).

ئەم پرۆسەیە لە مۆرفۆلۆژیدا وەک لایەنێکی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە لێیدەڕوانرێت، بنەمای گرنگ و کرۆکی پرۆسەکە بنەمای واتاگۆڕینە، چونکە بەلێکسیمبوون بۆ نواندنی واتای وشەیە، هەرچەندە بنەمای فۆرمگۆڕین و پۆلگۆڕین، وەک بنەمایەکی ناسەرەکیی لە لێکسمبوونی ئۆنۆماتۆپیادا بەرجەستەدەبێت، ئەمە پرۆسەیەکی یاسابەندی ڕێکخراویی فەرهەنگی زمانە و لە لایەن ئاخێوەرانی لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییاندا لێکدەدرێتەوە و بەڕێوەدەچێت، کردەی بەلێکسیمبوون ( Lexicalization) بریتییە لە ((پرۆسەی بنیاتنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی بیرۆکەیەک)) (Nordquist, 2020)، بەلێکسیمبوون کردەیەکی ئەبستراکتە بۆ تێکردەی توخمێک لە فۆڕمی وشەو دەربڕاوە هەڵگوازراوەکاندا بۆ فەرهەنگی زمانێک، بە واتا کردەی بەلێکسیمبوون بریتییە لە کردەی چۆنێتیی سازبوون و تۆمارکردنی وشەی نوێ لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، بۆیە لێکسیم یەکەی بنچینەیی فەرهەنگی هەر زمانێکە، بەهۆی کردەی بەلێکسیمبوونەوە لێکسیم بەرهەمدێت، لە فەرهەنگی زمانەوانیدا بریتییە لە پرۆسەی زیادکردنی وشە، فریز، یان تەرزێکی وشە بۆ فەرهەنگی زمانێک، واتە ئەو پرۆسەیە لەخۆدەگرێت، کە بە دوای توخمێکی نوێدا بۆ فەرهەنگی زمان دەگەڕێت، هەرچەندە بەلێکسیمبوون لەگەڵ بەڕێزمانیکردن (grammaticalization) جیاوازەو پەیوەندی نێوانیان ئاڵۆزە و شایانی تێڕامانە، بەڵام لە ڕوانگەی زمانەوانی مێژووییەوە، سەرنجڕاکێشە و ئەو پرۆسەیەیە، کە بەهۆیەوە دەستەواژە تایبەتەکان و فرێزەکان لە زماندا جێگیردەبێت  بە شێوەیەکی ڕێکخراو، هۆکارێکی کاراو کاریگەرن بۆ دەوڵەمەندکردنی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان.

لە کردەی زیادکرنی وشەی ئۆنۆماتۆپیا بۆ فەرهەنگ بە پێی جۆری کردەی بەلێکسیمبوونەکە جۆری جیاوازی لێدەستنیشانکراوە و لە پاری داهاتوودا بە وردی دەخرێنەڕوو.

### ٦/٢-١) بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیای فۆڕمنەگۆڕ:

ئەو فۆڕمە (بەلێکسیمبووانەیە، کە شێوەیان گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، واتە هەمان کەرەستە و هەمان فۆڕمەو هەمان سەرە و ڕیزبوونی فۆڕمە سینتاکسییەکەیان هەیە) (سەعید، ٢٠١٥ ، واتە دووبارە بەکارهێنانەوەی دەربڕاوێکی ئۆنۆماتۆپیاییە بێ زیادکردن و کەمکردنەوەی هیچ دەنگێک (فۆنیمێک)، یان بڕگەیەک وەک خۆی، ئەم کردەیە لە لێکسیمە ئۆنۆماتۆپیاکاندا و بە تایبەت ناوییەکاندا دەبینرێت و دەکرێت بە هۆی دووبارە بەکارهێنانەوەیان و بەرجەستەکردنیان لە ڕستەدا ببنە نواندنی چەمکێکی تر و واتایەکی دیکە بگەیەنن، بڕوانە نموونەکانی (٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٨ ،٢٢٩، ٢٣٠):

(٢٢٦) شێرکۆ بێکەس لە هۆنراوەی یەکەم سەفەردا وتویەتی :

وەک گۆرانی و دەنگی خۆش و

<u>چریکەکەی</u>"ئەحەی ناسر' (بێکەس، ٢٠٠٦، ٣٧)

(٢٢٧) شێرکۆ بێکەس لە هۆنراوەی چادرگە دەڵێت: جۆگە و ڕووبار، لەسەر پشت کەوتوون

دوکەڵیان داوە بەسەرخۆیاندا و هەر چاویان دیارە

گوێشم لێیانە: وەک ڕەزوکێڵگە، <u>هەڵئەقرچێن و ناڵەناڵیانە</u>

گوڵە گەنمەکان، وەکو کارژۆڵە تازە زاوەکان

بێ هەناو لاوازە، کۆمانەتەوە ( بێکەس، ٢٠٠٦، ٦٢٣)

(٢٢٨) هێشتا هەر <u>چۆڕە چۆڕ</u> مەعاشمان دەدرێت.

(٢٢٩) هەر کات گوێت لە<u> زەڕینی</u> کەری دوو پێ بوو، هەڵسە بڕۆ لەو شوێنە.

(٢٣٠) ئەمساڵ ئاگری نەورۆز بە دارو چیلکە ناکەینەوە، چونکە لە ناو جەرگەی دڵی گەنجاندا<u> گڕ</u> بەرزدەبێتەوە.

بە تێرامان لە نموونەکان (لێکسیمە هێڵ بەژێردا هێنراوەکان) لە ناو ڕستەکاندا، واتایەکی ناڕاستەوخۆ و خوازەییان هەیە، چونکە (زەڕە دەنگی کەرە، هەڵقرچان دەنگی ڕۆنە، گڕە دەنگی ئاگرە، چریکە تایبەتە بە بولبول ، چۆڕەچۆڕ دەنگی شلەمەنییە)، بەڵام لێرەدا ئەم فۆڕم و کەرەستانە لە ڕووی فۆڕمەوە وەک خۆیان لە ڕستەکاندا بەکارهاتوون و لە نواندنی واتاییاندا جیاوازن و بە واتای نافەرهەنگی بەکارهاتوون، واتە زانیاریی کرۆکییان بەندە بە چۆنێتیی بەکارهێنانی واتایان لە ناو ڕستەکاندا و واتا و

مەبەستەکەیان لەلایەن قسەکەرانی زمانەکەوە شیدەکریتەوە، بۆیە بۆ ئاخێوەرێکی تری زمان، وەک (زمانی ئینگلیزی، عەرەبی..........هتد)، لێکدانەوەی واتاییان ئاڵۆز و نادیارە، کەواتە پرۆسەی بەلێکسیمبوون پرۆسەیەکی نادیارو دژوارە، بەڵام پێرەوبەندانەیە و ئاخێوەری زمان خۆی دروستیدەکات، هەر ئەوانیش بنیاتنەری دووبارەبوونەوەین.

## ٢-٦/٢) بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیای فۆرمگۆڕاو:

ئەو فۆرمەی (بەلێکسیمبوونە، کە شێوەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، واتە هەمان کەرەستەی فۆرمە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییەکانیان نییە و ڕیزبوونەکەشیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە) (،سەعید، ٢٠١٥ دەرکردەیەکی ئۆنۆماتۆپیای جیاواز لە فۆرمە بنەڕەتییەکەیان بەرهەمدێنن، سەرەڕای ئەوەی هۆکارێکن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بە فۆرم و واتاوە.

لەم کردەیەدا فۆرم و واتا گۆڕین ئاوێنەی یەکترن، بە هاوتەریبی و هاوتایی بەرانبەر یەک دەوەستن و وەک یەک ڕەفتاردەکەن، واتە فۆرمی کەرەستە ئۆنۆماتۆپیاکان دەگۆڕێت و کاریگەری لەسەر واتاکەشیان بەجێدەهێڵن، لەگەڵ خۆیدا واتا گۆڕینی بەدوادا دێت، بۆ نموونە:

(٢٣١) تەقی ——◄ هەڵتەقین

(٢٣٢) تەپی ——◄ داتەپین .

(٢٣٣) چرکەچرک ——◄ بیچرکێنە.

لەم نموونانەدا جگەلە گۆڕینی فۆرم و واتا، پۆلە ڕێزمانییەکانیشیان لە ناوەوە بۆ کردار، ناو بۆ ناوی کرداریی گۆڕاوە.

ئەم پرۆسەیە لە هەموو وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکانی ناو زماندا بەرجەستەدەبێت، چ سادە، داڕێژراو، یان لێکدراو بێت، کە دەبێت بەلێکسیمێکی سەربەخۆ، وەک تاکە وشەیەک لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییماندا کۆدەکرێتەوە، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و کەرتەکانی جیاناکرێتەوە، بڕوانە:

وشەی سادەی ئۆنۆماتۆپیای (مشە)، کە دەبێت بە وشەیەکی داڕێژراوی ئۆنۆماتۆپیا (مشن)، وەک لێکسیمێکی نوێ ڕۆدەنرێت هەرچەندە لێرەدا پۆلی وشەشی گۆڕیوە و پۆلگۆڕینەکە بووەتەهۆی بەلێکسیمبوونی.

بەلێکسیمبوون لە ئۆنۆماتۆپیادا لەسەر بنەمای پەیوەندیی واتایی (دەنگ و هەبووەکە) دادەڕێژرێت، دنیابینیی ئاخێوەرانی کورد لە پەیوەندیی واتاییاندا ڕەنگیداوەتەوە، لە نموونە ئۆنۆماتۆپیاکاندا دەردەکەوێت، کاریگەریی گرنگ و سەرەکی لەم پرۆسەیەدا هەیە، بەم شێوەیە چووەتەناو فەرهەنگی زمانەکەمانەوە، بڕوانە:

(٢٣٤) (خشەخش، باعەباع) ئاخێوەر بە هەستی بیستنی گوێی لە دەنگی (خش، باع) بووە و بەو پێوەرە ناویلێناوە.

## ٦/٢-٣) بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیا لە ڕێی دروستە سینتاکسییەکانەوە:

دروستە سینتاکسییەکان یەکێکن لە سەرچاوەکانی کردەی بەلێکسیمبوون لە زماندا، بۆ بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیاش، سەرچاوەن و بەگشتی بریتیین لە (سەعید، ٢٠١٥، ٧٤-٩٥):

### ٦/٢-٣-١) بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیای فرێزی ناوی ($N^-$) :

ئەمجۆرەیان ئەڵتەرناتیڤی جێگرەوەیان نییە، واتە بە لەبریدانان ناتوانرێت کەرەستەیەکی تر جێگەیان بگرێتەوە، چونکە ئەمانە پرۆسەی ناونانن و لە زمانەکەماندا چەقیانگرتووە، وەک کەرەستەیەک ڕەفتاردەکەن و ناتوانرێت لە ناوەخنیاندا دیارخەرەکانیان بۆ زیادبکەین، بۆ نموونە:


(٢٣٥) قاسپەی کەو

(٢٣٦) واقەی ڕێوی

(٢٣٧) بۆڕەی مانگا

ناکرێت بڵێین (*بۆڕەکەی مانگا، *بۆڕەکانی مانگا، *بۆڕەیەکی مانگا، واقەکانی ڕێوی............هتد) .

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدەین، دەبینین پێڕەوی یاسای (ناو+ی+ناو)یان کردووە و لە ئەم دروستە سینتاکسیانەدا زۆرجار ئاخێوەری چالاک و بە سەلیقەی زمان دەتوانێت ناوی دووەم دەرنەبڕێت، لەبەرئەوەی ناوی دووەم لە ناو ناوی یەکەمدا قاڵبووەتەوە، واتە ناوی یەکەم سەرچاوەی دروستبوونی ئەمجۆرەیانە و زانیارییەکانی تێدا هەڵگیراوە، بڕوانە هێڵکاریی (٧):




هێڵکاریی (٧) بە لێکسیمبوونی دروستەو پێکهاتەی ئۆتۆماتۆپیای فریزی ناوی

### ٦/٢-٣-٢) بەلێکسیمبوونی ئۆنۆماتۆپیای وشەی تەکخراو (Coordinate):

ئەمجۆرەیان، وەک :

(٢٣٨) چرکە چرک، بۆ ڕوونکردنەوەو زانیاریی زیاتر، بڕوانە پاری (٢/٢-٢-٣).

### ٦/٢-٣-٣) بەلێکسیێمبوونی ئۆنۆماتۆپیای کرداریی( $V^-$ ):

ئەم شێوازە لە ئۆنۆماتۆپیادا پانتاییەکی باشی داگیرکرووە، لە یاسای [v +[p] لە نموونەکانی (٢٣٩، ٢٤٠ )دا دەردەکەوێت:

(٢٣٩) لێخشێن

(٢٤٠) تێخزێن

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە نموونەکان، کە مەرجی بوونی واتاگۆڕین و پۆلگۆڕین و تەناتەت فۆرمگۆڕینیشیان بەسەردا جێبەجێکراوە، بوونەتە لێکسیێمێکی سەربەخۆی ناو فەرهەنگ، نموونەکان لە ناو سینتاکسدا لە شێوەی فۆرمی پێشناویدا دەردەکەون، دەتوانن بە هەمان دروستەوە لە فریزی تافدا بن بە( $V^-$ ).

لە کردارە تێنەپەڕە ئۆنۆماتۆپیاکاندا (V کان دەبنەوە بە $V^-$ دواتریش بە $V^0$ )، چونکە هەر لە فەرهەنگدا پێویستان بە تەواوکەر نییە بۆ نواندن و گەیاندنی واتاکانیان، لە سینتاکسیشدا بەرکاریان ناوێت، هەندێک لە وشە بەلێکسیێمبووەکان لە کەتیگۆریی (ناو) و (کرداری سادە) پێکدێن، بۆ نموونە:

٢٤١-(ناڵەکردن) بووە بەلێکسیێمێکی سەربەخۆی یەک وشەی واتاداری چەسپاو، وەک یەک کەرەستەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، (T) کەشی بریتییە لە (د).

(٢٤٢) فشبوونەوە، وەک یەک یەکەی فەرهەنگیی، پێکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و لە کاتی نووسیندا بەیەکەوە دەلکێنرێن، لە (ناو+ کرداری داڕێژراو، ( T ) کەی (وو).

(٢٤٣) بۆمبەکە تەقییەوە. پێکهاتەی کردارە داڕێژراوەکەی لە [کردارێکی سادە+ پاشگری ەوە، (T) ی (ی)] دروستبووە.

لە مۆرفۆلۆژییدا زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناو مۆرفیم و وشەکان دەنوێنرێت، واتە زانیاریی ناوەخنی لێکسیمەکان نادیار و شاراوەن و ئەرکی مۆرفۆلۆژیی شیکردنەوە و کنەکردنی کەرەستە زمانییەکانە بۆ هەڵگواستنی ئەو زانیارییانە و یەکێک لەو کەرەستانەش ئۆنۆماتۆپیایە، بڕوانە :

٢٤٤- (قرتە، جیکە) هەریەکەیان بەکارهێنانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە نواندنیاندا زانیارییەکان ڕووندەبێتەوە، لە فەرهەنگی ئاوەزیماندا واتایەکی دیاریکراویان بۆ فەراهەمبووە، وەک :

٢٤٥-(قرتەیکرد، جیکەیکرد) بە هۆی بەکارهێنانی وشە بنچینەییەکە لە دوو دروستەی نوێی زمانییدا، نواندنێکی تر و فۆڕم و واتایەکی تریان هەیە، لە فەرهەنگیشدا وەک لێکسیمێکی سەربەخۆ واتاکەیان تۆمارکراون.

لەمانەشەوە ئۆنۆماتۆپیا دەبێتە سەرچاوەی کردەی مۆرفۆلۆژیی و لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی وشە دروستکردندا بەشدارە، ئۆنۆماتۆپیا ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی بەرهەمهێنان و دەوڵەمەندکردنی وشە بۆ ناو فەرهەنگی زمان، کە لە ڕێگەی دەنگە سروشتییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت.

# بەشی سێیەم

# سیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا

## ١/٣) ئۆنۆماتۆپیا وەک جۆرێکی هێمای زمانیی:

هێماسازی بریتییە لەو زانستەی لە هەموو جۆرەکانی هێما دەکۆڵێتەوەو هێما زمانییەکانیش بەشێکی ئەم زانستە پێکدەهێنن، ((هەر بابەتێک، کردەیەک، ڕووداوێک.....واتا بگوێزێتەوە، یان ئاماژە بدات بەوەی ئەم بابەتە.......ئەم ناوەڕۆکەی هەیە، بە هێما دانراوە، یاخود هێما دروشمە، ئاگادارکردنەوەیە، بانگەشەیە بۆ ئەو ناواخنە زانیارییەی دەیگەیەنێت)) (حسەین، ٢٠٢١، ٥٣)، واتە ((هێماکان ناون بۆ چەمکەکان)) (سەرچاوەی پێشوو، ٥٦) و چەمکەکانیش وێنای هێماکانن، کە لە بیر و ئاوەزماندا هەڵگیراون.


هێما بە ڕەگەز و توخمی سەرەکی و ناوەڕۆکی تیۆری هێمالۆژیی دادەنرێت و یەکە و کەرەستەی تیۆری هێمالۆژییە، هێما کردەیەکە بۆ ئاماژەدان و بەهێماکردنی ڕووداو و جیهان و دیاردەکانی دەوروبەرمان ..........هتد، هێما وەک هەریەکەیەکی تر، دروستە و پێکهاتەی هەیە و دروستەی هێماش بۆ دوو پێکهاتە دابەشکراوە، پێکهاتەیەکیان بریتییە لە (فۆرم، ڕووخسار، ناو)، کە ڕیزە دەنگێکە بە گوێمان دەیبیستین ئاستەکانی وەک (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی) ئەم ڕووە دەنوێنن* پێکهاتەی ناوەوەی هێما ناونراوە (ناوەڕۆک، چەمک، بیر)، کە دروستەی ناوەوەی هێمان و واتا خۆی بۆ تەرخانکردووە، پەیوەندیی فۆرم و واتا تەواوکەرییە، بە جۆرێک باس لە هەریەکەیان بکەین ئەوی تر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، فۆرم هیچ بەهاو نرخێکی نییە ئەگەر واتای لەگەڵدا نەبێت و گوزارشتی لێنەکات.

لە دەستپێکی لێکدانەوەی هێماکانی زماندا، تەنها لە چوارچێوەی ژیربێژیدا و لای فەیلەسوفەکان لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرا، لەم سەردەمەدا لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی هێما بە زمانەوە بەندە و لەناو زماندا شیدەکرێتەوە، ((لە ساڵی Perice 1931 بە شاکارەکەی، زانستی هێمای لە بەستنەوەی بە ترادسیۆنە ژیربێژییەکەیەوە ڕزگارکرد))، (مەحوی ،٢٠٠٩، ٣١ )، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی هێما بۆ هێما نەبێتە پێشەنگ، بەمەش پێرەوی هێمایی هێنایە ناو لێکۆڵینەوەکانەوە، ((هێما ئەو کۆدە دەربڕاوانە یان نوسراوانەی ، کە بە وشە و ڕستە دەردەبڕێت، یان بە پارازمانییەکان، کە لەگەڵ زماندا دێن و بابەتەکەیان لێپێکهاتووە و لەخۆدەگرێت))، (دزەیی،٢٧،٢٠٠٤)، کەواتە کەرەستە زمانییەکان خودی هێماکانن.

لە بواری واتادا (Ferdinand de Saussure) ئاماژەی بە بنەمای (هێما و هێمابۆکراو) داوە (( زاناو فەیلەسوف (شارل سندرسبیرس)یش بە سێ بنەما باسیکردووە، دوای ئەم لێکۆڵینەوانە لە پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراو، ڕەگەزی چوارەم بە ناوی کاریگەرییە دەرەکییەکان هاتووەتەناو باسەکەوە ، کە ڕۆڵی بەستنەوە و پەیوەستکردنی نێوان هەر سێ ڕەگەز و بنەماکان بە شێوەیەکی بازنەیی لەخۆدەگرێت، کە سێ ڕەگەزەکەی تر بە شێوەیەکی سێگۆشەییە، بەڵام ڕەگەزی چوارەم بە شێوەیەکی بازنەییە، وەک چۆن گەردیلەکان لەسەر شێوەیەکی بازنەیی دەسوڕێنەوە، ئەم ڕەگەزی چوارەمەش بەم

* ئەگەر بەپێڕەوی ئاخاوتن بێت وبەپێرەوەکانی تری وەک نووسین و وێنە......... کەرەستە/ فۆرمەکە دەگۆڕێت.......

شێوەیەیە، کە بنەمای چوارەمی هێما و هێمابۆکراوە))، (یخلف، ٢٠١٢، ١٧) دەکرێت پەیوەندیی سێ بنەماکەی (شارل) لەگەڵ ڕەگەزی چوارەمدا لە هێڵکاریی (١)دا بنوێنین:




هێڵکاریی (١) ڕەگەزەکانی هێما

هێما زمانییەکان ئەو هێمایانەن، یاخود ڕەمزانەن، کە بۆ گۆکردن و نووسین و ئاماژەدان و گوزارشتکردن لە هێمابۆکراوەکانیان لە دەرەوەی زماندا بەکاردێن، تاکو کردەی پەیوەندیگرتن و ئاخاوتن دروستببێت، هێمای زمانیی بۆ گەیاندنی زانیارییە، خاوەنی تایبەتمەندییەکی جێگیر نییە و پەیڕەوی یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراو ناکات و لە بەکارهێنانیشدا خاوەنی یاسایەکی دیاریکراو نییە لە ڕووی گەیاندنی واتاوە، بەڵکو پەیکاڵی ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە، بۆ نموونە دەتوانین (س) وەک هێمایەک بۆ وشەی (قرچەی دار) دابنێین و دەشتوانین بیگۆڕین، >> هێما<< ((ئەو یەکەیەیە، کە لە ئیشارەیەک/ بروسکەیەک و زانیارییەکی پڕاوپڕ و گونجاو پێکهاتووە)) (حسەین، ٢٠٢١، ٥٣)، هێماکان شتێک دەنوێنن کە خۆیان نیین، بەڵکو بیرێک لە مێشک و ئاوەزی مرۆڤدا دەگەیەنن، پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی بێ بەرانبەرییە (لەخۆوە)یە، چونکە هێمابۆکراو ئەو شتەیە، کە لە واقیعدا ئاماژە بە بیرێک، یان کۆمەڵە بیرێک دەکات و ناوێک لەخۆدەگرێت (عەللاف، ٢٠٠٨، ٣٦)، هێمای زمانیی بۆ کردەکانی پەیوەندیگرتن و لەیەکگەشتن بەکاردێن، دوو دیوەکەی هێمای زمانیی لە مێشکی مرۆڤدا پێکەوە هەڵگیراون و ((لە شێوەی دروستەی بیریی و نیشانە واتاییەکان))، (مەحویی، ٢٠٠٩، ٥٤)، لە فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤدا هەڵگیراون و لە کردەکاندا بەکاردەهێنرێنەوە، هەربۆیە ((تەنها ئەو ڕەمزانەی لە کردەی پەیوەندی و گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتندا بۆ لەیەکگەیشتن بەکاردەهێنرێن، بە هێما دادەنرێن)). (مەحویی، ٢٠٠٩، ٥٤)، واتە ئاماژە و دەربڕینی زمانیی ئەگەر بۆ کردەکانی پەیوەندیگرتن و لەیەکترگەیشتن بەکارهاتن، هێمای زمانیین و فۆرم و واتاکانیشیان لە ئاوەزدا هەڵگیراون.

هێماکان دەربڕی زانیارییە ناوەخنکراوەکانی هێمابۆکراوەکان دەگەیەنن، هێما نیشانەو پێناسەیە بۆ هێمابۆکراو، واتە هێما و هێمابۆکراو وەک دوو بابەتی پەیوەست و تەواوکەری یەکتر دادەنرێن، پەیوەندییەکەیان زێدەتر دەردەکەوێت کاتێک لە بیر و هۆش و هزرماندا گوێمان لە هێمایەک دەبێت ودەزانین، کە ئەو هێمایە بۆ ئەو هێمابۆکراوەیە، بە بیروڕای هەردوو زانا (شارل بالی، البیرسشهای)، کە ((هێمای زمانیی ناوەکە و شتەکە نابەستێتەوە بەیەکەوە، بەڵکو چەمک و وێنە دەنگییەکە دەبەستێتەوە

بەیەکەوە، ئەمە دوای دەنگە بیستراوە فیزیاییەکە نییە، بەڵکو کاریگەریی هزرە بۆ دەنگەکە، یان ئەو وێنەیەی هەستەکانمان پێماندەگەیەنێت، کە وێنەیەکی هەستییە)) (زواوی،٢٠١٩، ١٠٧) ، بۆ نموونە:
(١)گرمە
کاتێک گوێمان لە هێمای (گرمە) دەبێت، ڕاستەوخۆ هێمابۆکراوەکەی لە زەین و ئاوەزماندا دێتەیاد، کەواتە هەڵگری واتایە، ((واتاش بۆچوونێکە بە هێماوە بەستراوەو کۆمەڵ بەکاریدەهێنێت)) (دزەیی ،٢٠١٤، ٥٢)، وەک نموونەی (٢):
(٢)جیڕە
واتای (جیڕە) ئاماژە بۆ دەنگی جیڕەی دەرگا دەکات و چەمکی وێنەی جیڕەی دەرگا دێتە هزرمان، لەگەڵ ئەو زانیارییانەش، کە لە ئاوەزماندا سەبارەت بە جیڕەی دەرگا هەڵگیراون، وێنەی ئاوەزیی ((وێنە کۆپیکردن و وێناکردن و تۆمارکردنی ئاوەزیانە/ هزریانەی بابەتەکانە، وێنەی هزری شێوەی پێکەوەهاتن و نەخشاندنی پەیوەندیی واتاکانە لە هزردا بۆ گەیشتن بە چەمکە نموونەییەکان و بەردەوامبوونی پرۆسەکانی بیرکردنەوە)) (حسێن، ٢٠٢١، ٥٨) ، بیریش بە وێناکردنی/ نواندنی وێنەی هزری دادەنرێت، یاخود وێنەی ئاوەزیی بریتییە لە ((وێنەی هزری شتێک، کۆپی و وێنەیە بۆ شتەکە، ناو–هێمایە بۆ شت، کەواتە ناوەکە پێش هەموو شتێک وێنە هزرییەکەیە بۆ شتەکە))، (عزیز،٢٠١٧، ١٦٦)، واتە ئەوە دەگەیەنێت ڕووداو و شتەکان وێنەیەکی هزرییان لە مێشکی مرۆڤدا هەیە، ناومان لێناون بە هێما، کەواتە لە هێمادا شتێک نوێنەرە بۆ شتێکی تر و زۆرجار لە هێمابۆدانراودا شتەکان بەرجەستە و کۆنکرێتین، هێماش هەیە هێمابۆکراوەکەی نادیار و ئەبستراکتە و بە هەستەکانمان درکیانپێدەکەین وەک (فریشتە، ئیزرائیل، شەیتان......هتد)، هێما وەک ((خاڵی نزیکبوونەوەی فۆڕم و واتا دادەنرێت، فۆڕم وەک دەنگەکان کۆنکرێتە، واتاش ئەبستراکت (مەعریفی، دەروونی)یە)) (Hatim, 2019, 3)، جیاوازی لە نێوان زمانەکانی جیهاندا لە هێمای زمانیدا هەیە، چونکە ناونانی شت و دیاردە و تەن و ڕووداوەکانیان لە هێماکاندایە و جیاوازیی هێماکانیش بۆ دنیابینی و ژینگە و ئاوەزمەندیی و کەلتوورو.........هتد دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە:
(٣) مۆرفێمی (حەپە، وەووەو) لە زمانی کوردیدا، کە هێما دەنگییەکانی (ح، ە، پ، ە)، لە زمانی ئینگلیزیدا (baw– waw) لە زمانی عەرەبی ( نباح ) ی پێدەوترێت، بە لێکدانی ئەم هێما دەنگیانە دەبێتەهۆی دروستکردنی وشە، چونکە (وشە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک دەنگی زمانی لە دەرەوەی چوارچێوەی کەلتوورێکی تایبەتدا واتای نییە، ئەمەشە وشە بەرەو واتا دەبات، کەواتە بە وشە و واتاکە هێما دروستدەبێت)، (دزەیی، ٢٠١٥، ٣٤).
ئۆنۆماتۆپیاش وەک جۆرێکی هێمای زمانی ئەو وشانەن، کە ئاماژە بۆ تەن، دیاردە و ڕووداوێکی دیاریکراو لە جیهانی دەرەوە و دەوروبەردا دەکەن، لە لاساییکردنەوەی دەنگی کەسێک، ئاژەڵێک، یاخود باڵندەیەک........هتد پێکهاتوون، نموونەی چەمکن، بۆ نموونە:

(٤) گڤە

هێمای (گڤە ) دیاردەیەکی دیاریکراوە، کە لە (با)وە ڕوودەدەن، لە جیهانی دەرەوەدا بوونی هەیە.
فەیلەسوف (Cassirers) دەڵێت: ((هێماکان بەشێکن لە جیهانی فیزیکی بوون، هێما بەشێکە لە جیهانی واتایی مرۆڤ، نیشانەیەکی سروشتیی ئۆتۆماتیکی، لەخۆوەیە، بە جۆرێکە کە هێما و هێمابۆکراوەکەی بە شێوەی سروشتیی یەکدەگرنەوە) (SAHIB and HUM ,2020 ) ، واتە لە ئۆنۆماتۆپیادا هێماکە وێنەیەکە لە هێمابۆکراوەکەی، هێمایەکی زمانییە و بەشێکە لە زمان، لە دەنگی تەنەکەیەوە وەرگیراوە، زمانەوان (Ferdinand de Saussure) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی زانستی زمانی نوێ و دان بەوەدا دەنێت، کە ((وشە ئۆنۆماتۆپیاکان بوونەتە بەربەست لە بەردەم تیۆری لەخۆوەیی هێمای زمانیدا) (maria A.Flaksman, 2018, 2)، هەروەها (ئۆنۆماتۆپیا بە پێچەوانەی هێماکانی تری زمانەوە، هێماکان پەیوەندییان بەو هەبووەوە هەیە، کە ئاماژەپێدەکەن، بەشێکی زۆر بچوک لە زمانە سروشتییەکان پێکدەهێنن و پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان خودی هێما و هێمابۆکراوەکانیاندا هەیە) ( Hatim, 2019, 5)، بڕوانە نمونەی (٥، ٦):

(٥) میاو

ئەم هێمایە ڕەنگدانەوەی ئەو دەنگەیە، کە لەلایەن ئاژەڵی (پشیلە)وە دێتەدەرو بەرهەمدێت، پەیوەستە تەنها بەوەوە، واتە ئەم فۆڕمی هێمایە ئاوێتەی واتاکەیەتی و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە.

(٦) ڤرەڤر

لەم هێمایەدا بەرانبەر هیچ وێنەیەک لە ئاوەزیدا دروستنابێت، بەڵکو وێنەی چەمکەکەیە و دەنگەکەیەتی ، کە ئەویش دەکەوێتە سەر ڕادەی دەنگەکەی، کە بەرزی و درێژیی دەنگەکەیەتی، تاکو جیایدەکاتەوە لە وشەکانی تر وەک (تەپەتەپ، گرەگر..........هتد)

(٧) دلۆپ دلۆپ

لەم نموونە ئۆنۆماتۆپیایەدا وێنەی ڕادەی زۆر هێواشی دەنگی ئاو لە ئاوەزماندا دروستدەبێت.

(٨) چپەچپ

لێرەدا وێنەیەکی دەنگیی ڕادەی سوکی و هێواشیی قسەکردن لە ئاوەزماندا بۆ دروستدەبێت.

(٩) قیژەقیژ

بە تێڕامان لەم هێمایە لە ئاوەزی بەرامبەردا وێنەیەکی چەمکیی ڕادەی دەنگی بەرز فەراهەمدەبێت، کەواتە لەم نموونە ئۆنۆماتۆپیایانەدا وێنەیەکی بەرجەستە وەک وشەکانی تری زمانەکەمان دروستنابن، بەڵکو وێنەی ڕادەی (بەرزی، نزمی، قورسی و ئاسانیی ئاخاوتن، کورتی و درێژیی دەنگ ...... هتد) دروستدەبێت.

(١٠)نەڕەنەڕ

لەم هێمایەدا لە بەرانبەر هێمابۆکراوەکەی وێنەیەکی بەرجەستەی دەنگی (شێر) لە ئاوەزدا بەرهەمدێت.

(١١) زەرەزەر
لە ڕێگەی درککردنمانەوە لەم هێمایەدا وێنەیەکی بەرجەستەی ڕاستەقینەی دەنگی (گوێدرێژ) لە ئاوەزی مرۆڤی کوردا فەراهەمدەبێت.

(١٢) قرخە
ئەم هێمایە بوونێکی فیزیکی هەیە، واتە وێنەیەکی فیزیکیی دەنگییە، هەروەها وێنەیەکی تابۆی بەڵخەمی لە ئاوەزدا دروستکردووە.

(١٣) ترخن
ئەم نموونەیە وێنەدارە و وێنەیەکی زۆرخۆری، نەوسنی لە ئاوەزی مرۆڤی کوردا دروستدەکات.


(١٤) مشن
وێنەیەکی فیزیکیی کەسێک، کە هەمیشە مشەی لووتی دێت، یاخود وێنەیەکی تابۆی کەسێکی لووتپیس لە ئاوەزماندا دروستدەکات.

بە گشتی هێماسازی، پشکنین بۆ جۆری ئەو پەیوەندییە دەکات، کە هەر هێمایەک لە نواندنی هێمابۆکراوەکەیدا دەیگەیەنێت و (pierce) خودی هێماکان بۆ سێ جۆر پۆلێندەکات، أ.هێما، یان نوێنراو Representament ، نوێنەرایەتیی شتێک دەکات بۆ کەسێک دەربارەی شتێکی تری پەسنکراو، (( ئەو نیشانەیەی لە زەینی کەسی بەرانبەردا دروستدەبێت ڕاڤەکراوی نیشانەی یەکەمە، کە بنەمای نیشانەکەیە ئەو نیشانەیە نوێنەرایەتی شتێک دەکات کە بابەتەکەیەتی))، (دزەیی، ٢٠١٥، ٢٨)، واتە هێمایەکی بەرانبەری لە مێشکی کەسەکەدا، یان هێمایەکی پێشکەوتوتر دروستدەبێت، کە جۆری دووەم پێکدەهێنێت ب. ڕاڤەکراو Interpretent، مەبەست لێی ڕاڤەکەر و لێکدەرەوە و ڕوونکەرەوەی جۆری یەکەمە. پ. بابەت Object، ئەمیش جۆری سێیەمە ئەو بابەتە، یان ئەو شتەیە، کە هێما نوێنەرایەتی دەکات، مەرجیش نییە نوێنەرایەتی کردنەکە لە هەموو لایەنەکانەوە بێت. (مساسط، ٢٠١٥، ٣١)، هەریەک لەم جۆرانەش بەرانبەر جۆرەکەی تری چەند جۆرو بەشێکی تریان لێدەبێتەوە، لە خشتەی (١)دا، بە کورتیی و بە پوختی خراوەتەڕوو (مساسط، ٢٠١٥، ٣١).

خشتەی (١) هێماو جۆرەکانی

| جۆری هێما | هێما | ڕاڤەکراو | بابەت |
|---|---|---|---|
| نوێنەر وەک هێما | هێمای سروشتی جۆریی | هێمای باو/ نەریتی | تاک هێما |
| هێما بەرانبەر بابەت | ئایکۆن | ڕەمز | ئاماژە |
| هێما لە ڕوانگەی ڕاڤەکراوەوە | پێشبینی | پاساو | ڕاستاندن |

جۆرەکانی هێما لای پێرس لە هێڵکاریی ژمارە (٢)دا بە ڕوونتر خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی (٢) جۆرەکانی هێما لای پێرس

لێرەدا پەیوەست بە ئۆتۆماتۆپیاوە هێما بەرانبەر بە بابەت باسیلێوەدەکرێت، کە دەبێت بە سێ جۆرەوە، ئەوانیش (ئاماژە، ڕەمز/ هێما، ئایکۆن) ن.

### ١/٣-١) ئۆتۆماتۆپیا وەک ئاماژە- Index :

ئاماژەکان بریتیین لەو هێمایانەی، کە لە نێوان هێماکە و چەمکەکەیدا (هەبووەکەدا)، وابەستەیەکی لۆژیکی و ئاماژەیی و تەواوکاری هەیە، یاخود ((لەم جۆرە هێمایەدا پەیوەندی لە نێوان هێماو هەبووەکە (بابەت) هۆکارگەراییە)) (janah، 2022, 67)، لەسەر بنەمای لۆژیک، (Resnikow) ئاماژە (وەک نیشانەیەکی سروشتی لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان  هێما و هێمابۆکراوەکەیدا پێناسەیدەکات) (SAHIB and HUM, 2020 )، واتە پەیوەندی لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەیدا هەیە و لەسەر بنەمای پەیوەندیی نزیکایەتی، دامەزراون، (پێویستیان بە مۆرکی کۆمەڵ نییە، بوون و نەبوونیان پەیوەندی بە پەسەندکرن و ڕازیکردنی کۆمەڵەوە نییە) (فەتاح،٢٠١١ ، ٤٩)، یاخود ئاماژە بریتیین (( لەو جۆرانەی هێما، کە لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەیدا پەیوەندییەکی هۆیی هەبێت و بەڵگەیە بۆ ئەو شتەی دەینوێنێت و ئاماژەپێیدەدات))  (saeed, 2009, 5)، بۆ نموونە:

(١٥) گرمەگرم

ئەم ئۆتۆماتۆپیایەمان ڕاستەوخۆ لە هێمابۆکراوەکەی، کە دەنگێکی سروشتییە هێناوە، واتە هێماکە ڕاستەوخۆ وێنەی هێمابۆکراوەکەیەتی، کە دەنگێکی سروشتییە لە سروشتەوە دێت، گرمەگرمی هەورەکە وایکردووە هێمای گرمە بەرهەمبێنێن، ( گرمە) نیشانەیەکە بۆئەوەی هەورە بروسکەیە و بە دوایدا ئەگەری زۆری باران و تۆفانی لێدەکەوێتەوە، بە واتا گرمەی هەور ئاماژە بە بوونی هەور و باران دەکات.

(١٦) هاژەهاژ

پەیوەندیی ئەم ئۆنۆماتۆپیایە لەگەڵ تەن (هێمابۆکراو) ەکەیدا سروشتییە و لە دەنگی سروشتی و ڕاستەوخۆی هاژەی ئاوەکەوە ئەم هێمایەمان دروستکردووە، تا هاژەی ئاوەکەمان نەبێت، ناتوانین ئەم هێما ئۆنۆماتۆپیایە بێنینەئاراوە، (هاژەهاژ) نیشانەیە بۆ کردەیەک، کە دەنگی هاژەهاژ لە ئاوەوە بێت، هاژەی ئاو ئاماژەیە بۆ بوونی ئاوی زۆر لە شوێنێکدا.

(۱۷) ڤڕەڤڕ

هێمابۆکراوەکەی، کە لە دەنگی سروشتیی ڤڕەی ئۆتۆمبێلەوە بەرهەمهاتووە، ڤڕەڤڕ ئۆنۆماتۆپیایە و نیشانەیە بۆ ئوتۆمبێل، کە دەنگی ڤڕەڤڕی لێبێت بە تایبەت لە کاتی تیژڕۆیدا، هیچ جۆرە لەخۆوەیییەکی تیدا بەدیناکرێت، بەڵکو دەیکاتە ئاماژەیەک بۆ کردەیەک، ئێمە لە ڕێگای درککردن و ئەزموونمانەوە دەزانین، کە هێمای (ڤڕە) وێنەی دەنگی سروشتیی ئۆتۆمبێلە.

### ۲-۱/۳) ئۆنۆماتۆپیا وەک هێما –symbol :

هێما وەک جۆری دووەمی پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراو (یاسایەکە، یان بیرۆکەیەکی گشتییە کە تەنها لە تایبەتمەندییەکدا کاردەکات، وەک (دۆخ، ناوچە، کۆمەڵ) ) (karim, 2017, 25)، یاخود بریتیین لەو هێمایانەی، کە لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا، پەیوەندییەکی باو و نەریتی هەیە و بە فێربوون واتاکانیان فێردەبین، بە واتا دەبێت لە نێوان هێماکە و چەمکەکەیدا پەیوەندییەکی کۆکبوونی کۆمەڵایەتی هەبێت، واتە هێما لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی گشتگیر واتای هێمابۆکراوەکان دەستنیشاندەکات و پەیوەستە بە کۆمەڵ و دابونەریتەکانییەوە، لێرەدا پەیوەندی نێوان هێما و تەنەکەی بەرانبەری پەیوەندییەکی ڕێکەوتنە لە دابونەریت و کەلتوورو خورەوشتی کۆمەڵەوە سەرچاوەیگرتووە، پەیوەستە بە مۆرکی کۆمەڵ و بڕیار و پەسەندکرنی کۆمەڵەوە، بڕوانە:

(۱۸) پژمە

ئەم ئۆنۆماتۆپیایە بە تەواوی لە دەنگی ڕاستەوخۆ و پڕاوپڕی تەنەکە (هێمابۆکراو)ەکەیەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو پەیوەستە بە بڕیارو ڕێککەوتنی کۆمەڵی کوردییەوە.

(۱۹) حەپە

ئەم ئۆنۆماتۆپیایە ئاوێتەی پەسەنکردنی کۆمەڵی دەوێت، بە بەڵگەی ئەوەی لای کورد دەنگی وەڕینی سەگ (حەپە)یە، کەچی لای کۆمەڵی ئینگلیز (باوباوە)، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر هێما ئۆنۆماتۆپیاکان لە ڕووی فۆرم و گۆکردن و ڕێنووسەوە جیاوازن.

(۲۰) پرخە

کۆمەڵی کوردی ڕێککەوتوون لەسەر ئەم هێما ئۆنۆماتۆپیایە و بەرانبەر بە دەنگی (پخخخخ/ خخخخخخ)، ڕاستە جۆرە لێکچوونێکی کەم لە نێوان دەرکردنی دەنگەکە و هێماکەیدا هەیە، بەڵام لێکچوونەکە ناگاتە ڕاستەوخۆ و لێکچوونێکی تەواو، دەکرێت بڵێین نیمچە لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە.

(٢١) ناڵە ناڵ

لەم هێمایەدا هیچ دەنگێکی ناڵەی تیدا نییە، ئەم هێمایە ڕێککەوتنە لە نێوان کۆمەڵانی کورد.

لەمەشەوە هێما ئۆنۆماتۆپیاکان جیهانی، ناوچەیی و هەرێمییان هەیە و هەرێمییەکان ئەوانەن پەیوەستن بە کۆمەڵ و کەلتوورەکانەوە و هەندێک لە وشە ئۆنۆماتۆپیاکان جیهانین، واتە لە لای هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵ و زمانە جیاوازەکان وەکیەکن، ڕاستەوخۆ لە دەنگەکانییانەوە بەرهەمهاتوون، وەک :

(٢٢) میاو

دەنگی پشیلەیە لە گشت زمانە جوداکان هەر بەو شێوەیەیە.

(٢٣) هاهاها

دەنگی پێکەنین، دەنگی گریان، دەرکردنی دەنگەکان و هێماکان لە هەموو کۆمەڵە جوداکان یەکێکە.

### ٣-١/٣) ئۆنۆماتۆپیا وەک ئایکۆن-icon :

جۆرێکی هێمایە و دەتوانرێت لە شێوە و فۆرمەکەیەوە پێشبینی واتاکەی بکەین و نواندنی بەرجەستەییانەیان هەیە، بۆ ئەو هێمابۆکراوانەی، کە ئاماژەیان پێدەدەن، بۆیە ئەم چەشنە بە هێمای وێنەیی دانراون و ئەو هێمایانەن، کە وەک وێنەیەکی لەیەکچوو هەمبەر بە چەمکێک بەکاردەهێنرێن، واتا لە نێوان فۆرمی وێنەکە و چەمکی هێماکەدا وێکچوون هەیە، وەک کێشانی وێنەی ڕووخسارێک لەگەڵ خودی ڕوخسارەکەدا، (هەر وشەیەک ڕاستەوخۆ چەمکەکەی بگەیەنێت بە ئایکۆن دانراوە) (March, 2008, 2)، یاخود ((ئەگەر نیشانەیەک بەهۆی لێکچوونێکی ڕاستەقینە لە نێوان هێمایەک و تایبەتمەندییە فیزیاییەکانی هەبوویەکدا هەبێت ئەوا بە ئایکۆنی ناودەبرێت)) (Dickins, 2019,136)، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (٣/٣).

## ٢/٣) ئۆنۆماتۆپیاو هێمای نازمانیی:

زمان سیستەمەو لە کۆمەڵێک هێما پێکهاتووە، واتە سیستەمێکە لە هێما بینراوەکان، بیستراوەکان، هەستییەکان، بۆ پەیوەندیگرتن بەکاردێن، هێما نازمانییەکان، کە پەیوەندگرتنی نازارەکی پێکدەهێنن، وەک هێما زمانییەکان، لە کردەکانی پەیوەندیگرتندا* بۆ گەیاندنی واتا و لەیەکترگەیشتن بەکاردێن، بریتیین لە چەند هێما و ئاماژەیەکی جۆراوجۆری، وەک ( جوڵەکانی جەستە، دەنگ، ڕەنگ،

* پەیوەندیگرتن بریتییە لە (پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بیرکردنەوەو زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، ناردن و وەرگرتنی پەیام و زانیارییەکان چ بەشێوەیەکی زارەکی، یان نازارەکی بێت، کە کرۆکی پرۆسەی پەیوەندیگرتن و زمانیش بە ئامرازی سەرەکیی ئەو پرۆسەیە دانراوە، واتە پەیوەندیگرتن لە دوو جۆر پێکهاتووە، پەیوەندیگرتنی زارەکی و پەیوەندیگرتنی نازارەکی) (thelanguagedoctors.org/language-and communication, 2021).

وێنەکان، ....هتد)، کە لە پەیوەندیگرتنی نازارەکیدا کاراو کاریگەرن، (Gamble) پێناسەی ئەمجۆرە هێما و کردەیە دەکات بەوەی ((جۆرێکە لە پەیوەندیگرتن، کە گوزارشت لە واتای نازمانی دەکات و ئاماژەپێدەدات، کردە یاخود سیمایەکی مرۆییە، کە شێوەی ڕستێک دەرکەوتەی هەیە، وەک (شێوەی ڕوخسارو بەکارهێنانی دەنگ و کات و بۆن و مەودا) دەگرێتەوە، کە بەشکردنێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکاندا هەیە و دەبێتەهۆی دروستکردنی واتا لە لای ئەوانی تر)) (Hussein, 2020, 13)، بە گشتیش ئەم ئاماژە و جوڵانە هەر دوو لایەنی خۆویست و خۆنەویست دەگرنەوە.

ئاماژە و هێما نازمانییەکانیش پانتاییەکی فراوان لە لەیەکترگەیشتن و پەیوەندیگرتندا دادەپۆشن، شانبەشانی ئاماژە زمانییەکان لە ئاخاوتندا ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و....هتد بەڕێوەدەبەن، (Manusov) ئەمجۆرە هێمایانە پێناسەدەکات بە ((هەموو ئەو ڕەگەزانەی جگەلە وشە و دەربڕدراوەکان، کە لە توانایاندایە واتا بەخش بن، لە لایەن کۆمەڵێک مرۆڤەوە یاساکانی بەکارهێنانیان بۆ دارێژراوە)) (Hussein, 2020, 13)، بۆ نموونە باوێشکدان لە کاتیماندووبووندا، هێمایەکی نازمانییە و پەیوەندیگرتنێکی لەخۆوەیە و هاوبەشە لە نێوان مرۆڤەکاندا، ئۆنۆماتۆپیاش وەک هەر هێمایەکی تری زمانی لە پەیوەندیگرتنی نازارەکیدا بەکارهێنان و واتا و مەبەستی خۆی هەیە، هێما نازمانییەکان کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی واتای ئۆنۆماتۆپیا هەیە و بۆ ئەمەش بە پێی جۆرەکانی هێمای نازمانی ، واتای ئۆنۆماتۆپیا شرۆڤەدەکەین، هێمای نازمانییش بۆ (٨) جۆر دابەشدەبێت، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١-جوڵەناسی:

ئەم هێما نازمانییە، وەک (جوڵەی دەست، باڵەکان، سەر )، بە گشتی جوڵەکانی جەستە دەگرێتەوە و (واتان بۆ گەیاندنی پەیوەندییە سۆزداری و نزیک یان دوورەکان، لەگەڵ گەیاندنی ڕادەی (ڕاڕایی، هێمنی، توڕەیی، یان بڕوابەخۆبوون......................هتد) ی کەسەکان لە پەیوەندییەکاندا) (GORDILLO & ANTELO, 2011, 332)، لە ئۆنۆماتۆپیایی زمانی کوردیدا دەکرێت ئەمجۆرە هێمایە وەک نموونەی ( ٢٤ ) باسیلێوەبکرێت.

٢٤)آ. زرمەی دێت. (بیستنی دەنگی زرمە)

٢٤)ب. ترپەی دێت. (بیستنی دەنگی ترپە)

لێرەدا خودی وشەکان واتایەک دەدەن و جگە لەوەش:

(٢٤)پ. ناسینەوەی تەپەی پێی کەسە نزیکەکان، یاخود ناسینەوەی تەقەی دەرگای کەسە نزیکەکان، جۆرێکی تری واتا دەگەیەنن.

٢- مەودا:

((ئەو مەودایەی پێویستمانە لە نێوانماندا هەبێت کاریگەرە بە ئەو مەودایەی درکیپێدەکەین، کە لەسەر هۆکارەکانی نەریتی کۆمەڵایەتی، کات، تایبەتمەندیی کەسی، یان ئاستی ڕۆشنبیری بەندە)) ( Bujalkova & Zrnikova, 2016, 177)، واتە مەودای نێوان دوو هاوڕێ جیاوازە لە مەودای نێوان دوو خۆشەویست،

یان دوو هاوکار، ئەم مەودایە لە ئۆنۆماتۆپیادا دەکرێت بە ڕادەی بەرزی ونزمیی دەنگەکان ببەستینەوە، واتە بە هاوبەش لەگەل پاڕازمانیدا کاردەکات، بڕوانە نموونەی (٢٥ ):
٢٥)آ.چپەچپی نێوان دوو کەس پێویستی بە مەودایەکی کەم هەیە، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر کەسەکان لێکنزیکن.
٢٥)ب.قیژە بۆ بوونی ڕووداوێک پێویستی بە مەودایەکی زۆر هەیە لە بەرانبەر قیژەی تورەبوونی کەسێک، چونکە لە کاتی ڕووداودا دەکرێت کەسەکان دووربن و بە قیژە ئاگاداریانبکەینەوە، بەڵام مەرج نییە لە کاتی تووڕەبووندا مەوداکان دوور/ زۆر بن.

٣-پاڕازمانیی:
پەیوەندیگرتن لە ڕێگای دەنگەوە، وەک (بەرزو نزمیی ئاوازەی دەنگ، لەرزین و لەرەی دەنگ.........هتد)، کە کارا و کاریگەرن لەسەر گۆڕانی واتای وشە و دەربڕاو و ڕستەکان، واتە دەکرێت ((وتنی دەربڕینێک بە دەنگێکی بەرز شیکردنەوەی ڕازیبوون و پەرۆشی بگەیەنێت و لە کاتێکدا هەمان ڕستە بە دەنگێکی لەرزۆک و لاواز دەکرێت واتای داکۆکی (سوربوون لەسەر شتێک، بابەتێک) بگەیەنێت)) (Bujalkova & Zrnikova, 2016, 177)، ئەم دەنگانە لە ئۆنۆماتۆپیای زمانی کوردیشدا دەکرێت لێکدانەوەی جیاواز وەربگرن، بەڵام لە هەمان هێڵدا لەگەڵ هێما نازمانییە گشتییەکاندا یەکدەگرنەوە، کە گەیاندنی زانیارییە لە ڕێگەی ئاوازە و ڕادەی بەرز و نزمیی دەنگەکان، بڕوانە نموونەی ( ٢٦ ):
٢٦)آ. هاهاها ڕادەی خۆشی دەگەیەنێت، بەڵام ئۆنۆماتۆپیای تریقە/ قاقای پێکەنین، خۆشییەکەی لە ڕادەی (هاهاها) زیاترە .
٢٦)ب.قیژەیەکی زۆر بۆ بوونی ڕووداوێک ئاماژەیە بۆ ڕادەی بەرزی دەنگ، لەکاتێکدا بەرانبەر وشەی (هاتوو هاوار) پلەی دەنگیی کەمترە و دەکرێت تووڕەبوون و بارودۆخێکی نائارام و شەڕ بگەیەنێت.

٤-بەرکەوتن:
بەرکەوتن وەک هێمایەکی نازمانی لە پەیوەندیگرتندا کاراو گرنگە ( دەکرێت بەرکەوتن بۆ دەربڕینی سۆز، خۆشەویستی، بەزەیی، هەستەکانی تر بەکاربێت) (Bujalkova & Zrnikova, 2016,177) , لە زمانی کوردیشدا هەندێک وشەی ئۆنۆماتۆپیا لەگەڵ بەرکەوتنیان بە هزرمان هەندێک لەو هەستانەمان لا دروستدەکەن، وەک :
(٢٧)آ.دەربڕینی وشەی (کرخە، مشە) هەستی بێزکردنەوە و بێزاری دروستدەکەن.
(٢٧)ب.تەقەی دەنگی چەپڵە، هەستی خۆشی دەگەیەنێت.

٥-ڕووکارەکان:
ڕووکارەکان بریتیین لە هەڵبژاردنەکانی ئێمە بۆ ڕەنگ، پۆشاک، چۆنێتیی ڕازاندنەوەی قژ و ماڵ و هۆکارەکانی تر، کە ئەمانە دەکرێت ( بارە دەروونییە جیاوازەکان لای مرۆڤ و هۆکارە فسیۆلۆژییەکان

دەربخەن) ( Bujalkova & Zrnikova, 2016, 178)، بڕیاردانی مرۆڤ لەسەر ڕووکارەکان بۆ بەرانبەر زۆرجار دەبینرێت، ئۆنۆماتۆپیاش دەکرێت نموونەی ئەمجۆرە بێت، وەک:

٢٨-آ.( زرەی بازنگی ئاڵتون بۆ بوونی کەسەکە لە ڕووی مادییەوە، تەقەی کەوگیر و مەنجەڵ بۆ بوونی خوان و میوانداری دەگەیەنێت)، بەڵام ئەمانەش تا ڕادەیەکی زۆر بە بڕیاردانی کەسەکانەوە پەیوەستە.

(٢٨)ب. بەرزیی دەنگ لە کاتی قسەکردنی ئاسایدا دەکرێت واتای نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی کەسەکە بەرانبەر بە نزمی و لەسەرخۆیی دەنگ، بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیریی کەسەکە بگەیەنێت.

(٢٨)پ.لیولیو، ویق ویق

ئاماژەیە بۆ ئاگادارکردنەوە و دەربڕی بارێکی وریاکردنەوەیە، کە لە دەنگی ئوتۆمبێلی ئاگرکوژاندنەوە و فریاکەوتنەوە دێت.

٦-کات:

کات لە پەیوەندیگرتندا ڕۆڵێکی لاوەکی هەیە وەک هێمایەکی نازمانیی ، واتە (ڕێگەی درکپێکردنی مرۆڤ بە کات و ڕێکخستنی ئەو کاتانە و کارلێکەکانی لە چوارچێوەی کاتدا، ئەم ڕێکخستن و بەکارهێنانانەی کاتیش بە پێی کەلتوورە جیاوازەکان دەگۆڕێت، بۆیە دەکرێت (( بەکارهێنانی کات کاریگەری لەسەر شێوەی ژیان و پەیوەندییەکان و کەسایەتی و ژیانی کار دروستبکات)) (Abbood, 18)، بڕوانە نموونەکانی(٢٩ ،٣٠، ٣١):

(٢٩) زەنگ، واتای (زەنگ) بە دەنگی تەلەفون و مۆبایل، لە ئاوەزماندا وێنەیەکی کاتی قسەکردن و گفتوگۆی هەیە، یان زەنگلێدانی پۆستە بالاکان بۆ سکرتێرەکانیان ئاماژەیە بۆ ئەنجامدانی کارێک، یاخود دەنگی زەنگی قوتابخانەکان، کە لێدەدرێت، ئاماژەیە بۆ کاتی پشوو، یاخود هاتنەژوورەوەی خوێندکاران بۆ ناو پۆلەکانیان لە فەرهەنگی کوردیدا تۆمارکراون و بەمشێوەیە واتاکانیان لێکدراوەتەوە.

(٣٠) چرکەی کاتژمێری کاتژمێرە کۆنەکان، کە لە سەری هەموو کاتژمێرێکدا دەنگی (دینگ دینگ) لێدەکات، ئەمەش ئاماژە و وێنەیەکە بۆئەوەی کاتژمێرێکی تەواوە،

(٣١) چرکەی کاتژمێر، ئەم دەنگە لە کڵێساکاندا جۆرێکی تر لە واتا دەگەیەنێت، کە کاتی سرودی ئاینییە.

٧-بۆن:

هەستی بۆنکردن ( ڕۆڵی لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکاندا هەیە لەسەر بنەمای شێوازی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری............هتد) (Mishra, 2018, 21)، بڕوانە نموونەی (٣٢، ٣٣):

(٣٢)بس بس/ بست بست، کە وشەیەکی نافەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیایە و بیرهێنانەوەی بۆنە.

(٣٣) کرچەی دەنگی چەرخی دەستی جگەرەکێشێک لە کاتی داگیرساندنی جگەرەکەیدا، بیرهێنانەوە و وێنایەکی بۆنی جگەرە دروستدەکات.

٨-ڕەنگ:

بە گشتی ڕەنگ لە پەیوەندیگرتنەکاندا ڕۆڵی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی دیاریکراو و تایبەت لە ڕیکلامدا ڕۆڵی کارا و کاریگەر دەبینێت (لەوانەیە یەکەم هۆکاری ڕاکێشانی سەرنجی بینەر لە کاتی سەیرکردنی ڕیکلامدا بێت، هەندێک کات ڕەنگێکی دیاریکراوی بەرهەمەکە و خزمەتی بەرهەمەکە وەک ڕەگەزێکی پەسنی و پەیوەست پێکەوە دەبەستێتەوە) (Mahmud & Mahmud, 2020, 7)، دەکرێت ڕەنگەکان لە ئۆنۆماتۆپیادا پێشبینی بۆ ڕووداوەکان بکەن، وەک:

(٣٤) ڕەنگی سپیی ڕووناکیی هەورە تریشقە پێشبینیی ڕوودانی هەورەگرمە.

(٣٥) ڕەنگی سوری گڕەی ئاگر لە کاتی سووتانی داردا، پەیوەستە بە قرچە/ کرچەی دارەکەوە لە کاتی سوتاندنیدا.

لەگەڵ ئەو جۆرانەی هێمای نازمانییدا، دەکرێت باسی کۆمیک (comic) بکرێت، وەک جۆرێکی ئەم هێمایە، پەیوەست بە ئۆنۆماتۆپیاوە، ئۆنۆماتۆپیا توانای کۆمیکی هەیە، ئۆنۆماتۆپیای کۆمیکی، بە واتا گوزارشتکردنە لە بیر و واتای ئۆنۆماتۆپیا بە فۆڕمی وێنە ( ئۆنۆماتۆپیا کۆمیک دروستدەکات تا سەرنجڕاکێشتر و زیندووتر دەربکەون، کۆمیک پەسنی دەنگە سروشتییەکان لە دەقەکاندا بە شێوازی وێنە دەکات، بۆئەوەی لە واتای وشە و کرۆکی ئۆنۆماتۆپیاکان تێبگەین، بە گشتی خەڵک کۆمیک وەک پارچە کاغەزێک کە وێنەیە دەناسن و بریتییە لە کۆمەڵێک وێنە، کە نووسینیش لەخۆدەگرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو چیرۆکەی، کە ڕوویداوە، لە کۆمەڵێک (چوارچێوە) پێکدێت، کە نوێنەرایەتیی نووسینەکان دەکات و وێنەکان لەخۆدەگرێت) (Viyanti, 2021, 11-12)، واتە کۆمیک بۆ دەربڕینی دەستەواژە و بابەت و بیرۆکە ئۆنۆماتۆپیاکانە بە وێنە، هەندێکجار لەگەڵ وێنەکەدا نووسین (تێکست) و وشە ئۆنۆماتۆپیاکان و زانیارییەکەی لەسەر دەنوسرێت، یان بە شێوەی ژێرنووس دەکەوێتە ژێر وێنەکانەوە، هەندێک لە کۆمیکەکان بە واتای کارێکی گاڵتەئامێز، هەندێکی تر بە واتای ناخۆش و ترسناک دێن، ئەم کۆمیکانە بە زۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە بوونیان هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا زیاتر سەرنجی گەورە و بە تایبەت منداڵان ڕابکێشرێت، (زۆرجار ئۆنۆماتۆپیا لە کۆمیکەکاندا دەبینرێن، لە وەرگێڕانی کۆمیکەکاندا دەبێت وەرگێر شارەزا بێت لە کەلتووری هەر دوو زمانەکە، تاکو بزانرێت وەرگێڕانی کۆمیکەکان و خوێندنەوەیان گونجاوە لای خوێنەرانی و شێوازی دەنگی دیاریکراو بە زمانە جیاوازەکان هەستپێدەکرێت، ئەمەش بووەتەهۆی کاریگەری لەسەر شێوازی وەرگێڕ) (Agatha& setganingsish, 2020, 121)، بڕوانە:




وێنەی (٢)




وێنەی (١)




وێنەی (٣)






وێنەی (٤)




وێنەی (٥) وەک هێمایەکی نادەنگی بە بەرانبەر ئۆنۆماتۆپیای (تەقەی تەقینەوە) وەک هێمایەکی دەنگی بەکارهێنراوە.




قیژەقیژ

وێنەی (٦)

## ٣/٣) بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەیی ئۆنۆماتۆپیا (Iconicity):

وشەی ئایکۆن ( لە بنچینەدا گریکییەو لە (eikenaiy ) ەوە هاتووە بە واتای (هاوشێوەیی)، یاخود (وەکو) دێت، واتا ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی ئایکۆن لە گریکەکانەوە سەریهەڵداوە و بە واتای وێنە (Elkwv) و لێکچوو، یان نموونە دێت) (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ١٤-١٥)، زمان لە سەرەتای پەیدابوونییەوە بەئایکۆنی دەستپێکردووە و هێما لەخۆوەییەکان وردە وردە لەگەڵ گەشەسەندنی زماندا ڕێژەیی زۆرینەی هێماکانیان کردووە و لەمەشەوە (ئایکۆنی و لەخۆوەیی بە دوو پۆلەڕەگەزی زمانیی دانراون) (Michacl.Whenity, 2008, 1)، ئۆنۆماتۆپیاش وەک جۆرێکی هێمای ئایکۆنی دەستنیشانکراوە.

((ئایکۆن نوێنەرایەتیی شتێک دەکات و زیاتر لەسەر پرەنسیپی هێما و لێکچوواندن دەوەستێتەوە، بەرهەمی دەستی مرۆڤە، نوێنەرایەتیی وێنە ڕاستەقینەکە دەکات)) (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٢٠)، بەئایکۆنبوون، بریتییە لە هاوتابوونی دەنگ و واتای هێمایەک، بەوەی لێکچوونێکی سروشتی لە نێوان هێماکە و ئەو چەمکەی ئاماژەپێیدەدات، هەبێت، ئۆنۆماتۆپیا نموونەیەکی بەرجەستەکراوی ئەم لێکچوونی سروشتییەیەو ناتوانین بە بێ ئاماژەدان بە بەئایکۆنبوون، باس لە ئۆنۆماتۆپیا بکەین، ((بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەیبوون زاراوەیەکە لە هێماسازییدا، پەسنی پەیوەندی نێوان هێما و ئەو بابەتەی، کە ئاماژەپێیدەدات پەیوەندییەکی لێکچوونی سیانەیی نێوان وێنەی ئاوەزیی و ئایکۆن و هێمایە)) ( Maria A.Flaksman,2018, 2)، بڕوانە هێڵکاریی (٣):




هێڵکاریی (٣) دروستەی بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەیبوون

سەبارەت بە چەمکی بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەیبوون زمانەوان ((Pierce)بە سروشتی نیشانەیەک (هێمایەک) بە پێی پەیوەندیی لەگەڵ هەبووەکەدا پێناسەیدەکات، واتە بە ئایکۆنبوون / وێنۆچکەیی پەیوەندییەک لەخۆدەگرێت، کە لەسەر بنەمای لێکچوونی نێوان نیشانەو تەنەکەیەتی، ئاماژە بۆ پەیوەندییەکی فیزیکی لە نێوان هێمایەک و ئەو شتە (تەنە) ی نوێنەرایەتی، یاخود دەینوێنێت دەکات (( (Marie Meinard,2012,67)، واتە دەبێت بنەمای لەیەکچوون لە پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەدا هەبێت، یاخود بەئایکۆنبوون (( بریتییە لە ئاماژە/ پەیوەندیی نێوان فۆرم و واتا)) (Merriam-Webster, 2022)، یان بەئایکۆنبوون بریتییە ((لە پەیوەندیی نێوان فۆرمی هێمایەک و واتای

هێمابۆکراوەکەی، وەک وشە یان هێمایەک و واتاکەیەتی)) Dictionary.cambridge.org. 2022, (online).

((هەر دوو بابەتی بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەیبوون و لەخۆوەیبوون لە سیما گشتییەکانی زمانن و دوو بنەمای سەرەکین، کە کاردەکەنە سەر پێڕەوی زمان)) (Meir and tkachman, 2014, online)، ئەم دوو بنەمایە، بەئایکۆنبوون پێچەوانەی لەخۆوەییە، چونکە لە لەخۆوەیدا پەیوەندیی نێوان فۆڕم و واتا تەنها لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەدا نییە، کە لە لایەنەکانی واتاکەی بچێت، بۆ ئەمەش دەکرێت (بەراوردی ژمارەدا بکەین، لە زمانی هیندی-عەرەبی ژمارەکانی (١، ٢، ٣) هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان فۆڕمەکەیان و واتاکانیاندا نییە، واتە لەخۆوەییە، بەڵام لە بەرانبەر ژمارە ڕۆمانیەکان I, II, III (١، ٢، ٣) وێنۆچکەین، چونکە دووبارەبوونەوەکانی هێمای (I) هاوتایە لەگەڵ چەندێتیی ئەو ژمارانەی کە ئاماژەیپێدەکات.) (Meir and tkachman, 2018, online)، بۆ هێڵکاریی پلە پێوەری پەیوەندیی وێنۆچکەیی و لەخۆوەیی، بڕوانە:

باو/ ئاسایی

به ئایکۆنبوون ⟷ لەخۆوەیی

هاوتایی فۆڕم وواتا — نەریتیی فۆڕم و واتا

هێڵکاریی (٤ )هێڵکاری پلە پێوەری پەیوەندیی وێنۆچکەیی و لەخۆوەیی(Bordbar and Kambuziya, 2016, 30)

بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەیبوون بە لێکچوونی سروشتیی نێوان هێمایەک و بیرۆکەیەک، یاخود تەنێک لە جیهانی ڕاستەقینەدا، کە ئاماژەی بۆ دەکات، دادەنرێت و دەتوانرێت هەموو هەبوویەک بۆ بەئایکۆنبوون پۆلێنبکرێت، ئەمەش تایبەتمەندی سەرەکییەتی، واتە بەئایکۆنبوون: بریتییە (لە بوونی پەیوەندی لەیەکچوون لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەدا) (Dofs, 2008, 3 )، بەئایکۆنبوون (( پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی نیشانەکانەوە بە گشتی هەیە و نەک تەنها تایبەتمەندیی نیشانە زمانییەکان، بۆیە ڕۆڵێکی گرنگ لە بواری هێماکاریدا لە لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان و ئاماژەداندا دەگێڕێت، زمان بەربڵاوترین پێڕەوی پەیوەندیی هێمادارە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت و چەمکی ئایکۆنیی ڕۆڵێکی گرنگ لە تایبەتمەندکردنی نیشانە زمانییەکان و پێڕەوی زمانەوانیدا دەگێڕێت و ئایکۆنی کرۆکی لێکۆڵینەوە و بەکارهێنانە ئەدەبییەکانی زمانە، وەک نووسین و شیعر)) (Tkachman and meir, 2018, online) ، لەمەشەوە بەئایکۆنبوون گرنگییەکی زۆری لە هەموو ئاستەکانی زمان ( فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس، واتاسازیی)دا هەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەست بە بابەتەکەی ئێمەوەیە، لایەنی سیمانتیک (واتاسازی)یە وێنۆچکەیی لە ئۆنۆماتۆپیادا شیدەکەینەوە، بەوپێیەی (ئۆنۆماتۆپیا جۆرێکە لە هێمای بە ئایکۆنبوونی بیستراو، ناوێکە بۆ تەنێک لە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگەی، کە دەریدەبڕین بەرهەمهاتووە، نوێنەرایەتی دەنگەکان دەکات و تایبەتمەندی دەنگ لە هەموو زمانێکی مرۆڤدا بوونی هەیە)

(Dofs,2008,4)، کەواتە بنەما سەرەکییەکانی ئایکۆن (گوزارشتکردن، نوێنەرایەتیکردن، هاوتایی، لێکچواندن)ە، بەئایکۆنبوون لە ئۆنۆماتۆپیادا لەسەر بنەمای پەیوەندیی دەنگ و واتایە، کە پەیوەندییەکی سروشتییە، بڕوانە:

(٣٦)میاو

دەنگی پشیلەیە هەموو پشیلەی وڵاتە جیاوازەکان هەر ئەو دەنگە دەردەکەن، واتا و فۆڕمەکەشی لای زۆربەی زمانە جیاوازەکان هەر هەمان واتا و فۆڕمە و بە ئاسانی تێدەگەن، سەرەڕای ئەوەی ڕێنووسیشیان جیاوازن، چونکە ئەو دەنگەی دەردەکرێت لە لایەن ئاژەڵەکەوە هەمان واتا دەگەیەنێت، کەواتە پەیوەندیی واتا و پەیوەندییە دەنگییەکان ڕەنگدانەوەی نەخشەکانی بەئایکۆنبوونن.

بەئایکۆنبوونی ئۆنۆماتۆپیا پەیوەندییەکی سروشتی دەنگ(هێما) و واتاکەی نیشاندەدات، چونکە ئۆنۆماتۆپیا لاساییکردنەوەی بەرهەمهێنانی دەنگێکن، پێڕەوی پەیوەندی نێوان دەربڕینی زارەکیی و دەنگە سروشتییەکانن، زۆرجار بە مەبەستی لاساییکردنەوەی دەنگەکان بەکاریاندەهێنین، واتە وێناکردنی دەنگییە بە بێئەوەی ڕەچاوی تایبەتمەندییە فۆنتیکییەکان بکرێن.

لە بەئایکۆنبووندا دەکرێت باس لە وێنەکان بکرێت، چونکە بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەیبوون جۆرێکی وێنەکان دەنوێنێت، بە بیروڕای هەندێک لە زانایان و زمانەوانان سەرەتای زمانی قسەکردن بۆ هێمای نازمانی دەگەڕێتەوە، (تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەم هێمایە ئەوەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگۆڕێت و تا ڕادەیەک جێگیرە، شیکردنەوەشیان لای هەموو تاکێکی کۆمەڵ تا ڕادەیەکی زۆر وەک یەکە)، (ساڵح، ٢٠١٩، ٩٢)، لە وێنەدا پەیوەندیی نێوان فۆڕم و واتا پەیوەندییەکی لێکچوونە، واتە بە ڕوانین لە وێنەیەکی هونەری دەربارەی سروشت، وەک ڕوانینە لە دیمەنە سروشتییەکە، چونکە وێنە بە ئاسانی بۆ گوێگر واتاکان دەگوازێتەوە، بە جۆرێک خوێندەوار و نەخوێندەوار لێیتێدەگات، کەواتە وێنە لە کردەکانی پەیوەندیگرتندا ڕۆڵی خۆی هەیە و توانای گواستنەوەی واتا جیاوازەکانی لە ئاوەزی کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەبێت.

بەئایکۆنبوون لە هێما (وێنەییەکاندا) زۆر دەوڵەمەندترە، ((ئەم جۆرەی ئایکۆن بەڵگەیەکە بۆ لاساییکردنەوە، یان گەڕانەوەی ڕەگەزی بابەتە سەرەکییەکە، لە ڕووی شێوە، ماوەکان ، ڕەنگ، پێکهاتن، هەروەها هەموو واتاکانی وێنە بینراوەکان لەخۆدەگرێت لەسەر ئەم بنەمایە، بابەتە سەرەکییەکە لە دیاریکردنی سروشتی وێنەکەدا ، لە زانینی ڕێگەی گەشتنی وێنەکە بۆ چاو و درککردنی مێشک بۆ ئەو شتەی وێنەکە وێنایدەکات، چڕو پوخت دەبێتەوە)) (یخلف، ٢٠١٢، ١٨)، واتە وێنەکان نوێنەرایەتیی بنەماکانی (شێوە و ڕەنگ و ماوەو........هتد) دەکەن، بۆ گەیاندنی زانیارییە بنجییەکان تایبەت بە ئەو بنەمایانە، بۆ گەیشتنی تەواوی پەیامی وێنەکە بە شێوازی بینراو ( وەک بوونی ئاو لە وێنەکەدا) و شێوازی ئاماژەیی ( وەک ئاماژە بۆ دڵۆپی ئاو)، کە لە وێنەی (٧)دا دەبینرێت، ئەمەش پەیوەست بە

وێنای دەربڕاوە ئۆنۆماتۆپیاکان و فۆڕمی زمانی دەربڕاوەکان دەبێت، کە وەک نیشانەیەکی دیاریکراو، ڕاستی زانیارییەکان دەنوێنێت، ((هەر تێکچوونێک لە کاتی درکپێکردنی بینیندا هەبێت، دەکرێت ببێتەهۆی گۆڕانی بابەتەکە، کە دەکرێت بابەتی ئایکۆن ئاماژەیان بۆ بکات، یان بیەوێت بیگەیەنێت)) (یخلف، ٢٠١٢، ١٨)، بۆیە وێنەکان هەموو وشە باوەکان تێدەپەڕێنن، چونکە ئەوەی وێنەکە دەتوانێت بیگەیەنێت، وشەکان ناتوانن وێنای بیر و بابەتەکە بۆ بەرانبەر ئاسان بکەن، بۆ نموونە باسکردن لە دەرگایەک لە شێوە و ڕەنگ و قەبارە و دووری و نزیکی، هەرگیز وەک ئەوە نییە کەسەکە خۆی وێنەکە ببینێت و ڕاستییە پەسنکراوەکان بە بینین لای بنوێنرێت. (( ئۆنۆماتۆپیا نموونەی پۆلەکانی وێنەی ئایکۆنییەتە، مرۆڤ دەتوانێت تەنها بە سەیرکردنی وێنەکە (ئایکۆنەکە) زانیاری دەربارەی وەربگرێت)) (Dof, 2008, 3 ) ، بڕوانە وێنەکان (٧-١١):



ئەم وێنەیە بەئایکۆنبوون/ وێنۆچکەیبوونە، چونکە بە سەرنجدان لە وێنەکە بە تەواوی دەنگی دڵۆپەدڵۆپی ئاو دێتە ئاوەزمان، بۆیە پەیوەندیی وێنە و واتاکەی لەخۆوە نییە، بەڵکو سروشتییە.

وێنەی (٧)



ئەم وێنەیە کە هێمایەکی نازمانییە لە زماندا کاتێک مرۆڤ سەیریدەکات زانیارییە ئۆنۆماتۆپیاکان لە وێنەکەدا بەدەستدەهێنێت. ئەویش دەنگی قڕەقڕی ئوتومبێلەکەیە لە کاتی ڕۆیشتنی، بۆیە بە وێنۆچکەیبوون/بەئایکۆنبوون ئۆنۆماتۆپیا دادەنرێت.

وێنەی (٨)

ئەم وێنەیە بە تەواوی ڕوونیدەکاتەوە، کە مرۆڤ بە سەرنجدان لێیدەزانێت، کە مەبەست لە دەنگی تەقەی دەرگایە، کە لەسەردەمێکی پێشترماندا هەر کەسێک بچووبایە بۆماڵی یەکێکی دی، دەبوو بە هۆی ئەم زەنگەوە تەقەی لە دەرگاکەیان بدایە پێش چوونە ژوورەوە، بۆیە ئەم وێنەیە، کە پێدەوترێت بەئایکۆنبوون پەیوەندییی سروشتی نێوان وێنەکە و واتاکەی دەنوێنێت. وێنەی(٩)





به سەرنجدان لە وێنەکە، کە هێمایەکی نازمانیی وێنۆچکەیی ئۆنۆماتۆپیایە، ئاماژە بە لێکچوونێکی یەکسانی نێوان وێنە و واتا و چەمکەیەی دەکات ڕووندەبێتەوە، کە هاژەهاژی ئاو دێتە ئاوەزی مرۆڤ.

وێنەی (١٠)



لێرەدا هێمایەکی نازمانی دەبینرێت، کە مرۆڤ بە بینینی وێنەکە بە تەواوی دەنگی ناڵە و ئێش و ئازاری نەخۆشەکەی بۆ ڕووندەبێتەوە، کە بەئایکۆنبوونی ئۆنۆماتۆپیایە.

وێنەی (١١)



### ٣/٣-١) ئۆنۆماتۆپیا و جۆرەکانی ئایکۆن:

ئایکۆن وەک هەر یەکەیەکی تر جۆری لێدیاریکراوە و ئۆنۆماتۆپیا بە پێی جۆرەکانی شیدەکەینەوە، کە ئەمانەن:

یەکەم- ئۆنۆماتۆپیا و ئایکۆنی وێنەی ئاوەزیی:

((هێمایەکی ئایکۆنییە، لەسەر بنەمای جۆرێک لەیەکچوون لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەدا، یان ئەو


بابەتەی وێنایدەکات، دروستدەبێت)) (يخلف، ٢٠١٢، ١٨)، یان ئایکۆنی خەیاڵییە کاتێک، کە لێکچوونی نێوان هەبووەکە/ بابەتەکەو هێماکە دەرئەنجامی هاوبەشییانەوە بێت و تایبەتمەندییەکان لە هەردووکیاندا یەکخراوبن)) ( dofs, 2008, 3)، واتە ((ڕەنگە فۆڕمی نیشانە لە چەند ڕوویەکەوە لە لایەنەکانی واتاکەی بچێت و وێنایەکی دەروونی/ هزریی بۆ چەمکەکە دروستبکات)) (tkachmam, 2018, online) ، نموونەی ئۆنۆماتۆپیا کە وەک ئەمجۆرەیان لێکبدرێتەوە، بڕوانە:

(٣٧) تریشقە

دەنگی هەورە بروسکەیە، ((وێنەی هزریی و ئاوەزییەکەی زۆر نزیکە لەو فۆڕم و دەنگەی کە دەینوێنێت)) (مەحمود، ٢٠١٣، ١٦)، واتە پەیوەندییەکی بەرانبەری لە نێوان وشە درکێنراوەکە و ئەو واتایەی ، کە دەینوێنێت هەیە، چونکە وشەی (تریشقە) هاوتای دەنگی (تریشقە)ی هەورەبروسکەیە، چەمکێکی دەروونیی ترسیش لای تاک دروستدەکات.

(٣٨)گڤەگڤ

وێنە هزرییەکە ئاوێنەی فۆڕمە زمانییەکەیەتی، واتە وێنە ئاوەزییەکەی دەمانبات بۆ شوێنێک، کە تایبەتکراوە بە دەنگی با و دەنگی تەنها با لەو شوێنەوە دێت، دەنگی گرمەو تریشقەی هەور لەو جێگەیە بوونی نییە، (مرۆڤ بە پێنج هەستەکەی دەتوانێت درک بە شتەکانی دەوروبەری بکات و ئەمەش گونجاوە بۆ دووبارە داڕشتنەوە و بەرهەمهێنانی ڕەگەزە بینراو و بیستراو و بۆنکراوەکان......هتد ، بەمشێوەیە ئایکۆن پەیوەستە بە سروشتی بابەتی درکپێکراو و بنیاتنراو، وەک تۆمارکراوێکی دەنگیی یان دەنگی ژاوەژاو، بە تەواوی وێنەیەکی بیستراون، شوشەیەکی بۆن وێنەیەکی بۆنکردنە و تامە جیاوازەکانیش لە خواردندا وێنەیەکن بۆ تامکردن، هەروەها ئەو ماددانەی وێنای بەرکەوتن بە هەر کەرەستەیەکی تر دەکەن، وێنەیەکن لە بەرکەوتنەکان.) ( يخلف، ٢٠١٢، ١٩)، هەریەک لەمانە وێنایەکی دەروونی بۆ چەمکەکانی بەرانبەریان دروستدەکەن، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بابەتەکەدا وێنا دەروونییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، دەکرێت لە هێڵکاریی (٥) دا بەمجۆرە بنوینرێت:




هێڵکاریی (٥) دروستەی ئایکۆنی وێنەی ئاوەزیی

دووەم- ئۆنۆماتۆپیا و ئایکۆنی دروستەیی/ دیاگرامی:

بە بوونی پەیوەندیی دروستەیی لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا دەوترێت ئایکۆنی دروستەیی/ دایاگرام، (( جۆرێکی ئایکۆنە، پەیوەندیی لەیەکچوون لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەیدا لەسەر بنەمای پەیوەست دەستنیشاندەکات، دەرخەری پەیوەندییە ناوەکییەکانە، نەک ڕەگەزە دەرەکییەکان، واتە لە پەیوەندییەکان نەک لە ڕەگەزی یەکەکان دەکۆڵێتەوە))، (یخلف، ٢٠١٢، ٢٠ )، بۆ نموونە وێنەی ( ⇄ ) لە هێڵکارییەکەدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان دوو بەکارهاتووەکەدا دەنوێنێت.

بەشی ناوەکی هێڵکارییەکان ئەزموونە بینراوەکان جەختلێدەکاتەوە، کە لە نێوان بنەما ڕاستییەکان و هێڵە کێشراوەکاندا بەرهەمهاتوون، وەک هێڵکاریی پێچ و ڕاستەهێڵەکان، یان نەخشەی جوگرافی (یخلف، ٢٠١٢، ٢٠) ، یاخود ((جۆرێکە لە ئایکۆن کە تێیدا پەیوەندیی نێوان نیشانەکان، کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکی هاوشێوەیە لە نێوان هێمابۆکراوەکان، یان کردار و جوڵەکاندایە، وەک نەخشەی خانوویەک دروستەی خانووەکە دیاریدەکات، یەکێک لە نموونە بەناوبانگەکان قسەی قەیسەرە veni, vidi, vici ، کە لێکچوونی سێ کردارەکە ئاوێنەیەکی لێکچوونی ئەو سێ کردە و جوڵەیەیە، کە ئاماژەیانپێدەکەن)) (dofs,2008,4)، هەروەها (دروستەکەی و ڕێکخستنی توخمەکانی لەوانەیە لە پەیوەندییە پێکهاتەییەکە بچێت لە نێوان پێکهاتەکانی چەمکی نوێنەرایەتیکراودا، کە تێیدا ڕیزبەندیی برگەکان لە گوتارێکدا بە ڕەنگدانەوەی ڕیزبەندی ڕووداوەکانی جیهان تێدەگات.) (tkachman,2018,online)، واتە لە گوتارێکدا، یان کورتە چیرۆکێکدا ئەگەر ڕێکخستن و ڕیزبەندیی بۆ ڕووداوەکان بکەین، جۆری ئایکۆنی دیاگرامی بەرهەمدێت، بۆ نموونە لە چیرۆکێکی منداڵاندا ئەگەر ڕوداوەکان یەک لە دوای یەک بە شێوەیەکی زنجیرەیی بە پێی کات پەیڕەوبکەین، وەک ( لە سەرەتادا نەڕەی شێرەکان لە دوورەوە دێت، ورچەکان بە بۆڵەبۆڵیان کەروێشکەکانیان ئاگادارکردەوە لە بوونی مەترسییەک، دواتر مەڕەکان بینییان شێرەکان بەرەو دارستانەکە دەڕۆن بە باعەباعیان هەموو گیاندارەکان و باڵندەکانیان ئاگادارکردەوە و چوونەناو هێلانەو شوێنی خۆیان.......................هتد)، دەتوانین بە ڕیزبەندیی کاتی ڕووداوەکان و پێکهاتەی دەقی و گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە ئایکۆنی دایاگرامی لە ڕێی هێڵکارییەوە بنوێنین، بڕوانە نموونەی (٣٩):




لەم جۆرەی ئایکۆندا بەشێکی بابەتەکە بە هێڵکاریی دەگەیەنرێت، ئەگەر ئەمە بەراوردبکەین لەگەڵ وێنەیەکدا، لە وێنەکەدا تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانرێت پەسنی زۆربەی سیفات و تایبەتمەندییەکانی بابەتە بنچینەییەکە بکات، بەڵام ئەمجۆرەی ئایکۆن ناتوانرێت پەسنی تەواوی تایبەتمەندییەکانی بابەتەکە بکات، چونکە لە هێڵکاریدا تەنها ڕوویەکی بابەتەکە دەردەخرێت و وێنای تەواوەتی و ڕاستەوخۆی هەموو بابەتەکە ناکرێت.

سێیەم-ئۆنۆماتۆپیا و ئایکۆنی میتافۆریی:

میتافۆڕ، نواندنی تایبەتییە بەرجەستەییەکانی هەبووەکانە بە نواندنێکی پەیکاڵییانە لە هەبوویەکی تردا، ((هێمایەکی جێگرەوەیە، جەخت لە لێکچوون لە نێوان هێما و هێمابۆکراو لەسەر بنەمای هاوسەنگیی جۆریی دەکاتەوە)) (یخلف، ٢٠١٢، ٢٠)، میتافۆڕ کردەیەکی زۆر بڵاوە لە زماندا و لە زمانی کوردیدا بە جۆرێکی واتای ناپیتی و خوازەیی دێت، ((وەک گرنگترین بەکارهێنانی زمانی خوازەیی و بۆ گەیشتن بە ئاڵۆزترین فۆرمەکانی زمانی ئەدەبی، یان شیعر سەیردەکرێت)) (saeed, 2009, 358)، هەروەها ( دەکرێت ئەمجۆرەی ئایکۆن وێنابکرێت بە خوازەی زمانیی، وەک ئەو خوازانەی لە هۆنراوەدا دەبینرێن، کە سیریل بە خوازەی خامۆش پەسنیدەکات) (یخلف، ٢٠١٢، ٢٠).

لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەربراوە میتافۆرییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکاردێن و دەبنەهۆی کاراکردنی بیر و بیرکردنەوەی ئاخێوەری زمان، (لە میتافۆڕدا وشەکان چەندین واتایان لە خۆیاندا هەڵگرتووە و دەتوانین ئەو واتا شاراوە و پەنهانانە دەربخەین و بیاندەینە بەر ڕووناکی و لە قوڵاییەوە بهێنرێنە سەرەوە هەر ئەمەش هۆکارە بۆ دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی تێڕوانینەکانمان و پڕکردنەوەی فەرهەنگی وشە) (عەلی، ٢٠٠٠، ١٦-١٧)، میتافۆڕ بریتییە لە بەدیارخستنی واتایەکی ناباوی/ لاوەکیی

هەبوویەک لە جیاتی واتا باوەکەی و زەقکردنەوە و بەکارهێنانی ئەو وشەیەیە بەو واتا ناباوەی، لە میتافۆڕدا ناتوانرێت گوتراوەکان، یان ڕستەکان بە شێوەیەکی ڕاست لێکبدرێنەوە، ئەگەر هەوڵی وەرگرتن و شیکردنەوەی بە واتای وشەیی بدرێت، زۆرجار ناڕوونیی واتایی تێدەکەوێت و دەبێت بە دوای واتای وتراوەکەدا بگەڕێین، کە لە واتای وشەیی جیاواز بێت ، چونکە میتافۆڕ ئەو واتایەیە جگەلە واتای فەرهەنگیی، چەند واتا و چەمکێکی چالاکی تر دەگەیەنێت، ((بەشێکی دانەبڕاوە لە زمان و بیرکردنەوە و ڕێگایەکە بۆ ئەزموونکردن)) (saeed, 2009,359)، واتە میتافۆڕ پەیوەستە بە ئەزموونکردنەوە و ئاخێوەری زمان لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە دەربڕاوە میتافۆڕییە ئۆنۆماتۆپیاکان فێردەبێت و واتاکانیان هەڵدەهێنجێنێت، چونکە بۆ کەسانێک کە ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە نەبن ، تێگەیشتن لێیان زۆر ئاڵۆزو گرانە.

خوازە لە وێنەیەکدا وەک (( تابلۆیەکی هونەریی، کاتێک (شێوە، هێڵەکان، ڕەنگەکان) دەبینین لە هزرماندا ڕونکردنەوەیەکی جێگیری بۆ نادۆزینەوە، لەگەڵئەوشدا دەتوانین پێشبینیی بابەتەکەی بکەین لە ڕێی دروستکردنی لایەنێکی دەرەکی بۆ تابلۆکە، کە شێوەکارەکەش پەیوەستدەکات بە بابەتەکەوە، بەمجۆرەش ڕوندەبێتەوە خوازەی نازارەکی میکانیزمێک، یان ڕێپێدانێکی جێگرەوەیە پەیوەندی نێوان بابەتێکی دیارو ئاشکرا و بەخشکەیی دەربڕینێکی شاراوە پەیوەستدەکات)) (یخلف، ٢٠١٢، ٢١)، واتە بۆ هەر تابلۆیەکی هونەری، درکپێکردنی کەسەکان جیاوازن و دەگۆڕێت، مەرج نییە هێڵ و ڕەنگەکان هەمان واتا و زانیاری لای تاکە جیاوازەکان بەرجەستەبکات، چونکە درکپێکردنەکانی تاک بۆ پەسنی ڕەنگ و شێوە و هێڵەکان لە گۆڕاندایە، بۆ دەربڕینە خوازەییە زارەکییەکانیش لە ئۆنۆماتۆپیادا ئەم جیاکاری و جیاوازیی و بەراوردکارییە دەبینرێت، بڕوانە نموونەی (٤٠) .

ئەم نموونانەی خوارەوە دەربڕاوی ئایکۆنی میتافۆڕیی ئۆنۆماتۆپیان:

(٤٠) نەڕەی ئاغای گوندەکە لە شاخەکەوە دەبیستریێت.

بە تێڕامان لەم نموونەیە بۆمانڕووندەبێتەوە، کە (ئاغاکە) جگەلە نیشانە واتاییە بنەماییە فەرهەنگییەکانی [+مرۆڤ، + هەراش، −نازیندوو........هتد]، نیشانەی تری هەیە، کە لەگەڵ نیشانە واتاییە بنەڕەتییەکانی (نەڕەی شێر)دا یەکدەگرنەوە و دەگونجێن، ئەوانیش [+ ناسازی دەنگ، +بەرزی و بەهێزیی دەنگ، + بەدەستەڵات]، واتە دەنگی ئاژەڵی (شێر) کۆمەڵێک نیشانەی واتای فەرهەنگی هەیە، وشەی (ئاغا)ش لەچەند نیشانەیەکدا لە دەنگی شێر دەچێت، ئەمەش هۆکاری بوون بەئایکۆنییەکەیەتی، چونکە ئایکۆن پەیوەندییەکی هاوتایی نێوان فۆڕم و واتاکەیەتی لەم نموونەیەشدا نیشانەی[ + بەرزی و بەهێزیی دەنگی و بەدەستەڵاتی] لەگەڵ واتاکەیدا وەکیەکن، ئەوەشی وایکردووە دەربڕاوی (نەڕەی شێر) ببێتە میتافۆڕ، ئەوەیە کە نەڕە لە بنەڕەتدا دەنگی ( شێرە) ، نەک (ئاغا)، لێرەدا ئێمە نەڕەی ( ئاغای گوند) مان بە نەڕەی (شێر) چواندووە.


(٤١) ئەرێ پیاوەکە ئەم فشەفشەت لە چییە؟

(فشەفش) کاتێک دەدرێتەپاڵ مرۆڤ، دیاردەی میتافۆڕیی دێنێتەئاراوە، چونکە زیاتر پەسنی واتای نەرێنیی ئەم وشە ئۆنۆماتۆپییایە دیاردەخرێت، لە بنەڕەتدا (فشەفش) دەنگی مەنجەڵی بوخارە، لە کاتی

کولاندنی خواردندا ئەو جۆرە دەنگە دەردەکات، لەم نموونەیەدا ئایکۆنبوونی میتافۆڕییەکەی لەوەدایە، کە دەنگی مەنجەڵی بوخار نیشانە واتاییەکانی [+ نازیندوو، – هەراش، +هەوادەرکردن، +دەنگ، –ڕەق] ، لێکسیمی (پیاو)یش کۆمەڵێک واتای فەرهەنگیی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لەم نموونەیەدا لە نیشانەی واتای (ئەوەی لە ناو ناخی خۆیدا هەیە دەریدەکات و دەیدرکێنێت، بەڵام هیچی لەباردا نییە، واتە لە توانای  ئەودا نییە کە جێبەجێیبکات، زۆر کاتیش دەربڕاوەکانی ڕاستی تێدا نییە وەک ئەو هەوایەی ناو مەنجەڵەکە هەر خەریکی فشەیە، کەواتە ئەو نیشانە واتاییەی هەوادەرکردنی مەنجەڵی بوخارەکە لەگەڵ فشەی پیاوەکەدا یەکدەگرنەوەو هاوتای واتاکەیانن، میتافۆڕبوونیشی لەوەدایە دەنگی فشەفش دەنگی پیاوەکە نییە، بەڵکو مەنجەڵی بوخارەکەیە لە بنەڕەتدا.

(بەو جۆرەش کە ئایکۆن یەکەم جۆری هێما بووە، کە ( پێرس) ئاماژەیپێداوە، تایبەتێتی بەلاڕێدابردنی لێکچوون و هاوسێیەتی لەخۆدەگرێت، بە لەبەرچاوگرتنی بچڕانە لەیەکچووەکان بۆ جۆرەکانی و بۆ بەدەستهێنانی ئەو پەسنانەی، کە هێماکان دەیانەوێت بیگەیەنن) (يخلف، ٢٠١٢، ٢١)، واتە ئایکۆن چۆن لێکچوونەکان لە نێوان هێما و هێمابۆکراوکەیدا دەگەیەنێت، بە هەمان شێوەش ئایکۆنی میتافۆڕیی دەیەوێت هەمان لێکچوون لە نێوان هێما و هێمابۆکراوێک بگەیەنێت، کە لە ڕووی فۆڕمەوە هیچ پەیوەندییەکیان نییە، بەڵام  لە ناوەڕۆکدا لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە و لێرەدا جۆری میتافۆڕی دەیەوێت ئەو خاڵە بە بەرانبەر بگەیەنێت، بڕوانە نموونەی(٤١)،  بە واتایەکی تر میتافۆڕیی گەیاندنی لێکچوونەکانە، بەڵام لێکچوونەکان لە ناوەڕۆکدا لە خاڵێک لە خاڵەکاندا هاوبەشن و گەیاندنی ئەو خاڵەیە  بۆ بەرانبەر، جیاوازی لەگەڵ جۆرەکانی تردا ئەوەیە، کە ئەوان پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەیدا هەیە، بەڵام میتافۆڕیی پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەی پەیوەندییەکی ناوەکییە و بە ڕووکەش و فۆڕم نییە، بەڵکو لە ناوەڕۆکدا لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە و گەیاندنی ئەو خاڵە بە بەرانبەر، ئامانج و مەبەستی میتافۆڕییە.

لە هێڵکاریی (٦)دا پەسنی پەیوەندیی نێوان جۆرەکانی هێما و جۆرەکانی ئایکۆن پەیوەست بە ئۆنۆماتۆپیاوە پوختکراوەتەوە:




هێلکاریی ژمارە (٦) جۆرەکانی بەئایکۆنبوون

### ٤/٣) جۆرەکانی واتای ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

واتا بریتییە لەو پەیوەندییەی لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا دێتەئاراوە، خودی واتاش زانستێک لێیدەکۆڵێتەوە، کە بە واتاسازی دیاریکراوە، واتاسازی وەک زانستێکی سەربەخۆ یەکێکە لەو زانستە کاراو گرنگانەی، کە پانتاییەکی فراوانی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا داگیرکردووە و جێگەی گرنگیپێدانی زۆرێک لە (زانایان و کۆمەڵناس و دەروونناس..........هتد)بووە، بۆیە بووە بە کەرەستەی زۆرێک لە زانستەکانی (کۆمەڵناسی، فەلسەفەو دەروونناسی و...............هتد)، هەریەکەیان بە پێی تێڕوانینی خۆیان لە واتایان کۆڵیوەتەوە، لە زانستی زماندا بە گشتی دابەشکاری بۆ جۆرەکانی واتا کراوەو لەسەر ئەم بنەمایەش پۆلێنکاری بۆ واتای ئۆنۆماتۆپیا دەکەین و جۆرەکانی واتای ئۆنۆماتۆپیا دابەشدەکەین* بۆ:

---

*بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی جۆرەکانی واتا، بڕوانە:
١-فەرهاد تۆفیق (٢٠١٠).
٢-عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٥)
٣-تاڵیب حوسێن (٢٠١٩)
٤-بەهرە سەلام (٢٠١٦)
٥-نەریمان حەسەن (٢٠١٥)

**٣/٤-١) واتای فەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:**

**٣/٤-١-١) واتای سیمانتیکیی ئۆنۆماتۆپیا:**

(واتای سیمانتیکی، فەرهەنگیی، کرۆکە واتا، واتای هۆشەکی، واتای بنەڕەتی،......هتد)، (( ئەو واتایەیە کە ڕاستەوخۆ لێکسیمەکە بە ئاماژەبەندەکەوە دەبەستێتەوە لە جیهانی دەرەوەی زماندا، ئاماژەکە، کە بە لێکسیمێک دەردەبڕێت، پەیکاڵی یەک ئاماژەبەندە لە جیهانی واقیعدا، واتە کرۆکەواتا ئاماژە بۆ چەقی واتای لێکسیمەکە دەکات)) (حەمە کەریم، ٢٠١٥، ١٠١)، بۆ نموونە:

(٤٢) منجەمنج

دەڵێین (منجەمنج) ڕاستەوخۆ ئاماژە بە دەنگی مرۆڤێک دەکات، کە ناڕازییە، یاخود لە ژێر لێوەوە هەر خەریکی قسەیە، کە زۆر کەس لێیتێناگات چی دەڵێت، ئەم لێکسیمە تایبەتمەندکراوە بۆ ئەو ئاماژەبەندییە ، کە دەنگی مرۆڤە و واتاکەشی هەموو ئاخێوەری زمان لێیتێدەگات.

ئەمجۆرە واتایە، یەکەمین جۆری واتایە، کە منداڵ لە کردەی زمانپژانیدا وەریدەگرێت و فێریدەبێت و لەمەشەوە واتای فەرهەنگی بە کرۆکەواتا و واتای بنەڕەتی دانراوە و (نوێنەرایەتیی واتای ڕوون، یان ئاماژەیی هێمایەک دەکات، واتە ئاماژەیە بۆ واتای وشەیی وشەیەک و پێناسەی فەرهەنگیی و واتاسازیی وشە، یاخود مامەڵە لەگەڵ واتای ڕاستەوخۆدا دەکات) (csun,2022,2,online)، واتە ئەم واتایە واتایەکی بنەڕەتی و فەرهەنگییە و لە فەرهەنگدا دەستنیشانکراوە، (ئەو واتا ڕوون و ئاشکرایانەی وشەیەکە، کە لە فەرهەنگدا پەسندەکرێن و لە کاتێکی دیاریکراودا لەلایەن هەموو ئەو کەسانەی، کە وشەکە بەکاردەهێنن وەردەگیرێت) (Website today, www.ifioque.com, online)، واتای سیمانتیکی لە ئۆنۆماتۆپیادا بە جۆرێکە، کە ناونانی هەبووەکە بە پێی ئەو واتایەی لە فەرهەنگی زمانەکەماندا هەیە، ((واتای ڕاستەقینەیە لەسەر بنەمای فەرهەنگ، واتە واتای ڕاستەوخۆ لێکدەداتەوە، واتای وشە، دەستەواژە، یان ڕستەیە بە پێی فەرهەنگ)) (sari and Kusuma, 2022, 15)، کەواتە واتای سیمانتیکی ئۆنۆماتۆپیا، کە بە پلەی یەکەم ئاماژە بۆ واتای ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆی وشەکان لە فەرهەنگدا دەکات، (کرۆکەواتای لێکسیمێک لە ڕێی واتای ناوەڕۆکەکەیەوە دیاریدەکرێت، واتە مرۆڤ دەتوانێت بە بێ هیچ زانیارییەک دەربارەی توێکڵەواتا، واتای ناوەڕۆکێک بناسێتەوە) (مەحوی، ٢٠١٠، ٧٦-٧٧)، واتای فەرهەنگی دەچێتە چوارچێوەی بواری سیمانتیکەوەو مەبەست لێی واتای بنجی و بنەڕەتیی ئۆنۆماتۆپییایە و بۆ واتای ڕەسەنی خۆی بەکاربێت، یاخود بریتییە لەو ((هەستەی کە قسەکەرێک بە توخمە زمانەوانییەکانەوە دەبەستێتەوە وەک هێمای هەبووەکان و ڕووداوە ڕاستەقینەکان)) (Pardede, 2016, 20)، بۆ نموونە:

(٤٣) وشە ئۆنۆماتۆپیاکانی (پرخە، میاو)، واتای فەرهەنگیی خۆیان هەیە و لە فەرهەنگدا واتاکانیان تۆمارکراون و واتایان دەستنیشانکراون.

(٤٤) ئاوەڵناوی پرخن

+مرۆڤ
–ئاژەڵ و باڵندە
+ بوونی دەنگ
+ناسازیی دەنگ
+بێزاریی بەرانبەر
+نووستن

واتای فەرهەنگیی ئاوەڵناوی ئۆنۆماتۆپیای (پرخن) بە پێی نیشانە واتاییەکەی، تایبەتە بە مرۆڤ وبە تاکێک دەوترێت لە کاتی نووستندا بپرخێنێت، کە جۆرە هەوایەکە لە دەم و لووتەوە دێتەدەر، لە رووی دەروونییەوە پرخەی زۆر دەبێتەهۆی دروستبوونی بێزاری بۆ بەرانبەر، چونکە دەنگەکەی ناسازە.

(٤٥) پرتەپرتی گڵۆپ، نیشانە واتاییەکەی ئەمانەن:

+ ناڕوونی و ئاڵۆزکردنی ڕەنگ
+جووڵە
–مرۆڤ
+بێگیان
+تێکچوون و لەناوچوون
–ناسازیی دەنگ
–ڕووناکییەکی ڕەوان

پرتەی گڵۆپ، واتا فەرهەنگییەکەی لە نیشانە واتاییەکانییەوە دەردەکەوێت، کە تایبەتکراوە بە تەنی بێگیانی گڵۆپ، نەک شتێکی تر، کە جوڵەیەکی بەردەوامی بێزاری هەیە، ئەم ترپەیە ئاماژەیەکە بۆ ناڕوونیی ڕووناکی لە شەودا و ڕەنگە بێتەهۆی سوتان و لە کارکەوتنی گڵۆپەکە.

(٤٦) تریشقە

+ باران و تۆفان
+جووڵە
+ دەنگی بەرز
+ترس و دڵەڕاوکێ
+تەنی بێگیان
–دەنگی مرۆڤ
+دیاردەیەکی سروشتی و حاڵەتێکی فیزیکی

واتای فەرهەنگیی (تریشقە)، تایبەتکراوە بە دەنگی تەنی بێگیانی هەورەبروسکە و خۆی جیادەکاتەوە لە دەنگی تەنە بێگیانەکانی تر، وەک (گڤەی با، هاژەی ئاو، خشە....................هتد)، کە دیاردەیەکی سروشتییە و لەگەڵیدا ئەگەری زۆری باران بارینی لێدەکەوێتەوە، بۆ مرۆڤیش لە لایەنی دەروونییەوە دەبێتەهۆی دروستبوونی ترس.

واتای فەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا ڕستێک سیماو تایبەتمەندیی هەن، کە بریتین لە:

١-ئەمجۆرە واتایە، یەکەم واتایە لە زمانپژاندا وەریدەگرین و فێریدەبین و نەگۆڕە و دەچێتەناو چوارچێوەی فەرهەنگەوە، بۆ نموونە:

٤٧-(قۆڕە) دەنگی سکە لە کاتی برسێتیدا، واتاکەی دیاریکراوە و نەگۆڕە، لە فەرهەنگی زمانەکەشماندا تۆمارکراوە.

٢-واتای ڕاستەقینەیە و بوونێکی سەربەخۆی لە زمانەکەماندا هەیە، پەیوەندیی وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لەگەڵ تەنێک، دیارە و ڕووداوێک، یان دەنگی کەسێک، ئاژەڵێک دیاریدەکات و دەگەیەنێت، وەک:

٤٨- (گمە) واتایەکی سەربەخۆی هەیە، کە ئاماژە بۆ دەنگی کۆتر دەکات.

٣-واتای فەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا واتایەکی ئاشکراو ڕوون دیاریدەکەن، واتە لە نێوان هێما و هێمابۆکراوەکەدا پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەیە و وشەی ئۆنۆماتۆپیا ڕاستەوخۆ واتاکانیان دەگەیەنن، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیی و ئاسانە بۆ لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیر لە نێوان تاکەکاندا.

٤- ئەمجۆرە واتایە بە فاکتەری ناوەکیی واتای وشە ئۆنۆماتۆپیاکان دادەنرێت، چونکە واتایەکی دیارە و ئاخێوەری زمان هەموویان بە سانایی واتاکەی هەڵدەهێنجن و نیشانە واتاییەکان، دەستنیشانکەری واتای فەرهەنگیی وشە ئۆنۆماتۆپیاکانە، بۆ نموونە :

٤٩-(قوڵپە) کە دەنگی کوڵاندنی ئاوە، نیشانەی واتایی [+ شتی بێگیان، -مرۆڤ، +دەنگێکی مامناوەند....... هتد] ی هەیە.

٥- واتای فەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا، ئەو واتایەیە، کە کۆکبوونی کۆمەڵایەتی لەسەرە و تاکەکانی نەتەوەیەک ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییان لەسەری هەیە و هاوبەشە لە نێوانیاندا و واتای ئاسایی و سروشتیی هەبووەکانە، (ئەمجۆرە واتایە لە گفتوگۆی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا زیاتر باوە و بەکاردێت) (عەلی، ٢٠١٩، ٢٦)، چونکە خەڵکی بەم واتایە باشتر تێدەگات و واتایەکی کرۆکیی گفتوگۆکانمانە.

٦-واتای بنچینەیی و سەرەکییە، دەبێتە پێوەرو بنەما بۆ دیاریکردنی هەموو جۆرەکانی واتای نافەرهەنگی، وەک :

(٥٠)آ.تەقییەوە ⟵ واتای فەرهەنگیی [ بۆتڵی غازەکە تەقییەوە].

(٥٠)ب.تەقییەوە ⟵ واتای نافەرهەنگیی [نەسرین دووبارە تەقییەوە].

٧-واتای فەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، لە واتای پیتی و مەرجی ڕاستەقینەی فۆڕمە زمانییە ئۆنۆماتۆپیاکان دەکۆڵێتەوە.

**٢-١-٤/٣) واتای لۆژیکیی ئۆنۆماتۆپیا:**

جۆرێکی بنچینەیی واتایە و ڕۆڵێکی کارا و گرنگی لە زماندا هەیە، چونکە واتا لە وشە و دەربڕاو ڕستەکاندا، دروستە و پێکهێنەرەکانی پەیڕەوی/ پابەندی یاسا و ڕێسا لۆژیکییەکان دەبێت، لادان لێیان دەبێتەهۆی لەیەکترتێنەگەیشتن و دەرکەوتنی ناتەواوی و کەلێن لە کردەکەدا.

((جۆن لۆکی فەیلەسوفی ئینگلیزی بە یەکێک لە بنیاتنەرەکانی ئەمجۆرە واتایە دادەنرێت و دەڵێت بەکارهێنانی وشەکان دەبێت هێمایەکی وردو ڕاستەوخۆ بن بۆ بیرەکان)) (حەمە کەریم، ٢٠١٥، ٢٢)، واتای لۆژیکی (واتای وشەیی وشەیە کە ئاماژەدەدات بەو بیرۆکە، یان چەمکەی، کە ئاماژەیپێدەکات، بۆ نموونە وشەی مرۆڤ ڕەنگە وەک چەمکێک پێناسەبکرێت، کە لە پێکهاتەیەک پێکهاتووە و نیشانەی واتایی [+ نێرومێ، +گەورە، +عاقڵ]، کە لە ڕێگەی بنەڕەتی وشەکەوە درککراوە، ئەم نیشانە واتاییانە لۆژیکین لە چەمکی مرۆڤدا، بەڵام بۆ ئۆنۆماتۆپیای (نەڕەی پیاو) ناگونجێت، چونکە نیشانە واتاییەکانی نەڕە [− مرۆڤە، −عاقڵە....هتد]، چەمکێکی جیاوازە) (Ez, 2009 , 4 ).

ئەمجۆرە واتایە، واتا دەداتەپاڵ جیهانی واقیع و ڕاستەقینە، بۆیە بە واتای ڕاستەقینەی سیمانتیکیش ناسراوەو ناودەبرێت، چونکە لە واتای ڕاستەقینەدا لێکدانەوەی واتای ڕستە و دەربڕاوەکان، کە لەلایەن ئاخێوەرانییەوە دەردەبڕدرێت، پشتدەبەستێت بەوەی، تا چ ڕادەیەک کرۆک و ناوەڕۆکێکی ڕاستییان تێدایە، هەر لەو ڕێگەیەوە تێگەیشتنێکی ڕوون دێتەئاراوە، هەر لە مەرجی ڕاستەقینەدا پەیوەندیی بیر و زمان و جیهانی دەرەوە، وەک بنەمایەکی چەقی (کرۆکی) سیمانتیکیی، لێکدەدرێنەوە، بڕوانە:

(٥١) ئەمڕۆ گڤەگڤی بایەکە زیادیکردووە.

بۆ تێگەیشتن لە واتای ئەم ڕستەیە، پێویستە ئاماژەی ڕاستەقینەی تێدابێت، لە ڕووی لۆژیکەوە دەبێت (گڤەگڤی با) بوون و مەرجی بوونی لە واقیعدا هەبێت و بایەکی زۆریش بێت، واتە ناوەڕۆک و واتای ڕستەکە لە جیهانی دەرەوەدا لەگەڵ واقیعدا تەبابن و بنەمای ڕاستی و دروستی تێدا بێت.

(لۆژیک یاساکانی بیرکردنەوەیە بەهۆی لۆژیکەوە بیرەکانی ناو ئاوەزمان ڕێکدەخەین، پێویستە پەیوەندییەکی سیمانتیکی و لۆژیکی لە نێوان دروستەو وشەکانیدا هەبن، ئەگەر وانەبێت توشی لادان و هەڵە و ناڕونیی واتایی دەبین، ڕستەکان لە ئاستی سیمانتیکیدا هەڵگواستراوی مەرجی ڕاستەقینەیی خۆیانن، سیمای واتای لۆژیکی ئەوەیە، واتایەکی ڕوون و ئاشکراو دوور لە بنەمای لێڵی و ئاڵۆزی هەبێت، چونکە ئەگەر وانەبێت، واتای دەربڕاوەکانی قسەکەر وەک خۆی ناگەیەنرێت و گوێگریش لە مەبەست و واتای قسەکەر تێناگات و دەبێتەهۆی پەرشوبڵاوکردنەوەی بیری ) (مەحمود، عەلی، ٢٠٠٩، ٢٧-٢٨)، بۆ نموونە:

(٥٢) قرتەی کرد

لەم ڕستەیەدا کەرەستەی (قرتە) لێڵی و ناڕوونی تێدایە، بە پێی دەوروبەری گوتنەکە ئەم دەربڕاوە واتاکەی ڕووندەبێتەوە، چونکە ئەم دەربڕاوەی قسەکەر، گوێگر نازانێت مەبەست لە واتای (قرتە)،

قرتەی چییە؟ ئایا قرتەی ئەژنۆیە، یاخود قرتەی پشتە، یان قرتەقرتی دەنگی مریشکە لە کاتی کڕکەوتنیدا، لێرەدا تەمومژو لێڵی واتایی لەم ڕستەیەدا هێناوەتەئاراوە، بۆیە واتای لۆژیکی (( لە ناو بیر و هزر و زەینی مرۆڤدا کاردەکەن پشتدەبەستێت بە ڕاستییە زمانیی و فۆرمیەکان و ڕاستی هەر یەکێکیان پاپەندە بە مامەڵەی عەقڵ و لێکدانەوە عەقڵییەکان)) ( مەحمود، عەلی، ۲۰۰۹، ۲۹ )، ئەمەش ئەو پەیوەندییەیە لە نێوان سیمانتیک و لۆژیکدایە، بۆ نموونە:

(٥٣) ئازاد بارەی مانگاکە بێزاریکردو سەریبڕی. (لۆژیکی)

(٥٤) ئازاد وەڕینی سەگەکە بێزاریکردوسەریبڕی. (نالۆژیکی)

لە ڕستەی (٥٣) دا، (ئازاد) لە سیمای واتایی [سەربڕی] داوای بەرکار دەکات، کە توانای گونجانی واتای لەگەڵ کردارەکەدا هەبێت، بەڵام لە ڕستەی (٥٤)دا (سەگەکە) سیمای واتای [+سەربڕین] لەگەڵ پێکهێنەرەکانی ڕستەدا ناگونجێت لە ڕووی واتاییەوە، چونکە کردەی کردارەکە کەرەستەیەک دەخوازێت کە سیمای [+خواردن، +ئاژەڵێک گۆشتەکەی بخورێت، ........هتد] ی بێت.

کەواتە واتای لۆژیکی بریتییە لە پەیوەندیی بنەڕەتی و وابەستەییانەی نێوان دەربڕینەکان و لێکدانەوەیان لەسەر بنەمایەکی شیکاری وردی ڕاستی و حەقیقەت، کە پێویستە ڕستە، ڕووداو، بیر، دەربڕاوەکان وابەستەی ڕاستی و ڕاستەقینەیی بن لە جیهانی واقیعدا، ئەم واتایە بنەمایە بۆ زمانی ڕاست و دروست، چونکە ڕستە و دەربڕاوەکان پشت بە بەهای ڕاستەقینەیان دەبەستن، واتای لۆژیکی دەستنیشانکەری واتای فەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپییایە و بە بەشێکی واتای فەرهەنگی دانراوە.

## ۲-٤/۳) واتای نافەرهەنگیی/ تۆێکڵەواتای ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا (connotative meaning of onomatopeia) :

زاراوەکانی (واتای سەربار، واتای زیادکراو، واتای لاوەکیی، توێکڵەواتا، واتای ناپیتی........هتد) بۆ بەکارهێنراوە ، ئەم واتایە ((ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییانەی، کە پەیوەستن بە وشەیەکی دیاریکراوەوە، یان ئەو پێشنیازە سۆزدارییانەی پەیوەندییان بە وشەیەکەوە هەیە دەکات)) (Website today, www.ifioque.com, online) ، واتە جۆرە واتایەکە جگەلە واتا فەرهەنگیی (بنەڕەت و ڕاستەوخۆکانی) وشەکان واتایەک دێنێتەکایەوە و پەیوەستە بە بڕیاردان بە چۆنێتی و کاردانەوەی بەکارهێنانیان لەلایەن تاکەوە، بۆیە ئەم واتایە لە فەرهەنگدا تۆمارناکرێت، واتایەکی زیادکراوە بۆ سەر واتای فەرهەنگیی و ئەمەش بەوەی واتای وشەیەک پشتدەبەستێت بە پاشخان و ئەزموونەکانی ڕابردووی تاکێک، کە بۆ دەربڕاو و ڕستەکان پێشنیازیدەکات، (ئەم واتایە پێچەوانەی واتای فەرهەنگییە ئاماژە بۆ هەست و هەڵسەنگاندنەکانی تاکێکە، کە بە وشەیەکەوە دەیبەستێتەوە، ئەو واتایەیە، کە بە پێی هەستەکانمان بۆ هەبوویەکی ئۆنۆماتۆپیا، یاخود چەمکە جیاوازەکانی دەخرێتەڕوو) (سەرچاوەی پێشوو)، ((واتای

نافەرهەنگیی ئاماژەدانە بە ئەو کۆمەڵە بەرفراوانە پەیوەندییە ئەرێنی ونەرێنییانەی، کە بە زۆری وشەکان بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ خۆیاندا هەڵیانگرتووە)) (csun,2022,online,1)، بریتییە لە (واتای پێشنیازکردنی عەقڵ، بەدەستهێنانی واتایە لە وشەیەک، دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەکدا بە پێی پێشنیاز، یاخود واتای وشەکە بە چییەوە دەبەستینەوە، واتە ئەو واتایەیە، کە لە دەرەوەی پێناسە فەرهەنگی و ئاساییەکانە) (sari and Kusuma, 2022, 15)، واتە هەموو جۆرە واتایەک جگەلە واتای فەرهەنگی دەگرێتەوە، ئەم واتایە واتا و مەبەست و گۆڕانی کاریگەرییە دەروونیی و کەلتووری.... کەسێک، یاخود ئاماژەیە بۆ ئەو پێشنیاز و لایەنی سۆزدارییانەی کەسێک، کە پەیوەستە بە وشە و دەربڕاوە ئۆنۆماتۆپیاکان، بۆیە بنەمای ئەم واتایە بەندە بە ئەزموونی تاک و جیاوازیی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە کەلتوورییەکان و لایەنی سۆزداری و دەروونی قسەکەر، کە دەیەوێت لە ڕێگەی وشەکانەوە ئەوەی مەبەستێتی دەریبڕێت، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەمجۆرە واتایە بین، تاکو لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەرانبەر توشی بە هەڵە تێگەیشتن نەبین، چونکە تێگەیشتن لە واتای نافەرهەنگیی وشەکان زۆر گرنگە، بڕوانە:

(٥٥) قەوچە دەنگی بنێشتە. (فەرهەنگیی)

(دە قەوچەقەوچ )، واتای نافەرهەنگییەو بە واتایەکی نەرێنی بەکارهاتووە.

کەواتە واتای نافەرهەنگیی (قەوچە)، واتایەکی بارکراوە، کە لە سەر و واتای فەرهەنگییەوەیە و خراوەتەڕوو، هەروەها بڕوانە :

(٥٦)أ.بەم قرچەی گەرمایە چۆتەدەرەوە. (مەترسی و نەرێنی) (واتای فەرهەنگی)

ب.دایکەکە قرچەی دڵی دێت. ( سۆزداری) (واتای نافەرهەنگی)

(٥٧)آ. تۆپەکە تەقی. ( واتای فەرهەنگیی)

(٥٧) ب. نەسرین تەقییەوە.( واتای نافەرهەنگیی)

لە فەرهەنگدا بە دوای وشەی (تەقین) بگەڕێین، نیشانە واتاییە ڕاستەوخۆ و فەرهەنگییەکانی بریتیین، لە [+ تەقینی هەبوویەکی، وەک [+ میزەڵدان و تۆپ و تفەنگ....هتد]، لە کاتی تەقینیاندا گوێمان لە جۆرە دەنگێک دەبێت.

لە دوو نموونەی (٥٧–آ ، ب) وشەیی (تەقی، تەقییەوە) ئۆنۆماتۆپیان و لە ڕووی ڕوخسارەوە تاڕادەیەکی کەم لەیەکدەچن، چونکە ناوەکردارییەکانیان (تەقین، تەقینەوە) هاتووە و جودایە، لە ڕووی واتاشەوە واتاکانیان جیاوازە، لە ڕستەی (٥٧–ب) بەدەرە لە واتا و پێناسەی فەرهەنگی، واتای هەست و ئاماژە و وێنەی قسەکەرە، کە لەو وشەیەدا کۆبووەتەوە و واتای (نەسرین زۆر تووڕەبوو، واتایەکی نەرێنی باری سۆزداری) کەسەکەی دەرخستووە. دەتوانین لەسەر بنەمای کرۆکی پەسەنکردن و شیکردنەوەکانی واتای نافەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا، چەند تایبەتمەندیی و سیمایەک بۆ واتای نافەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا هەڵبهێنجین، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١–لە ئاستی واتای بنەڕەتیدا لە پێناسەی فەرهەنگیی تێدەپەڕێت و بە پێی جۆرەکانی کەلتوورو سەردەم و ئەزموونەکانی خەڵک و لایەنی سۆزدارییان دەگۆڕێت، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە، کە واتای نافەرهەنگیی وشەکان تەواو جیاواز بن لە واتای فەرهەنگیی، بەڵکو لەسەر بنەمای لێکدانەوەکان جیاوازن. (عمران، ٢٠١٦، ١٤٢)

٢–تاڕادەیەک تێگەیشتنێکی ورد و سەلیقەیەکی تایبەتی دەوێت. ( سەرچاوەی پێشوو)

٣– پێماندەڵێت وشەکان تەنها واتای کرۆکیان (فەرهەنگییان) نییە، بەڵکو لە بەکارهێناندا واتای تر دەگەیەنێت، جیا لە واتای فەرهەنگی، ئەمیش بۆ چەند جۆرێک بە پێی بەکارهێنانیان دابەشکراون، وەک (واتای ئیدیەمی، میتافۆڕیی، هەستدەربڕ.........هتد)، بێگومان ئەمەش هۆکارێکە بۆ چالاکبوونی واتاسازی.

٤– ئەو جۆرە واتایەن، کە لەسەر بنەمای واتای فەرهەنگیی بەرهەمدێن و بە واتای زیادکراو بۆ سەر واتای فەرهەنگی دیاریکراون.

٥–کۆکبوونی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەمجۆرە واتایە نییە ( جگەلە واتای ئیدیەمی).

٦–وشەکان پێگەی واتای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستدەدەن و دەگۆڕدرێن، ئەم گۆڕانکارییەش توانای دەربڕین زیاددەکات.

٧–سیفەتی واتای ئەرێنی و نەرێنی تێدایە، کە زۆربەی وشەکان بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ خۆیاندا هەڵیانگرتووە، یاخود هەندێکجاریش پەیوەستە بە هەستی قسەکەر لە ناو وشە و ڕستەکاندا، ئەمەش وادەکات گۆکردنی وشەکان هەست و سۆز بۆ کەسی بەرانبەر دروستبکەن و وایانلێدەکات کاردانەوەیان بەرانبەر بە واتای وشەکان هەبێت.

٨–ئەم واتایە سیفەتی تێنەگەیشتن و ئاڵۆزی دروستدەکات بۆ ئەو کەسانەی زمانی زگماکی خۆیان نییە، بە تایبەت لە کاتی دوواندنیان لەگەڵ کەسانی ڕەسەنی زمانەکەدا، لەبەرئەوەی کۆکبوونی کۆمەڵایەتی لەسەر نییە و تەنیا ڕێککەوتنی نێوان دوو کەس، یان گروپێکە.

٩–ئەم واتایە دەتوانرێت وەک تابۆ بەکاربهێنرێت.

١٠–سنورێکی دیاریکراو و داخراوی نییە، لەبەرئەوەی تەنیا واتای فەرهەنگیی و هۆشەکی ناگرێتەوە، بەڵکو چەند جۆرێک لە واتا دەگەیەنێت.

١١–تایبەتمەندیی پێشنیازکراوی ئاوەزە، بۆیە ئەم واتایە دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە.

## ٥/٣) جۆرەکانی واتای نافەرهەنگیی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا :

### ١-٥/٣) واتای میتافۆڕ (خوازە)یی ئۆنۆماتۆپیا:

میتافۆڕ (ئەو وشەو دەربڕینانەن، کە بە واتای فەرهەنگییان بەکارناهێنرێن، بەڵکو دەبنە ئاماژە بۆ واتاو مەبەستی خوازراو، ئەوەش لە ڕێگەی یاریکردن و سڕینەوە و بەر ڕووناکیدانی سیما واتاییەکانیانەوە

دەبێت) (عەلی، ٢٠٠٠، ٣٧)، واتە (بەکارهێنانی واتای میتافۆڕیی بەهۆی ئەوەی وشەکان زۆرجار لە ڕێی لادان لە نیشانە سیمانتیکییەکان، یاخود گۆڕینیان دەردەکەوێت) (مەحوی، ٢٠٠٩،٢٠٨ )، بۆ نموونە:

(٥٨)أ. نەوزاد دیسان بە نەڕەنەڕەوە گەڕایەوە.

ب. ئاخ نەسرین دووبارە ئەم لوشکە لوشکەت لە چییە؟ !

پ. دوژمنەکان دووبارە پێماندەوەڕنەوە.

ت. ژنەکە لە جووکەجووکی تۆ بێزاربووم.

بە تێڕامان لە ئۆنۆماتۆپیا هێڵ بەژێر هاتووەکاندا بۆماندەردەکەوێت، کە لەم نموونانەدا ئۆنۆماتۆپیاکان بۆ واتا ئاساییەکانی خۆیان بەکارنەهێنراون، یان واتای فەرهەنگیی خۆیان لەدەستداوە و لە چوارچێوەی بەکارهێنانیاندا واتاو مەبەستێکی تر دەگەیەنن، چونکە (نەڕە، لوشکە، وەڕین، جوکە) نیشانە سیمانتیکییەکان [-مرۆڤ، +ئاژەڵ]، بەڵکو بە واتا میتافۆڕییەکانیان بەکارهێنراون، لەم نموونانەدا واتا میتافۆڕییەکان لە ڕێگەی پەیوەستبوونیان لەگەڵ کەرەستەکانی تردا دەگەیەنرێت و دەستنیشاندەکرێن. لە واتای میتافۆڕیدا دەکرێت واتای ئەرێ و نەرێ دەستنیشانبکەین، بڕوانە:

(٥٩) نەڕە(ئەرێ) ←——— [+ ئازایی، +جوامێری، -بەتوانایی ، - بەستەزمانی].

نەڕە(نەرێ) ←——— [+هاریی، +دەنگ ناخۆشی، +دەربڕین بە دەنگی بەرز].

کەواتە لە میتافۆڕدا باس لە یەکسانکردنی دوو شت دەکرێت، نەک لەبەرئەوەی بە تەواوی و لە ڕاستیدا لەیەکدەچن، بەڵکو لە پێناو بەراوردکردنیانە بە یەکتر لە ڕێگەی نیشانە واتاییەکانیانەوە، نەک بۆ واتای فەرهەنگییان.

(خوێندنەوەی ئەمجۆرە لە ئۆنۆماتۆپیا دەکەوێتە سەر دەوروبەری (ناوەڕۆک) ی وشەی بەکارهاتوو، وشەیەکی ئۆنۆماتۆپیا دەکرێت لە ڕستەیەکدا بە واتایەک بە کارهاتبێت، بەڵام لە جێگەیەک و ژینگەیەکی تردا بە واتایەکی کەمێک جیاواز، یاخود تەواو جیاواز بەکاربهێنرێت) (Rydblom, 2010, 1 and 10).

**٢-٥/٣) واتای ئیدیەمیی ئۆنۆماتۆپیا:**

ئیدیەم (وەک چەشنێکی دەربڕاوە ناپێکهاتەییەکان و وەک یەکەیەکی چەسپاو و بەقاڵبووی گۆکردن لە زماندا، چەمک و دروستە و تایبەتمەند و واتای تایبەت بە خۆی هەیە، لە ئیدیەمدا واتای گشت دەربڕاوەکە لە واتای فەرهەنگیی دانە دانەی وشە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەستناهێنرێت) (حسەین،٢٠٢١، ١١٨-١١٩)، بەڵکو لە یەکگرتنی چەند یەکەیەکەوە پێکدێن و وەک یەک یەکە لە زمانەکەماندا هەڵسوکەوتدەکەن ، ئۆنۆماتۆپیاش بێبەش نییە لە دروستکردنی ئیدیەم و وەک هەر وشەیەکی ئاسایی زمانەکە بەشداری لە سازکردنی ئیدیەمدا دەکەن و بە واتای ئیدیەمی بەکاردەهێنرێن، وەک:

(٦٠)أ. زمانی چزا.

ب. دەستی چزا.

واتای فەرهەنگیی و نیشانە واتاییەکانی (چزا) ئەمانەن:

+ بەرکەوتن
+ سووتان
+ ئازار
+ پێوەدان
+ گیانلەبەر
+ دەنگی چزانی شتێک
+ڕەنگ گۆڕین
-دەنگی مرۆڤ
-دەنگی ئاژەڵ و باڵندە
+ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوە

لێرەدا لێکسیمی (چزا) بۆ واتای فەرهەنگی بەکارنەهاتووە، بەڵکو ئەم دەربڕاوە ئۆنۆماتۆپیای ئیدیەمییە و بە واتای قسەیەکی لە دەمدەرچوو، کە دواتر قسەکە بە خراپ بەسەریدا شکاوەتەوە، یان زیانگەیاندن و بریندارکردنی کەسێکە بە گوفتار و ڕەفتار، یاخود بۆ بەکارهێنانی قسەی نەشیا و بەکارهاتووە، هەروەها نموونەیەکی وەک :

(٦١) تەقەی لێهەڵسان.

نیشانە واتاییەکانی(تەقە)

+ ناسازیی دەنگ
+ پیاکێشان
+ بەرکەوتن
+ ئاگادارکردنەوە
-دەنگی مرۆڤ
+ ترس و دڵەڕاوکێ
+ پلەی بەرزی و بەهێزیی دەنگ
+ دەنگی دەرچوونی شتێک

لەم نموونەیەدا (تەقە) واتایەکی فەرهەنگی نییە، بەڵکو واتایەکی ئیدیەمی هەیە و بە واتای چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریی، یان دەستکردن بە کارێک دێت، یاخود بە چەندین واتای تر دێت.

(٦٢) کابرا گری لێدەبێتەوە.

+ گەرمی
+ ڕووناکی
+ تەنی بێگیان
− مرۆڤ
+ ڕەنگی سورو زەرد
+ جووڵە
+ سووتان
+ بەرزبوونەوە بۆ سەرەوە
+ دوکەڵ لە کاتی کوژاندنەوەی

ئۆنۆماتۆپیای (گڕ) لەم نموونەیەدا بۆ واتای فەرهەنگی بەکارنەهاتووە، بەڵکو بە واتای ئیدیەمی بەکارهاتووە، کە کابرا زۆر تورەیە، نائارامە، توندە، سورە لەسەر ئەو شتەی دەیەوێت بیکات.

بە سەرنجدان لەم ئیدیەمانە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئۆنۆماتۆپیا بە واتای ئیدیەمی لە زماندا بەکاردەهێنرێت.

**٣-٥/٣) واتای هەستدەربڕی ئۆنۆماتۆپیا:**

هەست وسۆز یەکێکە لە پێکهاتەکانی کەسێتیی تاک، (واتاش کە دینامۆی ئەو پەیوەندی و ئاڵوگۆری دیدگا و بیرانەیە، لایەنی هەست و سۆزی ئاوێزاندەبێت زۆرجار لەگەڵ ئەو واتایەی، کە دەربڕاوە زمانییەکان دەیگەیەنن هەست و سۆزیش دەردەبڕدرێت) (حەسەن،٢٠١٠ ، ٣٤-٣٥)، واتە ئاخێوەر ئەو هەست و سۆزەی بەرانبەر بە کەس و شت وڕووداو و چەمکەکەی کە هەیە، لە ڕێگەی چەند کەرەستە و دەربڕاوێکی جۆراوجۆرەوە بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی، کە لە دەروون (ناخ) یدایە دەیدرکێنێت، یەکێک لەو کەرەستە زمانییانە ئۆنۆماتۆپیاکانن و ئەو هەستە هەستێکی خودی و تاکەکەسییە لای تاک بۆ بەرانبەر و چواردەورەکەی دەریدەبڕێت، یاخود ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی هەستی تاکەکەسیی قسەکەرە و هەڵوێستی ئەوە بەرانبەر دەربڕینی شت و کەس و ڕووداوەکانی چواردەوری، دەربڕاوە ئۆنۆماتۆپیاییەکانیش یەکێکن لەو کەرەستە زمانییانەی بە فۆرم و واتایانەوە ئەمجۆرە واتایە پەسندەکەن، بڕوانە:

(٦٣) ئاخ بە ڕۆیشتنت چ ئازارێکت لە دڵمدا بەجێهێشت. (ڕووداو)

(٦٤) ئۆف دووبارە بە قیژەقیژ گەڕایەوە. (کەس)

(٦٥) ئۆی خۆزگە هەر نەمبینییایە بەو ئازارەوە. (کەس)

لەم ڕستانەدا وشەو دەربڕاوە ئۆنۆماتۆپیاکان پەیوەندی بە لایەنی دەروونیی قسەکەرەوە هەیە، هەست و سۆزێکی تایبەتی تیدایە لە ڕێگەیەوە ئەو هەستە بۆ بەرانبەرەکەی دەگەیەنێت.

(٦٦) لە کاتی ئێش و ئازارو نەخۆشیدا نەخۆش (ناڵە ناڵ ) دەکات، یاخود دەڵێت (ئای، ئاخ) خوایە گیان ئەم ئازارە بوەستێنیت، بێگومان هاوار و ئازارێکی دەروونییە.

## ٤-٥/٣) واتای کۆمەڵایەتیی ئۆنۆماتۆپیا:

ئەم واتایە لە کەلتوورو کۆمەڵەکانەوە سەرچاوەیگرتووە (لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا هاتووەتەکایەوە ، بۆئەوەی ڕاگرتن و چەسپاندنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بێتەئاراوە، کۆمەڵگەکان لە بەکارهێنانی واتای کۆمەڵایەتی زۆر لێکجیاوازن بێگومان ئەمەش لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە لە ڕستە و دەربڕاو و وشەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و دەدرکێنرێت) (غەریب، ٢٠١٦، ٥٤)، لە واتای کۆمەڵایەتی ئۆنۆماتۆپیادا هەموو کۆمەڵێک، ڕستێک لە کەرەستەی ئۆنۆماتۆپیای تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە سروشتی دەوروپشتییەوە سەرچاوەیگرتووە و ڕەنگیداوەتەوە، دەربڕاوە ئۆنۆماتۆپیاکان لە زمانە جیاجیاکان و لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا لە لایەن قسەکەرانییەوە بە شێوەی جیاواز دەدرکێنرێن، بڕوانە:

(٦٧) لە زمانی کوردیدا (حەپە)ی سەگ، لە زمانی ئینگلیزیدا (باوە).

(٦٨) لە زمانی کوردیدا (قوقە) ی کەڵەشێر لە دوورەوە دەبیسترێت، لە زمانی عەرەبیدا (صیاح ).

(٦٩) کیڕەکیڕی دەنگی مەنجەڵ لە زمانی کوردیدا.

کەواتە لە واتای کۆمەڵایەتیدا زۆربەی وشە و یەکە ئۆنۆماتۆپیاکان بە شێوازو وشەی جیاواز دەردەبڕدرێن، هەندێک لە وشە ئۆنۆماتۆپیاکان جیهانین و هەمانە ناوچەیی و نەتەوەین، بۆ نموونە:

(٧٠) میاو، جیهانییە و لە هەموو زمانە جیاوازەکاندا بە دەنگی پشیلە دەوترێت.

(٧١) کوکو، کە دەنگی کوکوختییە تا ڕادەیەکی زۆر جیهانییە.

(٧٢) گارەگاری مریشک، چریکەی بولبول، نەتەوەیین.

## ٥-٥/٣) واتای ڕەنگدانەوەی ئۆنۆماتۆپیا:

واتای ڕەنگدانەوە واتایەکی زیادە و سەربارە بۆ سەر واتای فەرهەنگیی وشەکان (بریتییە لەو واتایەی، کە بارکراوە لە واتای هۆشەکیی دیاریکراو لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو وشە لە باری تردا، کە گوێمان لە یەکێکیان دەبێت ڕاستەوخۆ واتاکەی ترمان دێتە زەین و ئاوەز) (عەلی، ٢٠١٩، ٣١)، وەک:

(٧٣) لە ئۆنۆماتۆپیادا (تی لی لی) ڕەنگدانەوەی هەستی خۆشی دەربڕی ئاخێوەرەکانێتی.

(٧٤) دەنگی فیکەی ناوبژیوان لە یاریکردندا واتای ئاگادارکردنەوە دەگەیەنێت.

(٧٥) دەنگی (دمبڵ دمبڵ/ دمبک دمبک)ی تەپڵ و دەهۆڵ لە ڕابردوومانددا لە مانگی ڕەمەزاندا ئاماژە و ڕەنگدانەوەی ئاگادارکردنەوە و لە خەو هەستانە بۆ پارشێوو.

(٧٦) دەنگی (قاوو قیژ)ی خاوەن پرسە ڕەنگدانەوەی بارێکی ناخۆشییە.

(٧٧) قلّپوقوّی ڕشانەوە ڕەنگدانەوەی نەخۆشی و گەدە تێکچوونە.

(تالّیب حوسێن) ئەمجۆرە واتایەی بۆ سێ جۆر دابەشکردووە(عەلی، ٢٠١٩، ٣١-٣٢)، بڕوانە:

یەکەم/ کارتێکردنی دەنگیی:

زۆرێک لە وشە ئۆنۆماتۆپیاکان ڕاستەوخۆ لە دەنگی سروشتییەوە سەرچاوەیانگرتووە و بەرهەمهاتوون، کاتێک گوێمان لەو وشە ئۆنۆماتۆپیایانەی لە دەنگە سروشتییەکانەوە دروستبوون دەبێت، ڕاستەوخۆ وێنەی ڕەنگدانەوەی تەنەکەمان دێتەوە ئاوەز، بۆ نموونە:

(٧٨)آ. هاژە هاژی ئاو

(٧٨)ب. خوڕەی باران

دووەم/ کارتێکردنی مۆرفۆلۆژیی:

ئەمجۆرە واتایە لە ئۆنۆماتۆپیادا ئەو لێکسیمانە دەگرێتەوە، کە بە ڕێگەی (داڕێژراو و لێکدراو) ڕۆنراون، چونکە ئەمجۆرە لێکسیمانە دەچنەناو فەرهەنگی زمانەکەمانەوە و دەپارێزرێن و واتای نوێش دەگەیەنن، بڕوانە :

(٧٩) فش+ بوونەوە فشبوونەوە

(٨٠) لەرزە+ ۆک لەرزۆک

(٨١) ناڵە + کردن ناڵەکردن

(٨٢) هەڵ+ تەقی هەڵتەقی

سێیەم/ کارتێکردنی واتایی:

( ئەمجۆرە واتایە لە حاڵەتی کاتی فرە چەمکیدا سەرهەڵدەدات، ئەو جۆرە وشانەیە، کە لە زانستی زماندا بە وشە تابۆکان ناسراون، ئەوان پەیوەستن بە وشە نائاساییەکان، یاخود شەرمدەکرێت لە دەربڕینیان، نەتوانرێت بە ئازاد دەربڕدرێت، یان حەزناکرێت بوترێت) ( pardede ,2016 ,27 )، واتە تابۆ ((ئەو دەربڕاوە زمانییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی وکەلتوورییەوە دەربڕینیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شیاو نییە و لەلایەکەوە وابەستەی (ئۆرگانەکانی ئادەمیزاد، کردەی سێکس، نەخۆشی.........هتد ) دەبێت)) (فەرەج، ٢٠١١، ٥٩) بۆ نموونە:

(٨٣) مشێک بکە. لە بری ئەوەی بڵێین برۆ لووتت پاکبکەرەوە

(٨٤) بە دەنگی قرقێنەکەت دڵم تێکەڵ دێت

لەم نموونەیەدا فۆڕمی(مشێک، قرقێنە) ئەو واتایەی، کە هەیەتی، ناتوانرێت بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ لە دەوروبەری خۆیدا نەبێت، دەربپڕدرێت، چونکە بە کردەیەکی قێزەونی و ڕەفتارێکی ناشرین لەقەڵەمدەدرێت، دەبێتەهۆی گەیاندنی بێزاریی بەرانبەر.

**٦-٥/٣) واتای بابەتیی ئۆنۆماتۆپیا:**

بە واتای دەروونیش ئاماژەی پێکراوە، ((ئەو شێوازی واتایەیە، کە قسەکەر یان نووسەر پەیامەکەی لە ڕووی ڕێکخستن و جەختکردنەوە و سەرنجدانەوە ڕێکدەخات، هەروەها دەتوانرێت لەم واتایەدا بە ڕێگەی فشار و هێز و سترێس تیشکبخەینەسەر زانیارییەکان لە بەشێکی ڕستەکەدا)) (Permana,2017,72)، ، شیعر، پەخشان یان هەر جۆرێکی تری ئاخاوتن، یان نووسین، بۆ نموونە:

(٨٥) ئۆخەی، ژنە شاتەشاتکەرەکە ڕۆشت.

لەم نموونەیە (شاتەشات) بە واتای دەروونی و توانجدان لە ژن بەکارهاتووە و هێزەکەش زیاتر لەسەر ئەم وشە ئۆنۆماتۆپیایەیە لەڕستەکەدا.

(٨٦) ئۆف چەند بە پرتەو بۆڵەیت !

**٧-٥/٣) واتای ڕێزمانیی ئۆنۆماتۆپیا:**

واتای ڕێزمانیی ئەو (( پەیوەندییەیە، کە لە نێوان توخمە زمانییەکاندا وەک وشەکانی ناو ڕستە بوونی هەیە)) (Pardede,2016,20)، واتە لە ((ڕیزکردن و چوونەپاڵیەکی دانەکانییەوە دێت، دەتوانرێت لە ڕەچاوکردنی پێکهاتەکەوە تێبگەین لە ڕستەکەو پەیوەندی بە ڕستەکانی ترەوە)) (, Ez, 2009,5 )، وەک:

(٨٧)آ- ناڵەی هات.

لەم ڕستەیەدا کەرەستەکان یەکێکی کردارە و ئەوی دیکە ناوێکی ئۆنۆماتۆپیایە و هەریەکەیان ئەرکێکی ڕێزمانیی دیاریکراویان هەیە، (ناڵە) دیارخراوە، هات کردارە، بە چوونەپاڵی کرداری (هات) لێڵی واتایی بۆ وشە ئۆنۆماتۆپیاکە دروستبووە بە جۆرێک دەکرێت بڵێین:

ب-تەنێکی گەورە کەوتووەتە خوارەوە و ناڵەیەکی گەورەی هاتووە.

پ-نەخۆشێک ئازارێکی زۆری هەیە و ناڵاندوویەتی.

**٨-٥/٣) واتای پراگماتیکیی ئۆنۆماتۆپیا:**

پراگماتیک سانایانە ((بەکارهێنانی زمانە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا و واتای پراگماتیکی، بەدەرە لە نرخ و بەهای ڕاستەقینەی واتای فەرهەنگیی وشەکان لە ناو دەربڕاوەکەدا، یان بەرکەوتنی ڕێزمان و دەوروبەرە، واتە پراگماتیک لێکدان یان پێکداچوونی واتا و دەوروبەرە بۆ گەیاندنی مەبەستێکی

دیاریکراو)) (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٥)، واتای پڕاگماتیکی لە مەرجی ناڕاستەقینەو واتای شاراوەی گوتراوەکان و ئەو دەوروبەرانەی، کە تێیدا بەکارهێنراون دەکۆڵێتەوە، واتە چوارچێوەی بەکارهێنان و دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگی لە لێکدانەوەی واتای پڕاگماتیکدا هەیە، لەم واتایەدا ((هەڵهێنجانی واتای وشەکان وەک مەبەست لێیدەکۆڵرێتەوە)) (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠) ، بۆ نموونە:

(٨٨) ئۆف لە ئێوارەوە ئەم بۆڵەبۆڵەت نەبڕایەوە.

وشەی (بۆڵەبۆڵ) واتای فەرهەنگییەکەی بۆ دەنگی ئاژەڵی ورچ بەکاردێت، لەم نموونەیەدا جیا لەمە وەک فۆرمێکی ئۆنۆماتۆپیا هەڵگری واتایە بە مەبەستێکی پڕاگماتیکیی، کە بارێکی نەرێنی پێبەخشیووە جیاوازە لە واتا سیمانتیکییەکەی، مەبەست لە [+ گلەیی وگازندە]، یاخود [+بیزاری]، یان [ +ماندووبوونی ئاوەز]، [ +بەردەوام قسەکردن ] بێت.

(٨٩) دیسان کابرا چزەی لێهەڵستاندەوە.

لەم ڕستەیەدا وشەی (چزە) هەڵگری سیفاتە واتاییە فەرهەنگییەکانێتی و لە ئۆنۆماتۆپیای زمانی کوردیدا لەگەڵ چزەی گۆشتدا دێت، کە ئەمە بە واتای بنەڕەتی و مەرجی ڕاستەقینەی (چزە) دادەنرێت، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەم ڕستەیە، دەبێت پشت بە دروستەی ڕستەکە بە پێی دەوروبەر و بەکارهێنان ببەستین، مەبەست لە دەربڕاوی (چزە)یە، کە هەڵگری واتایی [+ لێدان لە کەسێک، زیانگەیاندن بە کەسێک.........هتد] ، کە بە واتای پڕاگماتیکیی ناوزەنددەکرێن.

## ٦/٣) پەیوەندیی واتایی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا :

پەیوەندییە واتاییەکان ئەو پەیوەندییانەن، کە لە نێوان واتاکانی وشەکان، دەربڕینەکان، دەستەواژەکان، یاخود ڕستەکاندا هەن، پەیوەندییە واتاییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و کارایان لە زانستی واتاسازیدا هەیە، بە کرۆکی ئەو زانستە دادەنرێن و بریتیین (لە پێوەندی و پێکەوەهاتنی یەکەکانی زمان بە شێوەیەکی ئاسایی و ناچاری بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی واتای وشە، چونکە ڕۆڵێکی گەورەی لە ئاسان لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی واتای وشەدا هەیە) (محەمەد،٢٠١٠، ٦٦-٦٧)، زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە زمان پێڕەوێکی هێماییە، بەهای هەر هێمایەک لەگەڵ هێماکانی تردا دەردەکەوێت، ئۆنۆماتۆپیاش وەک چەشنێکی هێمای زمانیی، دوو جۆر پەیوەندیی واتایی بەرجەستەدەکەن:

یەکەم-پەیوەندیی ئاسۆیی ئۆنۆماتۆپیا syntegmatic onomatopeia :

لەم پەیوەندییەدا ((هێمازمانییەکان بە پێی کات ڕیزدەبن، هێماکان لە ڕێچکەی وتندا بە دوای یەکتردا دێن و بەشێک لەو بەهایەی، کە هێماکە هەیەتی لەوەوە وەریگرتووە، کە بە دوای هێمای تردا دێت)) (سەعید،١٩٨٩، ٢٩).

له پەیوەندیی ئاسۆییدا لێکدان و ڕیزبوونی کەرەستە ئۆنۆماتۆپیاکان و پەیوەندیی دراوسێی کەرەستەکان و واتاکانیان بە هۆی وشەکانی تەنیشت و دراوسێیانەوە دیاریدەکرێن، واتە پەیوەستە بە ڕیزبوون و پێکەوەهاتنی کەرەستەکان لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکاندا لە ناو ڕستەکاندا، سەرەڕای ئەمەش پێویستە لایەنی گونجاندنی واتاییش لەبەرچاوبگیرێت، بۆ نموونە:

(٩٠) دەنگی بۆڕەی مانگاکە ناخۆشە.

تەکنشینیی وشەکان

لەم نموونەیەدا کەرەستەکانی (دەنگ، بۆڕەی مانگا، ناخۆش)، لە ڕووی جێبەجێکردنی یاسا ڕێزمانییەکان و واتاوە لە پەیوەندیی ئاسۆییدان و بەشێوەیەکی ڕوون و دروست پێکەوە گرێدراون.
لە پەیوەندیی ئاسۆییدا واتا لە یەکترەوە وەردەگرن بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکان لە زمانی کوردیدا، واتە لە نموونەی (٩٠)دا ناتوانین وشەی ئۆنۆماتۆپیای (بۆڕە) بۆ (ویزە، فیشکە، جریوە، چریکە..........هتد) بگۆڕین، هەروەک دەزانین لە ئۆنۆماتۆپیادا مۆرفیمە بەندە داڕێژەرەکان و ئامرازە پریپۆزشنەکان وەک (لە،بە، دا....هتد) هەڵگری واتان، بەڵام بە هۆی پەیوەندیی و پیکەوەهاتنیان لەگەڵ وشە ئۆنۆماتۆپیاکاندا واتایەکی تەواو و گرنگ دەبەخشن، بڕوانە:

١-هەڵقرچان، واتای قرچەی ڕۆنە لە کاتی تێکردنی ئاودا، یان شتی سورەکراودا قرچەدەکات بۆ سەرەوە.

٢-بە قیژەوە هاتەماڵەوە، (بە) هاوەڵکردارێکی ئۆنۆماتۆپیای بەرهەمهێناوە.

٣-داتەپیین، بە واتای شتێک دابتەپێت بۆ خوارەوە.

٤-داقرمان.

دووەم-پەیوەندیی ستونیی ئۆنۆماتۆپیا paradigmatic onomatopeia :

ئەم پەیوەندییە لە ئۆنۆماتۆپیادا کاریگەریی خۆی هەیە، چونکە ((پەیوەندییەکی جێگرتنەوەیە، لەسەر تەوەری ستونی لە نێوان یەکە زمانییەکاندا)) (صالح،٢٠١٨، ١٦) ، پەیوەندی ستونیی، ئەو پەیوەندیەیە ئاماژە بەو توخم و کەرەستانە دەکات، کە وەک زنجیرەبەندییەک لە ئاوەز و زەینی مرۆڤدا هەڵگیراون و هەرکات بیەوێت دەتوانێت، لە بری ئەوە یەکەیەک دابنێت و پەیوەندیی خزمایەتی لە نێوان کەرەستەکاندا هەبێت.

لە پەیوەندیی ستونییدا پەسنی ئەوەمان بۆ دەکات، کام هێمایە لە جێگەی هێمای تردا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، واتە هەریەکە لەو وشانەی لەو پۆلە ستونییەدا دەردەکەون و دەتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە دەبێت ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە بن و بێ جیاوازیی پۆلەڕەگەز، بەڵام تا ڕادەیەک گۆڕانی واتا

بەدوای خۆیاندا دەهێنن، کەواتە هێما زمانییەکان پەیوەندییەکی ستونیی لە ناو کەتیگۆرییەکاندا پێکیانەوەدەبەستێت و لە بەکارهێناندا لە ئاستی سینتاکسدا ئەوانەی هەمان پۆلن لە بری یەکتر بەکاردێن، بۆیە بە ( پەیوەندی فەرهەنگیی نێوان وشەکان دادەنرێت)، بڕوانە:

(٩١) آ.دەنگی قیرەی قازەکە بەرزە.

ب.دەنگی قیرەی بۆقەکە ناخۆشە.

پ.دەنگی قیرەی بۆقەکە بێزاریکردم.

کەواتە بە سەرنجدان لەم نموونانەی ئەم پەیوەندییە لە ئۆنۆماتۆپیادا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە جێگرتنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی کەرەستەیەک لە جێگەی کەرەستەیەکی تر، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بە جۆری وشە ئۆنۆماتۆپیاکە و سیمایی واتایی و پەیوەندی لەگەڵ کەرەستە و ئاماژەبۆکراوەکانی تردا، بە واتا لە نموونەی (٩١)دا ناتوانین وشەی (قیرە) بکەین بە (چریکە، زیکە، .......هتد) بەهۆی ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان وشە ئۆنۆماتۆپیاکانی ناو زمانی کوردیدا هەن.

لێرەدا چەند پەیوەندییەکی واتایی ئۆنۆماتۆپیا شیدەکەینەوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**٣/٦-١) هاوواتایی ئۆنۆماتۆپیا:**

ئەم دیاردەیە کاتێک ڕوودەدات، کە دوو وشەی ئۆنۆماتۆپیایی، یان زێدەتر لە ڕوخسار و خوێندنەوە و دەنگ و ڕێنووسدا لەیەکنەچن و جوادبن، کەچی لە ناوەڕۆک و واتادا وەکیەکبن، واتە هاوواتایی پەیوەندییەکی واتاسازیی فۆرمیی لەیەکنەچووە، بە پێچەوانەوە لە واتادا لەیەکچووە لە نێوان وشە ئۆنۆماتۆپیاکانی زمانەکەماندا هەیە، بە مەرجێک وشەکان بتوانرێت بۆ یەک مەبەست و لە شوێنی یەکتر بەکاربهێنرێت، واتە جێگرتنەوەی وشە ئۆنۆماتۆپیاکانە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بە بێ گۆڕینی واتای بنەڕەتی و سەرەکی، بە گشتی واتاناسان جۆرەکانی بۆ دوو جۆر دابەشدەکەن، کە ئەمانەی خوارەوەن:

آ٠هاوواتایی تەواو:

ئەو جۆرە هاوواتاییەیە، کە (دوو وشە بتوانرێت بە تەواوی شوێنی یەکتر بگرنەوە و وەکیەکبن، بە جۆرێک هیچ خاوەن زمانێک هەست بە جیاوازییان نەکات، (جۆن لاینز) ئەم مەرجانەی بۆ ئەم یەکە واتاییە داناوە، وەک هەموو واتاکانیان یەکسان بن، لە هەموو دەوروبەرێکدا بەکاربێن، لە ڕوانگەی واتایشەوە هاوواتای یەکتر بن، بۆ دیاریکردنی ئەو بنەمایانەی هاوواتایی لە زمانی کوردیدا کارێکی سانا نییە، بەڵام دەکرێت بڵێین هاوواتایی تەواو لە زمانی کوردیدا هەیە بەو تێڕوانینەی، کە لێکچوونی واتایە نەک لەسەر بنەمای یەکسانی واتایی) (حمد، ٢٠١٠، ٢٨-٢٩ )، هەرچەندە ئەم دیاردەیە ڕەها نییە ناتوانرێت پڕاوپڕ و لە سەداسەد لە زماندا دیارییبکرێت، وەک:

(٩٢) جیقەت ، فزەت، جوکەت لێوەنەیەت / دەنگت لێوە نەیەت/ بێدەنگبە.

ب-هاوواتایی ناتەواو:

بریتیین لەو وشانەی، کە لە ڕووی فۆرمەوە جیاوازن، بەڵام جۆرە نزیکی و لێکچوونێکی واتایی تێیاندا بەدیدەکرێت، (زۆرجار وشەکان ئەوەندە لێکنزیکن، کە جیاکردنەوەیان لە یەکتر کارێکی ئەستەم دەبێت، بە جۆرێک هەندێک لە وشەکان لە هەندێک شوێندا دەتوانرێت لەبری یەکتر بەکاربێن و تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر واتاکانیان وەکیەکبن، ناتەواویشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەندێکیان بە هۆی جیاوازیی شێواز و فۆرم لە زار و شێوەزارەکاندا دروستبوون، یاخود بەکارهێنانیان جیاوازە)، ( حمد، ٢٠١٠، ٢٩-٣٠) بۆ نموونە:

(٩٣)آ. قرقێنە ⟵ برک

(٩٣) ب. قۆڕەقۆڕی سک ⟵ قرمەقرمی سک

(٩٣) پ. شاتەشات ⟵ پت پتی

هەندێک لە وشە ئۆنۆماتۆپیاکان ناتوانرێن شوێنی یەکتر بگرنەوە، چونکە لە ڕادەو پلەی ڕوودان و کردارەکەدا جیاوازییان هەیە، بڕوانە نمونەکانی (٩٤-أ، ب، پ، ت، د)، بۆ دەربڕینی ئازار بەکاردێن، بەڵام بە ڕادە و پلەی جیاواز، ژمارەکان ڕادەی ئازارەکە دەردەخەن لە ژمارە (١) دا، کەمترین ڕادە بۆ ژمارە (٥) بەرزترین ڕادەی ئازار دەنوێنێت:

(٩٤)أ. ئاه ⟵ ئازارێکی پلە ١ (زۆر کەم).

ب. ئای ⟵ ئازارێکی پلە ٢ (کەم) .

پ. ئۆف ⟵ ئازارێکی پلە ٣ (هەندێک زۆر).

ت. ئاخ ⟵ ئازارێکی پلە ٤ (زۆر).

د. ناڵە ⟵ ئازارێکی پلە ٥ (زۆر زۆر).

لەم وشانەدا تا ڕادەیەک لە ڕووی دەربڕینی دەنگییەوە لە یەک نزیکن و بۆ یەک مەبەست بەکاردێن، دەکرێت بڵێین لە ڕووی مێژووییەوە لە بنجدا بە هاوواتای تەواو دانراون، بەڵام لە ئێستادا واتاکانیان تا ڕادەیەک دوورکەوتوونەتەوە و بە هاوواتای ناتەواو هەژماردەکرێن، چونکە جیاوازییەکی کەمێک ورد لە گەیاندنی ڕادەی واتای وشەکاندا بەدیدەکرێت، لە (٩٤-أ)دا (ئاه) دەنگی ئازاری نەخۆشێک، یان کەسێکە لە کاتی ئێش و ئازارێکی کەمدا، بەڵام ڕادەی گەیاندنی واتای ئازارەکە، بە دەربڕینی (٩٤-ب) زیاتر دەبێت، بە بەراورد بە دەربڕینەکانی (٩٤-پ، ت، د)، ڕادەی گەشتنی ئازارەکە لای بەرانبەر دەگۆڕێت، تا دەگاتە دەنگی (ناڵە) ، کە بەراورد بە وانی تر، ئازارێکی زۆر زیاتر دەگەیەنێت.

(٩٥)أ. نمە نمەی باران

ب. دڵۆپە دڵۆپەی باران

(نمه، دڵۆپە)ی باران هاوواتایی ناتەواون، نمە بارانەکە کەمێک زیاترە بە بەراورد بە دڵۆپە.
کەواتە لەم نموونانەوە گرنگیی دیاردەی هاوواتایی لە زماندا دەردەکەوێت، هۆکارێکە بۆ فراوانبوون و زەنگینکردنی فەرهەنگی زمان و گەشەی واتایی لە زمانی کوردیدا.

**٢-٦/٣) دژواتایی ئۆنۆماتۆپیا:**

ئەمجۆرەیان پێچەوانەی هاوواتایە و سروشتێکی لۆژیکیی جیاوازیشی لەگەڵ هاوواتادا هەیە، ئۆڵمان ( بە جۆرێک لە دەربڕینی هاوبەش ناویدەبات/ دایدەنێت، واتای یەکێک لە وشەکان تەواونابێت ئەگەر بەرانبەرەکەی نەبێت، بۆ نموونە (شەو و ڕۆژ) ) ( ئۆڵمان، ١١٨،١٩٧٥)، ئەمجۆرەیان لە ڕێگەی درککردنمان لە ئاوەز و زەینماندا هەستیپێدەکەین و ڕەنگدەداتەوە، لە ئۆنۆماتۆپیادا شێوازێکی تایبەتی هەیە، چونکە لەسەر بنەمای بەراوردکردنی پلەداریی دەنگیی دادەمەزرێت.
دوو وشە، کە لە فۆرم و ڕوخساردا جیاوازن و لە واتاو ناوەڕۆکدا لە ڕووی پلەداریی دەنگییەوە پێچەوانەی یەکترن، واتە پلەداریی دەنگی لە نێوانیاندا هەیە و لەو پلەدارییەدا واتاکانیان لە بەرانبەر یەکتردا دژن و بە دژواتا پەسنکراون، لە ئۆنۆماتۆپیادا دوو جۆر بەدیدەکرێت، ئەوانیش:

آ-دژواتایی پلەداریی ئۆنۆماتۆپیا:
((دەکرێت لە کۆتایی هەر دوو پێوانەیەیی پلەیەکدا، یان لە نێوان هەردوو جوتە وشەکەدا دژواتایی تر هەبێت، نەرێکردنی یەکێک لە ئەندامەکانی بەرانبەرەکە، ئەوە ناگەیەنێت، کە دان بە ئەندامەکەی تر بنێین)) (عەلی،٢٠١٩، ١١٠)، بۆ نموونە:
(٩٦)آ. خوڕەی ئاو، باران
ب. دڵۆپەی باران
لەم نموونانەی سەرەوەدا لە ڕووی پلەداریی دەنگییەوە (خوڕە) دەنگێکی زۆرە و هاتنەخوارەوەی ئاوەکە بە بەراورد بە (دڵۆپ) پێچەوانەکەیەتی و زۆرترە، لە (دڵۆپ)دا دەنگی بارانەکە کەمترە و لەسەرخۆتر بارینی بارانەکە دەردەخات.

ب-دژواتایی پەیوەندیداری ئۆنۆماتۆپیا:
دژواتایی پەیوەندیداری ئۆنۆماتۆپیا ((ئەو جووتە وشەیەن، کە تێیدا بوونی تایبەتمەندیی واتاداری دیاریکراو لە ئەندامێکدا ئاماژە بۆ بوونی تایبەتمەندیی واتاداری جیاوازتر لە ئەندامێکی دیکەدا دەکات)) (Chakraborty, 2019)، واتە ناونان و گوتنی وشەیەک ئاماژە بۆ وشە ئۆنۆماتۆپیاکەی تر دەکات، کە لە ڕووی دژواتاییەوە پەیوەندیدارن و پێکەوە پەیوەستن، بۆ نموونە:

(٩٧) چپەچپ

(٩٨) قیژەقیژ

(چپەچپ)، دەنگێکی زۆر نزم و هێواشە لە نێوان کەسەکاندا، بەڵام لە ڕووی پلەداری دەنگییەوە (قیژە) پێچەوانەی چپەیە، چونکە دەنگێکی بەرزتر و خێراتری لەزاردەرچوونە.

لەم دوو نموویەی سەرەوەدا ناوهێنان و دەرکردنی وشەی ئۆنۆماتۆپیای (چپەچپ)، ڕاستەوخۆ دەزانرێت، کە دژواتاکەی مەبەست لە (قیژەقیژ)ە، کە ئەندامێکی دیکەیە، (هەندێک کات لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە یەکێک لە ئەندامەکانی دوو وشە دژەکە لە ئەندامەکەی ترەوە وەرگیراوە، بە زیادکردنی ئامرازی نەرێ بۆ یەکێکیان، ئەوا ئەوی دیکەیان دەگەیەنێت) (Chakraborty, 2019)، وەک:

(٩٩) چپەچپکردن-چپەچپنەکردن

(١٠٠)آ. ڕۆنەکە قرچا.

ب. ڕۆنەکە نەقرچا.

ئەم دوو ڕستەیەش پێچەوانەی یەکترن.

**٣-٦/٣) هاوبێژیی ئۆنۆماتۆپیا:**

ئەم دیاردەیە لە ئۆنۆماتۆپیادا تا ڕادەیەک پێچەوانەی هاوواتاییە، چونکە ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان وشەیەک یان پتر، کە لە گۆکردن و ڕێنووسدا وەکیەکن و سەر بە هەمان پۆلی ئاخاوتنن، کەچی لە واتادا واتاکانیان لەیەکەوە دوورن و واتای جیاجیا دەگەیەنن، زمانەوانان سێ جۆر هاوبێژی دیاریدەکەن، وەک (هاوبێژیی تەواو، هاوپیت، هاودەنگ)، لە ئۆنۆماتۆپیادا تەنیا ئەم دوو جۆرەی خوارەوە بوونی هەیە، ئەوانیش:

یەکەم-هاوبێژیی تەواو لە ئۆنۆماتۆپیادا:

بریتییە لەو وشە ئۆنۆماتۆپیایانەی لە دەربڕین و نووسیندا لەیەکدەچن، بەڵام لە واتادا جیاوازن، بڕوانە:

(١٠١)آ. ((ئاخ ←—— بە واتای ئاخ هەڵکێشان.

ب. ئاخ ←——— بە واتای خاک.)) ( عەلی،٢٠١٩، ١١٥)

بە تێڕامان لەو نموونانەی سەرەوەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە، وشە ئۆنۆماتۆپیا هاوبێژەکان لە واتادا هیچ جۆرە پەیوەندی و پەیوەستبوونێکیان لە نێواندا بەدیناکرێت.

(١٠٢)آ. گڕە ←——گڕە و کڵپەی ئاگر.

ب. گڕە←——گڕەی نەخۆشێک لە کاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەشیدا، کە دەڵێین لەشی گڕەی لێوە دێت.

پ. گڕە ←—— دەنگی مەکینەی کشتوکاڵی

دووەم-هاوپیت لە ئۆنۆماتۆپیادا:

(ئەمجۆرەیان لە ئۆنۆماتۆپیادا ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە نووسیندا وەکیەکن، بەڵام لە دەربڕیندا جیاوازن، هێز ڕۆڵێکی گرنگی لە دەستنیشانکردنی واتای وشەکاندا دەبینێت، واتە بە دیاریکردنی شوێنی هێز لە وشە ئۆنۆماتۆپیاکاندا واتاکانمان بۆ ڕووندەبێتەوە) (محەمەد، ٢٠١٠، ١٢١)، بڕوانە:

(١٠٣)آ. زەڕەی گوێدرێژەکەم لە دوورەوە بیست.

ب. زەڕەیەکم بدەرێ، واتە پارچەیەکی بچوک/ کەمێکم بدەرێ.

لەم دوو نموونەیەی (١٠٣آ، ب) دا لە ڕووی فۆڕمەوە هەمان شتن و لەیەکدەچن، بەڵام لە ڕووی واتاوە جیاوازن.

(١٠٤)آ. جیرە ←— جیرەی دەرگا

ب. جیرە ←—— بە گۆشتێک دەوترێت، کە بە تەواوی نەکوڵێنرابێت و لەژێر ددانندا جیرەی بێت.

(١٠٥)آ.زڕە←—— بە دەنگی زڕەی زنجیر و پاوانە وبازنگ دەوترێت.

ب.زڕە ←—— بە درەخت و نەمامێک دەوترێت، کە بەری نەبێت، واتە بێبەر بێت.

**٤-٦/٣) فرەواتایی ئۆنۆماتۆپیا:**

یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکانی ناو وشەکانی نێو زمانەکەمان، (لە بواری ڕەوانبێژی و ئەدەبدا دەتوانرێت بە یەک وشە یاری بە واتایەکی زۆر بکرێت، واتە یەک وشە بەرانبەر چەندین واتا دەوەستێتەوە) (ستیڤ ئۆڵمان،١٩٧٥،١٢٢-١٢٣)، فرەواتا لە ئۆنۆماتۆپیادا بە پێویستییەکی بە بەها و بەنرخ دادەنرێت، بریتییە لە وشەیەک کە یەک فۆڕمی هەبێت و زیاتر لە واتایەکی جیاوازی پەیوەندیدار بگەیەنێت لە زماندا بە فرەواتایی ئۆنۆماتۆپیا دەستنیشانکراوە، بەڵام واتاکان لە نێوان خۆیاندا جۆرە پەیوەندییەکی بەرانبەری (هاوتایی) بوونیان هەیە، بڕوانە:

(١٠٦) خوڕە ← دەنگی ئاو
← دەنگی باران

(١٠٧)کرتە ← دەنگی نانی ڕەق لە کاتی خواردنی.
← دەنگی خواردنی مشکە.
← بە واتای کرتەی دەنگی ئەژنۆ.
← کرتەی مریشک.
← کرتەی (کلیکی) کۆمپیوتەر.

(١٠٨) قیرە ← قیرەی دەنگی قاز
← بە واتای دەنگی بۆق (کوردی، ١٩٨٥، ٧)

(١٠٩) خوشە ← دەنگی شیری ئاژەڵان لە کاتی دۆشینیدا
← دەنگی پاشەڕۆی میز

**٣/٦-٥) لێڵیی واتایی ئۆنۆماتۆپیا:**

پەیوەندییەکی سیمانتیکییە و پەیوەندی بە لێکدانەوەی واتاوە هەیە، یەکێکە لە دیاردە زمانییەکان و هەموو ئەو وشە ئۆنۆماتۆپیاییانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە، دەکرێت بۆ ڕەوینەوەی ئەو تەمومژیی لێڵییە، کەرەستە ئۆنۆماتۆپیاکان بە پێی شوێن و چوارچێوەی بەکارهێنانیان واتاکانیان لێکبدرێتەوە، واتە فۆڕمی وشەکان بخرێتە چوارچێوەی بەکارهێنانەوە، تاکو لێڵیی واتا و ناوەڕۆکەکانیان بڕەوێنرێتەوە و ڕوونبکرێتەوە، وەک:

(١١٠)آ. ترپەترپ ← بە واتای ترپەی دڵ.

ب. ترپەترپ/ پرتەپرت ← بە واتای ترپەی گڵۆپ.

بەسەرنجدانمان لەم نموونەیەدا، دەبینین (ترپە) دوو واتای هەیە، بە پێی جێگەی بەکارهێنانەکەی واتاکەی دڕەوێتەوە تاکو بزانین مەبەستمان لە کام واتایەیەتی.

(١١١) خشە ← خشەی تەنی بێگیان وەک، کاغەز
← خشەی گەڵا
← خشەی ڕۆشتنی کەسێک
← خشەی مار.

لێرەدا چوارچێوەی بەکارهێنان ڕۆڵێکی کارای لە مەبەست و گەیاندنی واتاکانیاندا هەیە.

(١١٢) آ.ناڵە ←ناڵەی نەخۆش

(١١٢)ب.ناڵە ← ناڵەی دەنگی تەقینەوەیەکی تەنی بێگیان زۆر بەهێز لە پڕ ناڵە دەکات.

**٣/٦-٦) واتای گرتنەوەی ئۆنۆماتۆپیا:**

بریتییە (( لەو پەیوەندییە واتاسازییەی، کە لە نێوان دوو وشە ، یان زیاتردا بوونی هەیە بە شێوەیەک کە واتای وشەیەک واتای وشەکانی دیکەش دەگرێتەوە، بە واتا ئەو زاراوەیەی کە واتاکەی

لە واتای زاراوەکانی دیکەدا هاتووە، زاراوەی گشتییە)) (Chakraborty, 2019, online)، بە واتای گرتنەوە دیاریکراوە، واتە ئەو وشە و زاراوە گشتییەی، کە واتای وشە و زاراوە تایبەتییە ئۆنۆماتۆپیاکانی دیکە لەخۆبگرێت، یاخود لە چەند وشەیەکی تری تایبەتتردا جێگیربکرێت، بە گرتنەوە دادەنرێت، بڕوانە :

(١١٤)

تەقە

تەقەی دەرگا تەقەی پێڵاو دەمانچە تەقینەوە یارییە ئاگرینەکان دوو مەنجەڵ بەیەکدا بدرێت

### ٧/٣) دارِشتەی واتایی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتا چەندین سەدەیە باسیلێوەدەکرێت، پرسێکی ورد و قوڵە، لە زۆر تێڕوانین وبۆچوون و ڕوانگەوە لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە، پوختەی هەموو ئەوانە لە دوو بۆچوونەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەوانیش لەخۆوەیی و بەئایکۆنبوونی هێمای زمانییە، وشەکانی زمان بە گشتی پێڕەوێکی لەخۆوەیین و یەکێک لەو کەرەستە زمانییانەی، کە شازن و لەم پێڕەوە بەدەرن و دەیبەزێنن، ئۆنۆماتۆپیاکانن لە زماندا، ئۆنۆماتۆپیا وەک هەر کەرەستەیەکی تری زمانیی، بە گشتی و جۆری ئایکۆنی بە تایبەتی، دارِشتەی واتایان لە دەنگی تەن وکردەو................هتد سەرچاوەوە هەڵدەگوازرێت، بە تایبەت کە ئۆنۆماتۆپیا بریتیین لەو یەکە زمانییانەی، کە دارِشتەی واتایان لە دروستەی فۆرمییانەوە ڕۆنراون، بۆ ئەمەش بە پێی جۆری ئەو سەرچاوەیەی دارِشتەی واتایی ئۆنۆماتۆپیای بەرهەمهێناوە، لە ئۆنۆماتۆپیای زمانی کوردی دەدوێین و ڕووپێوی واتایی دەکەین و تایبەتییەکانی و جۆرەکانی دەخەینەڕوو، (Oskar Rydblom ) دارِشتەی واتایی ئۆنۆماتۆپیا بە پێی پەیوەستبوونی واتایان بە دەنگ و ناپەیوەستبوونیان بە دەنگەوە ڕێکدەخات و دابەشیدەکات، لەم ڕوانگەیەوە دارِشتەی واتایی ئۆنۆماتۆپیا بۆ ئەم سێ جۆرە پۆلێندەکات (Janah& Perdana, 2022, 62) :

### ١-٧/٣) واتای لاساییکردنەوەی دەنگیی Phonomimetic Meanings:

واتاکان ڕەنگدانەوەی دەنگەکانن و بریتیین لەو وشانەی، کە لە لاساییکردنەوەی دەنگی تەنی زیندوو واتاکانی هەڵدەگوازرێت و ئەمجۆرە لە ئۆنۆماتۆپیا زیاتر بەندە بە دەنگەکەوە و وشەکە واتای دەنگەکە دەگەیەنێت، واتاکە پڕاوپڕ لە خودی ئەو دەنگەوە هەڵدەگوازرێت، کە لە سروشتی هەبووەکەوە بەرهەمدێت.

نموونە بۆ واتای لاساییکردنەوەی دەنگیی لە زمانی کوردیدا ، وەک:

(١١٥) قرچە          قرچەی ڕۆن
(١١٦) زرِە          زرِەی بازنگ
(١١٧) تەقە          تەقەی دەرگا
(١١٨) نالّە          نالّەی تۆپ
(١١٩) زرمە          زرمەی ناپالّم
(١٢٠) گرمە          گرمەی هەور
(١٢١) جیرِە          جیرِەی دەرگا

**٢-٧/٣) واتای لاساییکردنەوەی دیاردەییPhenomimetic Meanings :**

واتای ئۆنۆماتۆپیای لاسایی دیاردەیی، ئەو جۆرە واتایانەن، کە ڕەنگدانەوەی کردارەکان و بینراوەکانن، ئەمجۆرەش وەک پێناسەی ئۆنۆماتۆپیای پەیوەستدارە، بڕوانە (٣/١)، ئۆنۆماتۆپیای لاساییکردنەوەی کردار و بینراوەکان، بریتیین لەو وشانەی کە ڕەنگدانەوی بینراوەکان و ئەزموونەکانن، کە لە ئاخاوتن و نووسیندا دەردەکەون، بۆ نموونە چۆنێتیی جولّە و بەرکەوتن (زبریی پێست). لەم جۆرە واتایەدا زۆربەی دیاردە سروشتییەکان بە ناوی ئۆنۆماتۆپیاوە ناونراون، واتە لە ئۆنۆماتۆپیادا دیاردەکان بە دەنگەکانیانەوە ناونراون، بڕوانە:

(١٢٢) شلّپوهوڕ

ئەم دیاردە و کردەیە، کە شلّپەی ئاوی یەک لە دوای یەکدەگرێتەوە، بە دەنگی شلّپەی ئاوەکە ناونراوە.

(١٢٣) هاژەهاژ

ئەمە دیاردەیەکە ئاو بەخێرایی و بە بەهێزی لە تاڤگەکاندا دێتەخوارەوە، بەو دەنگەی، کە تایبەتە بە هاژەی ئاوەکە، دیاردەکەمان ناوناوە.

(١٢٤) کردەی سروشتی ( گرماندن) ی هەورەگرمە، کە کردەیەکی سروشتییە و کاردانەوەی تێکچوونی کەشوهەوا و باران بارینی بە دواوەیە، لە دیاردە و کردەکەوە ناوەکەیمان لێناوە.

**٣-٧/٣)  واتای لاساییکردنەوەی دەروونی Psychomimetic Meanings :**

ئەمجۆرە لە ئۆنۆماتۆپیا پەیوەندی بە هەستەکان و پەرچەکردارەکانەوە هەیە، واتاکانی دەردەکەوێت بە هۆی ئەو کردارانەی کە هەستیان لەگەلّ خۆیاندا هەلّگرتووە، یاخود پەرچەکرداری هەستیین. (Pultchik) دەلّێت: (( هەشت جۆر لەم هەستانە هەن ،کە پەیوەندییان بە لاساییکرنەوەی دەروونییەوە/

سایکۆمیمێتیکەوە هەیە: (تورەیی، ترس، دڵتەنگی، بێز، سەرسوڕمان، پێشبینی، متمانە و خۆشی) ))
(Karim, 2017, 18).

ئەو وشە ئۆنۆماتۆپیاییانەی، کە ئاماژە بۆ حاڵەتی هەستەکانی (ئازار، خۆشیدەربڕین، ناخۆشی......هتد) دەکەن، ئەمجۆرە بەرجەستەدەکەن، ئۆنۆماتۆپیا چەند وشەیەکی دەربڕی ناخی خۆمانە، هەندێکی تری لە دەرەوەی ژینگەی خۆمانە، چەند وشەیەکی ئەو دەنگانەن، کە لە ئامێری مۆزیکییەوە دەردەکرێت، دەکرێت بڵێین کە مۆزیک دەتوانێت سەرچاوەیەک بۆ پەیوەندیگرتن بێت، چونکە مۆزیک هۆیەکی کاریگەرە لە زمانی شیعر و گۆرانیدا، مرۆڤ خۆی مۆزیک بەرهەمدێنێت و بەکاریشیدەهێنێت، مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی ئامێری مۆزیکەوە  هەستی (خۆشی، ناخۆشی، هێمنی، ئاگادارکردنەوە.........هتد) دەربڕێت، کەواتە هەستەکانی مرۆڤ کاریگەر بە دەنگی ئامێرە مۆزیکییەکان دەبێت بە تایبەت کاتێک گوێمان لێی دەبێت، وەک (ئۆکێسترا) و مۆزیکی زیندوو (ڕووبەڕوو)، دەکرێت دەرفەتێکی نایاب بۆ منداڵان بێت لە کاتی بینین و بیستنی، چونکە تێکەڵ و ئاوێتەبوونی گونجاویی چەند ئامێرێکی مۆزیکی دەبن، بڕوانە:

(١٢٥)آ. دمبڵ دمبڵ، هەلهەلە

دەنگی تەپڵ و هەلهەلە لە ئاهەنگەکاندا ئاماژەیە بۆ هەستی خۆشیی دەربڕینی مرۆڤەکان.

(١٢٥)ب. پیپ پیپ

دەنگی هۆڕینی ئوتومبێلە و زۆرجار بۆ ئاگادارکردنەوە، یاخود بۆ هەستی خۆشیی دەربڕین لە کاتی ئاهەنگی گواستنەوەدا بەکاردێت.

(١٢٦) وشە ئۆنۆماتۆپیاکانی هەستی غەمباری، وەک (دەنگی گریان)ی مرۆڤ لە کاتی ناخۆشیدا، ئەم گریانە ئاماژەیە بۆ هەستی سۆزداری و نوێنەرایەتیی دەروونێکی نائارام دەکات.

(١٢٧)آ. ناڵە ناڵ

کە دەنگی ئاهوناڵەی نەخۆشە لە کاتی ئازار و ناخۆشیدا.

(١٢٧)ب. هاهاها، تریقە تریق

دەنگی مرۆڤە لە کاتی خۆشیدا، ئاماژە بۆ دەرونێکی ئارام دەکات.

(١٢٧) پ. زاقوزوق/ زاقوزیق

دەنگی منداڵانە لە کاتی هەستکردن بە نائارامی.

(١٢٨) <u>ئاه</u>

هەناسەهەڵکێشانە ئۆنۆماتۆپیای دەروونییە، کە نیشانەی دەربڕینی هەستی دڵتەنگییە.

(١٢٩)  وشەی یەع، یان یاع بۆ دەربڕینی هەستی بێزکردنەوە بەکاردێت.

(١٣٠) دەنگی قرقێنە، ئاماژەیە بۆ بێزکردنەوە، یاخود نەخۆشی، یان تێریی.

(١٣١) دەنگی نزگەرە، ئاماژەیە بۆ کاتێک کە گەدەمان تەندروست بێت، یان خواردنەکە بە باشی قوتنەدرابێت و نەچووبێتە گەدەوە.

(١٣٢) واو بۆ سەرسوڕمان.

(١٣٣) ئاخ و ئۆف بۆ دڵتەنگی و نەخۆشی.

(Ferdinand de Saussure) دەڵێت: (( زمان بە تەواوی لەخۆوەییە، بە واتایەکی دی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و سروشتی لە نێوان وشە و ئەو بیرۆکەیەی، کە ئاماژەی پێدەدات، نییە)) (Holdcroft, 1991) ، هەروەها (Nordquist, 2019 ) دەڵێت: ((هەموو زمانەکان لە خۆوەیە، هەربۆیە مرۆڤ بە قورسی فێری زمانی نوێ دەبێت، بۆ نموونە ئەو ئامێرەی، کە پێدەنووسین لە زمانە جیاوازەکاندا ناوی جیاوازی هەیە، بە کوردی پێنووس، بە عەرەبی قلم، بە ئینگلیزی pen و بە فەرەنسی stylo پێدەگوترێت)) ، سەرەڕای هەبوونی وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا، (Ferdinand de Saussure) بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (( تەنانەت ئۆنۆماتۆپیاش تا ڕادەیەک لەخۆوەین مرۆڤ لە هەموو جێگەیەکی ئەم جیهانە وەک یەک قرقێنە دەکەن، بەڵام لە زمانەکاندا ناوی جیاوازی لێدەنرێت، لە زمانی ئینگلیزی hiccup ، لە ئیسپانی hipo ، لە فەڕەنسی hoquet ی پێدەوترێت)) (Malewitz, 2021)، تەنانەت هەندێک کات لە دوو شێوەزاری هەمان زماندا دوو وشەی جیاواز بەکاردەهێنرێن بۆ هەمان کردار، لە زمانی کوردیدا لە شێوەزارێک (قرقێنە) لە شێوەزارێکی تر وەک هەورامی (قوڵپینێ) بەکاردێنن.

کەواتە ئێمە لەو دەنگانە تێدەگەین، کە گوێمان لێیاندەبێت، لە ڕێگەی ئەو زمانەی دەیزانین، ئەمەش تەنها دەنگە ڕاستەقینەکانی، وەک ( قرقینە و قوقەی کەڵەشێر و تەقینەوە) نیین، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئۆنۆماتۆپیا لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانە بە کاریگەریی پێڕەوی فۆنۆلۆژیی زمانەکان، چونکە ئاشکرایە گۆگردنی دەنگە زمانییەکان لە لای نەتەوەکان چوونیەک نیین و ئەمەش ئەم جیاوازییەی هێناوەتەئاراوە، هەرچەندە دەنگە بنەڕەتییەکە هەر بوونی هەیە.

وشە ئۆنۆماتۆپیاکان تەنها لە ڕێگەی هەستی بیستن و کاریگەرییە بیستەنییەکانەوە بەرهەمنەهاتوون، بەڵکو زۆرێک لە وشەکانی بە هۆی هەستی بینین و هێمای بینراوەوە بەدیهاتوون، هەستەکانی تریش بەشدارن لە پێکهێنانی وەک (بۆن، تام، دەستلێدان..........هتد)، وەک:

١-کاریگەریی بیستراویی (AUDITOR IMPRESSIONS ) :

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێکی زۆر وشەی ئۆنۆماتۆپیایی هەن، کە لە پەیوەندیی مرۆڤ بە گیانلەبەرانەوە بەرهەمهاتوون بۆ پەسنکردن و بانگکردن و هاوارکردن بۆ ئاژەڵە ماڵییەکان بەرهەمهاتوون، یاخود بۆ

دوورخستنەوە و ڕاونانی ئاژەڵی دڕندە، یان باڵندە بۆ نموونە (مریشک، مانگا........هتد)، بە گۆرانی وتن بۆیان و بانگکردنیان بە وشەی جیاواز، بڕوانە:
(١٣٤) (بۆڕە، چخە، ختە،............هتد).
(١٣٥)آ.کش کش
لە کاتی ڕاونانی مریشک و جوجەڵەکانی دێنەژوورەوە، وشەی (کش کش) لە فەرهەنگدا و لەڕێی ئەم هەستەوە دروستدەبن، چونکە تا گوێمان لە مریشک، یان جوجەڵەکانی نەبێت، ئەم وشە ئۆنۆماتۆپیایە بەکارناهێنرێت.
(١٣٥) ب. فیقە/ فیکە
دەنگی فیکەی ئەفسەرێکی هاتووچۆ لە کاتی ڕاوەستاندنی ئوتومبێل لە ترافیکلایتەکاندا، کە گوێمان لێیدەبێت، ئاماژەیە بۆئەوەی، کە بڕۆیت توشی کێشەو مەترسی دەبیت.
لە زمانی کوردیدا و لە فەرهەنگدا بە چەند وشەیەکی جیاوازی ئۆنۆماتۆپیا گوزارشت/ ئاماژە بە دەنگی ئاو دەکرێت، وەک:
(١٣٦) (دڵۆپەی ئاو، هاژەی ئاو، خوڕەی ئاو)
کەواتە لە زمانی کوردیدا ئەو وشە ئۆنۆماتۆپیاییانەی بە هۆی هەستی بیستنەوە بەرهەمهاتوون، ژمارەیان زۆر زیاترە بە بەراورد بە هەستەکانی تر، چونکە ئۆنۆماتۆپیا وێنەی دەنگە بیستراوەکانە.

٢-کاریگەریی بینراویی (VISUAL IMPRESSIONS) :
(زۆرێک لە دیاردەکان ئاماژەن بۆ کاریگەرییە بینراوەکان، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەوەیە، کە زۆرجار پەسنی هەڵوێست و هەستی خەڵک دەکەن، بۆ نموونە گەلانی (ژاپۆن) گرنگیی زۆر بە ڕەفتاری دروست دەدەن (Hasada,1994,32), ئەگەر ئەمە پەیوەستبکەین بە ئۆنۆماتۆپیای (چپەچپ) ەوە بەراوردێک لە نێوان گەلانی ژاپۆن و کورددا بکەین، تێبینیی ئەوە دەکەین کاتێک لە نێوان دوو کەسدا ئەم دیاردەیە ڕوودەدات، کە کەسی سێیەم لە بەرانبەریانە، (ئەم دیاردەیە لای ئەوان و لە کۆمەڵی ژاپۆنیدا بە ڕەفتارێکی نەشیاو دادەنرێت، چونکە گوێگر توشی شەرمەزاری و ناڕەحەتیی دەروونی دەکات، بۆیە ئەوان بەردەوام ئاگایان لەوەیە، کە نابێت هەستی کەسانی تر بریندار بکەن، یان ئازاریان بدەن ، هەست وبیرکردنەوەی ناوەوەیان بە ئاشکرا و ڕوون دەردەبڕن) (سەرچاوەی پێشوو)، واتە ڕێگە بە ئاخێوەر دەدەن بە ڕوونی و بە شێوازێکی سۆزداری، ئاخاوتنەکانیان دەربڕن بۆ کەسانی تر نەک بە شاراوەی و بە شێوازی چپەکردن لە نێوان تاکەکاندا، ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵی کوردیدا تا ڕادەیەک پێچەوانەوەیە.

وشە ئۆنۆماتۆپیاکان لە زمانی کوردیدا هەندێکیان بەر هەستی بینین دەکەون، واتە هەستی بینین کارایە و کاریگەرییەکانی ڕاستەوخۆ لەسەر وشە ئۆنۆماتۆپیاکان دەردەکەوێت، بە ئەندازەی بینینەکە واتاکە لێکدەداتەوە و دەگەیەنێت، بڕوانە نمونەی (١٣٧):

(١٣٧)أ. چپەچپ

ب. هەورەبروسکە پێش هەورە گرمە.

بینینی دوو کەس لە دوور، یان لە نزیک گفتوگۆکردنیان بە شێوەیەکی سووک و لەسەرخۆ و بێدەنگ و بیرهێنانەوەی چپەچپە، لەگەڵئەوەشدا بینینی ڕووناکیی پێش هەورەگرمە پێشنیازی ڕوودانی هەورە گرمە و بارانبارین دەکات.

(١٣٨) ختە، بە پشیلە دەوترێت، لە کاتی بینین و هەستکردنمان بە ترس.

٣-کاریگەریی تامکردن:

ئەو وشە ئۆنۆماتۆپیاییانەی ،کە ئاماژە بۆ هەستی تامکردن دەدەن لە زمانی کوردیدا، کەمن، بڕوانە:

(١٣٩) مڵچە. لەکاتی خواردندا، زۆرجار کەسێک، کە خواردن دەخوات، بە تایبەت کاتێک خواردنەکەی بە دڵ دەبێت.

(١٤٠) نم نم. وشەی ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگیی منداڵ، لە کاتێکدا، کە ئارەزووی بۆ خواردنەکە هەبێت.

٤- کاریگەریی بۆنکردن:

ئەو مۆرفێمانەی بەر هەستی بۆنکردن بکەون، لە ڕووی ژمارەوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، وەک:

(١٤١) قوڵپی چا، ئەم وشە ئۆنۆماتۆپیایە لە کاتی کوڵاندنی چادا، کە بۆنی چاکە بڵاودەکاتەوە، واتە بۆن و بەرامەی چاکە بە سەر دەنگەکەیدا چالاکترو زاڵترە.

(١٤٢) بۆنی ڕۆن و پیاز ←ئاماژەیە بۆ قرچاوی ڕۆنەکە.

(١٤٣) کزەی گۆشت لە کاتی سوربوونەوەیدا. لە کاتی سوتاندن، یان سوربوونەوەی گۆشتەکە بە لووت بۆنیدەکەین و هەستیپێدەکەین.

٥-کاریگەریی بەرکەوتن:

ئەم هەستەیان زیاترە بە بەراورد بە هەستی تامکردن و بۆنکردن، لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە کەسەکان، هەندێکجار مرۆڤ چێژ لە دەستلێدانیان دەبینێت، لە ڕێگەیانەوە دەتوانن ئەزموونی ڕاستی شتەکان بکەن بە تایبەت لای منداڵ و کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، یان کەسانی نەخۆش، دەتوانن بە وردی باسی ئەو هەستانە بکەن، کە بە هۆی ئەزموونەکەوە وروژێنراون، بۆ نموونە:

(١٤٤ ) شلّپەی ئاو. بە تایبەت لای منداڵ چێژێکی زۆری لێدەبینن هەستێکی خۆشیان دەداتێ، لە کاتی بەرکەوتنیان بۆ ئاوەکە، ئەمەش واتای چێژبەخشینە بە منداڵەکە.
(١٤٥) مشکردن. لە کاتی لووت پاککردنەوەدا بەرکەوتنی دەست بۆ لووت هێمای مشکردن دەنوێنێت، ئەگەر ئەمە لەگەڵ منداڵێکی نابینادا ئەنجام بدەیت، تێدەگات مەبەست مشکردنە.

(١٤٦)أ. کرتە (کلیک)ی کۆمپیوتەر
ب. (چرکە)ی سەعات
پ. (فرەفڕ)ی پانکە
ت. (گرەگڕ)ی دەنگی ئۆتومبێل

بە وردبوونەوە لە نموونەکانی (١٤٦-آ، ب، پ، ت) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، ئەم وشانە کە ئێستا لە زمانی کوردیدا وشەی ئۆنۆماتۆپیان، ڕەنگە لە ڕۆژگارێکی تردا وەک وشەی ئۆنۆماتۆپیایی نەناسێنرابن، چونکە لە کۆندا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەم شێوازەی ئێستامان نەبووە و ئەو ئامێرانە بەردەستنەبوون، بۆیە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پەیدابوونی، مرۆڤیش ناچاربووە ناویانلێبنێت، دەکرێت ئەم وشانە وەک فەرهەنگێکی بچوک جیایانبکەینەوەو بیاننووسینەوە، بۆیە (OOTSUBO) دەڵێت : (( جیاوازیی نێوان هێمای دەنگی و نادەنگی لەسەر شێوازی هۆشیاریی زمانی خۆمان بنیاتدەنرێت)) (hasada,1994,16) ، وشەی نافەرهەنگیی زمانی منداڵ (توتو)، کە زۆرجار بە دەنگی زەنگی ماڵان دەڵێن ، کە شێوەی دەنگەکە لە دەنگی بولبول دەچێت، هێمایەکی دەنگییە و بە دەربڕینی ئۆنۆماتۆپیا ناودەبرێت. لەکۆتایشدا لەم شیکردنەوانەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە بۆ دەستنیشانکردنی دارشتەی واتایی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا، پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ دیاریکردنی واتای لاساییکردنەوەی دەنگی و لاساییکردنەوەی دیاردەیی، لاساییکردنەوەی دەروونی، کاریگەرە بیستراویی، بینراویی، کاریگەریی تامکردن، کاریگەریی بۆنکردن و کاریگەریی بەرکەوتنەکان.

## ئەنجام

### لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەم ئەنجامانە گەیشتووین :

١-ئۆنۆماتۆپیا بریتییە لە کردەی بەکۆدکرن و هێمادانانی دەنگی سروشتیی هێمابۆکراوەکان لە زماندا، کە پەسنی دەنگەکانی (مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە، هەبووە بێگیانەکان، سروشت.......هتد) دەکات، جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا ئەمانەن (ڕاستەوخۆ، نموونەیی، پەیوەستدار، بە پێی لاساییکردنەوەی دەنگەکان، گشتی، بە پێی جۆری دەنگی هێمابۆکراوەکان، پۆلەڕەگەزی ڕێزمانی)ن .

٢-ئۆنۆماتۆپیا بە بنەوانی کەرەستە زمانییەکان دانراوەو لە کردەی زمانپژاندا لە سەرەتاییترین ئەو دەنگ و وشانەیە، کە منداڵ زمانیپێدەپژێت و بە تایبەتی لە تەمەنی (١١-١٨) مانگیدا دەگاتە لوتکە، هۆکارێکە بۆ زمانپژانیان و بە ڕەوانی و ئاسان فێربوون و تێگەیشتنیان پەسندەکرێت، چونکە وشەی ئۆنۆماتۆپیا لە خودی دەنگی هەبووەکانەوە سەرچاوەیگرتووە و سروشتیی لاساییانەی ئەم وشانە، کۆمەکی منداڵ دەکات بە تێگەیشتن لە واتاداریی ئەو دەنگانەی کە دەیبیستن.

٣-ئۆنۆماتۆپیا لە پۆلەڕەگەزی (ناو، کردار، ئاوەڵناو، ئاوەلکردار، سەرسوڕمانی) پێکهاتووە لە زمانی کوردیدا، پۆلەڕەگەزی ناو بە پلەی یەکەم و لوتکە دێت، دواتر کردار، پاشان ئاوەڵناو و ئاوەڵکرداری و سەرسوڕمانی دێت.

٤-ئۆنۆماتۆپیا وەک وشەکانی تری زمانەکەمان دەتوانێت (ناوی شوێن، ناوی پیشە، ناوی ئەبستراکتی، ناوی بچووککراوە، ناوی ئامێر) بەرهەمبهێنێت بە یاریدەی لاگرەکان، ئۆنۆماتۆپیا لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا، هەم کەرەستەو یەکەی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژییە، هەمیش جۆرێکی کردەی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنن لە زماندا.

